گەشتەکەی زینۆفۆن

چاپی دووەم

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی :

محمد مسعود محمد

هەولێر ٢٠١٢

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود کتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

گەشتەکەی زینۆفۆن

گەشتەکەی زینۆفۆن

گەشتەکەی زینۆفۆن

ریکس وارنەر
لە یۆنانی وەرگێڕاوە بۆ ئینگلیزی
محمد مسعود محمد
لە ئینگلیزی وەرگێڕاوە بۆ کوردی

چاپی دووەم

XENOPHONE
THE PERSIAN EXPEDITION
By Rex Warner

Translated to Kurdish by;
Mohamed M. Jalizada
jalizada@yahoo.com

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: گەشتەکەی زینۆفۆن
وەریگێڕان لە یۆنانی بۆ ئینگلیزی: رێکس وارنەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی: محمد مسعود محمد
هەڵەچنی: ئامانج شاکەلی
نەخشەسازی بەرگ: ئامانج ئال ئەمین
چاپی دووەم ، چاپخانەی رۆشنبیری – هەولێر/ ٢٠١٢
چاپی یەکەم ٢٠٠٧،

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٣١٢) ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە
ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

پێشەکییەکەی ریکس وارنەر

تێگەیشتنی چیرۆکەکەی زینۆفۆن دەربارەی ئەو هەڵمەتە بۆ نێو وڵاتی فارس و گەڕانەوە بۆ یۆنان شتێکی ئاسانە و چێژی زۆرە، داستانێکە لە داستانەکانی سەرکێشی و توانای جەنگاوەرانە و کەسایەتیی جیاجیای پیاوان. بەڵام ئەگەر خوێنەر بنج و بناوانی ئەو سەردەمە بزانێت ئەوسا چێژێکی باشتر وەردەگرێت.

بەسەرهاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زایین. زینۆفۆن گەنجێکی ئەتینی بوو، و ئەگەرچی ئەتینا[1] تازە بە بەدەست سپارتا بەزیبوو[2] واش هەر مەڵبەندی سەرەکی بوو بۆ کولتووری یۆنان و تەنیا پێش ماوەیەکی کورت ئەتینا گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی هەبوو لە بەشی خۆرهەڵاتی دەریای سپیدا. ئیتر سەردەمە زێڕینەکەی پێرکلیس و ژیانی نەرم و باوەڕبەخۆبوون و ئەوشتانەی ئەتینا یەکجاری بەسەر چوبوون. لەراستیدا ئەو تێگەیشتەی کە زینۆفۆن و خەڵکی ئەتینا هەیانبوو دەربارەی کەوا سیستەمی دیمۆکراسی بگێڕن و لەهەمان کات دەسەڵاتێکی ئیمپراتۆرییان هەبێت، ئەم خەونە نمونەیە باوی نەمابوو بەڵکو سەردەم سەردەمی ئەوە بوو کە رابەر، مرۆڤی شارەزا و پسپۆڕ و هەرکەس بەگوێرەی زیرەکایەتیی خۆی هەوڵ بدات. ئەگوڕانێك لەئارادا بوو، هەندێکی میراتی فیکریی جەنگە درێژەکەی ناوەخۆ مابۆوە کە ببوو بە مایەی سەرشێواندن و ئاڵۆزی، بیروباوەڕی ئەخلاقی و دینی و نیشتیمانی هەژابوون واش هەر لەو گێژاوەدا بناخەی فەلسەفە سەری هەڵدەدا. کێشەی نێوان شارە یۆنانیەکان هەر مابوو

---

[1] لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا (ئاراس- ٢٠٠٧) ناوی ئەم شارەم بە (ئەسینا) نووسی بەڵام لەم چەند ساڵەدا زانیم کەوا خودی خەڵکی یۆنان بە پایتەختەکەیان دەڵین (ئەتینا) بۆیە گۆڕیم. هەروەها ناوەکانی فارس و میدیم بەشێوازێکی کوردانە نووسی. سەبارەت بە ناوی (CYRUS) لە بەرگی یەکەمدا نووسیبووم (کۆرش) بەڵام کە زانیم فارس پێی دەڵێن (کوڕووش) منیش ئەم شێوازەم پەسند کرد چونکە وەك چۆن حەز ناکەم بێگانەیەك دەستکاری وشەیەکی کوردی بکات، پێویستە ئێمەش دەستکاری وشەکانی ئەوان نەکەین.

[2] جەنگی ناوەخۆی یۆنان، ناسراو بە جەنگی پیلۆپۆنیز (٤٣١- ٤٠٤ پ.ز).

کەچی ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندەکان خەریکی لەوە بوون هۆیەکانی ئەو لاوازییەی شێوەژیانی هێلینی[1] بکۆڵنەوە. دەهات تێبگەن کە سەربەخۆبوونی شار و ناوچەکان بەگران لەسەریان دەکەوێت. دەیاندیت کەوا لەکاتێکدا ئەتینا و سپارتا خەریکی خۆبەخۆیی بوون تەنیا ئیمپراتۆرییەتی فارس بە یەکگرتویی و بە هێز مابۆوە. پرسیاریان دەکرد ئایا ناکرێ یۆنانیەکانیش وەکو سەردەمی جەنگی ئازادی[2] پێکەوە بە یەکگرتویی بوەستن کەوا لە شەڕەکانی و سالامیس و پلاتێ و ماراتۆندا فارسیان بەزاند؟

لەو سەردەمەدا ئەوکەسانەی کە بیریان لە یەکیەتی دەکردەوە بەناچاری چاویان لە دەستی سپارتا بوو کە رابەرایەتیان بکات. سپارتی بالادەست ببوون و حوکمەتەکەی سپارتا دەسەلاتی بەسەر تێکڕای کۆلە لایەنگرانی ئەتینادا سەپاندبوو. ئەو سەرکەوتنە گەورە سپارتای کردبوو بە هێزێکی بێ چەشن و دەرفەتێکی گەورەی هەبوو، کەچی سپارتا بەهیچ شێوە نەیتوانی سودی لێ وەربگرێت. خەون و ئومێدی یەکخستن و بەزاندنی ولاتانی خۆرهەلات دواتر لە بەختی مەکەدۆنییە مەیلەو خێلەکییەکان بوو لەسایەی، فیلیپ و ئەسکەندەردا، بەلام ئەوسا کێ باوەڕی

---

[1] هێلینی و هێلینیەکان واتە خەڵکی نێو یۆنان وێڕای ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بە یۆنانی دەزانی بەڵام لە ناوچەکانی دەرەوەی یۆنان دەژیان، بۆنموونە گریکەکانی تورکیای ئەمڕۆ. لەراستیدا ناوی نەتەوەیی یۆنان هەر (گریك) بووە. لە عەرەبی پەتیدا گوتوویانە (اغریق) و میسرییەکان ئێستا دەڵێن (ئەگریك) بەڵام ئەم وشە تەنیا خەڵکی نێو یۆنانی دەگرتەوە، بۆیە وشەی (هێلین) واتایەکی فراوانتری هەیە.

[2] یۆنانی ئەوسا وەکو کوردستان بریتی بوو لەدەیان ناوچە. سێ لەهجەی سەرەکیان هەبوو (ئایۆنی، ئایۆلی، دۆری) هەر ناوچەیەك پایتەختێکی بچووکی هەبوو و کەس دلی بەکەس نەدەنا. ساڵی ٥١٠ پ. ز. داریووش (شای فارس) هەڵمەتێکی گەورەی کردە سەر یۆنان. سەرکردەی لەشکری فارس پیاوێك میدی بوو بەناوی (فراوەرتیس) ناوبراو سیاسەتی نەدەزانی و بەبێ سێ و دوو پەلاماری هەمووووو شارە یۆنانیەکانی دەدا. ئەم هەڵەیە وای کرد زۆربەی شارە یۆنانیەکان پشتی ئەتینا بگرن کە لە هەموووویان پتر دژیاتی فارسی دەکرد، بەمەش توانیان یۆنان رزگار بکەن و ئەتینا لە ٤٨٧ پ.ز. بوو بە شاری سەرەکی ولاتەکە. بەڵام هەندەی نەبرد کێشە ناوخۆیەکان دووبارە سەریان هەڵدایەوە تا لە ٤٣١ پ.ز کە جەنگی پیلۆپۆنیز بەرپا بوو. شایانی گوتنە کە دوو شاری زۆر گرینگ پشتی سپارتایان گرت دژی ئەتینا ئەمانەش کۆرەنت (لە خۆئاوای ئەتینا) و تیبە (پایتەختی بۆیۆتیا بوو لە باکووری ئەتینا). ئیتر لەو سەردەمەدا ئەتینیەکان هەستیان بە گومڕاهی و نائومێدی دەکرد.

دەکرد کە لەدوارۆژدا لەوهای لێ دێت؟ زینۆفۆن هەر ئەوەندەی دەدیت وا ئەتینا پشتی شکاوە و سپارتا هەستاوەتەوە. زینۆفۆن لایەنگری سپارتا بوو کەوا هەندێك لە ئەتینییەکانی سەر بە سۆکراتی فەیلەسوف ئەو رەوتەیان تێدا بوژابۆوە و بەچاوی بەرزەوە سەیری رەوشتی رەند و ئەریستۆکراتیانەی سپارتایان دەکرد. زینۆفۆن گەنجێکی ئاروزومەند بوو دەشیزانی کە ئەگەر دژ بە دەسەلاتی سپارتا بجولێتەوە ئەوا ئارەزوەکانی نایەنە دی. لەکۆتاییشدا لە ئەتینا شاربەدەر کرا و ژیانی لە پارچە ملکێك بەسەر برد کە سپارتی پێیان بەخشی، لەوێدا راوی دەکرد و خەریکی نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆی بوو دەربارەی هەلمەتەکەی ولاتی فارس و دەربارەی تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بەوەی کە پاشا دبێ چۆن بن (کەوا کۆرووشی کردبوو بە نمونەی هەرە بەرز) هەروەها دەربارەی توانا و تاکتیکە سەربازیەکان، ئینجا دەربارەی ئەو رێزە گەورەی کە بۆ سۆکراتی دانابوو، ئەم شتانە لە نووسینەکانیدا رەنگیان دەدایەوە.

زینۆفۆن ئەگەرچی مەیلی بۆ سپارتا هەبوو بەلام لەناخدا ئەتینییەکی تۆخ بوو. لەمیانی ئەو گوتارانەدا کە بۆ جەنگاوەرکانی هاورێی خۆی دەگوت هەست دەکەین زینۆفۆن هەم حەزی لە گالتە دەکرد، و هەم حەزی لە پایەداری بوو. کاتێك کە روداوەکانی شیتەل دەکردەوە پێ دەگەشایەوە. لەلایەکی دیکەوە زینۆفۆن تێگەیشتن و زیرەکایەتییەکی هەمەلایەنیی هەبوو بەرانبەر بەو پیاوانە چونکە سەرکردە سپارتییەکان لەم بوارەدا زۆر بێباك بوون.

ئێمە نازانین ئایا چۆن دواتر لە سپارتییەکان نائومێد بووە و زانیویەتی کەوا سپارتا چارە بۆ گرفتەکانی ناوەکی و دەرەکی یۆنان ناکات (پابەندکرنی ناوەوە و بەزاندنی دەرەوە). گومان نیە کەوا سەرکردە سپارتییەکان لەبەر چاوی زینۆفۆن دابەزیبوون و هیچیان ئەو نمونە نەبوون کە لە خەیالی زینۆفۆندا نەخشابوو دەربارەی (سەرکردە) کەوا دەبێ نەك هەر بەدەسەلات بێت بەلکو دەبێ بەجەرگیش بێت و دەبێ نەك هەر بە دەست و بازو بێت بەلکو دەبێ دەستپاکیش بێت. ئەم وێنە نمونەییەی خەیالی زینۆفۆن بەرانبەر بە (سەرکردە و رابەری) خۆی لە کۆرووشدا دۆزیوەتەوە (کۆرووش کە داواکاری تەختی پاشایەتیی فارس بو). دیارە ناوبراو کەسایەتییەکی وای هەبوە بای ئەوەی کە خەیالی گەنجێکی وەك زینۆفۆن پڕ بکاتەوە، زینۆفۆنێکی ئەوها کە

تەلەبەی سۆکراتی فەیلەسووف بوو و لە مشتومڕی سیاسی بێزار ببوو، ئیتر بەدوا خەیاڵی پاڵەوانەتی و هیواکانی خۆی کەوتبوو.

هەروەها مەسەلەی قەبارەی ئیمپراتۆرییەتی فارس، کەوا لە هیندستانەوە تا میسرو، لە قەفقاسەوە تا کەنداوی فارس پەلی کێشابوو، ئەم راستییە توشی شاگەشیی و سامی کردبوو. خۆ ئەگەر زینۆفۆن ئەتینی نەبایە رەنگبوو بگوترێ ئەو رایانەی بەرانبەر بە فارس بەهۆی مەیلی دڵییەوە گوتراون. هەروەها رەنگبوو بگوترێ ئەوە چونکە حەزی لە شکار بووە و لەگەڵ فارسەکان پێکەوە راویان دەکرد بۆیە شاگەشکەی دەسەڵات بوو و چاوی راستیەکانی نەدەدیت!. بەڵام هەرچۆنێك بێت، زینۆفۆن زانیارییەکی تەواوی دیار خستوە لەو خیانەتەی کە تیزافەرنە کردی[1] و تێگەیشتنێکی پوختی هەبوە کەوا ژیانی بنەماڵەی شاهەکانی فارس ببوو بە زنجیرەیەك کوشتن و پلانکێشی و لیغتیال، حوکمیش لەژێر پەردەدا لەدەست ژناندا بوو، واش هەر دووبارە و سێبارە مەدحی فارس و رەوشتی رەندایەتیی فارسی دەکرد و مەدحی ئەو هەستەی دەکرد کە فارسەکان هەیانبوو بەرانبەر شەرافەت و پیاوەتی، و مەدحی توانای شازادەکانی فارسی دەکرد. ئیتر کەسایەتیی کۆرووش لە خەیاڵی زینۆفۆندا پایەیەکی بەرزی گرتبوو.

کۆرووش (ئەو شازادە فارسەی کە زینۆفۆن هەندە مەدحی دەکات) ئەمە برا بچووکی ئەرتەکسەرکیس (شاهنشای فارس) و لە هەمان کاتدا کوڕە نازدارەکەی پەریزاد (پەریزاد) بوو کە دایکی هەردووکانە. کۆرووش بەوە ناسرابوو کە هۆگری چەکدارە یۆنانیەکان و سیستەمی سەربازیەکانی یۆنانی بوو بەتایبەتیش پیادەکانی هۆپلیت (Hoplites پیادەی زرێ قورس) و باوەڕی وابوو کە ئەوانە باشترین پیادەی جیهانن. پەلتاستەکان (Peltasts پیادەی سووك) کە لەسەر باڵەکانی هۆپیلیتەکان شەڕیان دەکرد، ئەم سیستەمە جەنگییە داهێنانێکی تازە بوو کەوا یۆنانیەکان لە جەنگی ناوخۆدا پەرەیان پێ دابوو و لە مەیدانەکانی شەڕی زەمینیدا گەیشتبوونە ئاستێکی بەرز.

---

[1] تیزافەرنە (سەرلەشکری فارس) کەسایەتیەکی زۆر گرینگی ئەم بەسەرهاتەیە.

کۆرووش زانیویەتی کە لە لەشکرکێشیدا توانای براکەی نیە، بەلام بیری کردۆتەوە ئەگەر تیپی یۆنانی بەکار بێنێت ئەوسا دەرفەتێکی گەورەی دەبێ بۆ سەرکەوتن. لە راستیشدا کۆرووش هەندەی نەمابوو سەرکەوێت و پسپۆرانی مێژوو هێشتا مسۆگەریان نەکردووە ئایا شەڕەکەی کوناکسا Cunaxa چۆن بووە، بەلام هەرنەبێ دەزانین کە لەو شەڕەدا یۆنانیەکانی هێزە فارسەکانی بەرانبەر خۆیان بەزاندووە و هەندەی نەمابوو سەرکەوتنەکەیان ببێتە سەرکەوتنێکی یەکجاری. دواتریش سەلێندرا کەوا لە هیچ بەرەنگاریەکی راستەوخۆدا فارس نەیانتوانیوە پیادە یۆنانیەکان ببەزێنن. لەلایەکی دیکەوە لەشکری کۆرووش و یۆنانیەکان هێزی سوارەیان کەم بوو، ئەمە خالێکی لاوازی بوو کە زینۆفۆن باسی کردووە و ئومێدی دەکرد کە چارە بکرێت.

هەرچۆنێك بێت، خۆی تا سەردەمی ئەسکەندەر رۆژێك نەبوو یۆنانیەك بتوانێ سوپای فارس ببەزێنێت، لیتر ئەگەر زینۆفۆنێك و خیریسۆفۆسێك بە‌خۆ و بە پەلجا سوارێکەوە بچن بەگژ هێزی سوارەی فارسدا بچنەوە! ئەمە یاریەکی یەکجار ترسناك بوە. بەلێ پیادە یۆنانیەکان هێزێکی نەبەز بورن، بەلام پیادە دەبێ هەمیشە خۆراك و پێداویستییان بۆ دابین بکرێت و هەمیشە مەترسی ئەوە لە ئارا دابوو کە پیادەکان دوا بکون یان دابڕێن و گەمارۆ بدرێن. ولاتی میسۆپۆتامیا لەشکرکێشی و هێزی پیادەی زۆر گەورەتری بەخۆوە دیتوە کە هەم ژمارەیان گەورەتر بووە و هەم جولەیان سووکتر بوە، بەلام گەڕانەوەی هێزێکی دەهەزار کەسی لە ناوچەی بابلەوە بۆ دەریای رەش، بە یەکپارچەیی و لەسەر شێوەی هێزێکی جەنگاوەری یەکگرتوو، ئەمە هەر لەخۆیدا ئینجازێکی گەورەیە.

نووسینەکەی زینۆفۆن ئەگەرچی هەلمەتێکی هەرە گەورەی جیهانی تێدا تۆمار کراوە، بەلام زینۆفۆن تەنیا ئەمەی نەنووسیوە و تەنانەت ئەمە لە کتێبە هەرە گرینگەکانیشی نیە. ئەم تۆمارە زیاتر بە یاداشتنامەیەکی رۆژانە دادەنرێت کەوا سەربازێکی لەشکرەکە تۆماری کردووە. لەم تۆمارەشدا تێگەیشتەی یۆنانیەکان دەبینین سەبارەت بە فەرمانڕەوایەتی و رەوشتبەرزی کە چۆن لەسەر زەمینەی راستیدا خورد دەکرێنەوە. دیار دەبێ کەوا لەکاتی تەنگانەدا پیاوە شایستەکان بۆ پایەی بەرپرسێتی هەلدەبژێردران و دەسەلاتیان پەسند دەکرا کەچی بەنەمانی مەترسییەکان مەسەلەی یەکگرتوویی یەکسەر دەپوکایەوە و دیسان کێشە و خۆبەخۆیی پەیدا دەبوونەوە. واتە

هەستە باشەکان تەنیا لەکاتی شکست و مەترسیدا خۆیان دەسەپاند. لەشکرەکەش لەشکرێك بوو لە تێکڕای خەڵکی یۆنان، زۆربەیان خەڵکی پیلۆپۆنیز بوون وەکو ئاخەیی و ئەرکادی[١]، بەڵام هەستێکی نیشتیمانیی گشتییان تێدا باو نەبوو بەڵکو ناوچەگەری توند و وێڕای هەستیارییەکی ترسناك سەبارەت بە سنوری هەر تاکە کەسێکی ئەو لەشکرە. یەك لەوانە، هەستێکی تەواو بە هەڵوێست و کەسایەتیی کاپتن ئاگاسیاسی ستێمفالی[٢] دەکەین کە زینۆفۆن باسی کردووە چۆن ناوبراو وێرایەتی سەرکردەیەکی سپارتی تووڕە بکات ئەو کاتەی کە نەیهێشتوە پیاوێکی خۆی بەدەستی ئەفسەرێکی سپارتی بگیرێت، ئەوەش چونکە ئاگاسیاس ئەفسەرەکەی بە ناپیاو دەزانی و ئەفسەرەکەش (ناپیاوەکە) سپارتی بوو بە ناوی دراکۆنیۆس Draconius[٣] کە لەکاتی خۆیدا پیاوێکی لەدەست کوژرابوو و ئیتر ئاوارە کرابوو و هەندێك کەتنی تریشی کردبوو. زینۆفۆن ئەو هەمووو پێهەڵگوتنەی هەیە بۆ پیاوی پایەدار، کەچی لەهەمان کاتدا هەست و تێگەیشتن و وەسفێکی وردی هەیە بەرانبەر پیاوی ئاسایی. دیارە کە بە بەلاش نەگوتراوە "*<u>هێزگری سەربازە ئاسایەکان بوە</u>*".

زینۆفۆن هەر لەخۆیدا کەسایەتیەکی هەیە کە هەستت دەبزوێنێت، لەلایەکەوە خۆی بە بچووك گرتووە و لەلایەکی دیکەوە خۆی بە کەس نەداوە. ئایا بارەکەی بۆ خۆی قۆستۆتەوە کاتێك کە پرۆکسینۆس (برادەری خۆی بوو) لەگەڵ جەنەراڵەکانی دیکە کوژران؟ ئایا چ

---

[1] ئاخیا (Achaia) و ئەرکادیا (Arcadia) دوو ناوچەی گرینگ بوون لە باکووری سپارتا. وەك چۆن ئەمڕۆ ناوچەی گەرمیان یاخود بیتوێن و پشدەر جەکداریان زۆرە ئەوانیش بە هەمان شێوە بوون و هەریەك لە ئەتینا و سپارتا دەیانویست بەلای خۆیاندا رایانکێشن.

[2] مایەی سەرنجە کە یۆنانی وەکو کورد خۆیان بە شار و ناوچە دەناساند هەروەکو ئاگاسیاسی ستەفالی و زینۆفۆنی ئەتینی و هتد. تەنانەت کەس بە ناوی باوکی باس ناکرێت بەڵکو هەمووویان بەگوێرەی شار و ناوچەکانیان ناودەبرێن. ئەم دیاردە هێشتا لە کوردستان و عیراقیش بەگشتی زۆر زەقە کە دەگوترێ (فلان قەرداغی و فلان دۆسکی و فلان کۆیی) و هتد؟!!!

3 لێرەدا وارنەر هەڵەیەکی کردووە. چونکە ئەو ئەفسەرە سپارتییەی کە زینۆفۆن و برادەرەکانی رقیا لێ بوو ناوی (دێکسیپۆس Dexipus) بوو نەك دراکۆنیۆس. دواتر دەبینین کە زینۆفۆن زۆر بە خراپە باسی دەکات.

گوتارێکی زیرەکانەی خوێندۆتەوە و چ زیپك و توانایەك دیار خستوە؟ ئەدی چۆن بە دوودڵییەوە رابەرایەتی رەت دەکاتەوە؟ ئایا ویستویەتی شارێك بدۆزێتەوە لەسەر دەریای رەش؟ کەواتە دەبێ بیزەنتەی بەدڵ نەبووبێت بۆیە بە نەرمی داوای لێبوردنی کردووە کە رابەرایەتیی پێ ناکرێت بۆیە خۆی کشاندۆتەوە؟ هەروەها پێش ئەوەی بگاتەوە شوێنی خۆی هەندە دەستکورت بووە کە بەناچاری ئەسپەکەی فرۆشتوە، ئینجا پلانێکی زیرەکانەی دارشتوە و توانیویەتی گوزەرانێك بۆخۆی پێك بێنێت. هەرچۆنێك بێت زینۆفۆن وردبین و زیرەك و (دینداریش) بووە و یەکێکە لە کەسایەتیەکانی کە قسە و باسەکانی وا دەکەن شارەزاییەکی باشمان هەبێت دەربارەی خۆی و ژیانی. ئیتر سەیر نیە ئەگەر نوسەرێکی بەشی مێژووی زانکۆ کامبریج مەگەر هەر لەمە فێر بێت چۆن بەسەرهات و روداوی مەزن بگێڕێتەوە.

تێبینی دەربارەی وەرگێڕان.

پێویستە هەندێك زانیاری بخەمە رو لە چۆنەتیی وەرگێرانی ئەم کتێبە. من تا پێم کرابێت وشەی ئینگلیزیم بەکار هێناوە لەباتی وشەی یۆنانی و فارسی. بۆنمونە وشەی (پەرەسەنگ، Parasang)[1] ئەمەم کردۆتە میل (Mile) چونکە لەراستیدا پەرەسەنگ بەگوێرەی سروشتی زەوی و بەگوێرەی رۆژەرێ بوە، جا لە شوێنێك بۆ شوێنێك دەگۆرا.

وشە یۆنانییەکانی (هۆپلیت، Hoplete) و (پەلتاست، Peltast) لەمانەم وەکو خۆیان بەکار هێناوە چونکە ببوون بە بەشێکی گرینگی بابەتەکان. ئەم لیستەی خوارێش هەندێك وشەی ئەسڵی نووسینەکەن کەوا هاوتایەکی پربەپێستیان نیە لە ئینگلیزیدا بۆیە وەکو خۆیان بەکار هێنران.

بولیمیا، Bulimia: ناوی جۆرە نەخۆشییەك بە یۆنانی وا پێدەچێ بە کەسانێك گوترابێت کە توشی برسیاتی و سەرمایەکی تیژ دەبوون و توانای جوڵیان نەدەما. داریك، Daric: دراوێکی

---

1 واتە (فەرسەخ) کە هەمووو جیهانی ئیسلامی لە فارسیان وەرگرتووە و منیش بەباشم زانی هەمان وشە بەکار بێنم.

فارسیی زێڕین بووه. وەك چۆن شا لویس و ناپۆلیۆن ناوی خۆیان لە دراوەکان ناوه، ئەمش ئەوهایە[1]. نرخی داریك ئەوسا بەرانبەر پاوندێك ستەرلینیی ئەمڕۆ بووه.

لێفۆر، Epher:

هۆپلیت، Hoplete: پیادەی زرێپۆشی قورس.

مینا، Mina: دراوێکە نرخی لەدەوری چوار پاوند بووه.

ماگادیس، Magadis: جۆرە زورنایەکی گەورە.

ئۆبۆڵ Obol: دراوێك بووە بە نیو نرخی داریك.

ستاتەری سیزیکۆس، Stater of Cyzicus: دراوێکی یۆنانی نرخی یەك پاوند بوه.

پەلتاست، Petast: پیادەی زرێپۆشی سووك.

تالەنت، Talant: وەزنەیەك بووە لە زیو نرخی ٢٤٤ پاوند دەبێت[2].

ڕێکس وارنەر

ئەتینا–١٩٤٦

---

[1] ئەم ناوە لە داریووش (دارا) هاتووه، وەك چۆن لەسەردەمی عوسمانیدا لیرە مەجیدی و لیرەی مەحموودی و ئەو شتانە هەبوون ئەمەش (داریك-دارایی) بە ناوی (دارا) لێدراوه.

[2] تالەنت قورساییەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەری و لە یاسا کۆنەکان پێڕەو کراوه.

بابەتی یەکەم
هەوڵەکەی کۆڕووش

چاپتەر -١-
کۆرووش لەشکر پێك دێنێت

دارا و پەریزاد[١] دوو کوڕیان هەبوو، ئەرتەکسەرکیس[٢] کوڕی گەورە و کۆرووش کوڕی بچووك. کە دارا نەخۆش کەوت و هەستی کرد کاتی هاتووە بەدوا کوڕەکانیدا نارد. ئەرتەکسەرکیس لەوێ بوو بەڵام کۆرووش دەبایە بەدوای دا بنێرن لەو هەرێمەی کە تێدا کرابوو بە شارەوان[٣]. کۆرووش هەم شارەوان بوو هەم فەرماندەی گشتی هێزەکانی هەرێمی کاستۆلۆس Castolus بوو کە تێدا فەرمانڕەوایی دەکرد.

کۆرووش بەرەو پایتەخت بەڕێ کەوت بەیاوەری تیزافەرنە کە بە هاوڕێی خۆی دەزانی. ٣٠٠ هۆپلیتیان لەگەڵ بوو (پیادەی قورس) لەژێر فەرماندەیی زینیاسی پەرهاسیا. کە دارا دەمرێ، تیزافەرنە دڵی ئەرتەکسەرکیس لە کۆرووش کرمێ دەکات گوایە دەیەوێ تەختی باوکی

---

[1] زۆربەی ناوەکان بە یۆنانی پاشگرێکی پێوەدەنێن و دەبێتە داریۆس و پەریزاتیس، و لە چاپی یەکەمدا بەهەمان شێوەم تۆمارم کرد، بەڵام لەم چاپەدا بە پێویستم زانی کە هەرنەبێ ناوە ئێرانیەکان وەکو خۆیان تۆمار بکەم بۆ ئاگاداری خوێنەران.

2 ئەرتەسەرکیس (Artaxerxes) لە مێژوودا بە زۆر شێوە تۆمار کراوە. باوەڕم وایە ناوەکە بریتیە لە دوو بڕگە (ئەرت) بەواتای نرخدار بوو. بۆنموونە لە فارسی ئەمڕۆدا وشەی (ارجمند) و (ارزندە) بە واتای (بەهادار). جا دیارە لە کۆندا گوتوویانە (ئەردەشێر) واتە شێری پایەدار و بەهەمان شێوە ناوەکانی ئەردەوان و ئەردۆغان ئەرتەپاتا وهتد. بڕگەی دووەم (Xerxes) بەڕای من هەر دەکا (خوسرەو) چونکە پیتی X لە کۆندا بەرانبەر خ دەهات. ئیتر وشەکەش بە ئێوازی ئەمڕۆ دەبێتە (ئەرتەخوسرەو). شایانی گوتنە ناوی (زینۆفۆن-Xenophon) ئەمەش ڕەنگە لەئەسڵدا (خینۆفۆن) بووبێت بەڵام دواتر کراوەتە (ئێکسینۆفۆن) و ئینجا بەشێوازی ئینگلیزیی ئەمڕۆ X ی سەرەتایی دەکرێتە (ز) بۆیە ئەوهام نووسی.

3 وشەی (شارەوان) بەرانبەر وشەی Satrap بەکارم هێناوە، یۆنانی لە وشەی (شەهرەبان) ی فارسیی کۆنیان وەرگرتووە. کەواتە با خوێنەران لێیان تێك نەچێت لەنێوان (شارەوان) ی ئەمڕۆ و (شەرەبان) ی ئەوسا کە بە واتای (والی) دەهات.

بگرێتەوە. ئەرتەکسەرکیسی کۆرووشی دەستبەسەر کرد بە نیازی کوشتن بەڵام دایکیان بۆی پاڕایەوە و گەڕاندییەوە سەر هەرێمی خۆی. پاش ئەو مەینەتە کۆرووش بڕیاری دا هیچی تر نەکەوێتەوە بەر دەسەڵتی براکەی و ئەگەر بکرێ شوێنی بگرێتەوە. دایکیان لەمێژ بوو کۆرووشی خۆشتر دەویست ئیتر پشتی گرت و هانی دا. کۆرووش دەسەڵاتی خۆی بەکار هێنا تەنانەت ئەو بەرپرسانەی کە لە پایتەختەوە دەهاتن وای لێ دەکردن پشتی بگرن، بایەخیشی بە خەڵکی دەوروبەری خۆی دەدا بۆ ئەوەی بەنهێنی هێزی ناوچەیی[1] رێك بخات.

فەرمانی بە سەرلەشکری شارە جوداکانی هەرێمەکەی دا کە زۆرترین و باشترین چەکداری پیلۆپۆنیزی بەکرێ بگرن[2]. دیاربوو تیزافەرنە خەریکی ئەوە بوو هێرش بۆ شارەکانی سەر بە کۆرووش بکات. شارەکانی ئایۆنیا Ionia[3] پێشتر لەژێر دەستی تیزافەرنە بوون بەڵام دواتر هەموو لای کۆرووشیان گرت تەنیا شاری میلەتۆس Miletus نەبێت. تیزافەرنە خەڵکی میلەتۆسی ترساندبوو کە بەدوا کۆرووش نەکەون، هەندێك لە پلانگێرکانی کوشتبوو و هەندێکی تری ئاوارە کردبوو. کۆرووش ئاوارەکانی وەرگرت و میلەتۆسی گەمارۆ دا و نیازی هەبوو لایەنگرەکانی خۆی دامەزرێنێتەوە. ئەمەشی کردە بیانگەیەك بۆ کۆکردنەوەی لەشکرێکی زۆرتر و نامەی بۆ براکەی نارد کەوا بەبۆنەی ئەوەی کە برایەتی، دەبێ دەسەڵاتی ئەو هەرێمە بدرێتە خۆی نەك بۆ تیزافەرنە. لێرەدا دایکیشیان رۆڵی خۆی گێڕا و دەرەنجام شا نەیدەزانی چ

---

1 وشە (ناوچەیی) بەرانبەر (Natives) بەکار هێنراوە. ئینگلیز کە ولاتێکی زۆریان داگیر کردووە، بەخەڵکی نیشتەجێی ئەم ولاتانەیان گوتوە ناتیڤەکان. دیارە یۆنانیەکانیش لەکاتی خۆیدا وشەیەکی تایبەتییان بەکار هێناوە بەرانبەر خەڵکی نا یۆنانی. لەم کتێبەدا وشەی (ناوچەیی، ناوچەیەکان) زۆر بەکار دێت بەرانبەر میدی و فارس و ئەنەدۆڵییەکان و... هتد. بۆ ئاگاداری خوێنەران.

2 نیمچە دورگەی پیلۆپۆنیز Peloponnese بەشێکە لە بەشە گرینگەکانی وڵاتی یۆنان. شاری سپارتا لەناوەندیدا بوو، باکورەکەشی بە ناوچەکانی ئاخایا و ئەرکادیا ناسرابوون کە چەکداریان زۆر بوو و پاش جەنگی ناوەخۆی یۆنان زۆربەیان بێ کار ببوون.

3 واتە بەشی خۆرئاوای ئەنەدۆڵ. لە راستیدا وشەی یۆنان لە (ئایۆنان-ئایۆنیا) وەرگیراوە دەنا یۆنانی و ئەوروپایی بە یۆنان دەڵێن گریس.

لەئارا دایە، وای دەزانی ئەو لەشکرەی کۆرووش دژی تیزافەرنە کۆ کراوەتەوە بۆیە هەندە بایەخی پێ نەدا. هەرنەبێ کۆرووش باجی شارەکانی بۆ پایتەخت دەنارد، کەچی کە تیزافەرنە فەرمانڕەوا بوو باجەکەی بۆ خۆی گل دەدایەوە.

هێزێکی تر بۆ کۆرووش لە ناوچەی خەرسۆنیز، ئەوبەری رووباری ئەبیدۆس، ساز کرابوو. ئەمەش چۆن ساز کرا؟ کلێرخۆسی سپارتی[1] ئاوارە کرابوو. کۆرووش کلێرخۆسی دیت و بەدڵی بوو، هەستا داریکی پێ دا. کلێرخۆس بەم پارە لەشکرێکی لە خەرسۆنیز ساز کرد بۆ شەڕی تراکیەکان لە باکووری هێلێسپۆنت Helespont[2] لەو شەڕەدا یۆنانی سەرکەوتن و لەئەنجامدا یۆنانیەکانی شارەکانی هیلەسپۆنت لەخۆڕا پارەیەکی زۆرتریان پێشکەش بەم هێزە نوێیە کرد. بەوەش لەشکرێکی تر بۆ کۆرووش رەخسا کە کەس گومانی لێ نەبوو ئایا سەر بە کێیە؟

ئەریستۆپۆسی تێسالی[3] برادەری کۆرووش بوو، کێشەی لەگەڵ تاقمێکی دیکەی ناوچەی خۆی هەبوو. ناوبراو هاتە لای کۆرووش و داوای ٢٠٠٠ چەکدار و مووچەی سێ مانگی لێ کرد کە پێشەکی بیدرێتێ بۆ ئەوەی نەیارەکانی خۆی بەزێنێت. کۆرووش هەستا ٤٠٠٠ چەکدار و پارەی شەش مانگیشی پێ بەخشی و داوای لێ کرد کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ

---

1 کلێرخۆسی سپارتی کەسایەتیەکی زۆر گرینگی ئەم بەسەرهاتەیە. هەمووو تەمەنی لە جەنگ بەسەر بردبوو، ئیتر کە جەنگ ناوەخۆی یۆنان وەستا نەیدەزانی چۆن ژیانی شارستانیی بەسەر ببات و لە خۆڕا شەڕێکی دەدۆزیەوە و دواتر بە بەدەستی تیزافەرنە کوژرا.

2 تراکیا دەکاتە ولاتی بولگاریای ئەمرۆ. ئینگلیز دەڵێن Thrace عەرەبیش پێیان گوتوە (تراقیا). یۆنانی بە ناوچەیەکی عەشایەریی دواکەوتویان دەزانین.

3 تێسالیا Thesalia ناوچەکەی شاری سالۆنیك لە باکوری ئەتینا. یۆنانی بە دوو شێوە ناوی دەبەن. (سالۆنیك) یان (تێسالونیکی). دیارە ئەمەیان رەسەنترە کەوا ئاماژە بە ناوچەکەی خۆی دەکات (تێسالیا). هەروەها هیلەسپۆنت دوورگەیەك بوو لە زارکی دەربەندی دەردەنیل.

نەیارەکان ئاشت نەبێتەوە تا ئەو پێی دەڵێت. ئیتر لە تێسالیاش لەشکرێکی تر بە نهێنی بۆ کۆڕووش ساز کرا.

کۆڕووش فەرمانی بۆ برادەری خۆی پرۆکسینۆسی بۆیۆتی[1] ناردبوو کە بە خۆ و بە هەرچی چەکداری هەیەتی بێتە لای گوایە هەڵمەتێك دەکاتە سەر پسیدیەکان کەوا دەمێکە کێشەی بۆ دروست دەکەن. هەروەها بەدوا سۆفەینەتۆسی ستێمفالی و سۆکراتی ئاخەییدا نارد گوایە دەیەوێ یارمەتیی ئاوارەکانی شاری میلەتۆس بدات دژی تیزافەرنە. پرۆکسینۆس و سۆکراتی فەرمانەکەیان بەجێ گەیاند.

[1] پرۆکسینۆسی بۆیۆتی ئەو کەسە بوو کە بەدوا زینۆفۆنیدا نارد بۆ ئەوەی لەم هەڵمەتەدا بەشداربێت بەئومێدی ئەوەی کە هەندێك پارەی دەست بکەوێت، دەنا زینۆفۆنێکی ئەتینی گەنجێك شارستانی و مەیلەو هەژاریش بوو و هیچ ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبوو لە جەنگ و سەربازیدا.

چاپتەر -٢-
لە ساردیس بۆ تەرسووس

کۆرووش کە زالی کاتی هەلمەت هاتووە، وای نواند گوایە دەیەوێ ناوچەی پیسیدیا سەرکوت بکات و ئەگەرچی ئەوان هاوولاتیی هەرێمی خۆی بوون، کۆرووش لەشکری ناوچەکانی خۆی و لەشکری یۆنانیشی کۆکردەوە. فەرمانی بە کلیرخۆس دا کە بە هەموو هێزەکەیەوە ئامادە بێت و فەرمانی بە ئەرستۆپۆس دا کە لەگەل نەیارەکانی ئاشت بێتەوە و خێرا بێتەوە لای. زینیاسی ئەرکادی، فەرماندەی هێزە بەکرێگیراوەکانی شارەکانی خۆی بوو، فەرمانی پێ دا کە هەموو هێزەکانی کۆ بکاتەوە و ئەو هێزانەی کە شاری میلەتۆسیان گەمارۆ دابوو با هەموویان بانگ بکاتەوە و ئەوانەی کە ئاوارە کرابوون هانی دان کە رەگەلی[1] بکەون و بەلێنی دا کە پاش هەلمەتەکە دانەنیشێت هەتا شارەکەیان دەگرێتەوە و دایاندەمەزرێنێتەوە. بەناچاری باوەریان بە کۆرووش کرد و لەگەل هێزەکانیان هاتن بۆ شاری ساردیس. ئیتر زینیاس بە ٤٠٠٠ هۆپلیتی شارەکانەوە گەیشتە ساردیس. پرۆکسینۆس ١٥٠٠ پەلتاستی هێنا، سۆفەیلەتۆسی ستیمفالی بە ١٠٠٠ هۆپلیتەوە و سۆکراتی ئاخەیی بە ٥٠٠ هۆپلیتەوە هاتن. پاسیۆنی مەگەریانی و سۆکرات ٣٠٠ هۆپلیت و ٣٠٠ پەلتاستیان هەبوو لەو هێزەی کە شاری میلەتۆسیان گەمارۆ دابوو.

لێرەدا تیزافەرنە هەستی کرد کە ئەو هەموو هێزە تەنیا بۆ ئەوە نیە پیسیدیا سەرکوت بکەن، ئیتر خێرا بە ٥٠٠ سوارەوە خۆی گەیاندەوە لای شا. کە شا قسەی تیزافەرنەی بیست یەکسەر خۆی بۆ بەرەنگاری ساز کرد.

کۆرووش و هێزەکانی لە ساردیس بەرێ کەوتن. کۆرووش بە سێ رۆژ ٦٦ فەرسی بری و گەیشتە رووباری مەیەندەر، رووبارەکە ٢٠٠ پێ بەرین بوو و پردێکی دار لەسەر هەفت بەلەم دروست کرابوو و بەنێو رووبارەکەدا رایەل کرابوو. پاش ئەو رووبارە بە یەك رۆژ ٢٤

---

[1] رەگەل ، واتە (التحاق) یان Join.

فەرسەخی بڕی تا گەیشتە شارە گەشەکەی کۆلۆسای (پایتەختی ناوچەی فریجیا) و هەفت ڕۆژ لەوێ مایەوە. مینۆنی تیسالی بە ١٠٠٠ هۆپلیت و ٥٠٠ پەلتاستەوە گەیشتە وێ، و چەکدارەکان خەڵکی دۆلۆپ و ئەینیان و ئۆلینتیا بوون. ئینجا لەوێوە بە سێ ڕۆژ ڕێپێوانێکی ٦٠ فەرسەخی کرد تا شارە گەشەکەی سێلێنێ کە لەوێدا پارك[1] و سەرای گەورەی هەبوو پڕ لە ئاژەڵی کێوی. کۆرووش ئەگەر حەزی لە شکار بایە، لەوێ خۆی و ئەسپەکەی ڕادەهێنا. ڕووباری مەیەندەر بەنێو پارکەکەدا دەڕوات و هەندێك کانیاو لەنێو سەراکە هەڵدەکوڵێن. ڕووبارەکە بەنێو شارەکەشدا دەڕوات، سەرایەکی شا هەر لەو شارەدا هەیە کەوا لە شوێنێکی بەرز و قایم دروست کراوە و ڕووباری مارسیاس لەبن قەڵاتەکە هەڵدەکوڵێت. ئەم ڕووبارەش هەر بەنێو شاری سێلێنێدا دەڕوات و لە ڕووباری مەیەندەر دەکاتەوە. ڕووباری ماسیاس ٢٥ پێ بەرینە. شایانی گوتنە کە ئەو چیرۆکەی کە دەڵێ (خواوەند ئەپۆلۆ کە گرەوی خۆی لە مەیدانی حیکمەت و ژیریدا بردۆتەوە) چیرۆکەکە دەڵێ گوایە ئەپۆلۆ لێرە بەسەر ڕووباری مارسیاسدا فڕیوە و کەوڵەکەی لەم شوێنە هەڵواسیوە کە کانگەی ڕووبارەکانی لێیە، بۆیە ڕووبارەکە پێی دەگوترێ مارسیاس. هەر لێرەشدا سەرکیس Xerxes کە لە یۆنان بەزیوە هاتۆتەوە ئێرە و ئەم قەڵات و سەرایەی دروست کردووە بۆ خۆی.

کۆرووش ٣٠ ڕۆژ لەوێ مایەوە. کلێرخۆس، ئاوارە سپارتییەکە، بەخۆ و بە ١٠٠٠ هۆپلیت و ٨٠٠ پەلتاست و ٢٠٠ تیرەندازی کریتی گەیشتە جێ. هەروەها سۆسیسی سیراکۆزی بە ١٠٠ هۆپلیتەوە و سۆفەینەتۆسی ئەرکادی بە ١٠٠٠ هۆپلیتی ترەوە گەیشتن. جا لێرەدا کۆرووش سەرژمێرێکی یۆنانییەکانی کرد. ژمارەی کۆتایی گەیشتە ١١٠٠٠ هۆپلیت و نزیکەی ٢٠٠٠ پەلتاست.

لێرەوە بە دوو ڕۆژ ٣٠ فەرسەخی بڕی تا شارە ئاوەدانەکەی پێلتای، سێ ڕۆژ لەوێ مایەوە تا زینیاسی ئەرکادی زەماوەندی وەرزشە لیکایان Lycaean بگێڕێت. کۆرووش بەخۆی ئامادە بوو و تارای زێڕینی پێ بەخشی. لەوێوە بە دوو ڕۆژ ٣٦ فەرسەخی بڕی تا گەیشتە بازاڕی

---

[1] پارك Park لێرەدا بەواتی باخچە و مڵکێکی گەورە هاتووە، بۆنمونە گوندێك بە هەمووو زەویەکانیەوە پێی دەگوترا پارك.

قاپکەران Poters، شارێکی ئاوەدانە و ئاخیر شارە پێش ئەوەی کە بگاتە سنوری میسیا Mysia. لینجا بە سێ ڕۆژ ٦٠ فەرسەخی بڕی تا گەیشتە کایستەر Cayster، ئەمەش هەر شارێکی ئاوەدانە.

پێنج ڕۆژ لەوێ مایەوە و بەگوێرەی خۆی دەبایە مووچەی سێ مانگ بدات، جا خەڵکەکە دەچوونە لای ڕەشماڵەکەی و داوای مووچەیان لێ دەکرد. ئەوسش ناچار دەبوو دڵیان رابگرێت و بەڵێن بدات، دیاریش بوو کەوا بەم حاڵە پەست بووە. بێگومان کۆرووش لەو کەسانە نەبوو پارە گل بداتەوە. لەم کاتەدا ئەپیاکسا ژنی سیانەس، پاشای کیلیکیا Cilicia، هاتە سەردانی کۆرووش. گوتیان ئەم ژنە پارەی هینابوو بۆیە کۆرووش یەکسەر مووچەی چوار مانگی بە لەشکرەکە دا. ئەم ژنە پاسەوانی کیلیکی و ئەسپەندیی لەگەڵ بوو و دەشڵێن شەو لەگەڵ کۆرووش نوستووە.

لێرەوە دوو ڕۆژ ڕێپێوانی ٣٠ فەرسەخی گەیاندی بە شارە ئاوەدانەکەی تیمبریۆن Tymbrion. لەوێ لە تەنیشت ئاوەکە ئافورەیەك هەیە ناوی لە میداس، شای فریجیا، وەرگرتووە. لەوێوە بە دوو ڕۆژ ٣٠ فەرسەخی بڕی تا گەیشتە کیلیکیا، شارێکی ئاوەدانە. لەوێ شاژنەکە داوای لە کۆرش کرد پارادێك[1] بە لەشکر بکات. کۆرووش هێزی یۆنانی و ناوچەیی ساز کرد کە بەپێشیدا ڕێپێوان بکەن و دەبایە هەر یەك لە ئەفسەرەکان بەپێش سەربازی خۆی بکەوێت. چەکدارەکان بە چوار چوار ڕیز بوون. مێنۆن و پیاوەکانی لەسەر باڵی ڕاست و کلێرخۆس و پیاوەکانی لەسەر باڵی چەپ و جەنەراڵەکانی دیکە لە ناوەڕاستی لەشکردا تاقمێکیان پێك هێنا. لە سەرەتادا کۆرووش هێزە ناوچەییەکانی پشکنی، تاقم بە تاقم بە پێشیدا ڕەت بوون. لینجا یۆنانیەکانی پشکنی، بە عەرەبانە بەپێشیاندا ڕۆیشت. شاژن لەنێو عەرەبانەیەکی داپۆشراودا بوو. چەکدارەکان خودەی برۆنز و یەلەگی سووریان پۆشتبوو، زرێکانیش بە رووتی بوون. کۆرووش بەپێشیاندا ڕۆیشت و لە ناوەندی مەیدانەکە وەستا، هەستا پیگرەی تەرجومانی ناردە لای جەنەراڵە یۆنانیەکان کە پێیان بڵێت با سەرباز بە شێوازی

---

1 پاراد (Parade) واتە خۆپێشاندانی سەربازی (استعراض عسکري)

شەڕ رمبەکانیان رابگرن و لێی بێنە پێش. فەرمانەکە راگەیێندرا و سەربازەکان رمبیان بەرز کردەوە و بە ئەعزەتی جەنگی پێشڕەوییان کرد. هەرهەندەیان زانی وا بەرەو ئۆردوگا دەڕۆن، ناوچەییاکان ترسان و شاژن لە عەرەبانەکە دەرپەڕی، خەڵکەکەش بازاڕیان چۆڵ کرد. ئینجا یۆنانیەکان بە پێکەنینەوە بۆ نێو ئۆردوگا گەڕانەوە. دەڵێن شاژن شاگەشکە ئەو سیستەمە رێکوپێکە و ئەو لەشکرە سامناکە ببوو، هەروەها کۆڕووش پێ گەشابۆوە کە لەشکرەکەی دیت چۆن ترس و سامیان خستە نێو ئۆردوگای خەڵکە ناوچەییەکان.

لەوێوە کۆڕووش بە سێ رۆژ ٦٠ فەرسەخی بڕی بۆ ئیکۆنیۆم، دوا شاری فریجیا. سێ رۆژ مایەوە ئینجا بە پێنج رۆژ رێگایەکی ٩٠ فەرسەخیی بڕی بۆ لیکۆنیا. خەڵکی ئەو ناوچە دژوار بوون، کۆرش یۆنانییەکانی لەو شارە بەردا کە تالآنی بکەن. لێرەدا کۆڕووش شاژنەکەی کیلیکیا لەگەڵ مینۆن بەرێگایەکی قەدبڕدا ناردەوە بۆ وڵاتی خۆی و کۆڕووش لەگەڵ لەشکرەکە بە رێگای کەپەدۆکیادا رۆیشت و بە چوار رۆژ ٧٥ فەرسەخی بڕی تا گەیشتە شارە گەش و ئاوەدانەکەی دانا.

لەوێ سێ رۆژ مایەوە چونکە پیاوێکی فارس بەناوی مێگافەرنیس کۆڕووش تۆمەتباری کرد کە خەریکی پلانگێڕانە. کابرا پایەیەکی بەرزی هەبوو، وەنەوشەی شاهانەی دەپۆشت، ئیتر ئەمە و پیاوێکی تر لە دەسەڵاتدارەکان بە سزای مەرگ گەیێندران.

لێرەوە روویان کردە سنوری کیلیکیا، رێگاکە رێگای عەرەبانە بوو بەڵام زۆر هەوراز بوو، هەورازەکە بەشەڕ نەدەبڕا، گوتیشیان کەوا سیانەس لە سەر هەورازەکە دامەزراوە. کۆڕووش رۆژێك لە دەشتەکە مایەوە و سبەینێ نامەبەرێك هات پێی راگەیاند کەوا سیانەس گەڕاوەتەوە چونکە بیستویەتی مێنۆن گەیشتۆتە جێ. هەروەها هەندێك لە کەشتیيە سپارتییەکان لە لێوارەکانی ئایۆنیا دەخولێنەوە و لە کیلیکیا نزیك دەبنەوە. هەرچۆنێك بێت کۆڕووش بەبێ شەڕ گەیشە سەرێ، ئۆردوگای کیلیکییەکانی چۆڵ کرابوو. ئینجا بۆ نێو دەشتەکە شۆڕبۆوە، دەشتێکی بەرین و زەنوێر بوو، ئاودێریەکی باشی هەبوو، داری جوان و بەرهەمی مێو و گەنم و هەرزن و توترکێکی زۆری دەدا و چیای بەرز بەدەوریدا وەکو دیوارێك لەدەریاوە بۆ دەریا دەشتەکەیان دەپاراست.

ئینجا پێنج فەرسەخی ئەو دەشتەی بڕی و گەیشتە تەرسووس پایتەختی کیلیکیا. شارێکی گەشە سەرای سیانەسی تێدایە. رووبارێکی هەیە بەپانایی ۲۰۰ پێ دەبوو پێیان دەگوت سیندۆس کە بەنێو شارەکەدا دەڕویشت. بەلام لە دوکاندارەکان بەولاوە خەلکی شارەکە رەگەلّ سیانەس کەوتبوون بۆ چیا، لەوێدا خۆیان قایم کردبوو. هەروەها خەلکی ئەیۆس جێگەی خۆیان چۆل نەکردبوو.

ئەپیاکسا ژنی سیانەس پێنج رۆژ پێش کۆرووش گەیشتبووە جێ و لەلایەکی دیکەوە دوو تاقم لە چەکدارەکانی مینۆن لەرێدا ون ببوون. دەلێن دزی و تالانیان کردبوو جا خەلکەکە پارچە پارچەیان کردبوون. هەندێکیش دەلێن رێگایان بزر کردبوو، ئیتر کوژران. هەرچۆنێك بوبێت لەوان ۱۰۰ هۆپلیت دەبوون جا کە لەشکرەکە گەیشتە تەرسووس لە تۆلەی ئەو ۱۰۰ چەکدارەدا شار و سەراکەیان تالان کرد.

کە کۆرووش گەیشتە شارەکە بەدوا سیانەسیدا نارد بەلام سیانەس وەلامی دایەوە کە ئەو کەس لە خۆی بە گەورەتر نازانێت. دواتر ژنەکەی پێی سەلماند و بەلێنی پێ درا کە بیپارێزرێت، ئەوجار کوبوونەوەیەك رووی دا. سیانەس پارەیەکی زۆری پێشکەش بە لەشکرەکەی کۆرووش کرد و لەبەرانبەردا کۆرووش دیاری شەرەفی پێشکەش کرد بریتی بوو لە ئەسپێك بە زین و لغاو و رێشمەی زێرینەوە، هەورووەها رۆبێکی فارسیی پێشکەش کرد و بەلێنی دا کە هیچ تالان و کاولکاری لە ناوچەکە ناکات و ئەگەر چەکدارەکانی کەسێکیان بە یەخسیر گرتبێت هەموویان ئازاد دەکات.

چاپتەر -٣-
کلێرخۆس هەڵگەڕانەوەیەك دادەمرکێنێتەوە

کۆرووش و لەشکرەکە ٢٠ رۆژ لەوێ مانەوە چونکە سەربازەکان گومانیان پەیدا کرد کە هەڵمەتەکە دژی شایە و گوتیان ئەوان بۆ ئەوە نەهاتوون. کلێرخۆس خەریکیان بوو بەلام سەرباز بەردبارانیان کرد و هەندەی نەمابوو تێدا بفەوتێت، ئیتر کە زانی مەسەلەکە ئاسان نیە کلێرخۆس بریاری دا کۆبوونەوەیك ببەستێت.

لە کۆبوونەوەکەدا پێشەکی بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەرانبەریان بەگریانەوە وەستا، سەربازەکان بە ماتی تەماشایان دەکرد و سەیریان پێ دەهات. ئینجا ئەم گوتارەی دا:

سەرەبازەکان، سەیرتان پێ نەیەت کە ئەوها دڵتەنگ بم. کۆرووش برادەری منە، کە ئاوارە کرابوم ئەو نەك هەر ڕێزی لەمن گرت بەڵکو ١٠٠٠٠ داریکی بەمن داو کە پارەکەی دامێ من پارەکەم بۆخۆم خەرج نەکرد بەڵکو بۆ ئێوەم خەرج کرد. سەرەتا شەڕمان لەگەڵ تراکییەکان کرد و ئێمە پێکەوە زەبرێکی باشمان لێ وەشاندن کە دەیانویست یۆنانییەکانی خەرسۆنیز

پەراگەندە. لینجا کە کۆرووش بەدوا منیدا نارد، من ئێوەشم لەگەڵ خۆم هێنا تا چاکەی بدەمەوە. بەلام ئێستا کە ئێوە ناخوازن هەڵمەتەکە ئەنجام بدەن من دوو رێگام هەیە، یان ئەوتا پشت لە ئێوە بکەم و بەدوا کۆرووش بکەوم، و یان لەوەتا لەگەڵتان بمێنم و بەڵێنەکانم بۆ کۆرووش پێشێل بکەم. جا ئایا رەفتارم راستە یان نا، من نازانم؟ بەلام هەر چۆنێك بێت ئێوە هەڵدەبژێرم و لەوەی دەبێ با ببێت. با کەس نەڵێ من یۆنانیەکان بۆ ولاتی بێگانە دەبەم و لەوێدا پشتیان تێ دەکەم بۆ خاتری بێگانەیەك. کە ئێوە بە قسەم ناکەن، من بەقسەتان دەکەم، لەمەش چونکە من ئێوە بە برادەر و نیشتیمان و هاوپەیمان دەزانم. تەنیا لەگەڵ ئێوەش هەست بە پیاوەتی دەکەم دەنا دوور لە ئێوە باوەڕ ناکەم نە چاکەی دۆستانم پێ بکرێت و نە خراپەی دوژمنان. جا بڕیاری خۆتانم بدەن کەوا من لەگەڵتان دام.

ئەمانە قسەکانی کلێرخۆس بوون.

کە سەربازەکان بیستیان، یەك بەخۆ چەپڵەیان بۆ لێدا تەنانەت پتر لە ٢٠٠٠ چەکداری زینیاس و پاسیۆن بار و شمەکیان تێك نا و هاتنە لای کلێرخۆس. ئەم شتە کۆرووشی قەلس و نیگەران کرد و بەدوای دا نارد. کلێرخۆس نەچوو بەلام بە نهێنی خەبەرێکی بۆ نارد کە تا ماوەیەك پشوو بگرێ هەتا بارەکە باشتر دەبێتەوە[1]، گوتیشی با دووبارە و سێبارە بەدوای دا بنێرێت و ئەویش هەر رەتی دەکاتەوە. دواتر دیسان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەربازەکان بەست و ئەم قسانەی کرد:

شتێکی ئاشکرایە کە ئێستا رای کۆرووش بەرانبەرمان بگۆڕێت چونکە ئێمە ئیتر سەربازی ئەو نین. چۆن سەربازی ئەو بین و لەگەڵیشی نەڕۆین؟ ئەو هیچی تر بەرپرسی ئێمە نیە و ئێستا وا دەزانێت کە ئێمە خراپەمان لەگەڵیدا کردووە. چەندە بەدوامدا بنێرێت من بە پیریەوە ناچم چونکە شەرمی لێ دەکەم و لەبەرانبەریدا هەست دەکەم بێ بەڵێن بوومە. دەترسم بمگرێت و سزایەکی توندم بدات، بۆیە باوەڕم وایە کە ئێستا کاتی نوستن و بێباکی نیە. دەبێ باش بزانین

---

١ با خوێنەر سەرنج بداتە ئەو سیاسەت و فێڵبازیەی کە لەنێو یۆنانیاندا باو بوو؟ هەر ئەمەش نیە بەڵکو دواتر دەبینین چۆن هەر تاقمێك خەریکی تاقمەکانی دیکە دەبوون. تاکە خاڵێك لەسەری رێك دەکەوتن تەنیا هەبوونی دوژمنی گشتی بوو دەنا (هەرکەس بۆ خۆی).

چیمان لەپێشە، دەبێ بزانین چۆن خۆمان بپارێزین و ئەگەر بڕیاریشمان دا بگەڕێینەوە دەبێ بزانین چۆن بە ئاسوودەیی دەگەڕێینەوە و خۆراك بۆ خۆمان دابین دەکەین چونکە بەبێ خۆراك نە سەرباز و نە جەنەراڵ کەڵکیان دەمێنێت. ئەو پیاوە بۆ لایەنگرەکانی خۆی نەرم و خۆشەویستە، بەڵام بۆ نەیاران دەبێتە دوژمنێکی ترسناك. هەمووومان دەزانین چ هێزێکی هەیە لە سوارە و پیادە و کەشتی، ئۆردوگاکەشمان لەوان دوور نیە، جا کاتی ئەوە هاتووە هەرکەس بیرێك لە خۆی بکاتەوە کە چ بکات باشە؟

خەڵکێك هەستانەوە قسە بکەن کەچی تاقمێکی دیکە (کە کلێرخۆس رایسپاردبوون) ئەوانە بە قسە هاتن و دیاریان خست کە مانەوە و رۆیشتن بەبێ رەزامەندیی کۆرووش ئاسان نیە. یەکیان وای دیارخست کە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ یۆنان و دەبێ جەنەراڵێك لەباتی کلێرخۆس هەڵبژێرن و دەبێ خەریك بن خۆراك بکڕن (بازاڕەکە لەنێو ئۆردوگای ناوچەییەکاندا بوو) گوتیشی دەبێ بچن داوا لە کۆرووش بکن کەشتی دابین بکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ یۆنان، و ئەگەر نەیکرد دەبێ ریناسێك لەگەڵیان بنێرێتەوە تا یۆنان. خەڵکەکەی ئێرەش دژوارن، جا ئەگەر داواکاریەکانی جێ بەجێ نەکرد دەبێ بۆ شەڕ ساز بن و خێرا شوێنێکی بەرز بگرن پێش ئەوەی کۆرووش یان خەڵکی کیلیکیا جێگا بەرزەکان داگیر بکەن.

لێرەدا کلێرخۆس گوتی: کەس باوەڕ ناکا من کردارێکی ئەوها بکەم. زۆر شت هەیە کە رێگا نادەن ئەم پلانانە ئەنجام بدرێن، بەڵام باش بیزانن کەوا من گوێڕایەڵی ئەو کەسە دەبم کە ئێوە هەڵی دەبژێرن

ئەوجار یەکی دیکە هەستایەوە و ناڕاستیی رایەکەی پێشووی دیار خست کە ئومێدیان دەکرد کۆرووش رێگای گەڕانەوەیان بدات. دیاری خست کە ئەم قسە چەند سووکە ئەوەی دەڵێ (گوایە) دەبێ کۆرووش رێناسێکمان لەگەڵدا بنێرێتەوە تا رێگامان پێشان بدات! گوتی:

ئێمە پلانەکانی کۆرووشمان تێك داوە، جا بۆچی داوا لە کۆرووش نەکەین ئەو هەوراوزانەش بۆ مە دابین بکات بۆ ئەوەی خۆمانی تێدا قایم بکەیەن دژبە خۆی؟! من تەنانەت سواری ئەو کەشتییەش نابم کە کۆرووش بۆ ئێمەی ساز کردبێت چونکە رەنگە نوقمی بکات، هەروەها بەدوا ئەو رێناسەش ناکەوم کە کۆرووش دەینێرێت چونکە دەمباتە شوێنێکی وا دەربازبوونی نەبێت.

لەوە قسە نیە، ئەگەر بگەڕێمەوە دەبێ بەبێ ئاگاداری و بەدزی بڕۆم، کە ئەمەش هەر ناکرێت. کەواتە بەرای من دەبێ کلیرخۆس بچێ تا بزانێت ئایا کۆرووش چی دەوێت؟ ئەگەر هەڵمەتەکە مەترسیی گەورەی تێدایە ئەوسا دەبێ داوای لێ بکەین یان ئەوەتا بە سەلامەتی بمانگەڕێنێتەوە، یالیش ئەگەر لەگەڵی بچین ئەوسا بە مەرجی باشتر لەگەڵی دەچین.

هەستان شاندێکیان هەڵبژارد کە لەگەڵ کلیرخۆس بچن پرسیارەکان لە کۆرووش بکەن. کۆرووش وەڵامی دایەوە کە بیستویەتی ئەبرۆکۆماس (دوژمنێکی خۆی بوو) لەسەر رووباری فوراتە کە ١٢ رۆژە رێ دوورە، ئەگەر لەوێ بوو ئەوا تۆڵەی لێ دەستێنێتەوە و دەگەڕێنەوە، و ئەگەر هەڵات ئەوسا رێگا چارەیەك دادەنێین.

شاندەکە قسەیان بۆ سەربازەکان گێڕایەوە و ئەگەرچی گومانیان هەبوو هەڵمەتەکە دژبە شایە، واش هەر بڕیاریان دا لەگەڵی بچن. بەڵام داوای مووچەی زیادەیان، واتە مانگانە سێ (نیوداریکی) لە مووچەیان زیاد بکرێت. ئیشەکە پێك هات بەڵام تا ئەو کاتەش کەس بەئاشکرایی نەیدەگوت کۆرووش بەگژ شایاندا دەبات.

چاپتەر -٤-
لە دەروازەی سووریا بە درێژایی فورات

لەوێوە بە دوو رۆژ ٣٠ فەرسەخیان بڕی تا رووباری سارۆس کە ٣٠٠ پێ بەرین بوو. ئینجا بە دوو رۆژ ١٥ فەرسەخیان بڕی و گەیشتنە رووباری پیرامۆس کە ٦٠٠ پێ بەرین بوو، ئینجا بە دوو رۆژ ٥٥ فەرسەخیان بڕی گەیشتنە شاری گەورە و ئاوەدانی ئیسۆس، ئەمەش دوا شاری کیلیکیایە لەسەر دەریا.

کۆرووش سێ رۆژ لەوێ مایەوە، ٣٥ کەشتیی پیلۆپۆنیزی لەژێر فەرماندەیی ئەدمیراڵ تاگۆراسی سپارتی بۆی هاتن. کەشتییەکان لەلایەن کامۆسی میسرییەوە بەرێ کرابوون کەوا ٢٥ کەشتیی دیکەی کۆرووشی لەدەست بوو، ئەو کەشتیانە بوون کە شاری میلەتۆس (هاوپەیمانی تیزافەرنەیان) یان گەمارۆ دابوو. هۆپلیت بە سەرکردایەتی خیریسۆفۆسی سپارتی لەم کەشتیانە بوون. کەشتییەکان لە ئیواری بەرانبەر رەشماڵەکەی کۆرووش نیشتن. دیسان لێرەدا هەمان شت رووی دا. ٤٠٠ هۆپلیتی یۆنانی هەڵگەڕانەوە و دامرکێندرانەوە و دیسان رەگەڵ کۆرووش کەوتنەوە.

لەوێوە بە یەك رۆژ پەنجا فەرسەخیان بڕی تا دەروازەی نێوان کیلیکا و سووریا. دوو قەڵاتی لێ بوو بەرانبەر یەکتر، یەکیان سەر بە کیلیکیا بوو لەدەست سەربازەکانی سیانەسدا و یەکیشیان سەر بە سووریا بوو کە سەربازی کۆرووشی تێدا بوو. رووباری کارسوس ١٠٠ پێ بەرین بوو بەنێوانیاندا دەرۆیشت، هەروەها مەودای نێوان دوو قەڵاتەکە ٦٠٠ یارد دەبوو بەڵام بەنێوان ئەو دوو قەڵاتەدا رەت نەدەبوون. رێگاکە تەسك بوو، دیواری قەڵاتەکانیش تا رۆخی تەلانەکەی سەر دەریاکە درێژ ببوونەوە و هەر یەك لە قەڵاتەکانیش دەروازەیان لەسەر رێگاکەدا هەبوو. بۆیە کۆرووش بەدوا کەشتییکانی دا نارد بوو. پلانەکە وابوو کە هۆپلیتەکان دابەزن و لەگەر ئەبرۆکۆماس چەکدار لەسەر دەروازەکان دابنێت، دەروازەکە بە شەڕ بگرن. بەڵام دیاربوو

لەبرۆکۆماس بیستبوی وا کۆرووش بەرێ و یەکسەر هێزەکەی کشاندبۆوە و تێکەڵ بە سوپاکەی شای کردبۆوە. دەڵێن ژمارەیان گەیشتۆتە ٣٠٠,٠٠٠[1].

لەوێوە بە یەك رۆژ ٥٠ فەرسەخی بڕی و گەیشتە فینیکیان Phoenician[2]، مەڵبەندێکی بازرگانی بوو پڕ لە کەشتی. لەوێدا زینیاسی ئەرکادی و پاسیۆنی مەگەریانی شمەکی خۆیان تێك نا و بە کەشتی رۆیشتن. دەڵێن لە کۆرووش زویر بوونە کەوا هێشتویەتی رابەرایەتی ئەو سەربازانە بکات کە لەوان هەڵگەڕابوونەوە و چوبوونە لەلای کلێرخۆس ئەو کاتەی کە سەربازەکان بە گشتی بڕیاریان دابوو بگەڕێنەوە بۆ یۆنان. کە ئەوانە رۆیشتن، قسەیەك بڵاو بۆوە گوایە کۆرووش هێزێکی بەدوادا ناردوون، هەندێك کەسیش ئەم هەڵاتنەیان بە نامەردی لەقەڵەم دەدا. ئیتر کۆرووش جەنەراڵەکانی کۆکردەوە و ئەم قسانەی کرد:

زینیاس و پاسیۆن رۆیشتن، بەڵام دەبێ باش بزانن کە لە ژێر چەنگم دەر ناچن. من دەزانم بە کوێدا دەڕۆن و دەتوانم بە کەشتی بەدواویاندا بنێرم. بەڵام هەرچۆنێك بێت، من کەسیان بەدوادا نانێرم. با کەس نەڵێ من پیاوان بەکار دەهێنم و دواتر کە دەیانەوێ برۆن، دەیانگرم و لەشکەنجەیان دەدەم. نەخێر، بابڕۆن و با بزانن کە ئێمە بۆ ئەوان باشتر بوین. ئێستا ژن و منداڵەکانیان لە ترالیس لەبەر دەستی خۆمن بەڵام هیچیان لێ ناکەم و دەیاندەمەوە لەبەرانبەر ئەو خزمەتانەی کە تا ئێستا کردوویانە

ئەمە بوون قسەکانی کۆرووش. ئیتر تەنانەت ئەوانەی کە حەزیان نەدەکرد هەڵمەتەکە تەواو بکەن، ئەوسا هەموو بۆ هەڵمەتەکە تیژ بوون.

---

1 ئەم ژمارە گومانێکی گەورەی لەسەرە. خۆی لە هەموو کاتێکدا کە خەڵکەکە لەبەر چاوت بن ژمارەیان دەزانیت کەچی ئەگەر لە شوێنێکی دوور بن یەکسەر وادەزانی ئاخۆ چەند زۆرن؟!

2 فینیکیا ئاماژەیەکە بۆ (فینیقی) واتە کەنعانیەکان (خەڵکی لوبنان). ئەوانە کۆمەڵێك شار و بەندەریان هەبوو لە دەریای سپی هەر لە سوریا لوبنان تا توونس (شاری قەرتاج لە توونس) تا لێواری ئسپانیا. شایانی گوتنە وشەی (فین) واتە سوور و کە یۆنانی پێیان گوتوون (فینیك) واتە (خەڵکە سوورەکان) چونکە ئەسمەر بوون. هەروەها هەمان وشە (فینی یاخود فوینی) لە لاتینیدا کراب بە (پوونی) بۆیە رۆم بە قەرتاجییەکانیان دەگوت (پوونیك). بۆ زانیاری.

پاش ئەوە بە چوار رۆژ ٦٠ فەرسەخ رێگایان بڕی و گەیشتنە رووباری خالۆس کە ١٠٠ پێ بەرین بوو و پڕ بوو لە جۆرە ماسیەکی دەستەمۆکراو. سووریيەکان بە شتێکی پیرۆزیان دەزانی و نەیاندەهێشت کەس دەستیان لێ بدات و هەمان باوەڕیان بەرانبەر بە کۆتر هەبوو. ئەو گوندانە هی پەریزاد بوون، لەباتی وشکە پارە پێی درابوو.

لە وێوە بە پێنج رۆژ و بە رێپێوانێکی ٦٠ فەرسەخی گەیاندنی بە سەرچاوەکانی رووباری داردیس کە ١٠٠ پێ بەرین بوو. سەرای بێلەسیس، حاکمی سووریا، لەوێ مابوو. هەروەها پارکێکی گەورە هەبوو پڕ لە جۆرەها گیا و درەختی جوان کە بە خەیاڵتدا نایەت. بەلام کۆڕرووش هەموو پارك و بێستان و سەراکەی کاول کرد.

ئینجا بە سێ رۆژ ٤٥ فەرسەخی بڕی تا گەیشتە فوڕات کە ٨٠٠ یارد بەرین بوو. شارێکی گەورە و گەشی لێ بوو بەناوی پاپساکۆس Thapsacus، لەوێ پێنج رۆژ مایەوە. لەم کاتە بوو کە کۆڕرووش بەدوا جەنەراڵە یۆنانییەکانی دا نارد و راگەیاند کە نیازی هەیە بەرەو بابل بڕوات و بەگژ شای گەورەدا بچێت، و داوای کرد بە سەربازەکان رابگەیێنن و رازییان بکەن. جەنەراڵەکان کۆبوونەوە ئینجا وەلامیان بۆ کۆڕرووش ناردەوە، بەلام سەربازەکان توڕە بوون وایان دەزانی جەنەراڵەکان لەسەرەتاوە ئاگادار بوونە. سەرباز رازی نەبوون بڕۆن بەبێ پارەیەکی زیادتر وەکو ئەو پارەی کە درابووە ئەو کەسانەی کە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ کۆڕرووش بۆ دیداری باوکی چوبوون.

جەنەراڵەکان ئەم قسانەیان بە کۆڕرووش راگەیاند، ئەویش بەڵێنی دا هەر کە دەگەنە بابل سەرو پێنج مینی[1] ی زیو وەربگرن سەرباری مووچەی خۆیان تا ئەو رۆژەی کە بە ساغی دەگەڕێنەوە بۆ ئایۆلیا. یۆنانییەکان مەیلەو رازی ببوون بەلام پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدرێت مینۆن سەربازەکانی خۆی جودا کردەوە و ئەم قسانەی بۆ کردن:

سەربازەکان، ئەگەر بەقسەم دەکەن ئەوا بەبێ ترس و بارگرانی دەبێ وا بکەین کۆڕرووش بایەخێکی گەورەتر بە خۆمان بدات. ئێستا کۆڕرووش لە یۆنانییەکان دەپاڕێتەوە کە بەدوای

1 مینا Menea ئەمەش جۆرە پارەیەك بووە.

بکەون، جا من دەڵێم ئێمە پێش هەمووان لە رووبارەکە بپەڕینەوە پێش لەوەی وەڵامی کۆرووش بدەنەوە. چونکە ئەوسا کۆرووش بە چاکەی لێوەی دەزانێت. خۆ ئەگەر یۆنانییەکانیش دەنگ بۆ کۆرووش نەدەن و کەس نەپەڕێتەوە، خۆ ئێمەش دەگەڕێینەوە بەڵام ئەوسا بە باشترین کەسمان دەزانێت. واتە کۆرووش دەکەینە برادەر[1].

پاش ئەم قسانە یەکسەر لە فورات پەڕینەوە. کۆرووش پێی گەشایەوە و یەکسەر گلاوسی نارده لایان، گوتی:

سەربازەکان، دڵم بە ئێوە خۆشە و دەبێ دڵی ئێوەش بەمن خۆش بێت دەنا کۆرووش نیم

سەربازەکان ئومێدی گەورە و دوعای سەرکەوتنیان بۆ خواست. ئەوەش گوترا کەوا مێنۆن دیارییەکی باشی پێ گەیشت. پاش ئەمە، کۆرووش لە فورات پەڕییەوە و لەشکریش بەدوای دا هاتن، لە پەڕینەوەدا ئاوی رووبارەکە نەدەگەیشتە سینگی پیادەکان. خەڵکی پاپساکۆس گوتیان:

جاران مەگەر بە بەلەم دەنا تا ئێستا کەس لەوها لەم رووبارە نەپەڕیتەوە

ئەبراکۆماس پێشتر بە بەلەم پەڕیبۆوە و بەلەمەکانی تێکشکاندبوو ئیتر لەلای خەڵکەکە مسۆگەر بوو کە شتێکی غەیبی لەئارادایە و رووبارەکە خۆی رێگای پەڕینەوەی خۆش کردووە، چونکە بۆ کۆرووش نوسراوە کە بیبێتە شا.

لە وێوە بە نۆ رۆژ ١٥٠ فەرسەخیان بڕی بەنێو سووریادا تا گەیشتنە رووباری ئاراکیس. کۆمەڵێك گوندی لێ بوو پڕ لە دەرە و گەنم و شەراب. دوو رۆژ مانەوە و خۆراکێکی باشیان دابین کرد.

---

[1] با خوێنەر سەرنج بداتە ئەم راستیە کە یۆنانیەکان دەیانگوت (ئێمە) یاخود (خۆمان) مەبەستیان لە هەموو یۆنانیەك نەبوو، بەڵکو تەنیا خەڵکی ناوچەی خۆیان مەبەست بوو، ئیتر بزانە لە رقی یەکتر چیان بەسەر دەهات و چۆن لە ئەنجامدا هەمیشە دەکەوتنە بەر دەستی بێگانە، کوردی گوتەنی (خۆبەخۆی بێگانەپەرست).

چاپتەر -٥-
بیابانی عەرەبی
شەڕێك لەنێوان مێنۆن و کلیرخۆس

کۆرووش بەنێو عەرەبستاندا رۆیشت[1] و بە پێنج رۆژ ١٥٠ فەرسەخی لەو بیابانە بڕی. لەم بەشەی جیهاندا زەوی وەکو رووی دەریا تەختە، داری سووتەمەنی زۆر بوو، درەخت و گیای بۆندار ئەو دەشتەیان پڕکردبوو بە بۆنی خۆش، داری گەورەی لێ نەبوو بەلام ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵی کێوی هەبوون، کەری کێوی و نەعامە گەلێك زۆر بوون، هەروەها ئاسك و چرگ، و سوارەکان زوو بە زوو راویان دەکردن. کەرەکێوییەکان هەندێك هەڵ دەهاتن و رادەوەستان چونکە لەراستیدا زۆر لە ئەسپەکان بەغارتر بوون، ئینجا کە سوارەکان نزیك دەبوونە، دیسان هەڵدەهاتن. دەبوو چواردەوریان بگرن دەنا بە ئاسانی نەدەگیران. گۆشتیان چێژی گۆشت مانگای دەدا بەلام رەنگیان کاڵتر بوو و چێژیان هەندە خۆش نەبوو. سەیر ئەوەیە کە کەس نەیتوانی یەك نەعامە بگرێت، لەوانە هەندە بەغار بوون سوارەکان پێیان رانەدەگەیشتن کە رایاندەکرد باڵیان وەکو شیراعی کەشتییەکان هەڵدەهێنا. بەلام گرتنی چرگەکان ئاسان بوو، ئەوانە هەندێك هەڵدەفرین و دەنیشتنەوە و بەراستی چرگ گۆشتێکی خۆشیان هەبوو[2].

لە رێپێوانی ئەم وڵاتەدا توشی رووباری ماسکاس بوون کە ١٠٠ پێ بەرین بوو. شارێکی زۆر گەورەی لێ بوو بەناوی کۆرسۆت کە رووبارەکە بەدەوریدا سوڕابۆوە. سێ رۆژ مانەوە، خۆراك

---

[1] دیارە هەرێمی جەزیرە لەوساوە پێی گوتراوە عەرەبستان Arabia، لەراستیشدا عەرەب لەسەردەمی ئاشورییەوە ناویان هەبوو.

[2] چرگ واتە (حباری) باڵندەیەکی بۆرە و لە قەلەموون گەورەترە. مایەی داخە کە لە کوردستان بە هۆی راوکردن نەماون چونکە من لە پیاوەانم بیستووە کە تا شەستەکان چرگ مابوون. هەروەها مایەی داخە کە بیزانین لە کاتی خۆیدا نەعامەش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە بەلام بەهۆی راوکردنێکی شێتانە دوایان براوە. ئومێد دەکەم هەموو جۆرە راوێك قەدەغە بکرێت، ئەوتا شاخەکانی کوردستان ورچ و پڵینگ و جۆرەها ئاژەڵمان هەبوو کەچی رەنگە ئێستا هیچیان نەمابن؟

و تفاقێکی باشیان دابین کرد ئینجا بە یەك مانگ ٢٧٠ فەرسەخیان لەو بیابانە بڕی. فورات هەمیشە لە دەستەراستیان بوو تا گەیشتنە جێگەیەك کە پێی دەگوترا (دەروازە). لەو ڕێیوانەدا زۆر لە بارگینەکان لەبرسان تۆپین چونکە گیای لێ نەبوو، زەوییەکەش ڕووت بوو، خەڵکی وێش ڕووبارەکەیان بۆ هاتوچۆ بەکار دەهێنا، و بۆ هاڕینی دەرە بەردیان بەکار دەهێنا و دەیانبرد بۆ بابل بیفرۆشن.



لەو قۆناغەدا دانەوێڵە لەنێو لەشکر بڕا. نەدەکرا خۆراك بکڕن مەگەر لە بازاری لیدییەکان کە لەنێو سەربازە ناوچەییەکانی کۆڕووشدا بوو. پیاو دەبایە یەك کاپیت گەنم و دەرە بە چوار سیگلی بکڕێت. نرخی ٣٠ گاوۆس بەرانبەر ٥،٧ ئۆبۆلسی لەتیکی بوو. کاپیت دەکاتە سێ پنت جا سەربازەکان ناچار بوون هەر گۆشت بخۆن.

لە هەندێك قۆناغدا کۆڕووش ڕێیوانەکانی یەکجار درێژ دەکردەوە بەتایبەتیش کە هەندێك جار ناچار دەبوو خۆ بگەیێنێتە ئالیك و ئاو. جارێك لە جارەکان گەیشتنە ڕێگایەکی تەسك و قوڕاوی و عەرەبانەکان چەقین، کۆڕووش فەرمانی بە گلاوس و پیگرە دا کە تاقمێك سەربازی

ناوچەیی بەرن بۆ یارمەتی عەرەبانەکان. کە زانی عەرەبانەکان بە باشی نارۆن رقی هەستا و بەگزادە فارسەکانی دەنگ دا کە هەموو دابەزن و دەستی یارمەتی بۆ دەربازکردنی عەرەبانەکان درێژ بکەن. تەنیا لەوکاتە یۆنانیەکان دیتیان پابەندبوونی راستەقینە چۆنە کەوا لە هەر شوێنێك هەستیان کردبایە عەرەبانەکان بەباشی نارۆن ئەو بەگزادە و پایەدارانەی فارس یەکسەر پەستەکە بنەوشەییکانی خۆیان دادەکەند و بە غاردانێکی زۆر خێرا، وەك بلێی لە گردێکی لێژ دێنە خوارێ، ئەوها بۆ عەرەبانەکان دەچوون، جا بە خۆ و بە کراسی گرانبەها و بە پانتۆلی نەخشکراوەوە دەچوونە نێو قوڕ. هەندێکیان ملوانکە و بازنیان لەدەستدا بوو کەچی واش هەر خۆیان هەڵ دەدایە نێو قوڕەکە و عەرەبانەکالیان دەرباز دەکرد بە خێراییەکی ئەوها کە کەس باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد.

بە شێوەیەکی گشتی دیاربوو کۆرووش دەیویست بە زووترین کات بگاتە جێ و مەگەر چۆن دەنا وەستان و پشودانەوەی نەبوو. بیری کردبۆوە کە تا زووتر بگات شا ماوەی نابێت بۆ کۆکردنەوەی هێز چونکە لە راستیدا چاودێرێکی زیرەك دەیتوانی بزانێ کە هێزەکانی شای فارس بەسەر ولاتێکی زۆر گەورەدا بلاو کراوەنەتەوە و هێڵەکانی گواستنەوە و گەیاندن زۆر دوورودرێژن، ئیتر ئەو کەسەی کە بتوانێ بەخێرایی دەست بوەشێنێت دەرفەت بۆ شا نەدەما هێزەکانی کۆ بکاتەوە.

لەوبەری رووبارەکە شارێکی گەورە و گەشی لێ بوو بەناوی خارمەند، سەربازەکان بازاڕێکی باشیان کرد و لەوسەر بە قایاغ گەڕانەوە. کەولەکانیان پڕ لە پووش دەکەرد و تێکیان دەبەستن تا ئاو نەگاتە سەرێ، بەوانە لە رووبارەکە پەڕینەوە و خۆراکێکی باشیان کڕی. شەراب هەبوو کە لە خورما دروست دەکرا[1]، هەروەها نانی دەرە لەم ولاتەدا زۆربوو.

لەو ناوە شەڕێك لەنێوان سەربازەکانی مێنۆن و کلێرخۆس رووی دا. یەك لە پیادەکانی مێنۆن هەڵەیەکی کرد و کلێرخۆس بە تێهەڵدانی دا، کە پیاوەکە گەڕایەوە نێو برادەرەکانی خۆی و باسی کرد، سەربازەکان رقیان لە کلێرخۆس هەڵگرت، و لە هەمان رۆژ کلێرخۆس و

---

[1] ئەمەش تێبینیەکی گرینگە!!

یاوەرەکانی سەردانی بازاڕ و شوێنی پەرینەوەیان دەکرد، لە گەڕانەوەدا بەپێش ڕەشماڵەکانی مینۆندا هاتن و، هێشتا کۆرووش بەرێوە بوو. یەك لە پیاوانی مینۆن خەریکی دارکردن بوو، کە کلێرخۆسی دیت تەورداسێکی تێ گرت، تەورداسەکە پێی نەکەوت بەلاَم سەربازێکی دیکە بەردێکی تێ گرت و یەکی دیکە بەردێکی تری تێ گرت و بوو بە هەرایەکی گەورە.

کلێرخۆس پەنای بردە نێو پیاوەکانی خۆی و یەکسەر فەرمانی دا کە لێیان بێنە دەست. هۆپلیتەکانی ریز کرد کە بۆ شەڕ ساز بن، ئینجا تراکییەکان و ئەو چل سوارەی کە هەیبوو هێرشی پێ بردن. لە ئەنجامدا مینۆن و سەربازەکانی ترسان و رایان کرد بۆ لای چەکەکانیان، هەندێکیان شوێنەکەیان چۆڵ نەکرد واش هەر دەسەلاَتیان بەسەر بارەکەدا نەشکا. لەم کاتەدا پرۆکسینۆس ریزیزێك هۆپلیتی دەهێنا، یەکسەر هێنانی بۆ نێوان ئەو دوو تاقمە و تکای لە کلێرخۆس کرد کە بوەستێت. کلێرخۆس هار ببوو چونکە هەندەی نەمابوو بە بەردباران بکوژرێت. پرۆکسنۆس بەنەرمی قسەی لەگەلّ کرد و داوای لێ کرد رێگاکە چۆڵ بکات، لەم کاتەشدا کۆرووش گەیشت وێ و لەگەلّ یاوەرەکانی هاتە نێو یۆنانیەکان. رمێکی بە دەستەوە گرت و ئەم قسانەی کرد:

کلێرخۆس و پرۆکسینۆس و ئێوەی یۆنانی ئاگاتان لەخۆ نیە چ دەکەن؟ ئەگەر وا بڕوات من هەر ئێستا پێوەندیم لەگەلّتان دەبڕینمەوە، ئەگەر ئیش بە خواری بڕۆات ئەوسا ئەو خەلّکە ناوچەیانەی کە دەیانبینن ئەوانە لێتان دەبن بە دوژمنێك لە خودی شا ترسناکتر

کلێرخۆس بە خۆی داهاتەوە و هەردوك لا چەکیان دانا.

چاپتەر -٦-

کۆرووش خائینێك دەگرێت

کە رۆیشتن، بەسەر شوێن سم و تەرسی ولاغاندا کەوتن. ٢٠٠٠ سوارێك دەبوون پێشیان کەوتبوونەوە و هەموو شتێکیان دەسووتاند کە بەکەڵکی لەشکر هاتبایە. ئۆرۆنتا فارسێك بوو لە خزمانی بنەماڵەی شا و ناوبانگی هەبوو کە شارەزایی و توانایەکی سەربازانەی بەرزی هەیە، بەڵام لە بنەوە دژایەتیی کۆرووشی دەکرد. خۆی لە ئەسڵدا رێك نەبوون، شەڕیان هەبوو و ئاشت کرابوونەوە. لەوێدا بە کۆرووشی گوت ئەگەر ١٠٠٠ سواری بداتێ دەچێ ئەو هێزەی پێشیان دەبەزێنیت، یان هەرنەبێ هەندێك ئەسیریان لێ دەگرێت بای ئەوەی کە واز بێنن و فریا نەکەون کە خەبەر بۆ شا بنێرن.

کۆرووش پلانەکەی پەسند کرد و پێی گوت با لە هەر تیپێك تاقمە سوارێك هەڵبژێرێت. ئۆرۆنتا کە لە خۆی رادەدیت نامەیەکی نارد بۆ شا گوایە ژمارەیکی زۆر لە سوارەکانی کۆرووشی لەگەڵ خۆ هێناوە و داوای کرد خەڵکێك بە پیریەوە بنێرێت و وای دیار خستبوو کە لایەنگری شایە، بەڵام نامەکەی دابووە پیاوێك پیاوەکەش نامەکەی دایە دەست کۆرووش.

کۆرووش یەکسەر دەستبەسەری کرد و بەدوا هەفت کەسی دا نارد لە پایەدارەکانی فارس بۆ رەشماڵەکەی خۆی، فەرمانیشی بە جەنەراڵە یۆنانییەکان دا کە هۆپلیتەکانیان بێنن و چواردەوری رەشماڵەکە بگرن. فەرمانەکە بەجێ هێنرا و ٣٠٠٠ هۆپلیت لەوێ ریز بوون. کۆرووش کلێرخۆسی بانگ کردە نێو کۆڕەکە کەوا رێزیان لە کلێرخۆس دەگرت. کە هاتەوە، باسی کرد چۆن دادگایی ئۆرۆنتا بەرێوە چوو، گوتی کۆرووش بەم قسانە دەستی پێکرد:

براەدەران، من بانگم کردوون تا پێکەوە لە مەسەلەی ئۆرۆنتا بڕوانین و بەگوێرەی بیری خەڵك و خواوەند بڕیارێك بدەین. ئەم پیاوە لەکاتی خۆیدا باوکم دایمەزراندبوو کە لەژێری فەرمانی مندا بێت، ئینجا وەکو خۆی دەیڵێت گوایە بە فەرمانی براکەم قەڵاتی ساردیسی گرتووە و دژی من جەنگاوە. شەڕمان کردووە و دوایە مافی هاوڕێیاتیمان بە یەکتر داوە.

رووی لە ئۆرۆنتا کرد و گوتی: ئۆرۆنتا، رۆژێك بریندارم کردووی؟

گوتی نەخێر.

پرسیارێکی تری کرد: ئۆرۆنتا، خۆت دەڵێی من خراپەم نەکردووە، ئەدی بۆچی دواتر بۆ نێو میسییەکان چووی و ئەو هەموو زیان و ئازارەت بە وڵاتەکەم گەیاند؟

ئۆرۆنتا دانی پێ نا، ئیتر کۆرووش گوتی: ئەدی کە هەستت بە هێزی خۆت کرد، نەچوی بۆ پەرستەگای ئەرتەمیس Artemis و پاکانەت لە خۆ کرد و، دووبارە پەیمانمان بە یەك نەدا؟

ئۆرۆنتا دانی پێ نا کە قسەکان راستن. کۆرووش گوتی: ئەدی ئەمجارە چ خراپەیەکم کردبوو تا خیانەت لەمن بکەیت، ئایا دان دەنێیت کەوا رەفتارت بەرانبەر بە من راست نەبو؟

ئۆرۆنتا گوتی: بەڵێ ناچارم دانی پێ بنێم.

کۆرووش گوتی: دەتوانم لە تۆ رابینم کە لەمەو پاش دژاتیی شا دەکەیت و لەگەڵ من دۆستایەتیی دەنوێنی؟

ئۆرۆنتا گوتی: ئەگەر واش بڵێم، باوەڕ مەکە[1]

ئینجا کۆرووش ئەم قسانەی کرد: ئەوەتا کردارەکانی ئەم پیاوە لەبەر چاوتانە. کلێرخۆس تۆ دەڵێی چی؟

کلێخۆس گوتبووی: دەبێ بەزووترین کات لەسەر رێی خۆمان لادەین تا دەستمان بپەرژێتە سەر ئیشی خۆمان دەنا ناکرێ هەر بیر لە وی بکەینەوە کە ئایا چاکە دەکات یان خراپە

کلێرخۆس گێڕایەوە کە هەموو ئەم رایەیان پەسند کرد و ئینجا هەستانەوە سەر پێ، لەوانە خزمەکانی ئۆرۆنتا، قۆڵیان گرت کە ئەمە نیشانەیەك بوو کەوا بڕیاری مەرگی دراوە. واش کە بردیان، کەسانێکی کە پێشتر فێر ببوون سەری رێزیان بۆ دادەنواند، ئەگەرچی دەیانزانی دەکوژرێت، واش هەر بە رەوشتی ئاسایی خۆیان سەری رێزیان بۆ دادەهێنا. ئیتر بردیان بۆ رەشماڵێکی دیکە، رەشماڵی یەکێك لە باوەڕ پێکراوە هەرە نزیکەکانی کۆرووش، لەمە بەدوا کەس بە زیندوویی نەیدیت و کەسیش بە ئاشکرایی ناوی نەدەهێنا. قسەڵۆك زۆر بوون بەڵام کەس قەبریشی نەدیت.

---

[1] ئەم قسە ئەگەر راست بێت زۆر گرینگە چونکە وای دیار دەخات کە ئەفسەرە فارسەکان یەکجار راستگۆ و مەردانە بوونە.

چاپتەر -٧-

کۆرووش بۆ شەڕ ساز دەبێ بەڵام شا دەکشێتەوە

لێرەوە بەرەو وڵاتی بابل پێشڕەویی کرد و بە ڕێپێوانێکی سێ ڕۆژی ٣٦ فەرسەخی بڕی. لە کۆتایی ڕۆژی سێیەمدا کۆرووش بە نیوەشەو پارادێکی بە لەشکر کرد، وای دەزانی سبەینێ بەرەورووی سوپای شا دەبێتەوە. کلێرخۆس لەسەر باڵی ڕاست دانرا و مینۆن و تێسالییەکان لەسەر باڵی چەپ، و خۆی لە ناوەڕاست.

بەری بەیانی هەندێك لە هەڵگەڕاوەکان لە هێزی شا گەیشتنە لای کۆرووش و زانیاریان پێی ڕاگەیاند. ئینجا بۆ بەرزکردنەوەی ورەیان کۆرووش کۆبوونەوەی بە جەنەراڵ و کاپتنە یۆنانییەکان کرد و ئەم گوتارەی دا:

سەربازانی یۆنانی، کە شەڕ بە ئێوە دەکەم لەبەر ئەوە نیە ژمارەی هێزەکانی دیکەم کەمن. نەخێر، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە بیرم کردۆتەوە ئێوە لە جەنگدا تواناتان لە خەڵکە ناوچەییەکان زۆرترە بۆیەش دەمەوێ خۆتان ئەوها پێشان بدەن کە شایستەی ئەو ئازادییە و ئەو شادییەن کە بۆ خۆتانی دەخوازن. باوەڕ بکەن، ئەو جۆرە ئازادییە بەگرینگتر دەزانم لە هەموو مڵك و ماڵێك، بەڵام بۆ ئەوی بزانن چ جۆرە شەڕێکتان لەپێشە با بۆچونی خۆم باس بکەم. ژمارەی دوژمن لە ژمارەی ئێمە زۆر گەورەترە و کە هێرش دەکەن هاوار و هەرایەکی گەورە دەنێنەوە، بەڵام ئەگەر خۆتان ڕابگرن ئەوسا زوو دەشکێن، جا ئەوسا ڕەنگە شەرم لە خۆم بکەم کە ئەوانە نەتەوەی منن. لێرە ئەگەر بەختم هەبوو و بارەکە بۆم هەڵسوڕا ئەوسا کێهەتان بیەوێ بچێتەوە ماڵێ خۆی، ئەوە بەجۆرێك دەچێتەوە کە خەڵك حەسودیی لێ بکەن. بەڵێن بێت کە واتان لێ بکەم مانەوەتان لە چونەوەتان بە باشتر بزانن

گاولیتیس ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو هەستایەوە و گوتی: کۆرووش، خەڵکێك دەڵێن تۆ ئەو هەموو بەڵێنانە دەدەیت چونکە ئێستا لە تەنگانە دایت، دەنا ئەگەر بۆت هات ئەوسا لەبیرت دەچن. هەندێك کەسیش دەڵێن تۆ ئەگەر بشخوازی بەڵێنەکانت بەجێ بهێنیت هەر ناتوانیت.

کۆرووش گوێی راگرت، ئینجا گوتی: سەربازەکان، ئیمپراتۆریەتی باوکم هەندە بەرینە کە لە باشووردا زۆر گەرمە و لە باکووردا هەندە ساردە کەس لێی نازێت. هاورێکانی براکەم لەو میانەدا بوونەتە شارەوانی گەورە، جا ئەگەر سەرکەتین ئەوسا مەگەر هەر بەوە رابگەیم برادەرانی خۆمان بکەم بە لۆرد و دەسەلاتدار لەو هەموو ولاتانە، تەنانەت من لەوە دەترسم کە هەندە برادەرم نەبێ بای ئەوەی دەسکەوتەکان ببەشمەوە؟!. جا ئەگەر ئیشەکە باش رۆیشت ئەوسا چ ببەشمەوە، سەرو تارایەکی زێڕ وەردەگرن

کە ئەم قسانەی کرد یۆنانییەکان هەندەی تر گەرم بوو. قسەکە بلاو بۆوە و خەلکەکە دەچوونە لای کۆرووش، ئەویش بەلێنەکانی تاکید دەکردەوە. کلێرخۆس پرسیارێکی لێ کرد بەم جۆرە: باوەڕ دەکەی براکەت بێتە مەیدانی شەڕ؟

کۆرووش گوتی: ئەدی چۆن؟ مەگەر کوڕی دارا و پەریزاد نەبێت و مەگەر برای من نەبێت دەنا چۆن خۆی لە شەڕ دەدزێتەوە؟ پاشان منیش بەبێ شەڕ دەسەلاتم ناوێت

سەرژمێرێك بۆ لەشکر ئەنجام درا: لە ریزی یۆنانییەکاندا ١٠٤٠٠ هۆپلیت و ٢٥٠٠ پەلتاست هەبوون. هێزە ناوچەییەکانیش ١٠٠٠٠ کەس دەبوون وێڕای ٢٠ عەرەبانەی تیغدار[1]. لەلای دوژمندا دەلێن ملیۆن و دوروسەد هەزار سەرباز وێڕای ٢٠٠ عەرەبانەی تیغدار و ٦٠٠٠ سوارە لە پاسەوانانەکی شا هەبوون لەژێر فەرماندەیی ئالەگەرسدا[2]. رابەرایەتیی سوپای شا لەدەست چوار فەرماندە بوو. ئەبرۆکۆم، تیزافەرنە، گۆبریا، ئەرباك. هەریەك ٣٠٠٠٠٠ چەکداری هەبوو. بەلام تەنیا ٩٠٠٠٠٠ لەو سوپایە ئامادەبوون چونکە ئەبرۆکۆماس پێنج رۆژ پاش شەڕەکە گەیشتە جێ. ئەم زانیاریانە لەرێگای هەلگەڕاوەکان بە کۆرووش راگەیێندران، هەروەها پاش شەڕەکە هەندێك لە ئەسیرەکان هەمان قسەیان کردەوە.

---

[1] عەرەبانەی تیغدار، رەنگە زۆربەی خوێنەران لە فیلمە مێژوویەکاندا دیتبێتیان چۆن عەرەبانەیان دروست دەکرد کە تەنیشتەکانیان بە تیغی ئاسن داتەنرا بۆ لەتوپەتکردنی ریزەکان دوژمن.

[2] دووبارە دەبین کە ژمارەی هێزەکان دوورەچاو بە گەورە مەزەندە دەکات دەنا ئەمرۆ ئەمەریکاش هەندە سەربازی پێ بەخێو ناکرێت؟!!

ئەو رۆژە کۆرووش بە ئامادەباشیەوە نۆ فەرسەخ ریگای بڕی. بە ئامادەباشی دەرۆیشت چونکە وای رادەدەیت بەرەورووی دوژمن بیتەوە بەلام لە نیوەرۆدا تووشی خەندەکێك بوون پینج فاتۆم بەرین و سێ فاتۆم قوڵ. خەندەکەکە لەم سەر بۆ ئەوسەر بەدرێژایی دیواری میدی[1] هەڵکەندرابوو. باش بوو کە لە نزیك رووبارەکە دەربازێکیان دۆزیەوە بە پانایی ٢٠ پێ، کۆرووش و لەشکرەکەی بەویدا پەڕینەوە. شایانی گوتنە کە ئەو خەندەکە بە فەرمانی شا هەڵکەندرابوو چونکە بیستبوی وا کۆرووش هەلمەتی بۆ دێنێت.

ئەو رۆژە شەڕەکە نەکرا بەلام شوێنەوارێکی زۆر دیترا لە شوێن سمی ئەسپ و شوێن پای پیادە. کۆرووش بەدوا سیلانۆسی دا نارد، فالگرێکی ئەرکادی بوو، ٣٠٠٠ داریکی پێ بەخشی چونکە ١١ رۆژ پێشتر پێشبینی کردبوو کەوا لەم ١٠ رۆژەی ئایندەدا شەڕ روو نادات. کۆرووشیش پێی گوتبوو : ئەگەر لەم ١٠ رۆژەدا تووشی شەڕ نەبین ئەوا بەیەکجاری واز لە شەڕ دێنم و ئەگەر قسەکەت راست دەرچوو مەرج بێت کە من ١٠ تالەنت بەتۆ دەبەخشم. ١٠ رۆژەکەش بەسەر چوبوو، ئیتر پارەکەی پێ بەخشی.

بە گوێرەی کەوا شا لەلای خەندەکەکەدا شەڕی نەکرد، کۆرووش و یاوەرەکانی هاتنە سەر باوەڕێك کە رەنگە شا هەرگیز شەڕ نەکات، جا رۆژی دووەم هەندە وریا نەبوون و تەنانەت لە رۆژی سێیەمدا چەکدارەکان بە بڵاوی دەرۆیشتن و چەکەکانیان خستبۆوە نێو عەرەبانەکان.

[1] دیواری میدی (Median Wall) دیوارێکی دوور و درێژ بوو لەنێوان فەللوجە و بەغدای ئەمڕۆ دروست کرابوو ١٥٠ ساڵێك پێش ئەو کاتەی زینۆفۆن. دیوارەکە بە فەرمانی نەبووبلاسەڕ (پاشای بابل) دروست کرابوو لە ترسی میدیەکان. خۆی نەبووبلاسەڕ لەگەڵ میدیا رێك کەوت دژبە ئاشوور و لە ٦١٢ پ.ز. ئاشووریان بەزاند، بەلام دواتر میدیەکان جێی باوڕ نەمان بۆ بابلیەکان بۆیەش ئەو دیوارەیان دروست کرد. ئەو دیوارە شوێنەواری نەماوە بەلام تا ئێستاش سنووری نێوان ناوچە شیعەکان (ولاتی بابل لە باشووری ئەو دیوارە) لەگەڵ ناوچە سوننەکانی عیراق (باکووری دیوارەکە) دیار دەخات.

چاپتەر -٨-
شەڕەکەی کوناکسا و مەرگی کۆرووش[1]

بەیانی داهات و کات گەیشتە پێش نیوڕۆ و هێشتا نەگەیشتبوونە ئەو جێگەیەی کە کۆرووش بڕیاری دابوو تێدا پشوو بدات، لەو کاتەدا پاتەگیا (پاوێکی فارس بوو برادەری کۆرووش) لە دوورەوە پەیدا بوو. بەسواری ئەسپێکی ئارەقە کردوو بە خێرایی دەهات و بە فارسی و یۆنانی هاواری دەکرد کە شا و سوپاکەی وا نزیك دەبنەوە.

سەرشێوان و ئاڵۆزی بەرپابوو، هەرکەس لە جێوە تاوی دەدایە چەکێك و غاری دەدا بۆ ریزی خۆی وایان دەزانی کە هەر ئێستا بەسەریاندا دەدەن. کۆرووش لە عەرەبانەکەی دابەزی، زرێکەی پۆشت و سواری ئەسپێك بوو و رمبێکی بەدەستەوە گرت، ئینجا فەرمانی دا کە هەموو شوێنی خۆیان بگرن. سەربازەکان بە حاڵ پێیان کرا ریز بن.

کلیرخۆس لەسەر باڵی راستی لەشکر لە تەنیش رووباری فورات دامەزرا، پرۆکسینۆس لە تەنیشت کلیرخۆس دامەزرا و، ئینجا مینۆن لەگەڵ یۆنانیەکانی دیکە لەلای چەپی هێزە یۆنانیەکان دامەزرا بوو. هێزە ناوچەییەکان بریتی بوون لە ١٠٠٠ سوارەی پافلاگۆنی لە لای کلیرخۆس ریز بیوون، هەروەها پەلتاستی یۆنانیش لەلای راستدا لەگەڵ کلیرخۆس ریز بیوون. ئاریا (جێگری کۆرووش) لەسەر باڵی چەپ لەگەڵ هێزە ناوچەییەکانی دیکە وەستابوو، کۆرووش و

---

[1] خوێنەران دەتوانن نموونەی ئەم دیمەنە مێژووییەی لەو فیلمەدا ببینن کە بەم ساڵانەی دوایی دەرچوو بەناوی (ئەسکەندەری مەزن). ساڵی ٢٠٠٦ کە چاپی یەکەمی ئەم کیتێبەم بڵاو کردەوە ئەوسا ئەو فیلمە دەرنەچووبوو، بەڵام کە فیلمەکەم دیت و بەتایبەتی ماستەرسینەکەی شەڕەکەی گۆگەمیلا (لەنێوان هەولێر و مووسڵ رووی داوە) دیمەنەکە وەك بڵێی لە نووسینەکانی زینۆفۆن وەرگیراوە بەتایبەتیش کە ئەسکەندەر لە دوورەوە چاوی بە داریۆسی سێیەم دەکوێت و هاوار دەکات (I see him -دەیبینم). هەر ئێستا هەمان شت لێرە دەبینین. ئیتر گومانم نیە کە نووسەرانی شەڕەکەی (گۆگەمیلا) سوودیان لە یاداشتەکانی زینۆفۆن وەرگرتووە چونکە زینۆفۆن ٦٠-٧٠ ساڵێك پێش شەڕەکەی گۆگەمیلا یاداشتەکانی خۆی نووسیوە.

٦٠٠ سوارەی خۆی لە ناوەڕاستی لەشکر ریز ببوون کەوا لە سینگ تا سەر ئەژنۆ بە زرێ داپۆشرابوو تەنانەت سینگ و نێوچەوانی ئەسپەکانیشیان هەر بە زرێ داپۆشرابوون.

نیوڕۆ داهات و هێشتا دوژمن دیار نەبوو بەڵام پاش نیوڕۆ تۆز وەکو هەورێکی سپی لە ئاسۆ هەڵستا، ئینجا هێلێکی رەش بەدرێژایی ئاسۆ دەر گەوت. کاتێك نزیکتر بوونەوە ئەوسا تریسکەی برۆنز دیترا، سەرە رمب و نێزەکانی دوژمن رۆنتر دەبوون، هێزی سوارە لەلای چەپی سوپاکەیان دەدیتران و گوتیان گوایە تیزافەرنە رابەرایەتیی دەکردن. لە تەنیشت ئەوانە سەربازی زرێپۆش ریز ببوون، ئینجا هۆپلیت دەکەوتن بە قەڵغانی دارینەوە، گوتیان میسری بوون. ئەوجار جۆرەها سوار و تیرەنداز پەیدا بوون و تێکڕای لەوانە بە تاقمی لاکێشەیی بەرەو پێش دەهاتن، ولە پێش ئەوانەوەشدا عەرەبانەی تیغدار هەبوون، ئەوانە تێغیان لێ خرابوو تا ریزەکانی دوژمن پەرت بکەن.

قسەی کۆرووش کە پێشتر لەگەڵ جەنەراڵە یۆنانییەکانی کردبوو، کە گوتبوی ئەوانە بە هات و هاوارەوە هێرش دەکەن، ئەمە راست دەرنەچوو چونکە تا ئێستا بە هەسپایی و بەبێ دەنگی و بەشێوازێکی رێك دەهاتنە پێش.

لەم کاتەدا کۆرووش و پیگرە (تەرجومانەکەی کۆرووش) و چەند کەسێك هاتنە لای یۆنانیەکان و کلێرخۆسیان بانگ کرد. پێیان گوت دەبێ لەشکرەکەی بەرەو ناوەڕاستی دوژمن رابدات چونکە شا لەوێیە و ئەگەر لەوەدا سەرکەوتن ئەوسا هەموو شتێك بەسەر دەچێت. کلێرخۆس لە تەماشایەکی سوپای شای کرد، سوپاکە هەندە زل بوو کە ناوەڕاستەکەی کەوتبوە بەرانبەر باڵی چەپی لەشکرەکەی کۆرووش. دوودڵ بوو لەوەی کە لە رۆخی رووبارەکە دوور بکەوێتەوە نەبادا گەمارۆ بدرێت، واش هەر وەڵامی بە کۆرووش دایەوە کە دواتر بیرێکی لێ دەکاتەوە و ئەگەر بە باشی زانی ئەوسا دەیکات.

لەو کاتەدا سوپای فارس وردەوردە بەرەو پێش دەهات و یۆنانییەکان هێشتا لە جێی خۆیان وەستابوون و سەربازەکان شوێنەکانی خۆیان پڕ دەکردەوە. کۆرووش بەپێش ریزەکاندا تێپەڕی سەیری هەردووك لای دەکرد، لای دوژمن و لای تیپەکانی خۆی. زینۆفۆن کورتێکی ئەتینیی

بوو[1]، لەنێو ریزە یۆنانییەکانەوە چاوی بە کۆڕووش کەوت، بۆی چووە پێش تا بزانێت کە ئایا هیچ فەرمانێکی هەیە؟

کۆڕووش گوتی: فاڵ و قوربانییەکان باشن و پێی گوت کە ئەم قسە بە هەمووان رابگێێنێت. لەم کاتەدا دەنگە دەنگێك لە نێو ریزی یۆنانییەکان هەستا. کۆڕووش پرسی ئەم دەنگە چیە؟

زینۆفۆن گوتی: وا بۆ جاری دووەم ناوی نهێنی بلاو دەکرێتەوە.

کۆڕووش پرسی: ئایا کێ ناوی نهێنیی داناوە و ناوەکە چیە؟

زنۆفۆن پێی گوت ناوەکە ئەمەیە "زیۆسی گەیێنەری سەرکەوتن"

کە ئەمەی بیست گوتی: باشە، با وا بێت.

لیتر ئەسپەکەی بۆ ناوەندی لەشکر تاو دا.

لەو کاتەدا مەودای نێوان دوو لەشکرەکە ٦٠٠، تا ٨٠٠ یارد مابوو، یۆنانییەکان سروودی پایانیان خوێند و بەرەو دوژمن پێشڕەوییان کرد. کە بەرێ کەوتن بەشێکی ریزەکان هەندێك پێشتر کەوتن و ئەوانەی داوتر دەیانویست بگەنەوە پێش. لە هەموو هاوارێکیان بەرز کردەوە وەکو هەڵهەلە (Elelu) کە خەڵك بۆ خواوەندی جەنگ دەیکەن، و هەر هەندەیان زانی وا راستەوخۆ بەرەو دوژمن غار دەدەن. هەندێك کەس دەڵێن سەربازەکان بۆ ئەوی ئەسپەکانی دوژمن بترسێنن تەقەتەقیان بە قاڵغان و رمبەکانیان دەکرد. بەڵام پێش ئەوەی بگەنە مەودای تیرەندازان ریزەکانی فارس هەژان و هەڵاتن. یۆنانییەکان بە گورجی راویان نان، هاواریشیان دەکردە یەکتر کە غار نەدەن بەڵکو راویان بنێن بەبێ ئەوەی ریزەکانیان تێك بچێت.

عەرەبانە تیغدارەکان بە تیژی هێرشیان کرد، هەندێکیان بێ شوفێر بوون و هەندێکیان بۆ ریزەکانی دوژمن رەوینەوە و هەندێکیشیان ریزی یۆنانییەکانیان بڕی. کە عرەبانەکانیان دیت

---

[1] ئەمە یەکەم جارە زینۆفۆن ناوی خۆی بێنێت، هەر وەك دیاریشە باسی خۆی دەکات وەکو کەسی سێیەم. هەروەها ئەمە یەکەم جار و دواجاریش بوو کە زینۆفۆن قسە لەگەڵ کۆڕووش بکات. تەنانەت هەست دەکەم وەك بڵێی زینۆفۆن ویستوویەتی خۆی (رەپێش) بخات دەنا کۆڕووش چ کارێکی بەو سەربازە بچووکە بووە؟ من لە کاتی خوێندا کە ناوی زینۆفۆن دەهات وام دەزانی سەرکردەیەکی گەورە بووە، کەچی لەراستیدا گەنجێکی بچووك بووە و تەنیا بە هۆی برادەرێکەوە (پرۆکسینۆسی بۆیۆتی) رەگەڵ ئەو لەشکرە کەوتبوو.

یۆنانی ریزەکانیان ئاواڵە کرد بۆ ئەوەی عەرەبانەکان بەبێ زیان رەت بن بەڵام یەکێك لە سەربازەکان خۆی لە شوێنەکەیدا چەقاند جا عەرەبانەکە بەسەریدا رۆیشت، واش دەڵێن بریندار نەبووە. لەو شەڕەدا هیچ زیانێك بە یۆنانیەکان نەگەیشت تەنیا یەك پیاو نەبێ لە ریزەکانی چەپدا گوتیان تیرێکی بەرکەوتووە.

کۆرووش شاد ببوو کە دەیدیت وا یۆنانییەکان سەردەکەون و دژمن بە پێشە خۆیان رادەدەن. ئەوانەی لەدەوری بوون وا تێگەیشتن کە ئیتر تەواو، کۆرووش بوو بە شا. بەڵام خۆی لەبیر نەکرد بای ئەوەی کە فارسە شکاوەکان راو بنێت بەڵکو راوەستابوو چاوی دەگێڕا کە بزانێ شا چ دەکات؟ لەلای مسۆگەر بوو کە شا لە ناوەڕاستی سوپاکەی وەستاوە و گومان نیە کە هەموو سەرکردە فارسەکان لە ناوەڕاستی هێزەکانیان دەوەستان. فیکرەکە لەوە دایە کە لە ئاسوودەترین جێگە راوەستن بۆ ئوەی ئەملا و ئەولایان بپارێزرێت، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن فەرمان بە لایە دوزورەکان بدەن، ئەوسا فەرمانەکە بە زووترین کات دەگاتە جێ. ئەو رۆژەش هەمان شت بوو، شا لە ناوەڕاستی سوپاکەی وەستابوو بەڵام بۆ کۆرووش، شا کەوتبوە سەر باڵی چەپ. کە دیتی هێزەکانی بەرانبەر هیچ ناکەن هەستا وەك جۆرێك تەوق کردن بۆ لای راست شکاندییەوە.

کۆرووش لەوە ترسا کە شا پشتی یۆنانییەکان گەمارۆ بدات، هەستا راستەوخۆ بۆی چوو. بە خۆ و بە ٦٠٠ سوارەوە هێرشی کرد و ریزەکانی شکاندن. هێزێکی ٦٠٠٠ سوارەی راماڵی و دەڵێن کۆرووش بە دەستی خۆی ئەرتەگەرسەی کوشتوە کە سەرکردەی ئەو هێزە بوو. بەڵام کە هێرشەکەیان کردووە ٦٠٠ سوارەکە ریزیان تێك چووە و پەرت بوونە و ژمارەیەکی زۆر کەم لەگەڵ کۆرووش مابوون، ئەوانەی کە پێیان دەگوترا هاوخوانە (واتە هاونشین). کاتێك بەتەنیا لەگەڵ ئەوانە دەمێنێت لە دورەوە چاوی بە شا دەکەوێت کەوا بە چەند ریزێك چەکداری چڕ و پڕ پارێزرابوو. بەبێ سێ و دوو هاواری کردووە (دەیبینم) و راستەوخۆ هێرشی بۆ کردووە و زەبرێکی توندی لێ داوە کەوا زرێکەی سەر سینگی بڕیوە، هەروەکو دکتۆر کتیسیاس Ctesias باسی کردبوو گوتبوی شای بریندار کردبوو چونکە خۆی برینەکەی تیمار کردبوو. بەڵام هەر لەو کاتەدا کە خەریکی دەست وەشاندن بوو سەربازێك رمێکی توند لەژێر چاوی دەدات.

کەتیسیاس لەو شەڕەدا لەگەڵ شا بووە و دەیگێڕێتەوە کەوا چەندەها کوژراو لەلایەن شا کەوتبوون بەڵام کۆرووش و هەشت لە یاوەرە خانەدانەکان (Nobles) هەموو کوژران و تەرمەکانیان کەوتنە سەر تەرمی کۆرووش. دەڵێن کەوا ئەرتەپاتا، نۆکەرێکی زۆر نزیکی کۆرووش بوو، کە دیتویەتی کۆرووش کەوتووە ئەوسا خۆی بەسەر تەرمەکەی کۆرووش داداوە. هەندێك کەس دەڵێن شا فەرمانی داوە کە لەسەر تەرمی کۆرووش بیکوژن، هەندێك کەسیش دەڵێن ئەرتەپاتا لەسەر تەرمەکەی کۆرووش خۆی کوشتوە کەوا خەنجەرێکی زێڕی هەبوو. هەروەها بەچەشنی خانەدانە فارسەکان ئەرتەپاتا ملوانکە و بازن و زیوەری لەبەر دەکرد چونکە نۆکەرێکی هەندە بەئەمەك بوو کۆرووش باوەڕ و پایەیەکی گەورەی پێ بەخشبوو.

چاپتەر -٩-
پاش شەڕەکە

سەری کۆرووشیان بڕی لەگەڵ دەستی ڕاستی. شا کەوتە پێشڕەوی و چوە لێو ئۆردوگای کۆرووش. پیاوەکانی ئاریا لەوێ گیر نەبوون بەڵکو کشانەوە بۆ کۆنە ئۆردوگای ڕۆژی پێشو کە ١٢ فەرسەخ دوور بوو. لەمیانی ئەو هەموو تالانەی کە بەدەست پیاوانی شا کەوت خانمە دۆستێکی کۆرووشیان گرت، کچە فۆکاییەکە Phocaean کە دەڵێن جوان و زیرەکیش بوو، دۆستەکەی دیکەی کۆرووش، ئەو خانمە گەنجەی کە خەڵکی میلەتۆس بوو، ئەویش گیرا بەلام بە نیوەڕووتی هەلات بۆ لای هەندێك پاسەوانی یۆنانی کە لەلای شمەکەکان مابوونەوە، ئەوانە ریزیان بەست و هەندێك لە تالانچییەکانیان کوشت و هەندێکیان لێ کوژرا و هەلاتن و کچەکەشیان رزگار کرد، و هەموو پارە و شمەکی کە بەوان سپێردرابوو هەموویان دەرباز کرد.

لەم قۆناغەدا لەشکری یۆنانی سێ فەرسەخ لە یەکتر دوور کەوتبوونەوە، یۆنانی هێزە فارسەکەی پێش خۆیان ڕاو نا وایان دەزانی سەرکەوتنێکی یەکجارییان ئەنجام داوە، فارسەکانیش بەهەمان شێوە خەریکی تالانکردنی ئۆردوگاکە بوون وایان دەزانی سەرکەوتنێکی یەکجارییان تۆمار کردووە. بەلام دواتر یۆنانییەکان زانیان وا ئۆردوگاکەیان تالان دەکرێت. شا کە لە تیزافەرنەی بیست وا یۆنانی ڕاوی بەشێکی سوپاکەی دەنێن، خۆی بۆ شەڕ ساز کرد. کلێرخۆس بەدوا پرۆکسینۆسی دا نارد چونکە لە هەموویان لێی نزیکتر بوو، پرسی پێ کرد ئایا باشتر ئەوەیە تیپێك بنێرنەوە بۆ پاراستنی ئۆردوگا یاخۆ هەموو پێکەوە بچن؟ لەم کاتەدا زانییان کەوا شا لەدواوە بۆیان دێت. یۆنانی بڕیان کردەوە و ڕویان وەرسوڕاند بۆ بەرەنگاریی کردنی شا کەچی شا هێزەکانی بەم لایەدا نەهێنا. وەك چۆن پێشتر بەسەر باڵی چەپی دادابوو، لەم جارەش هەمان شتی کرد و پەلاماری ئەوانەی دا کە لە لەشکرە سەرەکییەکە دابڕابوون. جگە لە شا، تیزافەرنە و هێزەکانی هەمان شتیان دەکرد.

تیزافەرنە لە یەکەم بەرەنگاریدا هەڵ نەهات بەڵکو هێرشی کردە سەر پەلتاستەکانی نزیك ڕووبارەکە و ڕیزەکانی شکاندن، واش هەر تاکە کەسێکی پێ نەکوژرا. یۆنانی ڕیزەکانیان ئاوالە

کرد و بە رمب و شمشێر لە پیاوەکانیان دەدان. ئەپیستینیسی ئەمفیپۆلیس سەرکردەیان بوو، دەڵێن لەوێدا توانا و ئازایەتییەکی سەیری نواندوە.

تیزافەرنە کە دیتی وا لەم رەددوبەدەرە خراپترین ئەنجامی بەدەست هێناوە، ئەمجارە نەسوڕایەوە بۆ هێرشێکی تر بەڵکو راستەوخۆ رووی کردە ئۆردوگای یۆنانییەکان بۆلای شا، لەوێدا هەموو هێزەکانی رێك خست و بەشێوازی جەنگی لەسەر باڵی چەپی یۆنانییەکان ریز بوون. یۆنانی ترسان کە پەلاماری ئەم باڵە بدەن و ئینجا بە هەردووك لادا بازنەیەك لەدەوریاندا دروست بکەن و رەنگە وردوخاشیان بکەن. بۆیە، باشتر ئەوەبوو ئەم باڵە پانتر بکەنەوە و رووبارەکە بخەنە پاڵ پشتیان. کە ئەوان خەریکی ئەم مانۆڕە بوون، شا رێگای گۆڕی و هاتە بەرانبەر ریزەکانی پێشەوەی یۆنانییەکان، واتە هەمان جێگەی کە لەسەرەتادا لێی بوون.

کە یۆنانی دیتیان وا لەبەرانبەریان ریز بوونە سرودی پایانیان خوێند و بە شێوەیەکی لەجاران دڕتر هێرشیان کرد، ئەمجارە فارس تەنانەت هەندی جارەکەی پێشتریش خۆیان را نەگرت بەڵکو هەر زوو شکان و یۆنانی راویان نان تا گەیشتنە گوندێك. راوەستان چونکە گردێکی لێ بوو سەری گەردەکە پڕ بوو لە چەکداری دوژمن، لەوێ بەرەنگکاری دەکرا. پیادەکان هەڵاتبوون بەڵام سوارەکان سەری گردەکەیان گرتبوو و نەدەکرا بزانرێت چ لە ئارا دایە. هەندێك دەڵێن دروشمی شا لەسەر گردەکە بوو، داڵێکی زێڕین بوو لەسەر رمێکدا باڵی بەپانی کردبۆوە.

یۆنانی بەرەو گردەکە دەچوون کاتی کە سوارەکانیش دەستیان پێکرد بڵاوە بکەن، هەر تاقمە و بەلایەکدا هەڵدەهاتن و سەری گردەکە چۆڵ کرا. کلێرخۆس نزیکی گردەکە نەکەوتەوە بەڵام لیسیۆسی سیراکۆزیی لەگەڵ چەند پیاوێك نارد سەیری ئەودیو بکەن. لیسیۆس بە سواری چوو و گەڕایەوە، گوتی دوژمن وا لە کشانەوە دان. لەم کاتەدا خۆر ئاوا دەبوو، یۆنانییەکان وەستان، چەکیان لە خۆ داماڵی و پشوویان دا، پرسیاریان دەکرد بۆچی کۆرووش سۆراغی نیە تەنانەت نامەیەکیشی نەناردووە؟ نەیاندەزانی مردوە وایاندەزانی دژمن راو دەنێت یان خەریکە جێگایەکە داگیر دەکات. کەوتنە گفتوگۆ، ئایا بگەڕێنەوە یان بوەستن؟ بڕیار درا کە بگەڕێنەوە، کە گەڕانەوە ئۆردوگا کاتی نانی شێوان بوو دیتیان هەموو ئاو و خۆراك و شمەکیان تالان کراون، هەندێك عەرەبانەش هەبوون (گوتیان ٤٠٠ عەرەبانە دەبوون) پڕ لە شەراب و جۆ کە کۆرووش بۆ یۆنانییەکانی دانابوو، هەموو بەدەست پیاوانی شا تالان کرابوون. نانی نیوڕۆشیان نەخواردبوو لیتر یۆنانییەکان ئەم شەوەیان ئەوها بەسەر برد.

بابەتی دووەم
یۆنانییەکان دادەبڕێن

چاپتەر -١-
نامەبەری شا

بەری بەیانی، جەنەرالەکان کۆبوونەوە سەیریان پێ دەهات کە کۆرووش هێشتا سۆراغی نیە. بریاریان دا شمەکیان کۆ بکەنەوە و برۆن رەگەڵ کۆرووش بکەونەوە بەلام هێشتا بەرێ نەکەوتبوون و هێشتا خۆر هەڵاتبوو کە پرۆلکیس، فەرمانرەوای تەوترانیا و نەوی داماراتۆسی سپارتی، لەگەڵ گلاوس، کوری تامۆس، گەیشتن و هەواڵەیان گەیاند کەوا کۆرووش مردووە و ئاریا و هێزە ناوچەییەکان هەڵاتوون بۆ ئۆردوگای دوێنێ. نامەکەی ئاریا رایدەگەیاند کە ئەو تا سبەینێ چاوەرێیان دەکات دەنا دەگەرێتەوە بۆ ئایۆنیا.

کە یۆنای ئەمەیان بیست خەفەت و نائومێدییەکی قورسیان بەسەردا هات، کلێرخۆس ئەم قسانەی کرد: خۆزیا کۆرووش زیندوو بایە، بەلام ئێستا کە مردووە، بە ئاریا بڵێن کە شا بەدەستی ئێمە بەزیوە و هیچ بەرەنگارییەك لەپێشمان نەماوە. خۆ نیازیشمان هەبوو دیسان بەگژیدا بچینەوە. بەڵێن بە ئاریا دەدەین ئەگەر بێت دەیخەینە سەر تەختی شا. ئەوانەی کە لە مەیدان سەردەکەون، مافی ئەوەشیان هەیە بالادەست بن.

ئەم وەڵامەی بۆ ناردەوە و خیریسۆفۆسی سپارتی و مێنۆنی تێسالیی لەگەڵدا ناردەوە. مێنۆن حەزی دەکرد بروات چونکە برادەری ئاریا بوو و زۆر جار مێوانداریی کردبوو. کە رۆیشتن، کلێرخۆس مایەوە. لەشکر خۆراکی پەیدا کرد بە کوشتنەوەی هەندێك گا و بارگین کە بۆ گواستنەوەی شمەکەکان تەرخان کرابوون. سوتەمەنییش بەوە پەیدا کرا کە هەندێك پیاو چوونەوە بۆ مەیدانی شەرەکە، لەوێدا رمب و تیرێکی بێژمار کەوتبوون وێرای قەڵغانە دارینەکانی میسرییەکان، هەروەها قەڵغانە بچووکەکان و عەرەبانەی بێ شوفیر. قەڵغانەکانیان بۆ گۆشت کولاندن بەکار هێنا، بەمەش جەمی ئەو رۆژەیان دەستکەوت.

هێشتا جەرگەی بەیانی بوو کە شاندێك نامەبەر لەلایەن تیزافەرنە و شاوە هاتن. هەموویان ناوچەیی بوون تەنیا فالینۆس نەبێت، لە ناوەکەی را دیار بوو کە یۆنانییە، ئیشی بۆ تیزافەرنە

دەکرد و دیاربوو زۆر رای لێ بوو چونکە، وەکو باسی کرد، شارەزای مەشق و مانۆڕی سەربازی بوو. ولاغیان بۆ لای یۆنانییەکان لێ خوڕی و داوایان کرد لەگەڵ جەنەراڵەکان بدوێن، گوتیان ئێستا کەوا شا سەرکەوتووە و کۆڕووشی کوشتووە، فەرمانی داوە یۆنانییەکان چەك دابنێن و بێن بۆ خزمەت تەختی شا تا ئەگەر بتوانن لێبوردنی شاهانە بۆ خۆیان وەدەست بێنن. یۆنانی بەم قسانە پەست بوون. کلێرخۆس گوتی: زاڵ چەکی دانانێت. بەڵام هەرچۆنێك بێت راوەستن هەندەم پێ ناچێت، دەبێ بیر لە باشترین و سەربەرزانەترین وەڵام بکەینەوە. ئەوەش چونکە ئەفسەرەکانی پێیان گوت با هەناوی قوربانییەك[1] بپشکنینەوە بۆ پێشبینی کردن.

ئینجا کلینۆری ئەرکادی، کە لەوانی دیکە بەتەمەنتر بوو، گوتی: مردن باشترە نەك چەك دانان، هەروەها پرۆکسینۆس گوتی: فالینۆس، من پێم سەیرە شا داوای چەك لە ئێمە دەکات، ئایا ئەمە بەهۆی ئەوەیە کە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت یان لەبەر ئەوەیەتی کە دەیەوێ نیشانەیەکی ئاشتیانە لە ئێمەوە ببینێت! ئەگەر وەکو سەرکەوتوو قسە دەکا، کەواتە بۆچی داوا دەکات؟ دەبا بێتە ئێرە و چەکمان بکات. دەنا ئەگەر بە مەبەستی ئاشتییە، ئەوسا دەبێ بە ئێمە بڵێت ئایا لەبەرانبەر شەڕوەستاندندا چ قازانجێك دەکەین؟

فالینۆس وەڵامی ئەم قسەی دایەوە: کە شا خۆ بەسەرکەوتوو دەزانێت لەبەر ئەوەیە کە کۆڕووشی کوشتووە، و ئێستا کەس نەماوە تەڕاتینە لەسەر تەختی شاهایەتی بکات؟ باوەڕی وایە کە ئێوەش لەژێر دەسەڵاتی خۆی دان. کۆڕووش ئێوەی هێناوەتە ئێرە و ئێستا رووبارێکی بەرینتان لەدوایە و شا دەتوانێ هەندە پیاوتان بەسەردا بگێڕێت کە ئەگەر شەڕیش نەکەن پیاوەکان هەندە زۆرن تەنانەت فریا کوشتنیشیان ناکەون.

ئەمجارە تیۆپۆمپۆس، پیاوێکی ئەتینی بوو، قسەی کرد: فالینۆس، وەك دەبینی تاکە شتێکی بەنرخی کە هەمانە چەك و ئازایەتیی خۆمانە، تا چەکمان هەبێت سوود لە ئازایەتییەکە دەبینین،

---

1 مەسەلەی سەربڕینی ئاژەڵێك بۆ قوربانی، یۆنانییەکان وەکو جۆرێك فاڵ و ئیستیخارە و رێورەسمی دینی کردویانە. لەمیانی ئەم تۆمارەی زینۆفۆندا دیار دەبێت کە باوەڕێکی گەورەیان پێ هەبووە و پێش هەموو بڕیارێکی گرینگ هەناوی قوربانیەکیان دەنۆڕی بۆ فاڵ و پێشبینی.

دەنا ئەگەر چەك نەما ئەوسا ژیانیشمان نامێنێت. جا باوەڕ مەکە تاکە سەرمایەیەکی خۆمان لەدەست خۆ بدەین.

فالینۆس خەندەیەکی هاتێ و گوتی: لاوۆ، تۆ بەچەشنی فەیلەسوفێك قسە دەکەیت، ئێوە شێتن ئەگەر وا بزانن ئازایەتیی لە ڕووی شادا سوودی دەبێت.

ئەوانەی ئامادەی ئەم قسانە بوون گوتیان هەندێك کەس دەستیان پێکرد ورە بەردەن و بڵێن (وەك چۆن دڵسۆزی کۆرووش بووین، ڕەنگە شا نرخی ئەم ڕاستییە بزانێت و بۆ خۆی بەکارمان بێنێت، بۆنموونە دژی میسر، پێکەوە داگیری دەکەین).

کلێرخۆس هاتەوە و پرسی کە ئایا گەیشتنە بڕیارێك؟ فالینۆس گوتی: ئەوانە کۆمەڵێك وەلامیان داوەتەوە. کلێرخۆس، ئێستا تۆ دەڵێی چی؟

کلێرخۆس گوتی: فالینۆس، بەدیتنی تۆ شادم، تۆ وەکو خۆمان یۆنانیت و داوای ئامۆژگاری لە تۆ دەکەین، تکا دەکەم، تۆ چ چارەیەکی سەربەرزانە شك دەبەیت. با لە دوارۆژدا بگوترێ فالینۆس ئەو پیاوە بوو کە شا ناردی چەك یۆنانیەکان دابنێت بەلام کە داوای ئامۆژگارییان کرد، فالینۆس ئەوها ئەوهای گوت و ڕزگاری کردن. وەك دەزانی ئامۆژگارییەکەت بۆی هەیە لە یۆنان باس بکرێتەوە.

کلێرخۆس ئەم جۆرە ئاماژەی باس کرد بە ئومێدی ئەوەی کە فالینۆس قسەیەك بخاتە بەر گوێی پیاوەکان کە ورەیان بەرز بکاتەوە تا چەکیان دانەنێن، کەچی فالینۆس خۆی پەڕاندەوە و بەشێوازێکی زۆر جودا قسەی کرد، گوتی: ئامۆژگاریی من ئەوەیە چەکتان دانەنێن. ئەگەر بەشەڕ بێت، ڕەنگە ئومێدتان لە ١٠٠٠ یەك بێت، دەنا بەبێ چەك هیچ ئومێدێکتان نیە. ئامۆژگاریتان دەکەم کە ئەو تاکە هەنگاوە بنێن کە دەشێ ڕزگارتان بکات.

کلێرخۆس گوتی: کەواتە سپاس بۆ ئامۆژگارییەکەت. ئێستا دەتوانی وەلامەکەمان ڕاگەیێنی، ئێمە ئەگەر لەگەڵ شاهدا بین بە برادەر، ئەوسا بەچەکەوە قازانجمان بۆ وی زیادتر دەبێت. وە ئەگەر بین بە دوژمن، دیسان هەر بە چەکەوە باشترین.

فالینۆس گوتی: کەواتە ئەمەیە وەلامەکەتان. دەباشە، شا ئەم ڕاسپاردەشی هەبوو کە تا ئێوە لە جێگەی خۆتان بن، ئاگربەست لە ئارادا دەبێت. بەلام ئەگەر بەرەو پاش و پێش ببزوون،

ئەوسا شەڕە. ئیتر دەبێ وەلامی ئەوەشم بدەنەوە کە ئایا لێرە دەمێنن بۆ ئەوەی ئاگربەستەکە لەئارادا بێت یاخۆ دەبزوون و شەڕ دەست پێ دەکاتەوە؟

کلێرخۆس گوتی: پێی بڵێ ئێمەش وەکو ئەو بیر دەکەینەوە.

فالینۆس گوتی: ئەمە چ دەگەیێنێت؟

کلێرخۆس: ئەگەر بوەستین، ئاگربەستە. و ئەگەر ببزوین، شەڕە.

فالینۆس گوتی: کەواتە بلێم چی، ئاگربەستە یان شەڕە؟

کلێرخۆس وەلامێکی ئەوتۆی نەدایەوە: تا لێرە بین، ئاگربەستە و کە پاش و پێشمان کرد ئەوسا شەڕە.



چاپتەر -٢-
یۆنانی بە ئاریا رادەگەنەوە.

فالینۆس و ئەوان رۆیشتن. ئینجا ئەو شاندەە کە بۆ لای ئاریا چوبوون، لەوانە هەرنەبێ پرۆکسینۆس و خیریسیفۆس هاتنەوە دەنا مێنۆن لەگەڵ ئاریا مایەوە. ئاریا وەڵامی دابۆوە کە لەنێو فارساندا پیاوی لە خۆی پایەدارتر هەن بۆیە ئەو بۆی نیە رۆژێك ببێتە شا. بەلاٌم ئەگەر دەیانەوێ بگەرێنەوە بۆ ئایۆنیا با خێرا بەرێ بکەون چونکە ئەو بەیانی زوو دەروات. کلیێرخۆس گوتی: کەواتە ئەگەر بمانەوێ بێین دەبێ بەقسەی ئێوە بکەین، ئەگەرنا دەتوانین هەر رێگایەك بگرین. ئەمەیە وەلاٌمەکەتان؟ کلیێرخۆس تەنانەت بۆ ئەوانیش دیاری نەدەخست کە چ نیازێکی هەیە.

تازە خۆر ئاوا دەبوو، کلیێرخۆس هەستا کاپتن و جەونەراڵەکانی بانگ کرد و ئەم گوتارەی دا: برادەران، کە قوربانیم دەکرد بەنیازی ئەوەی بزانم ئایا بەگژداچونەوەی شا چۆن دەبێت، فاڵەکە باش دەرنەچوو. وەك تێ بگەم ئێستا ئێمە لەنێوان سوپای شا و رووبارێکی بەرین داین. بەبێ بەلەم ئێوە ناتوانن لە رووباری دیجلە[1] بپەڕنەوە، هەروەها بەلەمیشمان نیە، ناشتوانین لێرە بمێنین چونکە لێرە خۆراکمان دەست ناکەوێت. بەلاٌم ئەگەر مەسەلەکە بریتی بێت لەوەی کە بتوانین خۆمان بە هاورێکانی کۆرووش بگەیێنینەوە، فاڵەکان بۆ ئەم لایە زۆر باش بوون. کەواتە دەبێ ئێستا ئەوها بکەین، پاش ئەم کۆڕە دەبێ هەموو خۆراکێك کۆبکەینەوە و کە شەیپوور ژەنرا هەموو بارگەتان تێك بنێن، لە شەیپووری دوەمدا بارتان بارکەن، لە شەیپووری سێیەمدا بەدوا فارماندەکانتان بکەون. بارگینەکان با بەرۆخی رووبارەکەدا بڕۆن، هۆپلیتییش بەلای دەشتەکەدا.

---

[1] رەنگە لێرەدا نووسەر یان وەرگێر یان خودی کلیێرخۆس لە کاتی خۆیدا هەڵەیەکی کردبێت چونکە تا ئێستا باسی (فورات) دەکرا، ئیتر بۆچی لێیان بۆتە (دیجلە)، نازانم؟!

کە ڕێنمایەکەیان پێ درا جەنەراڵەکان دەستیان پێکرد جێبەجێی بکەن. لەمەوە کلێرخۆس بوو بە سەرلەشکر و ئەوانی دیکە بوونە دەستەی وی. ئەمە بەهۆی هەڵبژاردن ڕووی نەدا بەڵکو چونکە دەیانزانی کلێرخۆس تاکە کەسێکە عەقڵی ڕابەرایەتی هەبێت، ئەوانی دیکە هەندە شارەزا نەبوون[1].

کە تاریك داهات، میلتۆکوتیسی تراکی لە شا هەڵگەڕایەوە و ٣٠٠ پیادە تراکیەکانی لەگەڵ خۆی هێنا. سەبارەت بە تێکڕای لەشکرەکە بەگوێرەی ڕێنمایەکانی پێشوو بەدوا کلێرخۆس کەوتن. نیوەشەو گەیشتنە لای ئاریا، جەنەراڵ و کاپتنە یۆنانیەکان بە شێوازی جەنگی دەڕۆیشتن. چوونە دیداری ئاریا، لەلایەکەوە یۆنانیەکان و لەلای دیکەدا ئاریا و ئەفسەرەکانی خۆی، سوێندیان بۆ یەکتر خوارد کە خیانەت لە یەکتر نەکەن و هاوپەیمانی ڕاستەقینەی یەکتر بن. ناوچەییەکان سوێندێکی تریشیان خوارد کەوا بەبێ فێڵ و خیانەت یۆنانییەکان دەبەنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. ئەم سوێندانەش بە جۆرێك خوران کە یۆنانییەکان شمشێرێك و ناوچەییەکان ڕمبێکیان لە خوێنی کەڵەشی گایەك و یەکانە بەرازێك و بەرانێك وەردا. کە ئەو بەڵێنانە دران، کلێرخۆس گوتی: ئاریا، ئێستا کەوا لەسەر یەك ڕێگا داین، پێمان بڵێ چۆن پێکەوە بگەڕێینەوە، ئایا بەهەمان ڕێگا یان ڕێگایەکی باشتر دەزانیت؟

ئاریا وەڵامی دایەوە: ئەگەر بەهەمان ڕێگادا بگەڕێینەوە، هەموومان لە برسان دەمرین. لەم ١٧ ڕۆژەی دواییدا هیچمان لەوێ دەست نەکەوتووە و ئەوەی هەشبوو هەموو خورا. پێشنیاز دەکەین کە بەڕێگایەکی درێژتردا بچینەوە، هەرنەبێ خۆراکی لێ بێت. لە یەکەم جوڵەشماندا دەبێ هەنگاوێکی زۆر درێژ بهاوێین تا لە شا دوور بکەوینەوە، ئەگەر بتوانین دوو- سێ ڕۆژەرێ پێشی بکەوینەوە ئەوسا شا پێمان ڕاناگاتەوە، و ئەمەش ناکات کەوا بە هێزێکی بچووکەوە ڕاومان بنێت، بەهێزی گەورەش ناتوانێ سووك بڕوات، کەواتە دەرفەتی دەربازبوونمان دەبێت. ئەمەیە بۆچوونی من.

---

[1] ئەم تێبینیەی زینۆفۆن زۆر گرینگە. یۆنانی وەکو کورد و عەرەبی ئەمڕۆ (عەرەبی عیراق نەك هەموو عەرەبێك) هەستیارەیەکی زۆر گەورەیان هەبوو لە مەسەلەی ئەوەی کە کێ فەرمان دەدات و (کێ لە کێ پیاوترە).

تاکە پلانێکی کە لەپێشیان بوو ئەمەبوو کە دەبایە بە هەسپایی خۆ بدزنەوە و یان ئەوەتا بەجۆرێك بۆی دەرپەڕن کە فارس پێیان رانەگەنەوە، کەچی وا رێك کەوت کە بەخت باشترین رابەر بێت. بەیانی زوو کە بەرێ کەوتن، رۆژ لەلای دەستە راست بوو، وایان دانابوو کە تا کاتی خۆرئاوابوون بگەنە گوندێك لە لادێکانی بابل. بۆچونەکەیان راست بوو بەلآم هەر لە کاتی نیوەرۆ سەیریان پێهات کەوا هەندێك سوارە لە دوایان دان. یۆنانییەکانی کە لە رێگا لایان دابوو خێرا هاتنەوە، ئاریا بریندار ببوو واش هەر لە عەرەبانەکەی دابەزی و زرێکەی لەبەر کرد. شوێنهەڵگرەکان هاتنەوە و گوتیان ئەوانە سوارە نین بەڵکو بارگینن وا دەلەوەڕێن. یەکسەر تێ گەیشتن کە شا لێرە نزیکە. لەدوورەوە گوندێکیان دیت بەلآم کلێرخۆس پەلاماری گوندەکەی نەدا چونکە پیاوەکانی برسی و ماندو ببوون و درەنگیش داهاتبوو و لەهەمان کاتیشدا حەزی نەکرد دیاری بکات کە ترساوە، ئیتر لەسەر رێیوانەکەی خۆی بەردەوام بوو. کە رۆژ ئاوابوو لەنزیك گوندێك وەستا، بەلآم دیتیان پیاوانی شا تەنانەت پوشکەیەکیان لەم گوندە نەهێشتووە بەکەڵکیان بێت. ئەو کەسانەی کە بەدرەنگەوە گەیشتن، لەم تاریکاییەدا هەندە بانگ و هاواریان کردە یەکتر تەنانەت دوژمنیش گوێی لێ دەبوو. بەیانی تێگەیشتن کەوا دوژمن ترساوە و یەکسەر ناوەکەی چۆڵ کردووە و یەك باگینیشیان بەجێ نەهێشتوە. شاهیش ترساوە، وای زانیوە بەشەو بەسەری دادەدەن.

خودی یۆنانییەکان تووشی ترسێکی گەورە ببوون و هات و هاواریان بەشەو دەکرد، کلێرخۆس بە تۆلدیسی ئەلەیی گوت بچێت خەڵکەکە بێدەنگ بکات. جەنەراڵەکان قسەیەکیان بلآو کردەوە گوایە ئەو کەسەی ناوی ئەم کەسانە دەدات ئەوانەی دەنگە دەنگیان کردووە، پاداشت دەکرێت، بەمەش پیاوەکان بێدەنگ بوون. بەیانی کلێرخۆس فەرمانی دا کە بەهەمان شێوازی دوێنێ ریز ببەستن تا هەمیشە ئامادە بن بۆ بەرەنگاری.

چاپتەر -٣-
یۆنانی ڕێککەوتننامە لەگەڵ تیزافەرنە مۆر دەکەن

ئەوەی کە پێشتر نوسیم دەربارەی شا، کە ترساوە، بەیانی قسەکە ڕاست دەرچوو چونکە پێشتر نامەبەری نارد بۆ ئەوەی چەك دا بنێن کەچی ئەم بەیانییە شاندێکی نارد بۆ گفتوگۆ کردن.

نامەبەرەکان تووشی پاترۆڵێك[1] ببوون، داوایان کرد جەنەراڵەکان ببینن. کلێرخۆس تاقمە چەکدارەکانی بەسەر دەکردەوە، گوتی با ڕاوەستن تا کاتی ئەوەی دەبێ شاندەکە ببینێت. ئینجا چوو هێزەکانی بەجۆرێك ڕیز کرد کەس نەزانێت کە کێ چەکدارە و کێ بێ چەکە. هێڵەکانی تەسك و قەرەباڵغ کرد وەك بڵێی بۆ شەڕ ساز کراون، ئینجا هەندێك جەنراڵ و چەکداری پۆشتەی هەڵبژارد و خۆی لە دورر وەستا و گوتی: پێیان بڵێن چییان دەوێت؟

گوتیان: دەمانەوێ گفتوگۆ بکەین، دەسەڵاتێکی تەواومان وەرگرتووە کە گفتوگۆ لەنێوان ئێوە و شادا بکەین.

کلێرخۆس گوتی: کەواتە دەتوانن پێ بڵێن کەوا پێشەکی دەبێ شەڕێك بکەین! ئێمە نانمان نەخواردووە و کەس ناوێرێ بە سەربازەکانمان بڵێت با گفتوگۆ بکەین بەبێ ئەوەی کە نانێکی پێشکەش بکات.

شاندەکە ڕۆیشتن و زوو هاتنەوە، وا دیاربوو کە یان شا یان نوێنەرێکی بەرزی شا لەوێ وەستابوو. وەڵامیان دایەوە کە ئەگەر لەگەڵتان ڕێك بکەوین ئەوسا ڕێناسێك دادەنێین کە ئێوە بەرێتە جێگایەکی ئەوها خۆراکی لێ بێت. کلێرخۆس داوای کرد کە نامەبەرەکان بکشێنەوە دوا تا وەڵامیان دەداتەوە. کلێرخۆس پرسێکی بە جەنەراڵەکان کرد، ئەوان پێیان باش بوو کە بەزووترین کات خۆراکیان دەستکەوێت، بەڵام کلێرخۆس گوتی: ڕاوەستن، با یەکسەر وەڵامیان

[1] پاترۆڵ - (مەفرەزە). چەند چەکدارێکی کەم کە بۆ کارێکی تایبەتی دەنێردرێن.

لەدەینەوە، با هەندێك بترسن، وابزانن کە ئێمە شەڕ دەکەین. کەچی پیاوەکانی ئێمەش وا دەترسن.

دەمێك راوەستا ئینجا وەڵامی دانەوە کە باشە ئاگربەست دەکات بەڵام هەر ئێستا رێگایان پیشان بدەن. چەکدارەکانی بە ئامادەباشیی هێشتەوە و خۆی سەرپەرشتیی هێزەکانی پاشەری[1] کرد. لە رێگادا تووشی کەند و جۆبار بوون. بەڵام دارخورمایەکی زۆر بڕابوونەوە، کردیانن بە برد و بەردەباز.

لێرە دەرفەتێکی باش رەخسا کە بزانین کلێرخۆس چۆن سەرپەرشتی پیاوەکانی دەکرد. بە دەستی چەپ رمبێکی گرتبوو و لە دەستی راستدا دارێکی گرتبوو وەکو دەسکێك بوو، ئەگەر کەسێك لە کارەکەیدا سڵی کردبایەوە بەو دەسکە تێی رادەخوڕی بەڵام لە هەمان کاتدا ئامادەبوو کە بۆ یارمەتیی هەندێك کەس خۆی هەڵداتە نێو قوڕەکە. بەمەش هەموو شەرمیان بەخۆدا دەهات ئەگەر وەکو کلێرخۆس گورج نەبن. پەلەکردنی کلێرخۆس لەبەر ئەوەبوو گومانی دەکرد کەوا ئەگەرچی وەرزەکە وەرزی ئاودێری نەبوو کەچی ئەوان جۆگەکانیان بەردابۆوە. کلێرخۆس گومانی هەبوو کە شا بەمەبەستی ترساندن ئەم دەشتەی پڕ کردووە لە ئاو.

گەیشتنە گوندێك، رێناسەکان گوتیان دەتوانن لێرە خۆراك بکڕن. دەرە و شەرابی خورما زۆر بوو، خورمایەکە لەو جۆرە بوو کە لە یۆنان دەدرانە نۆکەرەکان دەنا خورمایە باشەکان گەورە و گەش و ئاودارن. رەنگی خورماکە سوور و زەرد بوو، وشك دەکرانەوە تا شیرناتییەکەیان بمێنێت[2]. هەروەها خۆشاوێك هەبوو بەڵام پیاوی گێژ دەکرد، ئینجا یەکەم جار بوو جومماڕ بخۆن، زۆربەیان سەیریان بە چێژی جومماڕ هات کە زۆر شیرن بوو، بەڵام ئەمەش پیاوی هەندێك گێژ دەکرد. ئەو دارەی جومماڕی لێ دەردەهێنرا هەموو دارەکە فڕێ دەدرا[3].

---

1 (پێشەر و پاشەری لەشکر) واتە (مقدمە الجیش و مؤخرە الجیش) ئەمانە زاراوەی سەربازین.

2 وابزانم هەمان (قسپ) ی ئەمڕۆیە کە لە باشووره بۆمان دێت. لە سەرەتادا زەرد و رەقن بەڵام پاش ماوەیەك مەیلەو سوور هەڵدەگەڕێن و رۆژ بەرۆژ دەتوێنەوە و نەرم شیرن دەبن. هەروەها، بەبۆنەی ئەوەی کە خورماکان زەرد و سوور بوونە، دیارە ئەو شەڕەی کوناکسا لەنێوان مانگی ئاب یان ئەیلوول روویداوە.

3 وەرگێڕ ئەمەی نوسیوە.

The "cabbage" of the top of the palm tree.

سێ رۆژ لەوێ مانەوە ئینجا شاندەکەی شا هاتنەوە، بریتی بوون لە تیزافەرنە و زاوایەکی شا و سێ فارسی تر و هەندێك نۆکەر و پاسەوان. جەنەراڵەکان بۆیان چوون، تیزافەرنە تەرجومانێکی هەبوو ئەم قسانەی کرد: برادەرە یۆنانییەکانم، من لە سنوری یۆنان دەژیم و کە ئێوەم ئەوها دیت حەزم کرد شا بهێڵێت بتانبەمەوە بۆ وڵاتی خۆتان و خۆشبەختانە داواکارییەکەم پەسند کرا. ئەمە کارێکە دەبێ ئێوە و هەموو یۆنان بە چاکەی منی بزانن. من داوام لە شا کرد رەزامەندی بفەرمێت ئەم کارە ئەنجام بدەم چونکە من یەکەم کەس بووم پێی رابگەیێنم کەوا کۆرووش هەڵمەتی بۆ ساز دەکات. کاتێك خەبەرەکەم پێی راگەیاند، بەخۆ و بە هێزەوە چووم بۆ خزمەتی، تاکە کەسیش بووم کە بەرەنگاری یۆنانیەکان بوومەوە و هەڵنەهاتم، بەڵکو بەنێو ریزەکانتاندا رێگام بری و خۆم گەیاندەوە لای شا پاش ئەوەی کە ئەو کۆرووشی کوشتبوو و گەیشتبوە ئۆردوگاکەتان. ئینجا لەگەڵ ئەم پیاوانە، کە ئەمەکدارترین پیاوی شان، هێزە ناوچەییەکانم راو نا. شا بەڵێنی دا کە داواکارییەکانم پەسند بکات، داواشی لە من کرد لە ئێوە بپرسم مەبەستتان چ بوو لەم هێرشتان؟ ئامۆژگاریم ئەوەیە کە وەڵامێکی باش بدەنەوە بۆ ئەوەی بتوانم سوودێك بە ئێوە بگەیێنم.

یۆنانییەکان لە قسەکەیان کۆڵییەوە. وەڵامەکەش کلێرخۆس دایەوە بەم جۆرە: ئێمە نە لەسەرەتادا، نە ئێستاش نیازی جەنگمان هەبووە دژی شا. مەسەلەکە، وەکو کە باش دەیزانن، ئەوەبوو کە کۆرووش جۆرەها بەڵێنی دەدا و وای دیار دەخست گوایە مەبەستی هەڵمەتەکە بۆ شتێکی دیکەیە، واش کە گەیشتینە قۆناغێکی ترسناك ئێمە بە شەرمدا چووین کە پشتی کۆرووش بەردەین. جا ئێستا کە کۆرووش مردووە، ئێمە چاومان لە ملکی شا نیە و هیچ هۆکارێك نیە وا بکات زیان بە وڵاتەکەی بگەیێنین یان خۆمان بۆ شتێك بەکوشت بدەین. ئێمە

کاباج - Cabbage واتە قەرنابیت. بەڵام ئایا چۆن قەرنابیت لەنێو دارخورمان پەیدا دەبێت؟ بۆیە من باوەڕ دەکەم مەبەستی جومماڕ بێت. جومماڕ وشەیەکی عەرەبیە واتە کاکڵی قەدی دارخورما. کە دارخورمایەك دەبڕنەوە ئەم کاکڵە شیرینە دەردێنن و بە چەقۆ پارچەی لێ دەبڕن و دەیخۆن. شێوەی وەکو پارچە پەنیرێکی گەورەیە، رەنگیشی شەکرییەکی مەیلەو زەردە. شایانی گوتنە کە خۆراکێکی گرانە، برا عەرەبەکان لە جەژنەکاندا بە نرخێکی گران دەیفرۆشن، هەروەها مەعیدەت قورس دەکات.

دەگەڕێینەوە بۆ وڵاتی خۆمان، تۆش وا بکە کەس هەڕەشە نەکات دەنا، پشت بە خواوەندەکان لەستوور، تەنگی پێ هەڵدەچنین. بەپێچەوانەشەوە، ئەوەی پارمەتیمان دەدات لەبەرانبەردا ئێمەش پارمەتیی دەدەین.

تیزافەرنە قسەکەی پەسند کرد و گوتی: نامەکەتان بە شا دەگەیێنم و دەگەڕێمەوە، تا ئەو کاتەش ئێمە وای دادەنێین کە ئاگربەست لەئارا دایە، رێگاشتان دەدەین خۆراك بکڕن.

لە رۆژی دوەمدا تیزافەرنە سۆراغی نەبوو، یۆنانی سەغڵەت بوون، بەڵام لە رۆژی سێیەمدا هاتەوە و گوتی: ئەوجار توانیومە ئیشەکە پێك بێنم. خەڵکێکی زۆر هەیە کە بەرهەڵستیی ئاشتی دەکەن چونکە شا لەکەسانێك نابوورێت ئەگەر بەگژی داهاتبنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا رازی بوو رێگا گەڕانەوتان بدات. بۆتان هەیە خۆراك بکڕن، بەڵام دەبێ سوێند بخۆن کە بە ئاشتییانە بڕۆن و تالانکاری نەکەن و پارەی ئەو شتانە بدەن کە دەیانکڕن.

لەسەر ئەم خاڵانە رێك کەوتن و سوێند خورا. ئینجا تیزافەرنە و زاواکەی شا دەستی راستەیان بۆ جەنەراڵەکان هێنا پێش، ئەوانیش هەمان شتیان کرد. ئینجا گوتی: ئێستا دەچمەوە بۆ لای شا، کە ئیشەکە دامەزرا دەگەڕێمەوە و بە پێشتان دەکەوم بەرەو ناوچەکانی خۆتان لە یۆنان.

چاپتەر -٤-
ڕێپێوانێکی گوماناوی

ئاریا و پاشماوەی لەشکرەکەی کۆرووش ئۆردوگایان لە تەنیشت ئۆردوگای یۆنانیەکان داکوتابوو. هەردووك لا بۆ ٢٠ ڕۆژ چاوەڕێی تیزافەرنەیان کرد، و لەم ٢٠ ڕۆژەدا خزم و براکانی ئاریا سەردانیان کرد، فارسی دیکەش دەهاتن و سەردانی خزمەکانیان دەکردن، قسە و بەڵێنیان بۆ دەهێنان کە شا لێیان خۆش دەبێت.

ڕۆن و ئاشکرا بوو کە پیاوەکانی ئاریا هەندە باکیان بە یۆنانییەکان نەماوە، ئەمەش بوو بە هۆیەکی تر کە وەك جاران باوەڕیان بە یەکتر نەمێنێت. سەربازەکان یەقەی کلیرخۆس و جەنەراڵەکانیان دەگرت کە تاکەی چاوەڕێ بن؟ کێ دەڵێ شا خەریك نیە کە قەلاچۆمان بکات؟ دەیەوێ پەندێك بنێنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی یۆنان چاوترس بن کە هیچی تر بەگژ شادا نەچنەوە. ئێستا هێزەکانی فارس بلاون، بەلام کە کۆبوونەوە ئەوسا یەکسەر پەلامارمان دەدەن، ڕەنگە ئێستا دیوار و خەندەك ساز بکەن دژی مە، شا چۆن دەهێلێ بچینەوە بۆ یۆنان و بلێین کە ئێمە لە نزیك تەلاری شادا شەڕمان کردووە و هێشتوشیەتی بە ساغی بگەڕێینەوە؟ چۆن ڕێگا بە شتی ئەوها دەدات؟

کلیرخۆس وەلامی دایەوە: منیش هەمان هەستی ئێوەم هەیە بەلام ئەگەر ئێستا بزوین ئەمە پێشێل کردنی ئاگربەستەکەیە و دەشزانێت کە ئەوسا کەس خۆراکمان پێ نافرۆشێت و کەسیش ڕێگامان پێشان نادات. هەروەها ئەگەر بزوین ئاریا لە ئێمە جودا دەبێتەوە و یەك برادەرمان لەم وڵاتە نامێنێت. ئایا چەند ڕووبارمان لەپێشە؟ نازانم، بەلام مسۆگەرە ئەگەر دوژمن لەدوامان بێت، ئێمە ناتوانین لە فورات بپەڕینەوە، ئێمە سوارەمان کەمن، ئەوانەش زۆربەی هێزەکانیان لە سوارە پێك هاتووە. واتە ئەگەر ببەزن، پێراناگەین زۆریان لێ بگوژین و ئەگەر سەرکەون، ئەوسا کەسمان ناهێڵن. هەروەها، شا ناچار نیە سوێند و بەڵێنی خۆی بۆ ئەو هەموو فارس و یۆنانییانە سووك بکات. ئەمە بوون بیانگەکانی کلیرخۆس.

لەم کاتانەدا تیزافەڕنە و لەشکرەکەی هاتنەوە، دیار بوو نیازی گەڕانەوەی هەیە. ئۆرۆنتا[1] هات و کچەکەی شای لەگەڵدا بوو ئەوەی کە لێی خواستبوو. تیزافەڕنە و هێزەکەی پێش یۆنانیەکان کەوتن، دەڕۆیشت ڕێگاشی دەدا خۆراك بکڕن. بەڵام ئاریا لەگەڵ تیزافەڕنە و ئۆرۆنتا دەڕۆیشت و ئۆردوگای لەگەڵ ئەوان دادەکوتا و ئەمە گومانی خستە نێو دڵی یۆنانییەکان. چاودێر و ڕێناسەکان خۆیان بڵاو دەکردەوە و ئۆردوگاکەیان هەمیشە لە دووری سێ فەرسەخ دادەکوتا. هەردووك لا بە چاوی گومان و دوژمنایەتیەوە لە یەکتریان دەڕوانی، هەندێك جاریش کە خەریکی دارکردن و ئالیك و سوتەمەنی دەبوون پیاوەکان بەشەڕ دەهاتن، ئەمەش ڕاددەی سەغڵەتییەکەی تیژتر دەکرد.

پاش سێ ڕۆژ گەیشتنە لەو شتەی کە پێی دەگوترا دیواری میدیا و لێی پەڕینەوە بۆ دیوەکەی دیکە (بۆ باکوور). دیوارەکە لە کەرپوچ دروست کرابوو، ٢٠ پێ بەرین و ١٠٠ پێ بەرز بوو و دەڵێن ٦٠ فەرسەخ درێژە.

ئینجا بە دوو ڕۆژ ٢٤ فەرسەخیان بڕی و لەڕێگادا لە دوو جۆبار پەڕینەوە، یەکیان پردێکی کاتیی لەسەر بوو، ئەوەی دیکە پردێکی بە بەلەمی هەبوو. ئاوی جۆبارەکان لە دیجلەوە دەهاتن و دابەش دەبوون بۆ جۆبار و جۆگەی بچووکتر، وەکو ئەوانەی کە لە یۆنان ئاودێری پێ دەکەن.

ئینجا کە گەیشتنە سەر دیجلە شارێکی گەورە و گەشی لێ بوو بەناوی سیتاس Sittace فەرسەخ و نیوێك لە ڕووبارەکە دوور بوو. یۆنانی لە قەراغ شاردا لەنێو دارستانێك ئۆردوگایان داکوتا، دارستانەکە پڕ بوو لە جۆرەها دار و درەخت. ناوچەییەکان لەوبەری دیجلە دابەزین بەڵام لێك دیار بوون[2].

---

[1] بەگوێرەی قسەکانی پێشو دەبایە کۆرووش ئۆرۆنتەی کوشتبێت، کەچی وا ئۆرۆنتە پەیدا بۆتەوە و زینۆفۆنیش هیچ ئاماژەیەك ناکات ئایا هەمان کەسە یان پیاوێکی دیکەیە؟

[2] ڕەنگە ناوچەی مەداین (سەلمانپاك)ی ئێستا بێت کە ڕووباری دیالا (سیروان) دەگاتە دیجلە و ناوچەکەش بەگشتی پڕە لە باغ و بێستان.

پاش نانی ئێوارە، پرۆکسینۆس و زینۆفۆن لەلای جبەخانەکە پیاسەیان دەکرد، پیاوێك هات لە پرۆکسینۆس و کلێرخۆس دەگەڕا بەلام لە مێنۆنی نەدەپرسی چونکە خۆی لەلایەن برادەرەکەی مێنۆەوە، لەلایەن ئاریا، هاتبوو. پرۆکسینۆس گوتی: ئێمەین کە دەتەوێ. کابرا قسەی کرد، گوتی: ئاریا و ئەرتائۆزۆ کە دلسۆزی کۆرش و دلسۆزی ئێوەشن، منیان ناردوە کە ورياتان بکەمەوە ئەمشەو لەشکری ناوچەییەکان پەلامارتان دەدەن. هێزێکی گەورە لە دارستانەکە یە نزیك ئێرە، دەشلێن دەبێ پاسەوانی لە پردەکەی دیجلە بکەن کەوا تیزافەرنە نیازی هەیە تێکی بدات بۆ ئەوەی لەنێوان دیجلە و جۆبارەکەدا گیربن.

کە پرۆکسینۆس و زینۆفۆن ئەمەیان بیست کابرایان بردە لای کلێرخۆس. کلێرخۆس زۆر سەغلەت بوو بەلام گەنجێك لەوێ بوو، پاش هەندێك بیرکردنەوە گوتی: لەلایەکەوە پەلامارمان بدەن و لەلایەکی دیکەوە پردەکە تێك بدەن! ئەم دوو پلانە تێك ناکەنەوە، بۆچی پردەکە تێك بدەن؟ ئەگەر تێکی بدەن ئەوسا هێزەکانی ئەوبەری رووبارەکە ناگەنە ئێرە، بەبێ پردیش ئێمە رێگای هەلاتنمان نیە. کەواتە ئەم قسە چی؟!

کلێرخۆس پرسی: ئایا مەودای نێوان دیجلە و جۆبارەکە چەندە.

گوتی: گەورەیە و کۆمەلێك گوند و شاری گەورەی لێیە.

گەیشتنە باوەڕێك کە ناوچەییەکان بەمەبەست ئەم پیاوەیان ناردوە. ئەوان لەوە ترساون یۆنانییەکان پردەکە تێك بدەن و خۆیان لەم ناوە قایم بکەن کەوا بە دیجلە و جۆبارەکە پارێزراوە و پڕە لە گوند و شار. ئەوسا دەبێتە بنکەیەك بۆ نایارانی شا.

پاسەوانیان بلاو کردەوە و کردیانە شەو، بەلام هیچ جموجۆلێك رووی نەدا، بەیانیش لە پردەکە پەڕینەوە، پردەکە لە ٣٧ بەلەم دروست. زۆر بە وریایی جوولانەوە چونکە بیستبویان رەنگە لەکاتی پەڕینەوەدا پەلامار بدرێن، بەلام لەوێش هیچ رووی نەدا، تەنیا ئەوەبوو کە گلاوس هات و تەماشایەکی کردن بزانێ ئایا دەپەڕنەوە یان نا. کە دیتنی، یەکسەر گەڕایەوە.

بە چوار رۆژ ٦٠ فەرسەخیان بڕی و گەیشتنە رووباری فیکۆس Phycus کە ١٠٠ پێ بەرین بوو و پردێکیشی لەسەر بوو. شارێکی گەورەی هەبوو بەناوی ئۆپیس، لە نزیك وێ زۆڵە

برایەکی[1] کۆرووش و ئەرتەکسەرکیس گەیشتە لای یۆنانییەکان. لەشکرێکی گەورەی لە سوسا Susa و ئەکبەتانا Akbatana[2] هێنابوو بۆ یارمەتیی شا، و بە خۆ و بە لەشکرەوە لەسەر لاری وەستابوو تەماشای یۆنانییەکانی دەکرد. کلێرخۆس سەرلەشکر بوو، پیاوەکانی دوو بەدوو ریز کرد، دەیجولاندن و دەیوەستاندن و مەودای دەدایە نێوان تیپەکان. لە کاتێکدا هەستا تیپەکانی وەستاند و ریزەکانی دیکەی لە پاشیان راگرت، دیمەنەکەیان وابوو کە خودی یۆنانیەکان سەیریان بەخۆ هات چۆن ژمارەیان هەندە زۆرە! فارسەکانیش سەریان سورما.

لێرەوە بە رێپێوانێکی چوار رۆژی ٦٠ فەرسەخی بیابانیان بڕی و گەیشتنە گوندێك، گوندەکە هی پەریزاد بوو دایکی کۆرووش و ئەتەکسەرکیس. تیزافەرنە بەمەبەستی سووکایەتی کردن بەرانبەر کۆرووش و دایکی، گوندەکەی دایە دەست یۆنانییەکان کە بەهەوەسی خۆیان تالانی بکەن، بەلام نەیهێشت خەلکی گوندەکە یەخسیر بکەن. دەرە و بەرخ و شتی بە نرخ زۆر بوو لەو گوندە.

ئینجا بە رێپێوانێکی چوار رۆژی ٦٠ فەرسەخیان بڕی بەدرێژایی دیجلە کە لەلای چەپیان بوو. لە رۆژی یەکەم بە نزیك شارێکدا تێپەرین بەناوی کێنیا Ccanea. خەلکە ناوچەییەکان لەوبەری رووبارەکە بۆیان دەپەڕینەوە، نان و شەراب و پەنیریان بە قەیاغ دەهێنا.

---

1 illegitimate brother (اخ غير شرعي) ئەو کەسانەی کە لە کەنیزەکانی پاشاکان دەبوون، ئەوانە بە کوڕی پاشاکان دەزانران بەلام بەچەشنی شازادە شەرعییەکان ئەو پایە بەرزەیان نەدەبوو.

2 ئەکبەتانا واتە هەمەدان، کۆنە پایتەختی میدیا.

چاپتەر - ٦ -
خیانەتی تیزافەرنە

پاش ئەمە گەیشتنە رووباری زاپاتاس Zapatas کە ٤٠٠ پێ بەرین بوو[1]، سێ رۆژ لەوێ مانەوە. ئەگەرچی هیچ شتێك رووی نەدابوو بەڵام لەو ماوەدا گومانەکان زیادتر دەبوون، کلیرخۆس داوای دیدارێکی تیزافەرنەی کرد بۆ ئەوەی سنورێك بۆ ئەم گرژیە دابنێت نەبادا ببێتە دوژمنایەتییەکی ئاشکرا. لە دیدارەکەدا کلیرخۆس ئەم قسانەی کرد: تیزافەرنە، ئێمە سوێند و بەڵێنمان داواتە یەکتر بەڵام بەو شێوازەی کە ئێوە چاودێرمان دەکەن، وەك بڵێی چاودێری دوژمنێك دەکەن. تا ئێستا شتێکم لە ئێوە نەدیتوە بیسەلمێنێت کە خراپەمان دەکەن. سەبارەت بە ئێمەش، یەك لەبارە خۆمەوە، بەهیچ شێوە خەیاڵمان بۆ ئەوە ناچێت کە خراپەتان بکەین، بۆیە بڕیارم دا مەسەلەکە باس بکەم تا سنورێك بۆ ئەم گومانانە دابنرێت.

من ئاگادارم کە پێشتر بەهۆی هەندێك هەواڵی درۆوە وردە روداو هەبوون، هەندێك جاریش بەهۆی گومانی نابەجێ خەڵك لێك ترساون و دەستیان وەشاندووە، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبووە زیانێکی وا بگەیێنێت کە چارە نەکرێت. بۆیە هاتم چونکە پێوەندیی راستەوخۆ کۆتایی بەم شتانە دێنێت. من دەڵێم ئێوە هیچ هۆیەکتان نیە کە باوەڕ بە ئێمە نەکەن، و پێش هەموو شتێك و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە ئەو سوێندانەی بەرابەر خواوەندەکان، رێگامان نادەن کە ببینە دوژمن. ئەو کەسەی باکی بە سوێندی ئەوها نەبێت من هەرگیز بە پیاو موبارەکی ناکەم. ئەوەی دوژمنی خواوەندەکان بێت، ئایا دەبێ خۆ لە کوێ بشارێتەوە و بۆکوێ هەڵێت و پەنا بۆ چی بەرێت؟ هەموو شتێك لەدەست خواوەندەکان دایە و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت. ئەوەیە هەستی من بەرانبەر بە خواوەند و بەرانبەر بە سوێدەکانی کە لەپێناو خۆپاراستندا خستومانە دەست خواوەندەکان، جا کە دەگاتە مەسەلەی پێوەندیی نێوانمان، باوەڕم وایە ئێستا ئێوە باشترین مایەی سوودن بۆ ئێمە و بە یارمەتیی ئێوە هەموو رێگاکان بۆ ئێمە ئاسان کراون، لە رووبارەکان بە ئاسانی دەپەڕینەوە و تووشی برسیاتیش نابین. کەچی ئەگەر ئێوە نەبان

[1] رەنگە ئەمە زابی بچووك بێت کە ١٠٠ کیلۆمەترێك لە خۆرئاوای کەرکووك دەگاتە دیجلە.

ئەوسا ڕێگامان نادیار دەبوو چونکە شارەزا نین و هەموو ڕووبارێك دەبوو بە ڕێبەستێك و هەر تاقمە خەڵکێك دەبوونە مایەی ترساندن، لە هەمووشی ترسناکترئەو چۆڵەوانیە یە، ئێمە تێدا بزر دەبوین. ئەگەر ئێمە هەندە شێت بین کە پەلامارتان بدەین کەواتە چۆن دەبێ سوودبەخشی خۆمان بکوژین و چۆن بیر لە تۆڵەیە ناکەینەوە کە شا لە ئێمەی دەکاتەوە؟ یەك لەبارە خۆمەوە ئەگەر زەبرێکم لە ئێوە دا، دەبا زیانێکی بێئەندازە بکەم و بە بەدترین شێوە بەسەرمدا بشکێتەوە. من بۆیە بووم بە برادەری کۆرووش چونکە لەهەمووکەسێك پتر بەهانای خەڵکەوە دەچوو، ئێستاش تۆ دەسەڵات و ناوچەکانی کۆرووشت گرتۆتەوە و، دەسەڵاتی شاهیش هەر لەگەڵ ئێوە دایە، ئەوانە هەموو لە قازانجی تۆدان، جا کێ هەندە شێتە برادەرایەتیت نەکات؟

هەروەها با پێت بڵێم بۆچی من ئومێدم هەیە کە ئێوە هاوپەیمانەتی لەگەڵ ئێمە بکەن. یەکەم، بەهۆی خەڵکی میسیا کە وابزانم ئالۆزن و لەخۆم و لەم هێزەم رادەبینم کە سەرکوتیان بکەم. هەروەها خەڵکی پیسیدیا، بیستومە خەڵکێکی شەڕانگێزیان هەیە دەتوانن تووشی سەرئێشەت بکەن، ئاگاداریشم کەوا رقێکی تایبەتیان هەیە بەرانبەر میسرییەکان[1] و باوەڕ ناکەم بۆ سزادانی ئەوانە لە هێزەکەی من باشترتان دەستکەوێت. بەڵێ، بەیارمەتیی ئێمەوە دەتوانن بەرانبەر دەوڵەتەکانی هاوسێتان وەکو دیکتاتۆر رەفتار بکەن. ئێمە لەبەر پارەمان نیە بەڵکو لەبەرانبەر ئەم چاکە دایە کە لەگەڵمان دەیکەن کەوا ژیانمان دەپارێزن. سەیرم پێ دێت کە هێشتا باوەڕ بە ئێمە نەکەن!

ئەمەبوو قسەی کلێرخۆس، تیزافەرنە وەڵامی دایەوە: کلێرخۆس، بەراستی پێم خۆش بوو ئەم قسە ڕێك و پێکانەت کرد. تۆ ئەم هەست و باوەڕەت هەیە وا رادەگەیێنی کە دژایەتی کردنی ئێمە زیان بە بەرژەوەندیی ئێوەش دەگەیێنێت. بەڵام ئێستا نۆرەی تۆیە گوێ بگری تا بزانی کە نە شا و نە من بەرانبەر بە ئێوە گوماناوی نین. ئەگەر نیازمان هەبایە وێرانتان بکەین ئێمە لە سوارە و پیادە و چەکمان کەم نیە. بیر لەو هەموو چیایانە بکەنەوە کە دەتوانین لوێدا پێشتان لێ بگرین، بیر لەو هەموو ڕووبارە بکەنەوە کە بەوان دەتوانین پێش بە هەموو کەسێك بگرین چونکە

---

[1] فارس میسرییان داگیرکردبوو بەلام بە ئاسانی کۆنترۆڵ نەدەکرا بەتایبەتی باشووری میسر.

هەندێکیان هەندە پانن کە بە ئێوە نابڕێن. بێجگە لەمانە، ئاگر لە گیا بەهێزترە، دەتوانین ئاگر لە هەموو بەر و بوومەکانی پێشتان بەردەین، ئەوسا برسیاتی دژبە ئێوە بەگەڕ دەخەین ئیتر هەموو ئازایەتیی جیهان بەهاناتان نایەت. بەو هەموو توانایەی کە لەبەر دەستی ئێمە دایە، کە هیچیش بارگرانی لەسەر ئێمە ناکەن و لەنێو ئەو هەموو ئەگەرانەدا کە لەبەر دەستمان دان، تۆ بۆچی وا دەزانی تاکە ڕێگایەك دەگرین کە ڕەنگە لەبەرچاوی خەڵك و خواوەندان لاوازی و سووکایەتیی تێدا بێت بۆ ئێمە؟ شتی ئەوها تەنیا لەنێو خەڵکی بێهۆش و بێئومێد ڕوو دەدات کەوا هیچ ڕێگایەکی دیکەیان نەمابێت (کە ئەگەر ئەوهاش بن، هەر بە تاوانبار دەردەچن). پیاو هەن کە لەپێناو خۆئاسوودەکردندا ئامادەن سوێند شکێنی لەگەڵ خواوەندەکان بکەن و بەرانبەر بە پیاواندا بێئەمەك بن. کلێرخۆس، ئێمە هەندە پووچ و بێمێشك نین. ئێمە دەتوانین وێرانتان بکەین، ڕەنگە بپرسی کەواتە بۆچی نایکەین؟ با پێت بڵێم کە ئەمە لەبەر ئارەزووی خۆمە کە دەمەوێ ببم بە جێ باوەڕی یۆنانییەکان بۆ ئەوەی بە چاکە بتوانم بگەڕێمەوە ناوچەی خۆم بە پشتیوانیی ئەو بەکرێگیراوانەی کە کۆرووش هێنابوونی. خۆت باسی هەندێك بوارت کرد کە دەشێ ئێوە بەهانام بێن، بەڵام هۆیەکی گرینگتر هەیە، شتێکە کە هەر خۆم دەیزانم. ئەمەش ئەو تارایەیە کەوا ئێستا لەسەر سەری شایە بەڵام لەهەمان کاتدا لە نێو دڵی زۆر کەسدایە.

کلێرخۆس باوەڕی وابوو کەوا لەم خاڵەدا قسەی ڕاست دەکات، گوتی: دەباشە، ئەو ساکارانەی کە دەیانەوێ ئێمە بکەنە دوژمنی یەکتر، لەو کاتەدا کە ئێمە ئەو هەموو هۆکارانەمان هەن بۆ ئەوەی ببینە برادەر، ئایا ئەوانە شایستەی خراپترین چارەنووس نین؟

تیزافەڕنە گوتی: با، ئیتر ئەگەر خۆت و جەنەراڵ وکاپتنەکانت بێنە لای من ئەوسا یەك بەیەك ئەو کەسانە دەستنیشان دەکەم کە بەمنیان گوتووە گوایە ئێوە خەریکی پلانگێڕانن دژی من.

کلێرخۆس گوتی: هەموویان دێنم و یەك لەبارە خۆمەوە ئاشکرای دەکەم کێیە ئەو کەسەی کە ئەم هەواڵانەی بۆ من دەهێنا.

پاش ئەمە، تیزافەڕنە زۆر بە جوانی لەگەڵ کلێرخۆس ڕەفتاری کرد و نەیهێشت بڕواتەوە تا نانی ئێوارەیان پێکەوە خوارد.

ڕۆژی دووەم، پاش گەڕانەوە بۆ ئۆردوگا، کلێرخۆس دیاری خست کەوا لەگەڵ تیزافەرنە گەیشتۆتە تێکگەیشتنێکی زۆر باش و دەیگوت ئەو یۆنانیانەی کە ئەم قسەڵۆکەیان بلاّو کردۆتەوە دەبێ بە چەشنی خاین سزا بدرێن. کلێرخۆس گومانی لە مێنۆن دەکرد چونکە مێنۆن لەگەڵ تیزافەرنە و ئاریا دیترابوو و خەریك ببوو بەدزی بەرەیەك لەنێو یۆنانییەکان ڕێك بخات بۆ ئەوەی تێکڕای لەشکری یۆنانی بکاتە برادەر لەگەڵ تیزافەرنە، بەلاّم کلێرخۆس دەیویست لەشکرەکە پابەندی خۆی بن و ئەو هەموو بۆڵە بۆڵەشی لەکۆڵ بێتەوە. هەندێك سەرباز لەقسەی کلێرخۆسیان دەدایەوە کە نابێ هەموو جەنەراڵ و کاپتنەکان بەرێت و نابێ باوەڕ بە تیزافەرنە بکات، بەلاّم کلێرخۆس لەسەر قسەکەی خۆی سوور بوو تا لەکۆتاییدا توانی پێنج جەنەراڵ و ٢٠ کاپتن لەگەڵ خۆی بەرێت وێڕای ٢٠٠ سەربازێکیش گوایە خۆراك دەکرن.

کە گەیشتنە دەرکی ڕەشماڵەکەی تیزافەرنە جەنەراڵەکان بۆ ژووری بانگ کران، ئەوانەش بریتی بوون لە پرۆکسینۆسی بۆیۆتی، مێنۆنی تێسالی، ئاگیاسی ئەرکادی، کلێرخۆسی سپارتی و سۆکراتی ئاخەیی. کاپتنەکان لەبەر دەرگا مانەوە، بەلاّم هەندەی نەبرد بە یەك ئاماژە ئەوانەی ژوورێ دەستبەسەر کران و ئەوانەی دەرێ یەکسەر کوژران. ئینجا هێزێکی سوارەی ناوچەیی بەر دەشتەدا گەڕان، ئەو یۆنانییەی کە تووشیان بوون، یەخسیر و ئازاد وەکو یەك، هەر هەموویان کوشتن. یۆنانی بەسەیری تەماشای ئەو مانۆڕ و جموجۆڵەیان دەکرد و تێنەدەگەیشتن چ رووی داوە تا نیکارخۆسی ئەرکادی بە زامداری هاتەوە، برینێکی گەورە لە زگی کرابوو کەوا هەناوی خۆی بەدەست هەڵگرتبوو. هاتەوە و مەسەلەکەی گێڕایەوە.

یۆنانی تاویان دایە چەك. خەفەتێکی گەورەیان بەسەردا سەپا و دەیانگوت هەر ئێستا دوژمن هێرش دەکەن. بەلاّم دوژمن بە هەموو هێزەکەیەوە نەهات بەڵکو تەنیا ئاریا و ئەرتەئۆزۆ و میترادادا، کە ئەوانەش نزکترین پیاوی کۆڕووش بوون. تەرجومانە یۆنانییەکە برای تیزافەرنەی لەوێ دیتبوو وێڕای ٣٠٠ سوارەی زرێپۆشی فارس.

کە لە ئۆردوگا نزیك بوونەوە داوایان کرد تێکڕای کاپتن و جەنەراڵەکانی کە ماون بۆیان بێنە دەرێ تا نامەیەکی شا رابگەیێنن. جەنەراڵە یۆنانییەکان بەوپەڕی وریاییەوە چونە دەرێ، کلینۆری ئۆرخۆمینۆس و سۆفەینەتۆسی ستیمفالی چوون، زینۆفۆنی ئەتینیش چوو تا بزانێ

پرۆکسینۆس چی بەسەر هاتووە؟ خیریسیۆفۆس خۆوبەخت لەگەڵ هەندێك کەس چوبوونە گوندێك بازار بکەن.

لە شوێنێك راوەستان کە دەنگیان بگاتە یەکتر، ئاریا ئەم قسانەی کرد: یۆنانییەکان، بۆمان دەرکەوت کە کلێرخۆس سویندشکێنە و ئاگربەستەکەی پێشێل کردووە و ئەوەی پێی گەیشت شایستەی خۆی بوو. وا مرد، بەڵام پرۆکسینۆس و مینۆن کە دەربارەی پلانەکە گوزارشیان دابوو وا بەرێزەوە گیراون. سەبارەت بە ئێوەش، شا داوا دەکا چەك دابنێن بەبۆنەی ئەوەی کە ئەم لەشکرە پێشتر هی کۆرووش، غولامی شا، بووە و ئێستا شا بە هی خۆی دەزانێت.

کلینۆری ئۆرخۆمینۆس وەك گوتەبێژی یۆنانییەکان وەڵامی دایەوە: ئاریا هەی رووڕەش، ئەدی ئێوە برادەری کۆرووش نەبوون، سویندتان خواردبوو کە هەمان دۆست و دوژمنی ئێمەتان هەبێت کەچی لەگەڵ ئەو تیزافەرنەە بێخودایە پیاوکوژە خیانەت لە ئێمە دەکەن؟ خودی ئەو کەسانەتان کوشت کە سویندتان پێکەوە خواردبوو، ئێستاش کە ئێمەتان بەجێ هێشتووە وا لەگەڵ دوژمنانی مە هاتون؟

ئاریا گوتی: راستی ئەوەیە کە کلێرخۆس خەریکی فێڵ بوو دژی هەمووماندا.

زینۆفون وەڵامی ئەم قسەی دایەوە و گوتی: باشە، ئێستا کلێرخۆس کە سویند و ئاگربەستەکەی شکاند وا بە سزای خۆی گەیشت. راستە، دەبێ سویندشکێنی بەرپەرچ بدرێتەوە، بەڵام پرۆکسینۆس و مینۆن کە جەنەراڵی ئێمەن و بۆ ئێوەش سوودیان هەیە، دە ئەوانە بنێرنەوە. گومان نیە کە ئەوانە برادەری هەردووك لان، باشترین ئامۆژگاری دەدەن بۆ ئێمە و بۆ ئێوەش!

ناوچەییەکان دەمێك لەنێو خۆیاندا قسەیان کرد بەڵام رۆیشتن بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێك بۆ ئەم پێشنیازە.

چاپتەر -٦-
کەسایەتیی پێنج جەنەراڵەکە

جەنراڵە گیراوەکانیان بۆ لای شا برد و سەریان برا. یەك لەوانە کلێرخۆس کە بەشایەدی هەموان سەربازێکی راستەقینە بوو، بە شێوەیەکی ناناسایی ژیانی خۆی بۆ جەنگ تەرخان کردبوو. ئەمەش بەوە دیار دەبێت کە تا سپارتا لە جەنگدا بوو دژی ئەتینا ئەو هەر لە یۆنان بوو کەچی کە جەنگ وەستا، توانی بە حوکمەتەکەی خۆی بسەلمێنێت کەوا تراکییەکان دژایەتیی یۆنانییەکان دەکەن و لە دەرفەتێکدا رێگایەکی دۆزیەوە و بەدەریادا بۆ جەنگی تراکییەکان رۆیشتبوو لە باکووری خەرسۆنیز و پەرینتۆس. پاش لەوەی کە بەکەشتیی کەوتە رێ بەرپرسەکانی سپارتا رای خۆیان گۆڕی و لە ئیستمۆس بەدوایاندا ناردەوە. بەڵام ئەو بەقسەی نەکردن و گەڕایەوە بۆ هێلێسپۆنت، دەرەنجام بەڕێوەبەرایەتیی سپارتا حوکمی مەرگیان بۆ دەرچواند کەوا لە سپارتا هەڵگەڕاوەتەوە. ئینجا وەکو ئاوارەیەك خۆی لە کۆرووش نزیك کردەوە و هەمان بیانگەی بۆ نووسی، بەوەش بوو بە جێ باوەڕی کۆرووش. کۆرووش ١٠٠٠٠ داریکی دایێ کە هیچی بۆ خۆی خەرج نەکرد، بەڵکو لەشکری بەو پارە پێك هێنا و جەنگی هەڵگیرساند و تراکیای بەزاند و تەخت و تالانی کرد و هەر بەردەوام بوو تا کۆرووش بەدوای دا نارد.

بە گۆشەنیگای من، ئەمە ژیاننامەی پیاوێکە کە ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ جەنگ. دەیتوانی بە خۆشی بژێت و تووشی ئەو کێشە و ئازارە نەیەت. بەڵام وەك چۆن خەڵك پارە لە ئەوین و شادیی خەرج دەکەن، ئەو لە جەنگی خەرج دەکرد[1].

---

[1] ئەو مرۆڤە نموونەی زۆرە لە وڵاتی خۆمان بەتایبەتی هەندێك کۆنە پێشمەرگە و کۆنە ئەفسەر کە ناتاونن وەك من و تۆ بەبێ هەرا و مەترسی بژین. شایانی گوتنە کە سەددام حوسێنیش ئەو ئیدمانەی گرتبوو کە نەدەتوانی بەبێ جەنگ و کێشە بژیەت. و بە شێوەیەکی گشتی، سپارتیەکانی ئەو سەردەمە لە

ئەوانە دیاری دەخەن تا چ رادەیەك ژیالی بۆ جەنگ تەرخان کردبوو. تواناکانی لە مەیدانی سەربازیدا بەوە دیار بوون کە چەند حەزی لە مەترسی و سەرەڕۆیی دەکرد. شەو و رۆژ ئامادە بوو کە لەباری سەخت و ئالۆزدا رابەرایەتی بکات و هێرشی سەر دوژمنان بکات و دەیتوانی رێگای خۆی دەربکات. دەڵێن هەموو خەسڵەتەکانی رابەرایەتیی تێدابوو، پلانگێڕێکی یەکجار بەتوانا بوو دەیتوانی هەموو پێداویستییەکانی لەشکر دابین بکات و لەکاتی پێویستدا دەیگەیاندنە سەربازەکان. سەرنجی خەڵکی رادەکێشا، وای دەکرد بەقسەی بکەن چونکە پیاوێکی توند بوو روخسارێکی خۆسەپێنی هەبوو لەگەڵ دەنگێکی رەق. سزاکانی بە توندی و هەندێك جار بە توڕەییەوە دەسەپاند، تەنانەت هەندێك جار پەشیمان دەبۆوە کەوا هەندە دڕ بوو.

سزادان، یەکێك بوو لە بنەما سەربازیەکانی کلیێرخۆس چونکە باوەڕی وا بوو کە لەشکر بەبێ پابەندبوون کەڵکی نیە. دەڵێن گوتویەتی (دەبێ سەرباز پتر لە فەرماندەی خۆی بترسێت نەك لە دوژمن، ئەمە بۆ ئەوەی کە بەبێ دوودڵی هێرش بکات و لەکاتی کشانەوەشدا بەباشترین شێواز فەرمانەکان بەجێ بگەیێنێت). دەربارەی کلێخۆس دەگێڕنەوە دەڵێن: لە کاتی بەرەنگاریدا روخسارە ترسناکەکەی نەرمتر دەبوو، وای لێ دەهات ببێتە مایەی دڵئارامی بۆ سەربازەکان. واش هەر لە شێنەییدا کە سەربازەکان دەرفەتیان دەبوو دەچوونە لای ئەفسەری دیکە چونکە هەندە رەق و دڕ بوو کە بەدەگمەن توانیویەتی دڵیان رابگرێت. پێوەندی لەگەڵ سەربازەکانی خۆی وەکو پێوەندی خوێندکار و مامۆستا بوو. بەم پێیە، کلیێرخۆس هەرگیز ئەو پیاوانەی دەست نەکەوت کە لەپێناو برادەرایەتی و خۆشەویستیدا پشتی بگرن. ئەو رابەرایەتیەکی تەواوی بەسەر دەست و پاوەندەکانیدا دەسەپاند کەوا لەلایەن شارەکەیەوە ئەو

یۆناندا وەکو تکریتیەکان سەردەمی بەعس رەفتاریان لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکە دەکرد. ئەمە نەك بە واتای کە خەڵکی شارەکانی دیکە لە سپارتا باشتر بوون. نەخێر، بۆ نموونە پێشتر ئەتینا باڵادەست بوون و هەمان کەڵەگاییان نواند، و پاش چەند ساڵێك لە سەردەمی زینۆفۆن بۆیۆتیەکان سپارتایان بەزاند و ئەوجار ئەوان بوون بە کەڵگای وڵاتەکە و دووبارە هەموویان بەگژیاندا چوونەوە تا لە کۆتاییدا عەشایەرە مەکەدۆنیەکان هەموو یۆنانیان راپێچەك کرد (٣٦٩ پ.ز.) ئینجا رۆم و ئەوجار تورك و ئیتر لەوساوە تا ساڵی ١٨٢٠ ی پاش زایین (واتە تا ٢٠٠٠ ساڵێك) یۆنان سەربەخۆیی نەدیت.

دەسەلاتەی پەیدا کردبوو، هەروەها بەهۆی دەستکورتی سەربازەکان یاخۆ لەبەر هەر شتێکی دیکە بوو بێت، بەلاّم کە لەژێر رابەرایەتیی ئەودا سەرکەوتن وەدەست دەهات، لەوسا نرخی ئەم رەوشتانەیان دەزانی کە ئەو پیاوەیان کردبوو بەم سەربازە توندە. سەربازەکان لەلایەکەوە سودیان لەوە دەدیت کە لەسایەی کلێرخۆسدا ترسیان لە دوژمن دەشکا، و لەلایەکی دیکەوە ناچاربوون لەترسی سزادان پابەندییەکی تەواو بنوێنن. کەواتە وەکو فەرماندەیەك ئەم رەوشتانەی هەبوو، بەلاّم دەیانگوت حەزی نەدەکرد لەژێر فەرمانی خەلکی دیکەدا بێت. کە مردیش تەمەنی گەیشتبوە ٥٠ سالێك.

پرۆکسینۆسی بۆیۆتی لە تەمەنی هەرزەکارییەوە چاوی لە ئەنجامدانی کاری زل بوو. پارەیەکی زۆری لەوە خەرج کرد تا لەسەر دەستی گۆرگیاسی لیۆتینی بخوێنێ، بەلاّم گەیشتە باوەڕێك کە ئەو توانایەی نیە بەلّکو بۆ برادەرایەتیی پیاوی مەزن باشە و لەلایەکی دیکەدا بۆ ئەوە باشە کاری سەربازی بەڕێوە ببات بۆیە رەگەلّ ئەو هەلّمەتە سەربازیەی کۆرووش کەوت کە بەخەیالّی خۆی، جگە لە پارە، بتوانێ ناوبانگ و دەسەلات پەیدا بکات. بەلاّم زۆر بە ئاشکرایی دەیگوت نایەوەێ ئارەزووەکانی بە شێوازی نا رەوا بەدی بێنێت. بە پێچەوانەوە، ئەو دەیویست بە شایستەیی ئەنجامیان بدات، دەنا با نەبن باشترە. پرۆکسینۆس لەگەلّ خەلکیدا رەند و بەئەدەب بوو و فەرماندەیەکی باشیش بوو، بەلاّم نەیدەتوانی سام بەسەر سەربازەکاندا بسەپێنێت. بەرانبەر سەربازەکانی خۆی پتر بەرگری لەخۆی دەکرد لەچاو ئەوەی کە ئەوان بەرگری لەخۆیان بکەن یان بپارێنەوە. زۆر دیار بوو کە بایەخی بەوە نەدەدا ئایا قسەی دەڕوات یان ناڕوات بەلّکو پەرۆشی ئەوەی هەبوو جەماوەر ناوبانگی باش لەنێو سەربازەکاندا هەبێت. بیری دەکردەوە ئەگەر بیەوێ جەنرالێکی باش بێت، بەسیەتی ئافەریم و پاداشتی ئەو کەسانە بکات کە لیشی باشیان دەرکرد. ئەنجامەکەش ئەوەبوو کە خەلّکە راستڕەوەکانی تاقمەکەی خۆی خۆشیان دەویست، بەلاّم خەلّکی بێ بیر و باوەڕ سووکایەتییان بە پایەی وی دەکرد، وایان دەزانی کە بە ئاسانی کۆنترۆلّ دەکرێت. کە مرد تەمەنی ٣٠ سالێك دەبوو.

مێنۆنی تێسالی بە ئاشکرایی مەراقی پارە بوو. ویستویەتی ببێتە جەنەراڵ بۆ ئەوەی دەسکەوتی پێ ببڕێت. مەبەستیشی لە پایەداریدا ئەوەبوو کە قازانجێکی زیادتر بکات بۆ ئەوەی تا خەڵکی گەورەتری ناسیبایە، ئەوسا پتر چاوپۆشی لە ڕەفتارە بەدەکانی دەکرا. فرت و فێڵ و درۆ لەلای وی شتی ئاسایی بوون بۆیە ڕاستگۆیی بە جۆرێك نەفامیی دەزانی. پەرۆشی بۆ کەس نەبوو، ئەو کاتەی کە خۆی بە برادەری کەسێك نواندبایە ئیتر خەڵکەکە یەکسەر تێدەگەیشتن کە خەریکە زەبرێکی لێ بدات. لە گفتوگۆدا نە سووکایەتی بە دوژمن دەکرد و نە بایەخیشی بە قسەی خەڵکە خۆییەکان دەدا، تەنانەت بایەخی بە شمەك و ماڵی دوژمنیش نەدەدا چونکە بەشتێکی دوورەدەستی دەزانی. کەچی ماڵی برادەرەکانی خۆی، کە بە ئەمانەت دەسپێردران، ئەوانەی بە دەسکەوت دەزانی بۆ خۆی. ترسی گەورەی لە پیاوی درۆزن و بەدکار و بێ بەڵێن بوو چونکە وای دەزانی هەمان چەکی خۆی بەکار دێنن. هەروەها ئەگەر تووشی پیاوێکی وردبین و ڕاستڕەو بایە، ئەوانەی بە نیمچە هۆشیار دەزانی، دەنا بەرانبەر بە پیاوی خواناس و ڕاستگۆ و دەستپاك، مێنۆن بە شانازییەوە تەڤرەی دەدان و بەچاوی سووکایەتییەوە سەیری دەکردن. خەریکی کەسانێکی ناشرەزا دەبوو کە هەستیان بە کەمیی کردبایە و ئەگەر ویستبای برادەرایەتی لەگەڵ کەسێکدا بکات ئەوسا لاسای خەڵکی پایەداری دەکردەوە. ئەو ڕێبازەی کە پێڕەوی دەکرد بۆ مسۆگەرکردنی پشتگیری سەربازەکانی خۆی ئەوەبوو کە لە دزی و تاوانەکانیاندا بەشداری دەکردن بۆ ئەوەی دواتر بەچاویاندا بداتەوە. باوەڕی وابوو دەبێ هێز و توانای خۆی دیار بخات و پێشانیان بدات کەوا ئامادەیە سوود لە خاڵەکانی لاوازیی ئەوان وەربگرێت[1].

ئەوانەی کە وازیان لە خزمەتی وی دەهێنا بە پاشەملە باسی دەکردن گوایە خێری پێ کردوون و چاوپۆشی لێ کردوون. ئیتر بە ڕەچاوکرنی ڕابردووی ژیانی، پیاو دەتوانێ بڵێت کە مێنۆن پیاوێکی ناڕاست بوو. ئەم قسانەی ئێستا دێن زانیارییەکی گشتین دەربارەی ژیانی وی. لەکاتی خۆیدا کە کوڕێکی جوانکوڵە بووە بە ئەریستیپۆسی سەلماندوە کە ڕابەرایەتیی چەکدارەکان بەخۆی بسپێرێت. هەروەها پێوەندییەکی گەرمی لەگەڵ ئاریا هەبوو کە ئەگەرچی

---

[1] باوەڕم وایە ئەو مێنۆنە ئەگەر ئێستا لە عێراق ژیابایە ئێستا هیچ نەبێ وەزارەتێکی وەردەگرت !!

..ون لە خەڵکە ناوچەیەکان بوو بەلام ئاریا حەزی لە پیاوی قۆز بووە و هەر خۆی پێش ئەوەی ..ڵ و و ردێنی پەیدا بن، تاریپاستی گرتبوو بە (نێرە-دۆست) کە ئەوسا تاریپاست تازە پێ گەیشتبوو.

هەرچۆنێك بێت، جەنەراڵەکانی دیکە بەهۆی ئەوە کوژران کەوا بەگژ شادا چوبوونەوە و لەگەرچی مێنۆن هەمان شتی کردبوو بەلام شا جۆرە سزایەکی تایبەتی دیکەی بۆ دانا. مێنۆن وەکو کلێرخۆس و جەنەراڵەکانی دیکە بە سەربڕین نەمرد، بەڵکو دەڵێن چارەنووسی وابوو کە یەك ساڵ لەژێر خراپترین حاڵدا بژییێت بەچەشنی هەر تاوانبارێك و دزێکی ئاسایی.

ناگیاسی ئەرکادی و سۆکراتی ئاخەیی، ئەوانەش کوژران. کەس ناتوانێ لە ئازایەتییان کەم بکاتەوە یان بڵێ تێگەیشتنیان بەرانبەر بە برادەرەکانیان باش نەبوو. هەردووك تەمەنیان لەدەوری ٣٠ ساڵێك دەبوو.

بابەتی سێیەم
ڕێپێوان بەرەو کوردستان[١]

١ ئەم ناونیشانە وەرگێڕی ئینگلیزی (ڕێکس وارنەر) بەکاری هێناوە دەنا وشەی (کوردستان) یەکەم جار لە سەردەمی سەلجووقی بەکار هاتووە. واتە ١٥٠٠ ساڵێك پاش ئەو سەردەمە.

چاپتەر -١-
زینۆفۆن دەستپێشخەری دەکات

کە جەنەراڵەکان گیران و سەربازەکان کوژران، یۆنانی کەوتنە بارێکی زۆر سەخت. وایاندەزانی لە پایتەختی شا نزیکن و کۆمەڵێك شار و خەڵکی دژوار دەوریان گرتوون و لە ئایندەدا کەس خۆراکیان پێ نافرۆشێت. بەلانی کەم ١٠٠٠ فەرسەخ لە یۆنان دوور بوون و کەسیش نەمابوو رێگایان پێشان بدات. رووباری بەرینیان لەپێش بوو و ئەو خەڵکەی کە بە هاوپەیمانیان دەزانین ئەوانیش ببوونە دوژمن، ئیتر بە تاقی تەنیا مابوونەوە و بەبێ هێزی سوارە. بەوەش دەیانزانی کە ئەگەر لەشەڕدا سەر بکەون ناتوانن دوژمنەکانیان بکوژن و ئەگەر ببەزن ئەوسا کەسیان بە زیندویی نامێنێت. ئەم ئێوارە کەس نانی پێ نەخورا، شەوێ کەس هێزی نەمابوو خۆی رێك بخات، زۆربەیان لەجێگەی خۆیان دانیشتن و خەویشیان لێ نەدەکەوت. یادی ماڵ و منداڵیان دەکردەوە وایاندەزانی تازە چاویان پێ ناکەوێتەوە.

یەکێ ئەتینی لە لەشکرەکە بوو بەناوی زینۆفۆن، نە جەنەراڵ بوو نە کاپتن و نەوەکو سەربازێکی ئاسایی[1]. پرۆکسینۆس، کە کۆنە برادەری بوو، بەدوای دا ناردبوو تا بیکاتە برادەری کۆرووش کەوا کۆرووشی لە وڵاتی خۆی گرینگتر دەزانی. کە زینۆفۆن نامەکەی کۆرووش دەخوێنێتەوە پرس بە سۆرکراتی ئەتینی دەکات دەربارەی ئەم پێشنیازە. سۆکرات گومانی هەبوو کەوا برادەرایەتی کردنی کۆرووش لە ئەتینادا دەبێتە مایەی گلەیی و گازەندە (چونکە باوەڕیان وابوو کۆرووش یارمەتی سپارتای داوە دژی ئەتینا)[2]. سۆکرات رایسپارد کە

---

[1] ئێستاش کە لە (رۆشنبیرەکان) دەپرسی "زینۆفۆن کێ بوو؟" دەڵێن، وابزانم سەرکردەیەکی مەزنی یۆنانی بوو وەکو ئەسکەندەر. کەچی لەراستیدا (وەکو خۆی دەیڵێت) تەنانەت سەربازیش نەبوو بەڵکو تەنیا (مێوانی) پرۆکسینۆس بوو.

[2] بە رای من مێژووی کۆنی یۆنان بریتیە لە سێ قۆناغ. یەکەمیان قۆناغی هەڵمەتی فارس و جەنگی رزگاری دەگرێتەوە کە لە ئەنجامیدا شاری ئەتینا باڵادەست بوو. دووەم، سەردەمی فەلسەفە دێت، ئەمەش

بچێت بۆ پەرستگای دەلفی[1] تا پرسوڕای خواوەندەکان بکات. زینۆفۆن چوو و ئەم پرسیارەی ئاراستەی ئەپۆلۆ کرد: ئایا نوێژ و قوربانی بۆ چ خواوەندێك بکەم بۆ ئەوەی بەباشترین و سەربەرزترین شێوە بچم بۆ ئەو گەشتەی کە لە مێشکم دایە و بەسەلامەتی و بە سەرکەوتوویش بگەڕێمەوە؟

وەلامی ئەپۆلۆ ئەمە بوو کە دەبێ قوربانی بۆ خواوەندێکی گونجاو بکات. جا کە زینۆفۆن گەڕایەوە بۆ ئەتینا، وەلامە ئاسمانییەکەی بە سۆکرات راگەیاند و کە سۆکرات بیستی، گلەیی لێ کرد کە دەبایە بپرسێت (ئایا بچێت یان نەچێت؟) چونکە پرسیارەکە وای دەگەیاند کە تازە بڕیارەکەی داوە و هەر دەڕوات ئەوجار پرسیویەتی کە چۆن باشترین ڕێگا بگرێت؟ سۆکرات گوتی: بەلام ئێستا کە تۆ پرسیارەکەت بەم جۆرە کردووە ئیتر دەبێ ئەم شتە جێبەجێ بکەیت کە خواوەندەکان گوتویانە.

ئەو سەردەمەی سوکرات و دواتر ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەگرێتەوە چونکە پاش دۆڕاندنی ئەتینا رەوتێك لەو شارە پەیدا بوو (سۆکرات پەیدای کرد و زینۆفۆنیش یەکێك بوو لە قوتابیەکانی) ئەم رەوتە بەگژ رەوتی کۆنی ئەتینیە شارپەرستەکاندا چوونەوە، ئەمەش بۆ ئەتینا کوفرێکی گەورە بوو بۆیە بە بڕیارێکی (دیمۆکراسیانە) سوکراتیان کوشت و لایەنگرەکانی سۆکراتیان شاربەدەر کرد. قۆناغی سێیەم قۆناغی مەسیحیاتی بوو کە ئەو گەلەی یۆنان لەژێر چەپۆکی رۆمدا وەکو دەروێشێکی مازۆکییان لێ هات و روویان کردە خۆکوژی و خۆ ئازاردان و تەرکی ژیان.

[1] پەرستگای دەلفی (بەچەشنی کەعبە بۆ عەرەبی پێش ئیسلام) تاکە پەرستگایەك بوو کە هەموو شار و ناوچە یۆنانیەکان خواوەندی خۆیان لەوێ دادەنا وەك جۆرێك یەکیەتی نەتەوەیی، واتە بەحاڵ یەکیەتیەکی نەتەوەییان هەبوو (پێوەندیەکی دینیی لاواز) دەنا لەراستیدا هیچ شارێك دانی بە شارەکانی دیکە نەدەنا و هیچ لەهجەیەك دانی بە راستی و دروستی لەهجەکانی دیکە نەدەنا. هەر بەم بۆنەشەوە خوێنەر دەتوانێت هەست بە راستیەکانی ئەو سەردەمە بکات کەوا (خواوەند) هێمایەك بوو بۆ شناسنامە و ئینتیمای ئەم شار و ئەو شار، نەك بە واتای (دروستکەری کائینات). بە پێچەوانەی عەرەب و یۆنان، فارس یەك خواوەندیان بە گرینگ دەزانی. ئیتر یەك خواوەند بە واتای یەك شاه و یەك زمانی رەسمی و یەك نووسینی رەسمی و یەك ئینتیما. ئەمەیە راستی هەبوون و نەبوون یەك خواوەند. جا ئێمەی کورد با هەر بڵێین ئێمە یەك خودا دەپەرستین، بەلام کە تۆ گوتت (ئێمە لە فلاَن شارین یان فلاَن ناوچەین و دان بەوان دیکە نانێن) ئیتر نەتەوایەتیی چی و وەحدانیەتی چی؟

زینۆفۆن قوربانییەکەی کرد و بەڕێ کەوت. پرۆکسینۆس و کۆڕووشی لە ساردیس دۆزیەوە کە هەندەی نەمابوو برۆن. بە کۆڕووشیان ناساند. پرۆکسینۆس زۆر حەزی دەکرد لەگەڵیان بێت، کۆڕووشیش وەکو پرۆکسینۆس پێی خۆش بوو و گوتی هەر کە هەڵمەتەکە بەسەرچوو یەکسەر دەینێرێتەوە بۆ ماڵێ خۆی. هەڵمەتەکە گوایە دژی پیسیدیەکان دەکرا ئیتر زینۆفۆن بەخەیاڵێکی چەوتەوە رەگەڵ کەوت، چونکە لە کلێرخۆس بەولاوە کەس لە یۆنانییەکان نەیدەزانی هەڵمەتەکە دژی شایە. هەرچۆنێك بێت کە گەیشتونەتە سیلیکیا و مەسەلەکە بۆ هەمووان ئاشکرا بوە، بەناچاری بەخۆی گوت: جا چ بکەم! ئیتر سەرباری ترس و سامی گەشتەکە، زۆربەی خەڵکەکە لە شەرمی یەکتر و لە شەرمی کۆڕووش مانەوە و بەردەوام بوون.

زینۆفۆن فەرقێکی نەبوو لەچاو ئەوانی دیکە و لەم تەنگەتاوییەدا وەکو هەمووان پەرێشان ببوو و خەوی لێ نەدەکەوت. بەلام هەرچۆنێك بێت سووکە خەوێکی لێ کەوت و خەونێکی دیت. لەخەونەکەدا رەشەبایەك دەهات، بروسکێك بە ماڵی باوکی کەوت و ئاگری تێبەردا. کە لە خەو هەستا زۆر ترسابوو بەلام بەجۆرێك لە جۆرەکان پێی گەشبین بوو چونکە لەو تارمایی و رەشاییەدا ئەو چاوی بە رۆناکی زیۆس کەوتووە. بەلام لە هەمان کاتیشدا زانی کەوا زیۆس زەنگی مەترسیی رادەگەیێنێت، چونکە هەستی کرد زیۆس لە کەسایەتی شا بەرجەستە بووە و بۆی هاتووە. ئەو هەموو ئاگرەش لەدەوریدا رەنگە بەواتای ئەوە بووبێت کەوا رەنگە نەتوانێ لە ولاتی شا دەرباز بێت و لەهەموو لایەکەوە تووشی دەردەسەری ببێت. واتای راستەقینە خەونەکە بەوە دیار دەبێت ئەگەر بزانین دواتر چ رووی داوە.

ئەوەی کە رووی دا، ئەمە بوو. هەر کە بەخەبەر هات یەکەم شت هاتە مێشکی ئەمە بوو: من بۆچی لێرە پاڵ بدەمەوە؟ وا شەو دەڕوات و کە بەیانی دادێت رەنگە دوژمن بگەنە سەرمان. ئەگەر بکەوینە بەر دەستی شا ئەوسا هەرچی خراپە بەوپەڕی سەرشۆڕی پێمان دەگات، کەچی تا ئێستا کەس خەمێکی لێ ناخوات، پاڵمان داوەتەوە وەك بلێی خۆ دەخافڵێنین. کەواتە دەبێ کام

شار ئەو جەنەراڵە پێشکەش بکات کە هەنگاوی ڕاست دەنێت؟ ئایا دەبێ چاوەڕێ بم تا هەندێك پیرتر دەبم؟ ئەمڕۆ ئەگەر خۆ بدەمە دەست دوژمن، هەرگیز بەوە ڕاناگەم کە پیرتر بم[1].

هەستایەوە و پێش هەموو شتێك کاپتنەکانی پرۆکسینۆسی بانگ کرد. کە کۆبوونەوە گوتی: کاپتنەکان، یەك لەبارە خۆمەوە باوەڕ ناکەم کەسمان هیچی تر خەوی لێ بکەوێت و هەر ئەوها بوەستین. گومان نیە کە دوژمن تەنیا ئەو کاتە شەڕەکەی ئاشکرا کرد کە زانی پلانەکانی تەواون، کەچی لەلای ئێمەدا کەس پلانێك دانانێت بای ئەوی کە شەڕێکی باشمان پێ بکرێت. جا ئەگەر خۆمان شل بکەین و بکەوینە بەر دەسەڵاتی شا ئەوسا چیی لێ ڕادەبینن؟ شا پیاوێکە تەرمی براکەی خۆی پارچە پارچە کردووە، کوڕی دایکی خۆی بەمردوویی وا لێ کردووە، کەواتە ئێمە چمان لێ دێت؟ ئێمە لەلایەکەوە خزمی نین و لە لایەکی دیکەوە بەگژیدا چووینەوە بەنیازی ئەوەی کە لە تەختی شاهانەی بخەینە خوار و کە ژێردەستەی بکەین و ئەگەر بکرێ بیکوژین، کەواتە ئایا شا پەنا بۆ هەموو ڕێگایە نابات بۆ ئەوەی هەرچی خراپە پێمان بکات؟ دەیکات بۆ ئەوەی لەمەو پاش کەس نەوێرێ بەگژیدا بچێتەوە.

گومان نیە کە ئێمە دەبێ هەموو توانامان بەگەڕ بێنین بۆ ئەوەی نەکەوینە بەر دەستی شا. تا ئەمڕۆ کە ئاگربەستەکە مابوو هەمیشە خەمم لە خۆ دەخوارد و بەحەسودییەوە سەیری شا و پیاوەکانی شام دەکرد، بیرم لەو هەموو وڵاتە گەورە دەکردەوە کە هەیانە و لەو هەموو سەرچاوە بێپایانە بۆ خۆراك و جۆرەها ئیشکەر و خزمەتچی، گاڕان و زیڕ و جل و بەرگ. لەلایەکی دیکە بیرم لە پیاوانی خۆمان کردەوە کە تەنیا بە کڕین دەستیان دەگاتە ئەو شمەکە باشانە (دەشزانم کە کەمیان ئەو پارەی ماوە). تا ئێستا دەستمان بەو سوێندە بەسترابوو خواردبوومان کەوا بەبێ پارە هیچ شتێك وەدەست نەهێنین. کە بیرم دەکردەوە خەفەتم لەو ئاگربەستە دەخوارد، بەڵام ئێستا ئەوان کۆتاییان بە ئاگربەستەکە هێنا، ئیتر سەردەمی لوتبەرزی ئەوان و خەفەتی ئێمە کۆتایی هات چونکە ئەو دەسکەوت و شمەکانە دەکەونە بەر دەستی ئەو کەسەی کە پیاوە.

---

[1] ئەم قسەی ناخی هەستەکانی زینۆفۆن دەردەخات کەوا بەڕاددەی سەرەکی بیری شاری خۆی کردۆتەوە؟

خواوەندەکان شایەدی ئەم بەرەنگاریەن و بێگومان لەلای ئێمەدان. لەوان سوکایەتیان بەناوی خواوەندەکان کرد کەچی ئێمە بەهۆی ئەو سوێندەوە دەستمان پاراستبوو. ئیتر دیار و ئاشکرایە کە باوەڕمان گەورەترەوە و و بۆ ئەو مەیدانە باشترین چونکە توانای دەست و بازوومان لەوان زۆرترە و بەرگەمان بۆ گەرما و سەرما و بۆ بارگرانی زۆرترە، هەروەها ورەمان بە هەبوونی خواوەندەکان بەرزترە و ئەگەر خواوەندەکان وەکو جاران سەرکەوتن بە ئێمە ببەخشن، ئەوسا کوشتنی دوژمن بۆ ئێمە ئاسنتریش دەبێت.

ڕەنگە زۆرکەسی تر هەمان هەستی هەبێت، کەواتە بەحەققی ئاسمان با ڕانەوەستین. با ئێمە یەکەم کەس بین کە ئەوانی دیکە بەرەو ڕێگای سەربەرزی بانگ بکەین[1]. ئەوها خۆ دیار بخەن کەوا لەنێو کاپتنەکاندا لەهەمووان ئازاترن و مافی ڕابەرایەتیان زۆرترە لەچاو ئەو کەسانەی کە ئێستا ڕابەرمانن. یەك لەبارە خۆمەوە، ئەگەر ئێوە ئامادە بن دەستپێشخەریـەکی ئەوها بکەن، من ئامادەم بەدواتان بکەوم. وە ئەگەر من بەرابەر دادەمەزرێنن، من تەمەنم ناکەم بە بیانگە. لەڕاستیدا، باوەڕ دەکەم کە بای ئەوە گەورە بوومە کە بتوانم بەرگری لەخۆ بکەم.

ئەمە بوو کە زینۆفۆن گوتی. کە قسەکانیان بیست هەموو کاپتنەکان هانیان دا کە ببێتە ڕابەریان تەنیا یەك کەس نەبێت لەوێ بەناوی ئەپۆلۆنیدیس کە لەهجەیەکی بۆیۆتی هەبوو[2]. ئەو ئەپۆلۆنیدیسە وای دەربڕی کە ئەم قسانە بێ واتان و ئەگەر ئومێدێك هەبێ بەساغی دەرچن، تەنیا بەوەیە کە دڵی شا نەرم بکەن. ئینجا دەستی پێکرد باسی مەترسیەکان بکات. بەڵام زینۆفۆن قسەی پێ بڕی و ئەم قسانەی کرد: کوڕی باش، تۆ کەسێکی نە دەزانی چ دەبینی و نە بەبیرت

---

[1] لێرەدا زینۆفۆن قسە بۆ چەکدارەکانی پرۆکسینۆس دەکات، ئەوانەش بۆیۆتی بوون و خۆیان بە جودا دەزانی لەچاو ئەرکادی و ئاخایی و سپارتی و کریتی و هتد. جا زینۆفۆن یاری لەسەر ئەم دەمارە دەکات (دەماری ناوچەگەری).

[2] لەهجەی بۆیۆتی (لەهجەی شاری تیبە) وەکو لەهجەی هەولێری ئەمڕۆ بوو بۆ خەڵکی ئەتینا (سلێمانیەکەی یۆنانی ئەو سەردەمە) و سپارتاش کە بە لەهجەی دۆری دەدوان ئەوان بادینیەکەی ئەوسا بوون. من زۆر جار گوتوومە ئەگەر دەرهێنەرێکی بخوازێ بەسەرهاتی زینۆفۆن بکاتە فیلمێك یان شانۆگەری، لەهجە کوردیەکانی ئەمڕۆ دەتوانن باشترین وێنە پێشان بدەن لە ڕاستیەکانی ئەوسای یۆنان.

دیتەوە چت بیستوە. خۆ تۆ لەوێ بوویت پاش مردنی کۆرووش کە شا ناردی چەك دابنێین کەچی کە ئێمە چەکمان دانەنا و ئامادەی شەڕ بوین یەکسەر خەڵکی ناردەوە بۆ گفتوگۆ و ئینجا ئاگربەستی داهێنا. کەچی کە جەنەراڵەکانمان چوونە کۆنفرانسەکە دیتت چ قەوما. ئینجا سەرباری ئەو هەموو زانیارییانە، باوەڕت وایە کە ئەوانەی باسی بەرگری دەکەن قسەی بێ واتا دەکەن و دیسان دەبێ دڵی شا نەرم بکەین؟ سەربازینە، باوەڕم وایە کە نابێ ئەم کابرایە لەنێو تاقمی خۆمان بهێڵینەوە. دەبێ پایەی کاپتنایەتی لێ بستێنینەوە و پشتی بار بکەن بەچەشنی بارگین بەکاری بێنن. ئەم پیاوە ئەگەر یۆنانی بێت نەك هەر ناوچەی خۆی شەرمەزار دەکات بەڵکو هەموو یۆنان.

ئینجا ئاگاسیاسی ستێمفاڵی قسەکەی بڕی و گوتی: ئەم کابرایە نە حەقی بەسەر بۆیۆتیاوە هەیە و نە یۆنان. هەست دەکەم وەکو خەڵکی لیدیا گوێی کون کراوە.[1]

ئیشەکە ئەوها بوو و کاربرایان دوور خستەوە. ئەوانی دیکە بەنێو تیپەکاندا گەڕان بزانن هیچ جەنەراڵێك هەیە بانگی بکەن. یان ئەگەر جەنەراڵەکە نەبایە بریکارەکەیان بانگ دەکرد و ئەگەر کاپتنی زیندو هەبان، بانگیان دەگردن. کە هەموو بانگ کران بۆ شوێنی جبەخانەکە، ژمارەی کاپتن و جەنەراڵەکان دەگەیشتە ۱۰۰ کەس. کۆبوونەوەکەش لە نیوەی شەو دەستی پێکرد. هیرۆنیمۆسی ئەلیس کە لەنێو کەپتنەکانی پرۆکسینۆسدا بەتەمەنتر بوو دەستی بەم قسانە کرد: جەنەراڵ و کاپتنەکان، لەم حاڵەی ئێستادا بڕیارمان دا کۆ ببینەوە و ئێوەش بانگ بکەین کە تێدا بەشدار بن بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت، بتوانین بگەینە بڕیارێکی سوودبەخش. ئێستا داوا لە زینۆفۆن دەکەم کە ئەم قسانە بکات کەوا پێشتر بۆ ئێمەی کرد.

بەم پێیە زینۆفۆن ئەم قسانەی کرد: لێرەدا شتێك هەیە کە هەموو دەیزانین. شا و تیزافەرنە هەموو ئەو کەسانەیان گرتووە کە دەستیان گەیشتۆتێ و دیار ئەگەر پێیان بکرێت هەموومان قەلاچۆ دەکەن. بەش بە حاڵی خۆمان، وەکو کە من دەیبینم، دەبێ تا پێمان بکرێ دەستی ئێمە

---

[1] لێرەدا هەموو قسەکان ناوچەگەرییان لێ دەبارێت. ئەم پیاوە گوایە پاکانە بۆ خەڵکی بۆیۆتیا دەکات، گوایە (نەتەوەپەروەرن) کەچی یەکسەر جنێو بە ناوچەیەکی دیکەی هێلینیەکان دەدات. بەڵێ لیدیا لە بەری ئەورووپا نەبوو بەڵام ئەوانیش هێلینی بوون.

بەسەریاندا بشکسێتەوە نەك ئێمە بکەوینە بەر دەستی ئەوان. حەز دەکەم تاکید بکەمەوە کە ئێستا ئێوە ئەرکێکی یەکجار گەورەتان لەئەستۆدایە. هەموو ئەو سەربازانەمان چاویان لە ئێوەیە و ئەگەر ببینن ئێوە ورەتان بەرداوە، هەموو ترسنۆك دەبن کەچی ئەگەر ئێوە بە ئاشکرایی ئامادە بن بەرەورووی دوژمن ببنەوە و داوایان لێ بکەن هەمان شت بکەن، لاتان مسۆگەر بێت کە ئەوسا ئەوانیش هەوڵ دەدەن وەکو ئێوە بن. هەرنەبێ ئێوە جەنەراڵ و ئەفسەر و کاپتن، و لە کاتی ئاشتیدا مووچە و ریزێکی زۆرتر بە ئێوە دەگات لەچاو ئەوان. ئێستاش لەکاتی جەنگدا دەبێ ئێوە پتر خۆ رابگرن لەچاو تێکرای ئەوانی دیکە و دەبێ لەباتی خەڵکەکەش بریار بدەن. وە ئەگەر پێویست بوو، دەبێ یەکەم کەس بن کارە گرانەکان جێبەجێ بکەن.

بەرای من، دەبێ پێش هەموو شتێك جەنەراڵ و کاپتن دەستنیشان بکەن لەشوێنی ئەو کەسانەی کە نەماون چونکە ئەگەر سەردەستەکان خەڵکەکە کۆنترۆڵ نەکەن، هیچ شتێك ئەنجام نادرێت. ئەم قسە راستییەکی رەقە و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێویستە و لەمەیدانی رێکخستنی سەربازاندا پێویستتریش دەبێت. رەندایەتی وا دەکات کە هەست بە ئاسوودەیی بکەین دەنا پێش ئێستا، بەرەڵایی جۆرەها خەڵکی لەنێو بردووە.

ئینجا پاش ئەوەی ژمارەیەك ئەفسەر دادەنرێن، دەبێ داوای کۆبوونەوەیەکی گشتی بکەن و ورەیان بەرز بکەینەوە چونکە باری ئێستا ئەمە دەخوازێت. لەم کاتەی ئیستاماندا وابزانم وەکو من دیتتان کە بۆ نۆرەی پاسەوانیی شەو چەکیان وەردەگرت، چەندە لەشیان گران بوو. لەحاڵەتی ئەوهادا نازانم ئایا چ سودێکیان دەبێت ئەگەر بەرۆژ بیت یان بە شەو. بەڵام ئەگەر بتوانین جۆری بیرکردنەوەیان بگۆرین ئەوسا ورەیەکی گەورە پەیدا دەبێت و ئەوسا سەبازێك لەباتی ئەوە بیر لەوە بکاتەوە و بڵێ (چم بەسەر دێت؟) بیر لەوە دەکاتەوە دەڵێ (چ پێویستە بیکەم؟)

ئێوە باش ئاگادارن کە مەرج نیە ژمارەی هێزەکان سەرکەوتن مسۆگەر بکات. نەخێر، سەرکەوتن بەوە دێتە دی کە لایەنێك بە پشتیوانی خواوەندەکان و بە ورەی بەرزەوە بۆ دوژمن بچن. وەکو ئێوەش، من سەرنجم داوەتێ کەوا لە سەربازیدا ئەو کەسانەی کە پەرۆشی ژیانی خۆیانە ، ئەوانە لەئەنجامدا تووشی مەرگێکی سەرشۆرانە دەبن. کەچی ئەوانەی باوەریان وایە کە

مەرگ چارەنووسی هەمووانە و مەراقیانە بە سەربەرزی بمرن، ئەوانە زۆربەی جار دەگەن تەمەنێکی گەورە و ژیانێکی خۆشتر بەسەر دەبەن. هەندێك راستیش هەن کە دەبێ رەچاویان بکەین (کە حاڵی ئێستامان دەیخوازێت) و دەبێ دیاری بخەن کەوا ئێوە بەجەرگەن و دەبێ ببنە نموونە بۆ ئەوانی دیکە.

ئەوها کۆتایی بە گوتارەکە هێنا. پاش ئەمە خیریسۆفۆس قسەی کرد و گوتی: زینۆفۆن، تا ئێستا هەر ئەوەم بیستبوو کە تۆ کابرایەکی ئەتینی بەڵام ئێستا پیرۆزباییت لێ دەکەم بۆ ئەم گوتارە و ئەم رەفتارە. حەزیش دەکەم خەڵکی وەك خۆت تا بکرێ زۆر بن. بەوە روحییەتی پێویست لە لەشکرەکەدا بڵاو دەبێتەوە. جا ئێستا با کاتەکەمان بەفیرۆ نەدەین. برادەرینە، با برۆین ئەفسەری نوێ هەڵبژێرین بۆ ئەوانەی کە ئەفسەریان نیە. دواتر وەرنەوە ناوەراستی ئۆردوگاکە لەوێدا هەموو سەربازەکان ریز دەکەین. تۆلمیدیسی نامەبەریش با لەگەڵمان بێت.

بەم قسانە هەستایەوە سەر پێ تاکپێشانیان بدات کەوا کەس دوا نەکەوێت ودەبێ ئیشەکان زوو جێبەجێ بکرێن. دوابەدوای ئەوە ئەم ئەفسەرانە هەڵبژێردران. تیماسیۆن کە پیاوێکی داردانی بوو لە جێگەی جەنەراڵ کلێرخۆس دانرا. زالتیکلیس کە ئاخەیی بوو جێگەی جەنەراڵ سۆکراتی گرتەوە. کلینۆری ئەرکادی لە جێی ئاگیاس دانرا. فیلیسیۆسی ئەرکادی لە شوێنی مینۆن دانرا. زینۆفۆنیش کە ئەتینی بوو لە جێی پرۆکسینۆس دانرا.

چاپتەر -٢-
ئەنجومەنی جەنگ

تازە رۆژ دادەهات، ئەفسەرە نوێکان هەڵبژێردران و هاتنە ناوەڕاستی ئۆردوگا و بڕیاریان دا نێشکچی بلاو بکەنەوە و ئەوانی دیکە بانگ بکەن بۆ کۆبوونەوە. پێشێ خیریسۆفۆس ئەم قسانەی کرد: سەربازینە ،گومان نییە کە ئێمە لە حاڵێکی سەخت داین. ئێمە چەند جەنەراڵ و کاپتن و سەربازێکی بە توانامان لەدەست چوو. هەروەها پیاوەکانی ئاریا کە لەلای مە بورن، ئێستا خیانەتیان لە مە کردووە، ئیتر هەر چۆنیك بیت ئەوەی ئێستا پێویستمانە بیکەین بۆ ئەوەی کە بەسەر گرفتەکانماندا زاڵ بین و لەهاتی کۆڵدان دەبی ئازایانە و سەربەرزانە سەرکەوین. هەر نەبی بمرین نەك بکەوینە بەردەستی دوژمن دەنا تووشی دەردێك دەبین کە تەنیا بۆ دوژمنانی دەخوازم.

پاش ئەمە کلینۆری ئۆرخۆمینۆس هەستا ئەم قسانەی کرد: سەربازەکان، بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن شا پیاوێکی بێسوێند و بێخودا دەرچوو. خیانەتی تیسا فەرنەسیشتان دیت، هەر ئەو بوو خۆی بە هاوسێی یۆنان دەزانی و دەیگوت گوایە پەرۆشی گەورەی بۆ ئێمە هەیە کە بە ساغی بگەڕێینەوە. لەو رێککەوتنەدا خۆی سوێندی خوارد و خۆی دەستی راستەی داینێ و خۆی فێڵی لە جەنەراڵەکان کرد و گرتنی و رێزێکی زۆر کەمی پیشاندا بەرانبەر زیۆس، چاودێری مەزنی میوانداریتی تەنانەت لە خواردنی جەمێکدا لەگەڵ کلیرخۆس بەشداری کرد کەچی هەر ئەو هەلکەوتەی بۆ گرتنی ئەوان قۆستەوە. ئینجا لەگەڵ ئاریا، کە نیازمان هەبوو بیکەینە شا، بەڵێنمان بە یەکتر دابوو خیانەت لە یەکتر نەکەین بەلام ئەویش بەبێ ئاوڕدانەوەیەك لە یادی کۆڕووش و بەبێ هیچ ترسێك لە خواوەندەکان ئێمەی بەجێ هێشت و رەگەڵ دوژمن کەوت و دەیوسیت زەبرمان لێ بدات. دوعا دەکەم خواوەندەکان ئەم شتانەیان لەگەڵدا بکەن

کە لێیان دەوەشێتەوە. سەبارەت ئێمەش دەبێ هیچیتر تەفرە نەدرێین و تا پێمان بکرێت شەڕی توند بکەین. جا ئەوەی ئاسمان دەیکا پێی رازی دەبین.

پاش ئەمە زینۆفۆن هەستا باشترین بەرگی پۆشتبوو. بیری کردبۆوە کە ئەگەر خواوەندەکان سەرکەوتنی پێ ببەخشن، سەرکەوتن شایستەی پیاوی زرێپۆشی قۆزە. دەنا ئەگەر بمرێت، مافی خۆیەتی لەکاتی مەرگدا باشترین بەرگی پۆشتبێت. قسەکانی بەم جۆرە کرد: کلینۆر باسی خیانەت و بێسوێندیی خەڵکە ناوچەییەکانی کرد، واش بزانم کەس لاریی لە قسەی ناکات، جا مەگەر زۆر بێ ورە بین تا دیسان باوەڕیان پێ بکەینەوە و بەچەشنی جەنەراڵەکانمان بکەین کە باوەڕیان پێ کردن و خۆیان خستە بەر دەستیان. بەڵام ئەگەر مەبەستمان بێت چەکی خۆمان لەدەست بگرین و پێیان بچێژین و لە ئایندەدا شەڕێکی بێهوودان لە دژیاندا بکەین، ئەوسا بە یارمەتی ئاسمانەوە ئومێدمان زۆرە کە سەلامەتییەکی سەربەرزانەمان پێ ببڕێت.

کە ئەم قسانەی دەکرد، یەکێك پشمی. کە سەربازەکان گوێیان لێ بوو، کەوتنە سەر ئەژنۆ و سەڵەواتیان بۆ خواوەندەکان بەرز کردەوە چونکە ئەمەیان بە نیشانەیەکی ئاسمانی دانا. زینۆفۆن بەردەوام بوو: سەربازان، وابزانم کەوا نیشانەیەك لەلایەن زیۆسی رزگارکەرەوە بە ئێمە گەیشت. ئێستا کە باسی رزگاربوون دەکەین وابزانم دەبێ خێر لەخۆمان بگرین کە ئەگەر گەیشتینە یەکەم جێگای ئاسوودە دەبێ یەکسەر شوکرانە بۆ خواوەند بکەین و بەگوێرەی توانا قوربانی بۆ خواوەندەکانی دیکە بکەین. ئەوەی بەم قسە رازییە با دەستی بلند بکات. هەموو دەستیان بلند کرد و سوێندیان خوارد و سرودی پایان خوێندرا.

کە رێورەسمە دینیەکان بەرێوە چوون، زینۆنۆفۆن دەستی پێ کردەوە و ئەم قسانەی کرد[1]: تازە دەمگوت کە ئێمە ئومێدمان زۆرە. یەکەم، ئێمە سوێندی خۆمان نەشکاندوە کەچی دوژمن بێسوێند بوون و ئاگربەستیشیان شکاند، ئەمە بای ئەوەیە کە باوەڕ بکەین خواوەندەکان دژی دوژمن دەوەستن و دەتوانن بێ دەسەڵاتێك بکەلە دەسەڵاتدار و بە ئاسانی خەڵکی لێقەوماو لە

[1] ئەم گوتارەی زینۆفۆن زۆر دوور و درێژە و باوەڕم وایە کە زۆری پێوەناوە.

مەترسی گەورە رزگار بکەن. دووەم، دەمەوێ بیرتان بێنمەوە چۆن باپیرەکانمان تووشی مەترسی بوونە و چۆن، بەیارمەتیی خواوەندەکانەوە، پیاوی ئازا رێگای خۆی بەنێو گەورەترین مەترسیدا دەردەکات. با لەبیرتان بێت چۆن فارس و هاوپەیمانەکانیان بە هێزێکی یەکجار زل هاتن وایاندەزانی دەتوانن ئەتینا لەسەر رووی زەمین بسڕنەوە، بەڵام ئەتینییەکان بای هەندە ئازا بوون کە بە تەنیا بەرەنگاریان بنەوە و بەزاندیانن. لەکاتی خۆیدا خێریان بۆ ئەرمیتیس لەخۆ گرت کە بەرانبەر هەر پیاوێکی کە لە دوژمن بکوژرێت یەك بزن بکەینە خێر. بەڵام چونکە هەندە بزنیان نەبوو، بڕیاریان دا ساڵانە ٥٠٠ بزن بکەنە خێر و تا ئەمڕۆش بەردەوامن. دوایە کە زەرکیس Xerxes لەشکرە گەورەکەی هێنا سەر یۆنان، باوکانی ئێوە باوکانی ئەو دوژمنانەیان لەسەر زەمین و لەدەریادا بەزاند، بەڵگەش بە بەڵگەی ئەو جامەیە کە هەمانە بەڵام بەڵگەی گەورەتر ئازادیی ئەو شارانەیە کە ئێمە تێدا لەدایك بووین و پەروەردە کراین کەوا ئێوە هیچ پیاوێك ناپەرستن تەنیا خواوەندەکان نەبێت. ئەوانەبوون ئەو پیاوانەی کە ئێوە کوڕیانن. پێش چەند رۆژێکیش ئێوە لەبەرەی شەڕ بوون دژبە کوڕانی ئەو کۆنە دوژمنانە و ئەگەرچی ژمارەیان جارەها لە ئێوە زۆرتر بوو، پشت بە خواوەندان ئەستور بەزاندتانن و لەو مەیدانەشدا ئازایەتیی خۆتان نواند بۆ ئەوەی کۆڕووش بکەینە شا. بەڵام ئەمجارە شەڕەکە بۆ ئاسوودەیی خۆتانە بۆیەش دوو هەندە ئازایەتی لە ئێوە رادەبینم. هەروەها دەبێ باوەڕتان بە خۆتان گەورەتر بێت لەچاو دوژمن. جاری پێشو ئێوە شارەزا نەبوون، واش هەر رووحی باوکەکانتان تێدا بوو و توانیتان بەرەنگاریان بینەوە. جا ئێستا کە شارەزایان بوونە، ئەوانە ئەگەر جارەهای جار لە ئێوە زۆرتر بن ئەو جەرگەیان نەماوە بەرەورووتان بوەستن.

ئایا چ هۆیەکتان ماوە بۆ ئەوەی ترستان نەشکێت؟ باوەڕ مەکەن کە ئێمە لەچاو ئەوان خراپترمان بەسەردا هاتووە بەهۆی کەوا خەڵکە ناوچەییەکانی کە لەلای خۆماندا بوون ئێستا لەگەڵ دوژمن وەستاون. ئەوانە نامەردترن لەوانەی کە بەزاندمانن، ئەوانە ئەم راستیەیان بەوە سەلمان کاتێك کە پشتی ئێمەیان بەردا. کەسانێکی کە لە یەکەم دەرفەتدا سەنگەر دەگۆڕن، باشتر ئەوەیە کە لە ریزی دوژمن بن نەك لە نێو ریزەکانی ئێمە.

ئەگەر کەسێکتان ورەی بەرداوە بەهۆی کەوا ئێمە هێزی سوارەمان نیە و دوژمن دەیان هەزار سوارەی هەیە، دەبێ بزانێت کەوا ١٠,٠٠٠ سوارە، واتە ١٠,٠٠٠ پیاو، دەنا لە شەڕدا کەس بە لوشکەی ولاغان نەکوژراوە. ئەوەی کە لە شەڕدا دەکرێت هەموو پیاو دەیکات، کەواتە لە کاتی پێشڕەوییدا ئێمە تەنیکی توندترین کەچی ئەوان لە ئاسمانن و لەسەر پشتی ئەسپەکانن، لە ئێمەش دەترسن و لەوەش دەترسن کە بکەونە خوار، کەچی ئێمە کە پێمان لەسەر زەوی چەقاندوە دەتوانین زەبری توندتر بوەشێنین. تەنیا یەك شت هەیە کە سوار تێدا بالادەستە ئەمەش ئەوەیە کە دەتوانێ زووتر هەڵێت!

گومان نیە کە دەبێ باوەڕتان لەشەڕدا گەورەتر بێت بەلام بێزارن کەوا لەمەوپاش تیزافەرنە ڕێگاتان پێشان نادات و شا ڕێ نادات خۆراك دابین بکەن. ئەگەر وایە کەواتە بیر لەوە بکەنەوە ئایا باشتر ئەوەیە دوژمنێکی وەکو تیزافەرنە ڕێنماییمان بکات یان ئەو ئەسیرانەی کە دەیانگرین و ناچاریان دەکەین ڕێگامان پێشان بدەن ئەوان ڕێگامان پێشان بدەن باشترە؟ ئەوانە دەزانن کە ئەگر هەڵەیەك بکەن ئەوسا بەسەر ژیانی خۆیاندا دەشکێتەوە. سەبارەت بە خۆراکیش، لەخۆتان بپرسن کامە باشترە، ئەوان ڕێگامان بدەن خۆراك بکڕین (کەوا زۆرکەس پارەشی نەماوە) یان باشتر ئەوەیە کە بیانبەزێنین و ئەوسا هەرکەس بە ئارەزوی خۆی پێداویستیەکان دابین بکات؟

لێرە هەست دەکەن ڕووباری بەرین پشتان لێ دەگرێت و ڕەنگە ناچار بین بچینە نێو بۆتەیەکی دوژمن. بەلام دەبێ ئەوەش بزانن کە دوژمن نەفامن، سەرچاوەی ڕووبارەکان لێرە نزیکن لەوێدا ئاوەکە یەك ئەژنۆ قولە، تەنانەت ئەگەر ئێمە نەتوانین ڕووبارەکان ببڕین و نەشتوانین کەس ڕێگامان پێشان بدات، ئەوانە بای ئەوەنین کە ورە بەردەین. خۆ خەڵکی میسیا لە ئێمە پیاوتر نین، واش هەر کۆمەڵێك شاری گەورەیان ئازاد کردووە لەنێو ولاتی شادا و دژ بە ویستی شادا. هەمان شت پیسیدیەکان کردوویانە و بەچاوی خۆمان ئەم ڕاستیانەمان دیت کە خەڵکی لیکۆنیا دەستیان بەسەر زەوی و زارێکی گەورەدا گرتووە و لێی دەخۆن. لەحاڵەتی ئێمەدا ناتوانم بڵێم بەم زوانە بەرێ دەکەوینەوە، تەنانەت دەبێ حیسابی خۆمان بکەین کە ڕەنگە ماوەیەك لێرە دابکوتین. لام مسۆگەرە کە شا هەموو ئەو ڕێناسانە دابین دەکات کە میسیەکان داوایان

ەردوون و بارمتەشیان دەداتێ وەکو گەرەنتی کەوا بەسەلامەتی دیانێرێتەوە بۆ وڵاتی خۆیان و ڕێگای ئەوهاشیان بۆ دروست دەکات ڕێگای عەرەبانەی چوار وڵاغیش داوا بکەن، هەر بۆیان دەکات. جا من تاکیدم کە ئەگەر شا بزانێت نیازی مانەوەمان لەمێشک دایە ئەوسا ئامادە دەبێت سێ هەندە بۆ ئێمە بکات.

بەڵام نا، من لەوە دەترسم ئەگەر لە ژیانی تێر و نەرم ڕاهاتین و حەزمان کرد کە ببینە هاورنشینی ژن و کچی میدی و فارسەکان ئەوسا وەکو گوڵەبەڕۆژە لەگەڵ خۆر بسوڕێین و گەڕانەوەمان لەبیر بچێتەوە[1]. بۆیە دەبێ یەکەم ئەرکی سەر شانمان ئەوە بێت کە بچینەوە یۆنان و پێشانیان بدەین چۆن خەڵکێکی خۆیان وا دەوڵەمەند بورنە. بۆ ئەوەی کە تێیان بگەیێنین کەوا لەو هەژاری و گرانییەی کە ئەوان تێدان، ئەمە شتێکە کە خۆیان هەڵیان بژاردوە. سەربازین، پێویست ناکا لێی قوڵ ببمەوە، دیار و ئاشکرایە کە ئەو هەموو شتە باشانە دەشێ بەدەست داگیرکەرێکی سەرکەوتو بکەون.

پێویستە مەسەلەی گەڕانەوە شی بکەمەوە کە چۆن بەباشترین شێواز بیکەین و ئەگەر توشی شەڕ بوین، چۆن باشترین ئەنجامی لێ دەرکەین. یەکەم پێشنیاز ئەوەیە کە هەموو عەرەبانە و ڕەشماڵەکان بسوتێنین تاکو ناچار نەبین بەدوا بارگینەکان بکەوین، بەڵکو کوێ باش بوو بەوێدا دەڕۆین، ڕەشماڵەکانیش بارمان گران دەکەن. هەروەها هەموو شمەکی نا پێویست لەکۆڵ بکەینەوە تەنیا چەك خۆراك و شمەکی ئاشپەزی. با زۆربەمان چەك هەڵگرین، تەنیا هەندێکمان بارەکان بەرن. دواتر کە دەیانبەزێنین ئەوسا هەموو شمەکی ئەوان بۆ مە دەبن و ئەوان بۆمان هەڵدەگرن.

---

[1] نایخۆم تاڵە. وەك بڵێی ژنە میدی و فارس وا لەبەر دەرگا بۆ زینۆفۆن وەستاون!. خۆی ڕاستیەك هەیە کە چۆن ئێستا گەنجی خۆمان چاوی لە شارستان و ئافرەتی ئەورووپایە، ئەوسا خۆرهەلاتی ناوەڕاست هەمان شت بوو. بەڵام ئەم قسەی زینۆفۆن وێڕای قسەکانی کە پێشتر باسی ئەوەی کرد گوایە (پیادە لە سوار باشترن)، دەیسەلێنن کە مەیلی زیادڕۆیی و خۆدەرخستنی هەبووە.

یەك شت ماوەتەوە باسی بکەم کە لەهەموو شتێك گرینگترە. بزانن دوژمن چۆن بیر دەکەنەوە. ئەوان دەستیان نەوەشاند تا زانیان کەوا جەنەراڵمان نەماون چونکە زانیان کە تا پابەندی جەنەراڵەکانمان ببین پێمان ناوێرن. ئێستا وادەزانن رابەرایەتی و پابەندیمان نەماوە، بۆیەش دەبێ جەنەراڵەکانی ئێستا پەرۆشێکی گەورەتریشیان هەبێت، وە ئەگەر یەکێك پابەندیی نەنواند دەبێ هەموو پشتی بەردەین و پێکەوە سزای بدەین، ئەمە دەبێتە مایەی گەورەترین خەفەت بۆ دوژمن چونکە لەباتی یەك کلێرخۆس ئەوسا تووشی ١٠,٠٠٠ کلێرخۆس دەبنەوە کە هیچیان چاوپۆشی لە بچووکترین رەفتاری ناسەربازییانە ناکات.

کاتی ئەوە هات کۆتایی بەقسەکانم بێنم. رەنگە هەرئێستا دوژمن بگەنە سەرمان. ئەگەر بە پێشنیازەکانی من رازین، با بەزووترین کات بەتێکرای سەربازەکان رابگەیێندرێت و زوو جێبەجێ بکرێت. وە ئەگەر کەسێك رایەکی باشتری هەیە لەوانەی کە من باسم کردن دەبا بای هەندە ئازا بێت کە باسیان بکا تەنانەت ئەگەر سەربازێکی بچووکیش بێت. ئاسوودەیی کە ئامانجی هەموومانە، دەبێ ئەرکی هەموومان بێت.

پاش ئەمە خیریسۆفۆس قسەی کرد: ئەگەر بمانەوێ هیچ مەسەلەیەك لەوانە زیاتر بکەین کە زینۆفۆن باسی کردن با بە یەك – دوو خولەك بیکەین. من دەڵێم دەنگدانێك لەسەر پێشنیازەکانی زینۆفۆن بکرێت کەوا ئەمە باشترین رێگایە. ئەوانەی پەسندی دەکەن با دەست بلند بکەن.

هەموو دەستیان بلند کرد و زینۆفۆن هەستایەوە ئەم قسانەی کرد: سەربازینە، گوێ لەم پێشنیازانەش بگرن کە دەمەوێ بیانخەمە روو. پێویستە بە رێگایەکدا برۆین کە خۆراکی تێدا دەسکەوێت. وابزانم چەند گوندێکی باش دوو فەرسەخ لێرەوە دوورن بەڵام رەنگە دوژمن وەك سەگی ترسنۆك رەفتار بکەن و هەرکەسێك بچێتە وێ دەیگەزن، کەچی ئەوەی راویان بنێت لەبەری هەڵدێن، بەسەیریشی نازانم کە لێرە رۆیشتین بەدوامان بکەون. رەنگە باشتر ئەوە بێت کە هۆپلیتەکان چوارگۆشەیەکی فەوارە بۆش پێك بێنن تا ئەوانەی کە بارەکان هەڵدەگرن، جەنەراڵ و خەڵکەکانی دیکە لەنێویدا ئاسوودەتر بن. ئێستا ئەگەر پێمان بگوترێت کێ لە پێشەر

بڕوات و هێزی پێشڕەوی ڕێك بخات و دەبێ کێ لەسەر باڵەکان بێت و کێ بەرپرسی پشتەوە بێت. ئەوسا ناچار نابین لەکاتی پەلاماری دوژمن ئەمانە بکەین، بەڵکو هەرکەس ئەرکی خۆی بەجێی دەگەیێنێت. ئەگەر کەسێك پێشنیازی باشتری هەیە با بیکات. ئەگەر نا، من دەڵێم با خریسۆفۆس لەسەر تاقمی پێشەوە بێت[۱]. ئەو باڵادەستیەکی هەیە کەوا سپارتییە. دوو جەنەراڵی بەتەمەنیش با لەسەر باڵەکانی ڕاست و چەپ بن و ئەوەی لە هەموومان گەنجترە، تیماسیۆن و خۆم، دەبێ بەرپرسی پاسەوانانی پاشەر بێت. ئەم پێشنیازە دەکەم وەکو پلانێکی کاتی. دواتر دەتوانین بزانین چ جۆر دەستکاری نەخشەکان بکەین بەگوێرەی بار و پێداویستیی کاتی خۆی. ئەگەر کەسێك پێشنیازی هەیە با بیخاتە ڕوو.

کە کەس لاریی نەبوو، زینۆفۆن گوتی: ئەوانەی ڕازین با دەست بلند بکەن. پێشنیازەکە پەسند کرا.

زینۆفۆن بەردەوام بوو و گوتی: ئێستا دەبێ بڕیارەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین. ئەو کەسەی دەیەوێ چاوی بە خزم و کەسی خۆی بکەوێتەوە دەبێ سەربازێکی ئازا بێت، ئەمەش تاکە ڕێگایەکی ئەو مەبەستەیە. ئەوەی ژیانی دەوێ با سەرکەوتن بکاتە ئامانج، تەنیا سەرکەوتووەکان دەتوانن خەڵکی دیکە ببەزێنن دەنا بەزیوەکان هەر دەکوژرێن. وە ئەوانەی پارەیان گەرەکە دەبێ هەوڵ بدەن شەڕ ببەنەوە. براوەکان نەك هەر ماڵی خۆیان لەدەست دەمێنێت بەڵکو دەتوانن ماڵی دۆڕاوەکانیش بخۆن.

[۱] وابزانم ئەمەش هەر یەکێکە لە زیادڕۆییەکانی زینۆفۆن. وای دیار دەخات گوایە خۆی سەرلەشکری نوێی دەستنیشان کردووە.

چاپتەر -٣-
لەژێر تیرباراندا

لە کۆتایی ئەم گوتارەدا هەستان ئاگر لە عەرەبانە و رەشماڵەکان بەردەن. کە کەسێك پێویستی بە شتێك دەبوو، لەنێوان خۆیان بەشیان دەکرد دەنا تێکرای شمەکەکانیان سووتاند. کە ئەمە کرا، نانیان خوارد. میترادیس بە ٣٠ سوارێکەوە هات داوای کرد جەنەراڵەکان لێی نزیك بینەوە و ئەم قسانەی کرد: برادەرە یۆنانیەکان، دەزانن کە من دڵسۆزی کۆرووش بووم و هێشتا برادەری ئێوەم. ئەگەرچی لێرەدا هەڵوێستی من مایەی دڵتەنگییە بۆ ئێوە بەڵام ئەگەر نیازتان هەیە ڕێگایەکی ئاسوودە بدۆزنەوە تاکو لێرە دەرباز بن، حەز دەکەم رەگەڵتان بکەوم. پێم بڵێن چ نیازێکتان هەیە، وا بزانن بە برادەرێکی رادەگەیێنن کە دەیەوێ لەم ڕێپێوانەدا لەگەڵتان بێت.

پاش گفتوگۆ جەنەراڵەکان بڕیاریان دا ئەم وەڵامەی بدەنەوە، خیریسۆفۆس بوو بە بێژەر[1]: ئەگەر ڕێگامان بدەن بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان ئەوسا بە کەمترین زیان گەیاند بەنێو وڵاتەکەدا تێدەپەڕین، دەنا ئەگەر ڕێگامان لێ بگرن ئەوسا بەوپەڕی توندی و بەشەڕ ڕێگای خۆمان دەکەینەوە.

میتراداتیس خەریك بوو پێیان بسەلمێنێ کە دەربازبوونیان ئومێدێکی نەبودەیە (موستەحیل). لەم قسانەشدا هەستیان کرد کە شا بۆ مەبەستێکی نهێنی ناردوویەتی، مسۆگەریشە کە تیزافەرنە جاسووسی لەسەر میتراداتیس داناوە. جەنەراڵەکان بڕیاریان دا کە بەبێ گفتوگۆ شەڕ بکەن چونکە باڵوێزەکانی شا دەیانویست یۆنانییەکان تەفرە بدەن. تەنانەت یەك لە کاپتنەکان، نیکارخۆسی ئەرکادی، بە خۆ و بە سەربازەکانیەوە هەڵات بۆ لای دوژمن.

پاش نانخواردن لە ڕووباری زاپاتاس پەڕینەوە و بەشێوازی جەنگی پێشڕەوییان کرد. بارگین و شمەکی ئۆردوگاکە لەنێو چوارگۆشەکە دانران و پێش ئەوەی شوێنەکە بەجێ بهێڵن میتراداتیس لەگەڵ ٢٠٠ سوار و ٤٠٠ تیرەنداز، چەکیان زۆر سووك بوو، بە شێوازێکی ئاشتیانە هاتە پێش

---

[1] بێژەری چی؟ جەنەراڵ خیریسۆفۆس پاش جەنەراڵ کلێرخۆس بوو بە سەرلەشکر.

کەچی هەرهەندە نزیك بوونەوە پیادە و سوارەکان تیریان هاویشت وێرای بەردی قۆچەقانی. هەندێك زیان بە یۆنانیەکان کەوت و بەتایبەتی پاسەوانەکانی پاشەر زیانێکی گەورەتریان پێ گەیشت، بەڵام نەیاندەتوانی تۆڵە بکەنەوە چونکە تیری تیرەندازە کریتیەکان هەندی تیری فارسەکان نەدەرۆیشت. هەروەها چونکە لە پیادە سووکەکان بوون، ئەوانە لەناوەندی چوارگۆشەکەدا پەنایان گرتبوو. سەبارەت بە رمب هاوێژەکانیش، ئەوانە رمبەکانیان نەدەگەیشتە بەردهاوێژە فارسەکان.

زینۆفۆن بیری کردەوە کە دەبێ بکشێنەوە بۆ دوا، ئەمەش بەو هۆپلیت و پەلتاستانە ئەنجام درا کە لەگەڵی بوون، واش هەر لە راوەکەدا نەیانتوانی یەك کەس لە دوژمن بگرن چونکە یۆنانی هێزی سوارەیان نەبوو، پیادەکانیش توانایان نەبوو بە پیادەکانی دوژمن رابگەنەوە، ئەوان پێش ماوەیەکی گونجاو هەڵدەهاتن و نەشدەکرا بەدوایان بکەون و لە لەشکر دابیڕێن. سوارەکانی دوژمن لە کاتی هەڵاتنیشدا پشتاوپشت تیریان دەهاویشت و هەندێکیان بریندار کردن[1]. هەروەها کە پیادە یۆنانیەکان راویان دەنان، دەبایە دواتر رێ و رێ بگەڕێنەوە و ئەنجام ئەوە بوو کە بەدرێژایی رۆژەکە تەنیا دوو فەرسەخ و نیویان بڕی. بەڵام هەر نەبێ پاش نیورۆکە گەیشتنە گوندێك.

لێرەشدا دیسان بێزاری بڵاو بۆوە. خیریسۆفۆس و جەنەراڵە پیرەکان گلەییان لە زینۆفۆن کرد کەوا دوژمنی راو نابوو دوور لە لەشکرەکە و نەشیتوانیبوو هیچ زیانێکیان پێ بگەیێنێت. زینۆفۆن گوێی لە رەخنەکان راگرت و دانی نا کە رەخنەکان بەجێن و دایە دەستیان کە قسەکانیان بکەن واش هەر ئەم قسانەی کرد:

که دیتم زیان به ئێمه دەگێین ناچار بووم وابکەم کە بکشێنەوە و دەستمان پێکرد دووریان بخەینەوە. قسەکەتان راستە، نەمانتوانی زیانیان پێ بگەیێنین و زۆر بە سەختی توانیمان بگەڕێنەوە. دەبێ سپاسی خواوەندەکان بکەین کە ژمارەیان کەم بوو دەنا زەبرێکی گەورەتریان دەوەشاند. ئەوانە پێشانیان داین کەموکورییەکانمان لە کوێن. ئێستا، مەودای تیرەندازی دوژمن لە مەودای

[1] شایانی گوتنە کە هێزەکانی مەغۆلیش دوژمنیان بۆ مەیدانێك رادەکێشا و پشتاوپشت تیربارانیان دەکردن تا تەنك دەبوون ئەوجار بۆیان دەگەڕانەوە و قەلاچۆیان دەکردن.

تیرەندازە کریتییەکانە ئێمە درێژترە، بەردهاوێژەکانیش هەمان شتن بەرانبەر رمبهاوێژەکانی مە، هەروەها کە پاشەکشەیان پێ دەکەین ناکرێ زۆر بەدوایان بکەوین دوور لە لەشکر، کە نزیکیش دەبیتەوە ناتوانین بە پیادە سوروکەکانی دوژمن رابگەین، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوان پشتاوپشت تیر دەهاوێن.

بۆیە دەبێ بەزووترین کات سوارە و قۆچەقانی دابین بکەین، بیستومە هەندێك رۆدی (خەڵکی رۆدس) هەن ئەوانە دەزانن چۆن قۆچەقانی بەکار بێنن، لەنانەت بەردیان دووهەندی فارس دەڕوات. بەردهاوێژەکانی فارس دوور ناهاوێن چونکە بەردیان هەندی مستێك گەورەن و بەکەڵکی هاویشتن نایەن، بەلاّم رۆدییەکان گوللەی مس بەکار دێنن.

کەواتە ئەگەر بزانین کێ لەم لەشکرەدا قۆچەقانیی هەیە و پارەش بدەینە کەسانێکی کە ئامادەبن گوللە کۆ بکەنەوە ئەوسا خەڵکێك بۆ ئەم ئەرکانە دێنە پێش. هەروەها هەندێك ولاّغمان هەیە، هەندێکیان هی خۆمن و هەندێکیان هی کلێرخۆس بوون وا ئێستا بۆ بار بەکار دێن، جا ئەگەر باری هەندێکیان بخەینە سەر ئەوانی دیکە رەنگە ئەوسا گرفتێك بۆ دوژمن دروست بکەین.

چاپتەر -٤-
تیزافەرنە راویان دەنێت

بۆچونەکە پەسند کرا و ئەو شەوە نزیکەی ٢٠٠ بەردهاوێژ هاتنەپێش، شەوی دواتر ٥٠ سوارە ساز کران. یەلەگی چەرم و زرێی سینگیان وەرگرت. لینیسیۆس کوڕی پۆلیستراتۆس، ئەتینی بوو، رابەرایەتی سوارەکانی دەکرد.

رۆژێك لەوێ مانەوە و رۆژی دووەم زووتر هەستان چونکە ئاوێك لەوێ هەبوو دەبایە لێی بپەڕنەوە. دەترسان کە لەکاتی پەڕینەوەدا پەلامار بدرێن. لەشکر بە پەڕینەوە راگەیشتن پێش ئەوەی کە میثراداتیس پەیدا ببێتەوە، ئەمجارە ١٠٠٠ سوار و ٤٠٠ تیرەنداز و بەردهاوێژی لەگەڵ بوو. ئەو هێزەی لە تیزافەرنە وەرگرتبوو، باوەڕیشی بەخۆی پەیداکردبوو بەهۆی هێرشەکانی پێشوو کە توانیبوی بە هێزێکی بچووکەوە زەبری کاریگەر لە یۆنانییەکان بدات.

یۆنانیەکان فەرسەخێك لە ئاوەکە دوور کەوتبوونەوە کە میثراداتیس و هێزەکەی پەڕینەوە. یەکسەر فەرمان بە هۆپلیت و پەلتاستەکان درا کە دەبێ دوژمن دوور بخەنەوە و بە سوارەکانیش گوترا کە دەبێ پشتیوانی لەم هێزە بکەن. کە میثراداتیس و تیرەندازەکان نزیك بوونەوە، شەیپوور ژەنرا و بە یەك تەن (یەك پارچەیی) هێرشیان کرد. دوژمن نەوەستا تا نزیك دەبنەوە و یەکسەر کشانەوە بۆ لای ئاوەکە. لەم هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژرا و ١٨ سوار بە زیندویی گیران. سەربازە یۆنانیەکان لەخۆڕا تەرمی کوژراوەکانیان پارچە کرد تاکو چاوترسیان بکەن.

پاش ئەم بەزینە دوژمن کۆڵیان دا و یۆنانی بە ئارامی رۆیشتن تا گەیشتنە رووباری دیجلە. شارێکی گەورە، بەلام چۆڵ کراو، لەوێ هەبوو بەناوی لاریسا کە لەسەردەمی کۆندا میدی تێیدا دەژیان. دیواری هەبوو ٢٥ پێ بەرین و ١٠٠ پێ بەرز بەدرێژایی بازنەیەکی شەش فەرسەخ. بناخەکە بەرد بوو، بەشی سەرێش کەرپوچ بوو. ئەو کاتەی کە فارس دەستیان بەسەر ئیمپراتۆرییەتی میدیدا گرتبوو، شای فارس گەمارۆی دابوو بەلام نەیتوانیبوو بیگرێت. هەورێك

بەسەر شارەکەدا هات بزری کرد، خەڵکەکەش چۆڵیان کرد ئینجا شارەکە گیرا. هەرەمێکی بەردین هەبوو لە نزیك شارەکە، ١٠٠ پێ پان و ٢٠٠ پێ بەرز بوو، خەڵکێکی زۆر لەم شارە و گوندەکانی نزیك خۆیان لەوێ شاردبۆوە.

لێرەوە بە یەك ڕۆژ ١٨ فەرسەخیان بڕی بۆ شارێك بەناوی میسکیلا Mescila کە لەسەردەمێکدا میدیی تێدا دەژیا[1]. بناخەی شارەکە لە جۆرە بەردێکی گەش دروست کرابوو وردە قەپێلکی قەوغە (قوقع) ی تێدابوو. ٥٥ پێ بەرین و ٥٠ پێ بەرز، لەسەرێش دیوارێکی کەرپووچ دروست کرابوو بە پانایی ٥٠ پێ و بەرزایی ١٠٠ پێ و درێژی هەشەت میل. گوایە کە ئیمپراتۆریەتەکەیان لەدەست چووە، ژنی شاهەکەیان پەنای بۆ ئێرە بردووە و کە شای فارس گەمارۆی داوە، نەبە هێرش و نەبە چاوەڕێکردنێکی درێژ پێی نەگیراوە، بەڵام زیۆس بروسکێکی لەشارەکە داوە، خەڵکە هۆشایان نەماوە و لە شار دەرپەڕیون. شارەکە بەم جۆرە گیراوە[2].

پاش ئەوە بە یەك ڕۆژ ١٢ فەرسەخ بڕا و لە ڕێگادا تیزافەرنە بەدەرکەوت. سەرباری هێزی خۆی هێزەکەی ئۆرۆنتایش، زاوای شا، و هێزەکەی کە لەگەڵ کۆڕووش هاتبوون و هێزەکەی

---

[1] دوور نیە شاری مووسڵ بێت. شایانی گوتنە کە نێستاش گۆران و شەبەك لەدەوری مووسڵ دەژین. باوەڕم وایە کە لەهجەکانی ماچۆ (وەکو هەورامی و شەبەك و زازا) ئەوانە پاشماوەی میدیەکانن، دەنا زمانە کرمانجیەکان (کرمانجی سەروو و خواروو) پاشماوەی میدیا نین بەڵکو پاشماوەی عەشایەری ساکاییەکایین (ساکا، سکیت، اسکیت، هتد) ناویان لە مێژوودا بە چەندین جۆر هاتووە. عەشایەری ساکا لەگەڵ سەکسۆنیەکان (ئەڵمان و ئینگلیز) خزمایەتیان هەیە و لە میدی و فارسەکان جودان، بەڵام ئەوەیە کە تێکەڵاویەکی زمانەوانیی توندمان لەگەڵ پاشماوەکانی فارس و میدیا پەیدا کرد بە تایبەتی پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی چونکە بەو ڕووخانە ڕێگا بۆ سێ قۆڵ لافاوی عەشایەری خۆش کرا بەسەر بانی ئێران و زاگرۆس و عیراقدا بگەڕێن.

- یەکەم، عەشایەری عەرەب لە بیابانی شامەوە بەرەو عیراق.
- دووەم، عەشایەری کرمانج (کورد-ماد) لە قەفقاسەوە بەرەو ئازەربایجان و زاگرۆس.
- سێیەم، عەشایەرەکانی ئاسیا (تورك و مەغۆل) کە لە ئەنجامدا هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان.

[2] ئەمە تەفسیرێکی ئەفسانەییە لە خەڵکی ناوچەکەی بیستووە.

براکەی شا وێڕای هەموو هێزەکانی کە شا ناردبورنی هەموو هاتبوون، بەوەش لەشکرەکەی تیزافەرنە دیمەنێکی یەکجار گەورەی هەبوو. کە هات، هێزێکی نارد بۆ لای ریزەکانی پشتەوەی یۆنانیەکان و ئەوانی دیکە بەدەوری باڵەکاندا سوڕاندەوە، بەلاّم نەوێرا هێرشێکی راستەوخۆ بکات. لەباتی ئەوە فەرمانی دا پیاوەکان تیر و بەرد بهاون. رۆدییەکان لەنێو ریز یۆنانییەکاندا بلاّو کرابوونەوە، قۆچەقانییان بەکار هێنا و تیرەندازەکانیش تیریان هاویشت و کەسیان تیرێکی بە فیڕۆ نەدا (لەراستیدا هەنگەوتنیان زۆر ئاسان بوو). ئیسافەرنیس و لەشکرەکەی کشانەوە.

لە پاشماوەی ئەو رۆژەدا یۆنانیەکان دەرۆیشتن و فارس بەدوایانەوە بوون. لەوساوە شەڕی دووربەدووریان پێڕەو نەکردەوە چونکە مەودای بەردی رۆدییەکان لەمەودای وان درێژتر بوو. فارس کەوانی گەورەیان هەبوو، جا تیرەکان هەڵدەگیرانەوە و بەکەڵکی تیرەندازە رۆدییەکان دەهاتن کەوا دەستیان زۆر بەرز دەکردەوە و تیریان بەرەو هەرە دوور دەهاویشت. هەروەها لە گوندێکدا هەندێك ژێی کەوان و هەندێك مس دۆزرایەوە کە بەکەڵك دەهاتن.

یۆنانیەکان گەیشتنە گوندێك و ناوچەییەکان کشانەوە پاش ئەوەی کە لەم رۆژەدا تووشی بەدترین شەڕی دووربەدووری ببوون. یۆنانی رۆژی دوەمیان لەو گوندە بەسەر برد، خۆراك زۆر بوو. رۆژی دواتر بەنێو دەشتەکەدا کەوتنە رێپێوان و تیزافەرنە بەدوایانەوە بوو دوور بەدووری پەلاماری دەدان. لەم شوێنەدا یۆنانی گەیشتنە باوەڕێك کە ئەم سیستەمە چوارگۆشەییە کەڵکی نەماوە، فارس لە پشتەوە پەلاماریان دەدان و کە دەگەیشتنە تەنگەبەرێك یان کە لە پردێك دەپەڕینەوە یان کە بە دۆڵێکی تەسکدا دەرۆیشتن باڵەکانی چەپ و راست ناچار دەبوون وێك بێنەوە و دەبوو بە قەرەباڵغایی و پشێوی و هۆپلیتەکان بێکەڵك دەبوون. ئینجا کە باڵەکان لێك دەکشانەوە دەبایە خێرا بلاّو ببنەوە و ناوەندەکش پڕ نەدەکرایەوە، لەو حاڵەتشدا کەوا دوژمن لەدوایان دان تووشی بارگرانییەکی زۆر دەهاتن. جا لە هەر جارێکدا رێگاکە تەسك دەبۆوە پیاوەکان بە ڕاکەڕاکە دەپەڕینەوە. ئەمە دەرفەتێکی باشی دەرەخساند بۆ دوژمن کە هێرش بکات.

جەنەراڵەکان هەستیان بەم راستییە کرد، هەستان شەش تیپیان پێك هێنا هەر یەك لە ١٠٠ کەس، ئەممەش بەش دەکران بۆ تاقمی ٥٠یی ئینجا ٢٥ی. کاپتنیان بۆ تیپەکان دانا، هەرکاتێك

باڵەکان وێك هاتبانەوە ئەم ئیانە لەملا ئەولا رادەوستان تا قەرەباڵغایی دروست نەبێت. ئینجا کە باڵەکان لێك دەکشانەوە، تیپەکان بە ڕێزی ٦ی و ١٢ی و ئەگەر لە پێشەوە بان بە ریزی ٢٥ی ناوەندەکەیان پڕ دەکردەوە. بەمە ناوەندی چوارگۆشەکە هەمیشە بە پڕی دەمایەوە و لەهەر شوێنێکدا تووشی پرد و تەنگەبەر هاتبان کاپتنەکان شێوازی خۆیان تێك نەدەدا و هەمیشە ئامادە و دەستبەکار دەبوون.

بەم شێوازە چوار رۆژ بەڕێوە بوون. لە رۆژی پێنجەمدا شتێکیان دیت وەك تەلارێك بوو، چەند گوندێکیش لەدەوریدا بڵاو ببوونەوە. رێگا بە زەوییەکی بەرزدا دەرۆیشت بە کەنار گردەکانی بناری چیاکە، ئەوەی کە گوندەکەی لێ بوو. بەڵام کە لە گردی یەکەم ئاوابوون و ویستیان بەسەر گردی دووەم هەڵگەڕێن دوژمن هێرشی کرد، لەسەر بەرزاییەکانەوە بە تیر و بەرد دایانگرتن و ژمارەکیان بریندار کرد. پەلتاست لەنێو هۆپلیتەکان چەقیبوون، بەردهاوێژ و تیرەندارەکان لەنێو چوارگۆشەکەدا بڵاو ببوونەوە و کەڵکیان نەمابوو. کە هۆپلیت ویستیان هێرش بکەن، پێیان نەکرا بەسەر هەورازەکە بکەون و پەلتاستەکانی دوژمن زوو کشانەوە. ئینجا کە گەڕانەوە نێو لەشکر ئەوسا وەکو جاری یەکەم زیانیان پێ گەیشت. لە گردی دوەمیشدا هەمان شت رووی دا، بۆیە بڕیار درا نەهێڵن بەسەر گردی سێیەم هەڵگەڕێن. پێشێ هێزێکی پەلتاستیان ناردە سەر بەرزاییەکەی باڵی راست. پەلتاستەکان جێگەیەکی بەرزیان داگیر کرد بەسەر دوژمندا دەیڕوانی. دوژمن وازیان هێنا، ترسیان هاتێ کە گەمارۆ بدرێن. ئەو رۆژەیان ئەوها بەسەر برد، لەشکرەکە بەسەر گردەکاندا دەرۆیشت و هێزێکیش بە بناری چیاکەدا دەچوو تا گەیشتنە گوندێك، لەوێ هەشت دکتۆریان لەسەر برینداەکان دانا.

سێ رۆژ لەوێ مانەوە هەم لەبەر بریندارەکان و هەم بەهۆی کەوا خۆراکێکی زۆر لەوێ دەست دەکەوت، ئاردی گەنم و شەراب و کوڵجی و ئالیك. ئەم تفاقە بۆ شارەوانی ناوچەکە دالرابوو.

لە رۆژی چوارەمدا بۆ نێو دەشتەکە شۆڕ بوونەوە و تیزافەرنە پێیان راگەیشت. دەرسیان وەرگرتبوو کەوا یەکسەر خۆ لە نزیکترین گوند قایم بکەن نەوەکو جاران کە لەلایەکەوە رێگا ببڕن و لەلایەکی دیکەوە بەرگری لەخۆ بکەن، ئەوش چونکە بریندارانیان زۆر بوو. ئەوانەی کە

بریندار ببوون و ئەوانەی کە هەڵیان دەگرتن و ئەوانەی چەکی بریندار و یاوەری بریندارەکانیان هەڵدەگرت، هەموو کەڵکی شەڕیان نەمابوو. واش هەر کە گەیشتنە گوندەکە و دوژمن هێرشی کرد، یۆنانیەکان لەشەڕی دووربەدووردا زۆر باشتریان پێ کرا. جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی یەکێك لە ماڵی خۆی را هێرش بەرێت لە چاو ئەوەی کە بەرێگادا برۆات و دوژمن بەدوایەوە بێت.

ئێستا کە یۆنانی زانیان وا دوژمن خەریکن بۆ مانەوەی شەو خۆیان داکەن، یۆنانیەکان بە دەنگی بەرز فەرمانیان بلاّو کردەوە کە هەموو بەخۆکەون. دوژمن دیسان راسانەوە و تا درەنگ لە حاڵەتی ئامادەباشی مانەوە. ئەوسا ماندوو بوون و گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکەیان.

یۆنانی گومانیان نەما کەوا دوژمن بۆ حەسانەوە داکەوتون، بارگەیان تێك نا و بەرێ کەوتن، شەش فەرسەخیان بری. ئەم رێپێوانە وای کرد کە دوژمن تا سێ رۆژ سۆراغی نەبێت، لە رۆژی چوارەمدا دوژمن پێشیان بە یۆنانیەکان گرت و لەسەر جێگەیەکی بەرز دامەزران. شوێنەکەیان چیایەکی بەرز بوو بەسەر ناوچەکەدا دەیڕوانی. خیریسۆفۆس کە دیتی وا بەرزاییەکە داگیر کراوە بەدوا زینۆفۆنی دا نارد کە پەلتاستەکان بێنێتە لای پێشەر. زینۆفۆن کە هێزەکانی تیزافەرنەی دیت وا خیریسۆفۆس لەبەرانبەریان وەستاوە برسی : بۆچی بانگم دەکەیت؟ خیریسۆفۆس وەلاّمی دایەوە کە بەباشی نەزانیوە پشتی لەشکرەکە چۆڵ بکات. بەلاّم بەراستی کاتی ئەوە هاتووە گردەکەیان پێ چۆڵ بکەن.

لەم کاتەدا زینۆفۆن دیتی کەوا لوتکەی چیاکە لەو پانتایە بەرزتر بوو کە دوژمنی لەسەر وەستابوو، گوتی: خیریسۆفۆس، باشترین شت ئەوەیە بەخێرایی بگەینە سەر لوتکەکە، ئەوسا ئەوان یەکسەر جێگەیان چۆڵ دەکەن. ئەگەر حەز دەکەی تۆ لەگەڵ لەشکرەکە بمێنە، من بە خۆبەخش دەچم. یان ئەگەر حەز دەکەی تۆ برۆ، من لێرە چاوەڕێ دەکەم. خیریسۆفۆس گوتی: بە ئارەزوی خۆت بکە.

زینۆفۆن بریاریدا خۆی پێشڕەوی بکاتە سەر چیاکە چونکە خۆی گەنجترە، بەلاّم داوای لە خیریسۆفۆس کرد هەندێك چەکداری پێشەری بداتێ چونکە تا دەچێتە پشتەوە ماوەیەك دەبات. خیریسۆفۆس پەلتاستەکانی دایێ و پەلتاستەکانی ناوەڕاستی لەشکرەکەی هێنا بۆ شوێنی وان.

ئەوجار خێرا کەوتنە رێ بەلاّم کە دوژمن دیتیان ئەوانیش بەرەو لوتکەکە چوون و بوو بە پێشبرکێ. هاوار و هەرا لە هەردووك لەشکر بلّند بۆوە و هەرکەس تاقمی خۆی هان دەدا کە زووتر بگەنە سەر لوتکەکە. زینۆفۆن لەسەر پشتی ئەسپ بەنێو چەکدارەکاندا رۆیشت هانی دەدان: سەربازان، وابزانن کەوا لەپێناو یۆناندا ئەم شەڕە دەکەن، وا بزانن بەرەو ژن و منداڵی خۆتان دەچنەوە، ئەگەر هەندێك گورج بن دەتوانن بەبێ تەگەرە بیبڕن.

سۆتەریداس Soteridas، پیاوێك بوو خەڵکی سیکیۆن Sicyon گوتی: زینۆفۆن، ئێمە وەکو یەك نین، تۆ سواری و من ئەم قەڵغانە قورسەم پێە. کە زینۆفۆن ئەم قسەی بیست، لە ئەسپەکە دابەزی و سۆتەرادیسی لە ریزەکە دەرهێنا، قەڵغانەکەی لێ ستاند و بەغار بۆ پێشەوە چوو، خۆو بەخت زرێی سوارەکانیشی لەبەردا بوو، ئیتر بەو هەموو قورساییەوە سەربازەکانی هان دەدا کە گورج بن و سەربازەکانی دوای خۆیان هان بدەن کە پێی رابگەنەوە، کەچی خۆی دوا دەکەوت واش هەر سەربازەکان لە سۆتەریداسیان دا و بەردیان تێگرت و جنێویان پێ دا تا هەستا قەڵغانەکەی خۆی وەرگرتەوە کەوتەوە رێ.

زینۆفۆن سوار بۆوە و بەپێشیان کەوت تا گەیشتنە شوێنێك کە هیچیتر ئەسپ رێگای نەبوو بڕوات. لەوێ دابەزی و غاری دا، ئیتر پێش دوژمن گەیشتە سەر لوتکەکە.

چاپتەر -٥-
لەنێوان دیجلە و چیاکاندا

دوژمن گەڕانەوە و هەرکەس بەلایەکدا هەڵات یۆنانیەکانیش لوتکەکەیان داگیر کرد. لەشکرەکانی تیسافەنیس و ئاریا ڕێگایان چۆڵ کرد و بە لایەکی دیکەدا ڕۆیشتن. پیاوەکانی خیریسۆفۆس هاتنە خوارێ بۆ نێو دەشتاییەکە و چونە گوندێك پڕبوو لە شتی باش. ئەو ناوە لە دیجلە نزیك بوو و کۆمەڵێك گوندی تر هەبوون هەموو بە هەمان شێوە خۆراکی باشیان لێ بوو.

بەڵام پاش نیوەڕۆ دوژمن لەناکاو پەیدابوو، هەندێك لە یۆنانیەکانی دابڕی ئەوانەی بڵاو ببوونەوە و خەریکی تاڵانکاری بوون، دەستیان بەسەر هەندێك گاڕاندا گرتبوو لەوبەری ڕووبارەکە. تیزافەڕنە و پیاوەکانی ویستیان گوندەکان بسوتێنن بەوەش هەندێك لە یۆنانییەکان سەغلەت بوون چونکە پەرۆشیان بوو کە ئەگەر گوندەکان بسوتێن ئەوسا خۆراکیان دەست ناکەوێت.

خیریسۆفۆس و پیاوەکانی تازە لە دەشتەکە گەڕابوونەوە بۆ ڕزگارکردنی پیاوە دابڕاوەکان، زینۆفۆن لە گردەکە هاتە خوار و تووشی ئەم تاقمە بوو و گوتی: یۆنانیەکان، ئایا دەبینن، ئەوانە دان بەوە دەنێن کە ئەمە خاکی خۆیان نیە بەڵکو هی خۆمانە. کاتی کە گفتوگۆیان دەکرد زۆر مەراقیان بوو گوندەکانی شا نەسوتێن، کەچی ئێستا وا خۆیان ئەو گوندانە دەسوتێنن وەك بڵێی هی خۆیان نین. جا ئەگەر لەوان خۆراکیان لەشوێنێك دانابێت ئەوسا ئێمەش دەچینە ئەو شوێنە. بەڕاستیمە خیریسۆفۆس، با ئەو مڵکانە بە هی خۆمان دابنێین و نەهێڵین بسووتێن.[١]

---

[١] ئەم تێبینیەی زینۆفۆن زۆر گرینگە و دیاری دەخات کە میدیەکان لە باکووری مووسڵ نەژیاون و بە وڵاتی خۆیان نەزانیوە. ئێستاش ئەم جیاوازیە ماوە لەنێوان ناوچەکانی زابی گەورە و دەوروبەری مووسڵ کە شەبەك و گۆرانی لێیە، کەچی لە باکووری مووسڵەوە بەرەو سەر ئێزدی و کرمانج (کرمانجی باکوور) بڵاوبوونەتەوە.

خیریسۆفۆس گوتی: زینۆفۆن، باوەڕ ناکەم، بەڵام دەزانی چی؟ با لە سووتاندا یارمەتیان بدەین. ڕەنگە ئەوسا زووتریش بوەستن.

کە گەڕانەوە جێی خۆیان جەنەراڵ و کاپتنەکان کونگرەیەکیان بەست، ئەوانی دیکە خەریکی شمەك و خۆراك بوون. ئێستا کەوتبوونە بارێکی زۆر تەنگ، لە لایەکیان چیای زۆر بەرز هەبوو، لایەکی دیکەشدا ڕووبارێکی قووڵ کە خۆیان لە ڕووبارە دەدا ڕمیش نەدەگەیشتە بنەکەی ئیتر جەنەراڵەکان نەیاندەزانی چ بکەن. پیاوێکی ڕۆدیسی هاتە پێش و گوتی: ئەگەر شتم بۆ دابین بکەن دەتوانم وا بکەم هەر جارە بە تاقمی ٤٠٠٠ کەسی بپەڕنەوە. بەڵام دەبێ یەك تاڵەنت بەمن ببەخشن.

کە لێیان پرسی چیی پێویستە؟ گوتی: پێویستم بە ٢٠٠٠ کەوڵە بەرخ و بزن و گا دەبێت، ئەگەر فوو بدرێن و تێك ببەسترێنەوە ئەوسا بەئاسانی دەپەڕینەوە. هەروەها پێویستم بە گوریس و تەنگەی بارەکان دەبێت ئەوانەی کە لە سندووق و باوڵەکان بەستراون. باوڵەکان تێك دەبەستم و بە بەرد قورسیان دەکەم تا ئاو نەیانبات، ڕایاندەکێشم و لەمبەر لەوبەری ڕووبارەکە قایم دەکرێن، ئینجا دار و چیلکەیان لەسەر دادەنێم و بەخۆڵ سەریان دادەپۆشم. لاتان مسۆگەر بێت کە هیچ مەترسییەکی نیە.

جەنەراڵەکان گوێیان گرت، بەڵام بیریان کردەوە کە پلانەکە جێ بەجێ ناکرێت چونکە سوارەکانی دوژمن لەوبەر ژمارەیان زۆرە و ناهێڵن ئیشەکە ئەنجام بدرێت.

ڕۆژی دواتر گەڕانەوە سەر ڕێگا کۆنەکەی دوێنێ کە گوندێکی نەسووتاوی لێ بوو. گوندەکانی دیکە سووتابوون، دوژمنیش لەدوورەوە هاتووچۆیان دەکرد لەو شوێنانەی کە باوەڕیان وابوو ڕەنگە یۆنانیی پێیدا بڕۆن. جەنراڵەکان کۆبوونەوەیەکی تریان بەست، ئەسیرەکانیان هێنا کە هەندێك زانیاری دەربارەی ئەو وڵاتەی دەوروبەریان وەربگرن. وەڵامەکان ئەمە بوون کە وڵاتی باشوور ڕێگای بابل و میدیایە کە هەر ئەم ڕێگا بوو پێدا هاتبوون. ڕێگای خۆرهەڵات دەگەیێنێتە سوسە و ئەکبەتانە کە دەڵێن هاوینە هەواری شاهن. ئەگەر کەسێك ڕووبارەکە ببڕێت بەرەو خۆرئاوا، ڕێ بەرەو لیدیا و ئایۆنیا دەڕوات. ڕێگای باکووریش بەودیوی چیاکاندا دەچێتە نێو کاردوخییەکان. گوتیان ئەو خەڵکە لە چیاکاندا دەژین و زۆر

..ەرانگێزن و سەر بە شا نین. لەراستیدا جارێکیان لەشکرێکی ١٢٠,٠٠٠ پیاوی شا چوونە نێو ولاتەکەیان و یەك کەس لێی دەر نەچوو[1] بەهۆی سروشتی یەکجار سەختی ئەو خاکە، واش هەر لە دەرفەتی دیکەدا لەگەلْ شارەوانی ناوچەکە، ئەوەی دەشتەکە کۆنترۆلْ دەکات، گەیشتنە رێککەوتنێك. لەوساوە پێوەندییەکی دووسەرە لەنێوان کاردۆخی و ئەواندا هەیە.

جەنەراڵەکان گوێیان لەم راپۆرتانە گرت و ئەوانەی شارەزاییان هەبوو هەریەك لەو بەخسیرانەیان بۆ لایەك جودا کردەوە و پێشانیان نەدەدان نیازی کام رێگایان هەیە. هەرچۆنێك بێت بیریان کردەوە کە دەبێ ولاتی کاردۆخی لەودیوی چیاکان داگیر بکەن چونکە، بگوێرەی ئەسیرەکان، ئەگەر لەو خەلکە تێپەڕ بن ئەوسا دەگەنە ئەرمینیا کە ولاتێکی گەورە و دەولەمەندە و لەژێر حوکمی ئۆرۆنتاە. یەخسیرەکە گوتی لەوێڕا دەتوزانن بە ئاسانی بۆ هەر لایەك بڕۆن.

خێر و قوربانییان کرد بۆ پیرۆزکردنی پرۆژەکەیان تا یەکسەر دەست بە رێپیوان بکەن. دەترسان کە رێگای چیاکەیان لێ گیرابێت جا فەرمانیان دەرکرد کە پاش نانی ئێوارە هەموو شمەکیان خڕ بکەنەوە و ئامادەبن.

---

1 دیسان دەبینین کە ژمارەکە جێی باوەڕ نیە.

بابەتی چوارەم
رێپێوان بەرەو دەریا

چاپتەر -١-
بەرەو کوردستان

لەگەڵ دوا نۆرەی خەفەر کە ئاسمان هێشتا تاریك و رۆن بوو بای ئەوەی کە دەشتەکە بەتاریکی ببڕن، هەستانەوە و ئاماژەیان دا کە بەرەو چیاکە بڕۆن و، بەری بەیانی پێی گەیشتن. خیریسیۆفۆس لەگەڵ هێزی خۆی و تێکڕای هێزە سووکەکان پێشڕەوی دەکرد. لە کاتی پێهەڵگەڕاندا وا دیار بوو هیچ مەترسی لە ئارادا نەبێت کە لەدواوە پەلامار بدرێن.

پێش ئەوەی دوژمن هەست بە هیچ شتێك بکات خیریسیۆفۆس گەیشتە سەر لوتکەکە و راستە و راست رۆیشت. کە لەشکرەکە رێگاکەیان بڕی، بەدوای کەوتن بۆ نێو کۆمەڵە گوندێك کە لە دۆڵەکانی بنارەکە بڵاو ببوونەوە. کاردۆخییەکان یەکسەرماڵەکانیان چۆڵ کرد و یەکسەر بە ژن و منداڵەوە هەڵاتن بۆ چیاکان. خۆراکێکی زۆر مابۆوە بۆ یۆنانیەکان، هەروەها شمەك و مۆبیلیای نێو ماڵەکان زۆر جوان بوون. یۆنانیەکان هیچ شتێکیان دەستکاری نەکرد و بەدوایان نەکەوتن، ویستیان بە نەرمی رەفتاریان لەگەڵدا بکەن چونکە کاردۆخی دوژمنی شا بوون، ئومێدیان کرد کە رەنگە حەز بکەن بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە وڵاتەکەیان رەت بن، بەڵام خۆراك شتێکی پێویست بوو و هەرچی دەستیان گەیشتێ لە خۆراك هەموویان برد. کاردۆخییەکانیان بانگ کرد، ئەوان گوێیان نەدا و هیچ ئاماژەیەکی دۆستانەیان دیار نەخست[1].

---

[1] بەشێکی زۆر لە گەنجەکانمان بەدبەختی کورد دەخەنە ئەستۆی شێخ محمودی حەفید گوایە تۆقەی لەگەڵ ئەفسەرێکی ئینگلیز نەکردووە و دەڵێن بۆیە (دەوڵەتمان نەبووە)! بەڵام با بزانین باپیرەکانمان ٢٤٠٠ ساڵ پێش شێخ محمود چ عەقڵیەتێکی سیاسیان هەبووە؟ ئەوان خۆیان لە هەموو جیهان دابڕیبوو. ئەو کاردۆخیانە دژایەتی میدیەکانیان کردووە، دژایەتی فارس و شایان کردووە، دژایەتی یۆنانیەکانیشیان کردووە، تەنانەت دواتر دەبینن کە دژایەتی ئەرمەنەکانیشیان کردووە و هەمیشە پەلاماریان داون. کەواتە پێش ئەوەی گلەیی بکەین گوایە (هەر شاخ برادەرمانە) لە راستیدا ئێمە بەدەستی خۆمان تەنیا برادەرایەتی شاخمان کردووە بێ لەهیچ شتێك.

تاریك داهاتبوو ئەوکاتەی کە دوا سەربازی یۆنانی گەیشتە گوندەکە چونکە ڕێگاکان تەسك بوون، ئیتر هەڵگەڕان و داگەڕانەکە هەموو ڕۆژەکەی برد. لەو کاتەدا هەندێك کاردۆخی کۆبوونەوە و تەنێکیان پێك هێنا و هێرشیان کردە سەر دواترین سەربازە یۆنانییەکانیان. بەتیر و بەرد هەندێکیان کوشت و هەندێکی تریان بریندار کرد، بەڵام کە لەناکاو یۆنانیەکان گەیشتنە سەریان، ژمارەیان هەندە زۆر نەبوو. لە ڕاستیدا ئەگەر لەم ڕوداوەدا بە ژمارەیەکی گەورەترەوە هاتبان ڕەنگبوو بەشێکی گەورەی یۆنایەکان ڕامالن.

ئەو شەوە وەکو خۆیان لە گوندەکە مانەوە، کاردۆخییەکانیش لە چیاکانی دەوریاندا کۆمەڵێك ئاگریان هەڵکرد وەکو جۆرێك ئاگاداری بۆ یەکتر. بەیانی جەنراڵ و کاپتن کۆبوونەوە و بڕیار درا کە هەرچی شمەکی زیادە و تێکڕای ئەسیر و یەخسیرەکان بەجێ بهێڵن و لەنێو بارگینەکان تەنیا هەرە باشەکان بەرن چونکە ئەو هەموو بارگە و یەخسیرانە ڕێپێوانەکەیان قورس دەکرد و دەبایە چاودێر بۆ ئەوانە تەرخان بکرێت، هەروەها دەبایە بارگە و خۆراکیشیان بۆ دابین بکەن. بڕیارەکە بە ڕاگەیێندرا کە دەبێ جێبەجێی بکەن.

کە نانی بەیانی خورا و بەڕێ کەوتن، جەنەراڵەکان لەسەر زەقاییەکی تەنگەبەرێك وەستان تا شمەکە قەدەغەکراوەکان لە سەربازەکان بستێننەوە. هەندێکیان شتی خۆیان بەجێ نەدەهێشت، سەربازەکان بەقسەیان دەکردن بەڵام هەندێك حاڵەت هەبوو کە سەربازەکان شتیان دەدەزییەوە، ئەم حاڵەتانەش ئەوە بوون وەکو ئەگەر یەکیان عاشقی کوڕێکی جوان یاخۆ عاشقی ئافرەتێك بایە (دەیانویست یادگاریەك لەگەڵ خۆ بەرنەوە). بەدرێژای ئەو ڕۆژە ڕێگایان دەکوتایەوە و تووشی شەڕ دەبوون، جار بەجاریش دەحەسانەوە.

ڕۆژی دواتر ڕەشەبایەکی توند هات بەڵام نەدەبایە بوەستن چونکە خۆراکیان کەم بوو. خیریسیۆفۆس لەسەر پێشەر بوو و زینۆفۆن لەگەڵ پاسەوانانی پاشەری لەشکر بوو، دوژمن پەلاماری توندی دەدان و لە هەندێك تەنگەبەردا بە قۆچەقانی و کەوانەکانیان زۆر نزیك دەبوونەوە و دەرەنجامدا کاروانەکە بە هێواشی بەڕێوە چوو چونکە دەبایە هەموو جارێك دوژمن ڕاو بنێن ئینجا دیسان بگەڕێنەوە سەر ڕێ. زینۆفۆن ناچار دەبوو لەکاتی پەلامارە توندوتیژەکاندا زۆربەی جار بوەستێت و هەندێك جار کە خەبەر بۆ پێشەری لەشکرەکە ڕەوان دەکرا

سەرسۆفۆس رادەوەستا، بەلاّم لەیەك روداودا خیریسۆفۆس لەباتی ئەوەی بوەستیّت خیّراتر رووت و خەبەری رەوان کردەوە کە بەدوای بکەون. دیاربوو شتیّك لە ئارادایە، بەلاّم نەدەکرا رانریّت کە ئەم پەلەکردنە لەبەر چی بوو؟ ئەنجام ئەوە بوو کە پاسەوانانی پاشەر لەباتی بتوانن پش بکەون ناچار بوون پاشەکشە بکەن. سەربازیّکی مەردی سپارتی بەناوی لیۆنیخۆس کوژرا ئەوا تیریّك بەنیّو قەلّغان و پەلەگیدا رۆیشت و کەمەری بری، هەروەها باسیاسی ئەرکادیش کوژرا، راستەوخۆ بە سەری کەوت. کە گەیشتنە جیّگەی مانەوەی ئەم شەوە، زینۆفۆن چوو بۆ لای خیریسۆفۆس و گلەیی لیّ کرد کە بەجیّی هیّشتووە و لە ئەنجامدا سەربازەکانی ناچار بوون فونەشەڕ بکەن و کەوا دوو سەربازی هەرە مەردانەی تاقمەکەی کوژراون، تەرمەیان بەجیّ ماوە و هیّشتا نەنیّژراون.

خیریسۆفۆس وەلاّمی دایەوە: تەماشای ئەو چیایانە بکە، هەموو لایەکیان سەختە. تاکە ریّگایەکی هەبیّت وەکو دەیبینی زۆر لیّژە و دەبینی وا پیاو لەسەری وەستاون. قەرەبالّغاییەکی گەورەی لەسەردایە، ریّگاکەیان داگیرکردووە و لەویّ راساون. لەبەر ئەوە ئەوها پەلەم کرد و لەسەر تۆ نەوەستام، بیرم کردەوە ئەگەر دەرفەتم هەبیّ زووتر بگەمە ویّ تا ریّگاکە نەگیراوە. ئەو ریّناسانەی کە هەمانە دەلّیّن هیچ ریّگای دیکە نیە.

زینۆفۆن گوتی: دوو پیاوم گرتووە ریّگایان لە ئیّمە گرتبوو، بۆتەمان دانایەوە تا بتوانین هەناسەیەك هەلّکیّشینەوە. هەندیّکیشمان کوشت و ئەوەشمان دانابوو کە هەندیّکیان لیّ بگرین بۆ ئەوەی ولاّتەکە بناسین.

یەکسەر دوو پیاوەکەیان هیّنا و بەجودا پرسیارایان لیّ کردن تا بزانن ئایا ریّگای دیکە هەیە؟ یەکیان ئەگەرچی جۆرەها هەرەشەی لیّ کرا گوتی هیچ نازانیّت. کە دیتیان سوودی نیە ئەمەیان لەبەر چاوی پیاوەکەی دیکە کوشت، ئەوەی کە مایەوە گوتی پیاوەکەی پیّشو بۆیە ئینکاریی دەکرد چونکە کچیّکی هەیە شووی بە یەکیّك کردووە خەلّکی ئەو ناوچەیە کە دەتانەویّ پیّیدا برۆن. گوتیشی ئامادەیە کە بەریّگایەکدا بیانبات کە ولاّغیشی پیّدا دەڕوات. لیّیان پرسی ئایا هیچ بەشیّکی ریّگاکە سەختایی تیّدایە؟ ولاّمی دایەوە کەوا یەك هەورازی سەختی هەیە کە ناتوانن پیّدا برۆن مەگەر پیّشەکی داگیری بکەن.

بڕیار درا کە کاپتنەکان کۆ بکرێنەوە تا فیکرەیەك وەربگرن و پرسیاریان کرد کێ ئامادەیە بە خۆبەخش کاری چاك بکات و بۆ ئەم ئەرکە بێتە پێش؟ کە هۆپلیتەکان هاتنە پێش ئەریستۆنیمۆسی مەتیدیری و ئاگاسیاسی ستێمفالی و کالیماخۆسی پەرهاسیا هاتن، لەمەیان داوایەکی تایبەتیی کرد کە ئەگەر بڕوات دەیەوێ بەئارەزوی خۆی هەندێك پیاو هەڵبژێرێت، گوتی: ئەگەر خۆم سەرپەرشتیی کارەکە بکەم ئەوسا زۆر کەس ئامادە دەبن بە خۆبەخش ئەم کارە بکەن. ئەوجار پرسیار کرا کە کێ لە تاقمە سووکەکان بۆ ئەم ئەرکە دێتە پێش؟ ئەریستێسی خیۆس هاتە پێش، پیاوێك بوو کە لە زۆر ڕووداوی هەمەجۆردا سوودی گەورەی بۆ لەشکرەکە هەبوو.



چاپتەر - ٢-
شەڕ لە چیادا

نیوەڕۆ بە سەربازەکانیان گوت نان بخۆن و ئینجا دەست پێ بکەن، ئەسیرەکەیان قۆڵبەست کرد و خستیانە بەر دەستیان، واش ڕێککەوتن کە ئەگەر هەورازەکان داگیر بکەن شەو لەوێ بمێنن و بەیانی بە شەیپوور ئیشارەت بدەن بۆ ئەوەی کە هێزی سەر هەورازەکە پەلاماری ئەو کاردۆخییانە بدەن کە ڕێگاکەیان داگیر کردووە. ئەوانی دیکەش خێرا ببزوون و فریایان بکەون.

کە پلانەکەیان دانا، چەکدارە خۆبەخشەکان (کە ٢٠٠٠ کەس دەبوون) ئەوانە بەڕێ کەوتن. باران دەباری، زینۆفۆن لەگەڵ پاسەوانەکانی پاشەر بە ڕێگا ئاساییەکەدا چوونە پێش بۆ ئەوەی سەرنجی دوژمن بۆ لەو بەشە ڕاکێشن. گەیشتنە ئاوێك دەبایە لێی بپەڕنەوە، بەلاّم لەوێدا دوژمن تاوێرەبەردی گلۆر کردەوە، بەردەکان هەندی باری عەرەبانەیەك دەبوون و هەندێکیان لەوەش گەورەتر بوون، گلۆر دەبورنەوە و بە ڕەوەزەکان دەکەوتن و دەپرژان، ئیتر تەنانەت ڕێگای ئەوە نەبوو کە نزیکیش بکەونەوە. هەندێك کاپتن خەریکی ڕێگای دیکە بوون تا تاریك داهات، ئەوسا کە هەستیان کرد کشانەوەیان لەلایەن دوژمنەوە نادیترێت، گەڕانەوە دوا بۆ نانی نێوارە. هەندێك لەو پاسەوانانەی پاشەر نانی بەیانیشیان نەخواردبوو. هەرچۆنێك بێت، دوژمن هەر خەریکی گلۆرکردنەوەی تاوێرە بەردەکان بوون و بەدرێژایی شەو دەنگیان دەهات.

لەو میانەدا هێزەکەی کە ڕێناسەکەیان لەگەڵ خۆ بردبوو بە پشت دوژمندا سوڕانەوە و دەوری کامپەکەیان لێ گرتن کە لەوێدا ئاگرێکیان هەڵ کردبوو، هەندێکیان کوشتن و ئەوانی دیکەیان لەسەر گردەکە دەرپەڕاندن. لەوێ مانەوە وایان دەزانی هەورازەکەیان کۆنترۆڵ کردووە بەلاّم مەسەلەکە وا نەبوو. لەسەرووی ئەوانەوە گردێکی بچووك هەبوو، ئەمەیان ڕێگا هەورازەکەی کۆنترۆڵ دەکرد بەلاّم هەرنەبێ لەوێڕا ڕێگایەك هەبوو کە دەیگەیاندنەوە سەر ڕێگا سەرەکییەکە. ئیتر هەلاّتن و ژمارەیەکی کەمیان لێ کوژرا چونکە هەلاّتنەکەیان خێرابوو.

پیاوەکانی خیریسۆفۆس کە گوێیان لە شەیپوورەکە بوو یەکسەر پەلاماری هەورازەکەیان دا و هەندێك جەنەراڵ بە لاڕێ بۆیان چوون و هەر هەندەیان زانی وا بەسەر شاخکە دەکەون و بە رمب یەکتریان رادەکێشا. ئیتر گەیشتنەوە ئەوانەی کە پێشتر شوێنەکەیان داگیر کردبوو.

زینۆفۆن لەگەڵ نیوەی پاسەوانانی پاشەڕ ڕێگای خۆبەخشەکانیان بەکار هێنا چونکە ئەمەیان بۆ بارگین و وڵاغەکان ئاسانتر بوو، نیوەکەی دیکەی لەدوای وڵاغەکان دانا. لەڕێگادا گەیشتنە تەلانێك بەسەر ڕێگاکەدا دەیڕوانی، دوژمن لەسەر تەلانەکە راسابوون، دەبایە لەوێیان دەربپەڕێن دەنا لە لەشکر دادەبڕان. دەستیان بە هاوار و هەڕەشە کرد و بە چەند ریزێکەوە هێرشیان کرد، بەڵام واشیان کرد کە ڕێگایان هەبێ پێدا هەڵێن و بڕۆن. کە سەربازەکان بۆیان چوون دوژمن تیریان هاویشت و بەردیان گلۆر کردەوە، بەڵام شەڕی بەرەوڕوویان نەدەکرد، تەنیا شەڕی دووربەدووری، و کە لێیان نزیك بوونەوە، شوێنەکانیان چۆڵ کرد و هەڵاتن.

یۆنانیەکان کە لەم گردە ئاوابوون، دیتیان وا گردێکی تر لە پێشیان دایە و ئەویش سەری بە دوژمن گیراوە. بڕیاریان دا پەلاماریان بدەن بەڵام زینۆفۆن بیری کردەوە ئەگەر ئەم گردەی ئێستا چۆڵ بکەن رەنگە دوژمن بۆیان بسوڕێنەوە و ئەوسا دیسان گردەکە بگرن و پەلاماری وڵاغەکان بدەن (بارگینەکان هێڵێکی درێژیان دروست کردبوو چونکە ڕێگا تەسك بوو) بۆیەش کاپتن سەفیسۆدۆرۆس کوڕی سەفیسۆفۆنی ئەتینی و کاپتن ئەرخاگۆراس، ئاوارەیەکی ئارگۆس بوو، ئەوانەی لە وێ بەجێ هێشت و خۆی لەگەڵ هێزەکەی بەرەو گردەکە پێشڕەوی کرد و بەهەمان پلانی پێشوو داگیری کرد.

هێشتا گردی سێیەم مابوو کە خریکی بن، ئەمەیان لەهەموویان لێژتر بوو. ئەوانەی کە بەیانی زو بەسەریان دادەرابوو و هەڵاتبوون، ئەوانە چوبوونە سەر گردی سێیەم. بەڵام ئەمجارە بەبێ شەڕ چۆڵیان کرد. خەڵکەکە زۆر سەیریان پێ هات و گوتیان داخۆ لەوە ترساون کە دەوریان لێ بگیرێت.

زینۆفۆن سەربازە گەنجەکانی لەگەڵ خۆی برد بۆ سەر گردەکە و بەوانی دیکەی گوت بەکاوەخۆ بێن چونکە بارگینەکان بەهێواشی دەڕۆن. ئەرخاگۆراسی ئارگۆس بەغار هات و خەبەری هێنا کەوا پاسەوانانی پاشەڕ لەسەر گردەکە دەرکراون و کەوا سەفیسۆدۆرۆس و

لەمفیکراتیس لەگەڵ تێکڕای ئەوانەی کە پێرانەگەیشتن خۆ هەڵدەنە خواریێ، هەموو کوژراون. پاش ئەو سەرکەوتنە خەڵکە ناوچەییەکان لەسەر تەلانێك لە بەرانبەر گردی سێیەم دەرکەوتن. زینۆفۆن لەرێگای تەرجومانێکەوە قسەی لەگەڵ کردن، پێشنیازی ئاگربەستێکی کرد و داواشی کرد تەرمی کوژراوەکان بدەنەوە. وەڵامیان دایەوە کە بەمەرجێك رازی دەبن ئەگەر یۆنانی خانوەکانیان نەسوتێنن. زینۆفۆن بەمە رازی بوو کەچی کە ئەم گفتوگۆیە دەکرا و لەشکرەکە پێش دەکەوت، تێکڕای ناوچەییەکان چونە سەرێ. کە لەشکر شۆڕ دەبۆوە بۆلای شوێنی جبەخانەکە ئەوسا بەژمارەیەکی گەورە و بەدەنگ هاوارێکی بەرزەوە هێرشیان کرد، کە گەیشتنە سەر لوتکەی ئەو گردەی کە زینۆفۆنی لەسەردا بوو، دەستیان کرد بە گلۆرکردنەوەی تاوێرە بەرد. یەك لە پیاوەکان لاقی شکا، هەروەها و ئەوی کە قەڵغانەکەی زینۆفۆنی هەڵگرتبوو بەقەڵغانەوە هەڵات، بەلام یوریلۆخۆسی لوسیا، هۆپلیتێك بوو، هاتە سەرێ و قەڵغانەکەی لەپێش خۆی و زینۆفۆن راگرت بۆ کشانەوە. ئەوانەی دیکەش گەڕانەوە لای فەرماندەکانیان کەوا بە شێوازی شەڕ ریز ببوون.

پاش ماوەیەك دابڕان، لەشکری یۆنانی بۆوە یەك پارچە. ئۆردوگایان دانا و هەندێك خانوو و خۆراکیان دەست کەوت، شەڕابێکی زۆریان دۆزیەوە کە ژێرزەمینێك دانرابوون و سەرەکانیان داپۆشرابوو. زینۆفۆن و خیریسۆفۆس رێککەوتنێکیان لەگەڵ دوژمن ساز کرد کە ئەوان تەرمی مردوەکانیان بدەنەوە، لەبەرانبەردا رێناسە ئەسیرەکە بەردەن.

مردووەکان بە رێورەسمێك نێژران کە شایستەی پیاوی ئازا بوو. رۆژی دواتر بەبێ رێناس بەرێ کەوتن و دوژمن شەڕیان دەکرد، تەنگەبەرەکانیان داگیر دەکرد، هەر جارێك کە تووشی ئەمە دەبوون زینۆفۆن دەچوو بۆ جێگەی لەوان بەرزتر و پەکی دەخستن، و ئەگەر پەلاماری پاسەوانانی پاشەریان دابایە خیریسۆفۆس ئەو هەولانەی پەك دەخست بە رێگا گۆڕین و بە داگیرکردنی شوێنی بەرز، واتە هەمیشە بەهانای یەکتر دەهاتن و پشتیوانیەکی بەنرخیان لە یەکتر دەکرد. زۆر جاریش ئەوانەی کە بەسەر شوێنی بەرز دەکەوتن لەگەڕانەوەدا زۆر بە سووکی دەبزوین و هەڵ نەدەهاتن و نەدەگەیشتنە سەریان.

تاکە چەکی کاردۆخیەکان کەوان و قۆچەقانی بوو، لەراستیشدا تیرەندازی باش بوون، کەوانەکانیان ٤—٥ پێ درێژ بوون و تیرەکان ٣ پێ دەبوون. کە تیریان دەهاویشت لاقی چەپیان پێش دەخست ئینجا پەتەکەیان رادەکێشا. تیرەکانیان زرێی سینگپۆش و قەڵغانەکانیان دەبڕی، کە دەکەوتنە دەست یۆنانیەکان پەتەکانیان چاك دەکردەوە و بەکاریان دەهێنانەوە. لە وڵاتی ئەوهادا تیرەندازە کریتییەکان کەڵکێکی بێئەندازەیان هەبوو، ستراتۆکلیس کە خۆی کریتی بوو رابەرایەتیی دەکردن.



چاپتەر -٣-
پەڕینەوە بۆ ئەرمینیا

ئەو رۆژە ئۆردوگایان لەم گوندە داکوتا کە بەسەر دەشتێکدا دەیڕوانی بۆ ئەوبەری رووباری سەنتریتیس Centrites. رووبارەکە ٢٠٠ پێ بەرین بوو و سنووری نێوان ئەرمینیا و ولاتی کاردۆخی پێك دەهێنا. یۆنانیەکان بەدیتنی دەشت گەشانەوە. رووبارەکە نیو فەرسەخ لە چیای کاردۆخییەکان دوور بوو، خەنی ببوون بەو دیمەنە و بەو هەموو خۆراکەی کە هەبوو، باسی ئەم دەردەسەریەیان دەکرد کە تووشی ببوون چونکە بەدرێژایی هەفتەی رابردوو کە ولاتی کاردۆخیان بڕیوە بەبەردەوامی شەڕیان کردووە و لەوێدا زیانەکانیان لەهەموو زیانەکانی شەڕ دژبە تیزافەڕنە و شا زۆرتر بوو. جا کە بەبیریان هاتەوە ئەو دەردەسەرەیان لەکۆڵ بۆتەوە، خەوێکی خۆشیان لێ کەوت. کەچی بەیانی هەندێك سوارەیان لەوبەری رووبارەکە دیت خۆیان ساز کردبوو کە رێگای پەڕینەوەیان لێ بگرن، و لەولاتر لەسەر دەشتەکە تیپی پیادە ریز ببوون. ئەوانە بەکرێگیراوی ئەرمەن و ماردی Mardian و خالدەیی Chaldaean[1] بوون لە خزمەت ئۆرۆنتا و ئەرتۆخاس دا بوون. دەڵێن خالدەیی خەڵکێکی سەربەخۆ و شەڕکەرن، رمب و قەڵغانی درێژیان هەیە. دەشتایەکەی کە پیادەکانی لێ ریز ببوون ٣٠٠ یان ٤٠٠ پێ لە رووبارەکە دوور بوو، تاکە رێگایەك هەبوو لەوێدا بەسەر گردەکە دەکەوت، وا پێ دەچوو کە بەتایبەتی بۆ ئەو هەورازە دروست کرابێت.

کە یۆنانیەکان ویستیان بپەڕنەوە، ئاوەکە لە سینگیان بەرزتر بوو و بنی رووبارەکەش تەخت نەبوو بەڵکو پڕ بوو لە گاشە بەردی لەق و گەورە، پێیان نەدەکرا چەك و قەڵغانەکانیان بەرنە نێو ئاو چونکە ئەگەر لەوهایان کردبایە ئاو دەیبردن، و لەگەر چەکیان خستبایە سەر سەریان ئەوسا بەرگەی تیر و بەردەکانی دوژمنیان نەدەگرت. بۆیە لە ئاوەکە کشانەوە و لە رۆخی رووبارەکە دامەزران، ئینجا ئاوڕیان دایەوە دیتیان کاردۆخی بەچەکەوە جێگەی ئۆردوگای

---

[1] ئێستاش عەشیرەتێکی کورد هەیە بەناوی خالدی، دەیانگوت گوایە لە نەوەی (خالد بن ولید) ن بەلأم لە راستیدا ناوبراو وجاغکوێر بووە؟!

دوێنێیان داگیر کردووە. ورەی یۆنانیەکان نزم بوو، پێشتر دیتبویان وا رووبارەکە قووڵە و دوژمن لەوبەر راساون، و ئێستا وا کاردۆخیش پشتیان لێ گرتوون. ئەو رۆژە و شەوەکەی کە بەسەریاندا هات لەجێگەی خۆیان چەقین و نەیاندەزانی چ بکەن.

زینۆفۆن خەونێکی دیت. لە خەونەکەیدا بەزنجیر بەسترابۆوە بەلام زنجیر لەخۆڕا کرانەوە و دەست و پەلی ئازاد بوون. پێش رۆژهەلات چوو بۆ لای خیریسۆفۆس و پێی گوت کە هەست دەکات ئیشەکان باش دەبن و خەونەکەی بۆ گێڕایەوە. خیریسۆفۆس پێی گەشایەوە و کاتی رۆژ هەلات جەنەراڵەکانی بانگ کرد و قوربانیی کرد، قوربانییەکە نیشانەیەکی زۆر باشی دا، قوربانیەکانی بەجێهێشت و فەرمانی دا نان بخورێت. کە زینۆفۆن نانی دەخوارد، دوو گەنج بەپەلە بۆی هاتن، هەموو دەیانزانی کە دەتوانن لەهەر کاتێکدا قسەی لەگەڵ بکەن، ئەگەر لەسەر نانی بەیانی بایە یان نانی ئێوارە یان لە کاتی خەو، هەمیشە گوێی لێ رادەگرتن. گەنجەکان گێڕایانەوە کە ئەوان لەبەر ئاگر دانیشتبوون، ژن و مێردێك و چەند منداڵێکیان دیت لە ئاوەکە پەڕینەوە، شوێنەکە پڕ بوو لە بەرد و شاخ کە سوارەی دەوژمنی نەدەگەیشتێ، ئەوانیش چوون جلیان فڕێدا، سەرو خەنجەرێکیان لەگەڵ خۆ برد و لە ئاوەکە پەڕینەوە بۆ ئەوبەر و ئینجا گەڕانەوە بەبێ ئەوەی کە ئاو بگاتە ئاستی گۆچانێك.

زینۆفۆن شوکرانەیەکی کرد و داوای لەگەنجەکان کرد لەگەڵیدا شوکرانە بکەن کە رێگای تەنکاوەکەیان پێشان دراوە. یەکسەر گەنجەکانی بردە لای خیریسۆفۆس و ئەم مەسەلەیان گێڕایەوە، خیریسۆفۆسیش یەکسەر شوکرانەیەکی کرد و پاش ئەوە خەڵکەکەی دەنگ دا کە شمەکیان تێك بنێن. کۆبوونەوەیەکی بەست تا لەگەڵ جەنەراڵکان باشترین پلان پێڕەو بکەن بۆ پەڕینەوە کە چۆن هێزەکانی پێشیان ببەزێنن بەبێ ئەوەی لە دواوە زیانیان پێ بگات. بڕیاریان دا کە پێشێ خیریسۆفۆس و نیوەی هێزەکە بپەڕنەوە، زینۆفۆن و نیوەکەی دیکە لێرە بمێنن بۆ پەراندنەوەی بار و بارگەکان.

کە ئیشەکان رێکخران، دوو گەنجەکە بەپێشیان کەوتن و رووبارەکەیان خستە لای چەپیان. شوێنی تەنکاوەکە نیو فەرسەخ دوور بوو، سوارەکانی ئەوبەر بەتەریبی لەگەڵ لەشکرەکە دەجولانەوە. کە گەیشتنە شوێنەکە چەکیان لەسەر زەوی دانا و خیریسۆفۆس جل و خودەکەی

دانا و دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و داوای کرد هەموو لاسای بکەنەوە، بە کاپتەکانی گوت کە بەریز پەڕنەوە، هەندێکیان بەلای چەپ و هەندێکیان بەلای راستی خیریسۆفۆسدا. فالگرەوەکان سەری قوربانیەکانیان لەسەر رۆخی رووبارەکە بری و دوژمن تیر و بەردی تێ دەگرتن بەلام نەدەگەیشتە وان. قوربانیەکان نیشانەی باشیان دەر خست، ئەوجا سەربازەکان سروودیان خوێند و نەعرەتەی شەڕیان بەرز کردەوە، تەنانەت ئافرەتەکانیش لەو هاوارەدا بەشدار بوون چونکە هەندێك سەرباز کەنیزەکانی خۆیان لەگەڵدا بوو.

خیریسۆفۆس و سەربازەکان چونە نێو رووبارەکە. زینۆفۆن و پاسەوانانی پاشەر کە جوڵەیان سووکتر بوو بەغار بۆ لای رووبارەکە چوون بۆ ئەو شوێنەی کە لەبەرانبەر ئەرمەنەکان بوو، وایان دیار دەخست گوایە دەیانەوێ بەوێدا پەڕنەوە و بەپشت سوارەکاندا بسوڕێنەوە تا لە پیادەکان دابڕێن. دوژمن دیتیان وا خیریسۆفۆس لە تەنکاوەکە دەپەڕێتەوە و لەلایەکی دیکەشدا زینۆفۆن و پیاوەکانی بەرەو شوێنی کۆنی خۆیان غار دەدەن، ترسان کە پشتیان لێ بگیرێت و یەکسەر بەخێرایی لە رووبارەکە دوور کەوتنەوە. هەر کە گەیشتنە سەر رێگاکە بایاندایەوە بەرەو هەورازەکان، لوسیۆس، فەرماندەی سوارەکان و ئەسخینیس، فەرماندەی پەلتاستەکانی کە لەگەڵ خیریسۆفۆس بوون، ئەوانە بەدوا دوژمن کەوتن. سەربازەکان هاواریان دەکردە یەکتر کە دوا نەکەون و تا چیاکە راویان بنێن بەلام کە خیریسۆفۆس پەڕیەوە بەدوا سوارەکان نەکەوت و یەکسەر بەرەو دەشتاییەکە چوو و هێرشی بۆ پیادەکان برد. کە چاویان بە سوارەکانیان کەوت وا هەڵدێن و هۆپلیتە یۆنانیەکان بۆیان دێن، ئەوانەش دەشتە بەرزەوکەیان چۆڵ کرد. زینۆفۆن کە دیتی ئیشەکە لەوبەر باش دەڕوات، بەخێرایی گەڕایەوە لای تەنکاوەکە چونکە خەمی کاردۆخیەکانی بوو، ئەوانە بەنیازی پەلاماردان دەهاتنە خوار. خیریسۆفۆس ئێستا دەشتاییەکەی داگیرکردبوو هەروەها لیکۆس خەریکی گرتنی هەندێك شمەك و بارگین بوو کە ئەوان بەجێیان هێشتبوون، هەندێك جل و پەرداغی خواردنەوەشیان کەوتە دەست. زۆربەی لەشکرەکە خەریکی پەڕینەوە بوو، زینۆفۆن پیاوەکانی لەسەر شێوازی مەیدان بەرانبەر کاردۆخیەکان ریز کرد، فەرمانی دا کە کاپتەکان تاقمی ٢٥ی پێك بێنن، چەند تاقمێکی بەگژ کاردۆخییەکاندا برد و هەندێکی هێشتەوە کە روویان لە رووبارەکە بێت.

کاردۆخی دەیاندیت کەوا بەشی گەورەی لەشکرەکە لەم بەرەی خۆیاندا تەنك بۆتەوە و کەمیان ماون، دەستیان پێکرد خێراتر بێنە پێش و سروودێکیان دەگوت. بەڵام خیریسۆفۆس کە لە جێیەکی ئاسوودە بوو، پەلتاست و تیرەنداز و بەردهاوێژی بۆ زینۆفۆن ناردەوە و گوتی دبێ فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن. زینۆفۆن ئەوانەی دیت وا دەپەڕنەوە، خەبەری نارد کە لەوبەر بوەستن و پیاوەکانی خۆی دەستیان پێکرد بپەڕنەوە لەوبەر. دەبایە پیاوەکانی زینۆفۆن بەملا و ئەولای تیرەندازەکاندا بپەڕنەوە، تیرەندازەکانیش دەبایە وا پیشان بدەن گوایە دێنەوە ئەم بەرە، بەڵام زۆر نەیەن بۆ نێو ئاوەکە. فەرمانەکانی ئەوە بوون کە ئەگەر هاتو پیاوەکانی کەوتنە بەر مەودای بەردەکانی دوژمن و گوێیان لە تەقەی بەردەکان بوو کە بە قەڵغانەکان دەکەون، دەبێ سروودی پایان بخوێنن و هێرش بەرن، کە دوژمن هەڵاتن و شەیپوورژەنەکان ئاوازی هێرشیان ژەنی، پیاوەکانی پاشەڕ بەرەو دەستە راست بسوڕێنەوە و بڕۆن، ئینجا دەبایە هەر هەموو بەرەو رووبارەکە غار بدەن و بەزووترین کات بەقەدبڕ بپەڕنەوە بۆ لەوەی قەرەباڵغایی دروست نەکەن و هەی لەوەی خۆی دەگەیێنێتە ئەوبەر.

کاردۆخیەکان دیتیان چەکدارێکی کەم لەلای بارگەکان ماون چونکە زۆر لەوانەی کە بە پاسەوان دانرابوون بارگەکانیان بەجێ هێشتبوو سەیری شەڕ و پەڕینەویان دەکرد کەوا هەندێکیان کەنیزە و برادەرەکانیان گەیشتبوونە ئەوبەر. کاردۆخیەکان دەستیان پێکرد بەرد و تیر بهاوێن، یۆنانی سروودی پایانیان خوێند و بۆیان چوون، کاردۆخی بەرگەیان نەگرت چونکە کاردۆخی لەو زرێیەیان نەپۆشتبوو کە بەکەڵکی شەڕی نزیك بێت. لێرەدا شەیپوورەکان ژەنران و دوژمن زۆر بە خێرایی کشایەوە، کەچی یۆنانیەکان یەکسەر روویان وەرسوڕاند و یەك بەخۆ لە رووبارەکە دەرباز بوون. هەندێك لە دوژمنەکان تێگەیشتن و خۆیان گەیاندەوە نزیك رووبارەکە و توانیان هەندێك کەس بەتیر بریندار بکەن، بەڵام تەنانەت کە هەموو یۆنانیەکان گەیشتنە ئەوبەر، هێشتا زۆربەی کاردۆخییەکان لە هەڵاتندا بوون. ئەوەی کە خۆشە ئەمەیە کە هەندێك یۆنانی دەیانویست ئازایەتی خۆیان دیار بخەن، ئەوانە هەندە هاتنە پێش تا گەیشتنە لای کاردۆخییەکان و تا هەموو پیاوەکانی زینۆفۆن دەرباز بوون ئەوجار گەڕانەوە، تەنانەت هەندێکیان برینداریش کران.

چاپتەر -٤-
نۆردوگای تیریباز گەمارۆ دەدەن

پاش پەڕینەوە، خۆیان کۆکردەوە و ١٥ فەرسەخیان بەنێو ئەرمینیادا بڕی. ولاتێکی دەشتایی بوو لەگەڵ هەندێك گرد کە لێژاییەکی نەرمیان هەبوو. بەهۆی جەنگی کاردۆخی و ئەرمەن گوند لەو نزیکانەدا نەبوون[1]، بەلام لە کۆتایی ڕێپێوانی ئەو ڕۆژە گەیشتنە گوندێکی گەورە کە تەلارێکی تێدا بوو هی شارەوانەکە. زۆربەی خانوەکان بەقەلات دەچوون، خۆراکێکی زۆریش هەبوو. ئینجا بە دوو ڕۆژ ٣٠ فەرسەخیان بڕی تا گەیشتنە سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلە. لەوێڕا بە سێ ڕۆژ ٤٥ فەرسەخیان بڕی و گەیشتنە تلێبواس Tleboas، ڕووبارێکی جوانە بەلام بچووکە.

هەندێك گوند لە نزیك ڕووبارەکە هەبوون، تێکڕای ئەم بەشە پێی دەگوترا ئەرمینیای خۆرئاوا. تیریباز ، برادەری شا بوو، لەوێ حوکمی دەکرد. کە ئەو لەئارادا بایە کەس بۆی نەبوو جڵەوی ئەسپەکەی شا بگرێت و سواری بکات. ئێستاش وا بەتاقمێك سوارەوە هاتە لای یۆنانیەکان، تەرجومانەکەی نارد کە دەیویست قسە لەگەڵ فەرماندەکان بکات. جەنەراڵەکان بڕیان کردەوە کە بزانن بلێن چی، لێی چوونە پێش بای ئەوەی کە گوێیان لێ بێت و پرسییان چی دەوێت؟ گوتی دەیەوێ لەگەڵیان ڕێك بکەوێ کەوا ئەو زیان بە یۆنانیەکان ناگەیێنێت و لەبەرانبەردا دەبێ ئەوان خانوەکان نەسوتێنن. یۆنانیەکانیش بۆیان هەیە پێداویستییەکانیان دابین بکەن. جەنەڕاڵەکان ئەو پێشنیازەیان پەسند کرد.

پاش ئەوە، بە سێ ڕۆژ لەسەر خاکێکی تەختدا ڕۆیشتن و٤٥ فەرسەخیان بڕی، وتیریباز هەمیشە لە دووری یەك فەرسەخ بەدوایانەوە بوو. لە ڕێگادا ژمارەیەك گوند هەبوون پڕ لە شمەك و خۆراك، شەو بەفرێکی زۆر باری، لەگوندەکەدا بڕیاریان دا هەر تاقمە و گەڕەکێکی گوندەکە کۆنترۆڵ بکەن چونکە دوژمن سۆراغی نەبوو ئیتر وا پێ دەچوو کە بای هەندە ئارامە

---

[1] دیارە کاردۆخی کەسیان نەهێشتوە دژایەتی نەکەن!؟

کە ئەوها بلاو بینەوە. گەڕەکەکان خۆراك و گۆشت و دەوە و شەرابی کۆن و مێوژ و جۆرەها سەوزەیان لێ بوو.

هەندێك سەرباز لەو ناوە گەڕابوون، راپۆرتیان دا کە هەندێك ئاگری ئۆردوگای دوژمنیان دیتوە. جەنرالەکان بڕیاریان دا کە باشتر ئەوەیە هەموو لە یەك جێگا بن. لەشکر هاتنەوە لای یەکتر بەلام بەفرێکی زۆر باری کەوا ئەو خەلکەی کە لەسەر زەوی بوون بە بەفر داپۆشتران، بارگینەکانیش هەر بە بەفر داپۆشتران، سەربازەکان هێزیان نەمابوو هەستنەوە، کەچی هەر ئەو بەفرەی کە لەسەریان نیشتبوو لەشیانی بە گەرمی هێشتەوە.

زینۆفۆن بای ئەوەندە هێزی تێدابوو کە بەبێ جلی تەستور هەستایەوە داری شکاند، ئینجا ئەوانەی دیکە هەستانەوە دار بشکێنن و ئاگر داگیرسێنن و مەرهەمیان لە لەشیان هەلسواند. مەرهەمێکی زۆر لەم ناوە هەبوو لە بەزی بەراز و بادەمی تال و تەربەنتین دروست کرابوو، لەباتی زەیتی زەیتون ئەمەیان بەکار دەهێنا. روونێکی تریشیان هەبوو، روونێکی بۆندار.

پاش بەفرەکە، بڕیار درا کە دیسان بەنهێنی لە گەڕەکی جودا بلاو بینەوە. سەربازەکان بە پێکەنین و هەرا چوونەوە بۆ خانوو و عەنبارەکانی خۆراك، ئەوانەی کە جاری یەکەم وەکو شەقاوە رەفتاریان کردبوو و جێگەکانیان سووتاندبوو تووشی داوی خۆیان بوونەوە و ناچار بوون شەوەکە لە هەمان جێگا بەسەربەن کە پێشتر پیسیان کردبوو. جەنەرالەکان تاقمێك سەربازیان دایە دەست دیمۆکراتیسی تەمەنۆس کە بچن بۆ چیاکان بزانن ئەو ئاگرانە چ بوون؟ ئەم پیاوەیان هەلبژارد چونکە لە زۆر حالەتی هەمەجۆردا زانیاریی باشی کۆ کردبۆوە، کە دەیگوت وا شتێك لەوێیە، قسەی راست دەردەچوو، و کە دەیگەوت هیچ نیە، دەردەچوو کە هیچ نیە.

بۆ چیا رۆیشت و هاتەوە گوتی هیچ ئاگری لێ نەبوو بەلام ئەسیرێکی هێنایەوە، کەوانێکی فارسی پێبوو لەگەل تەبەرێك لەو تەبەرانەی کە ئەمەزۆنەکان هەلیان دەگرن[1]. پرسیاریان لێ کرد، گوتی من فارسم و لە لەشکری تیریباز هاتووە خۆراك پەیدا بکەم. پرسیاریان لێ کرد

---

[1] ئەمەزۆن واتە (بێ مەمك) و لە ئەفسانەدا (پێش دۆزینەوەی ئەمەریکا) یۆنانی ئەم ناوەیان لە ناوچەیەکی باکووری تورکیا نابوو.

دەربارەی چەندێتی لەشکرەکە و بۆچی بزوێندراوە؟ وەڵامی دایەوە کەوا تیریباز سەرباری هێزەکانی خۆی چەکداری بەکرێگیراوی خالیبی Chalybes و تەوخی Toachi کۆ کردۆتەوە، و نیازی هەیە لە دەربەندێکی چیاکەدا پەلاماری یۆنانیەکان بدات. کە ئەمەیان بیست بڕیاریان دا دیسان لەشکرەکە کۆبکەونەوە، پاسەوانیان لەگەڵ سۆفەینەتۆسی ستیمفالی بەجێهێشت و ئەوانەی دیکەیان لەگەڵ ئەسیرەکە برد بۆ ئەو جێگەی کە باسی دەکرد.

کە لەچیاکان ئاوابوون پەلتاستەکان پێش کەوتنەوە و ئۆردوگای دوژمنیان دۆزیەوە، لەسەر هۆپلیتەکان نەوەستان و یەکسەر هێرشیان کرد. دوژمن کە گوێیان لەو هەرایە بوو خۆیان نەگرت و هەڵاتن. سەرباری ئەمەش، هەندێکیان کوژران و نزیکەی ٢٠ ولاغ گیران و رەشماڵەکەی تیریباز و قەنەفەی پێچکە زیو و گوڵدانی تێدا بوو، وێڕای هەندێك پیاویش کە نانەوا و نۆکەر بوون.

کە جەنراڵ و هۆپلیتەکان ئەمەیان دیت، بڕیاریان دا بەزووترین کات بگەڕێنەوە ئۆردوگاکەیان چونکە رەنگە پاسەوانەکانی ئۆردوگا پەلامار بدرێن. شەیپووری گەڕانەوە ژەنرا و لەهەمان رۆژدا گەیشتنەوە جێ.

چاپتەر -٥-
گەشتی نێو بەفر

دواتر بڕیاریان دا کە دەبێ خێرا هەڵێن پێش ئەوەی خەڵکی ناوچەکە هێزیان کۆ بکەنەوە و دەربەندەکە بگرن. شمەکیان تێك نا و هەندێك ڕێناسیان لەگەڵ خۆ برد بەو بەفرەدا و، لەهەمان ڕۆژ لە دەربەوندەکە تێپەڕین. لێرەوە بە سێ ڕۆژ ٤٠ فەرسەخیان لە چۆڵەوانیەك بڕی تا گەیشتنە ڕووباری فورات، لێی پەڕینەوە بەبێ ئەوەی سەرناوکیان تەڕ بێت، دەیانگوت سەرچاوەی ڕووبارەکە لەو نزیکانەیە. ئینجا بە سێ ڕۆژە ڕێ بە دەشتاییەکی تەختدا ٤٥ فەرسەخیان بڕی پڕ لە بەفر. ڕێپێوانی ڕۆژی سێیەم زۆر سەخت بوو کە بای شەماڵ بەچەشنی چەقۆ خەڵکەکەی دەبڕی و ڕەقی دەکردنەوە.

یەك لە فاڵگرەوەکان پێشنیازی کرد قوربانیەك بکەن. بەقسایان کرد، ئەوسا هەموو هەستیان کرد کە هەندێك ڕەشەبایەکەی شکاند. بەفرەکە شەش پێ ئەستوور بوو و زۆر بارگین و یەخسیر تێدا بزر بوون، هەمان شتیش بەسەر ٣٠ سەربازدا هات. ئاگریان نەکوژاندەوە بەدرێژایی شەو، چیلکە لەوێدا زۆربوو بەڵام ئەوانەی کە بەدرەنگەوە گەیشتنە ئۆردوگا، داریان پێ پەیدا نەکرا و ئەوانەی زووتر گەیشتبوونە جێ ڕێگای ئەوانەی دیکەیان نەدەدا خۆیان گەرم بکەنەوە مەگەر هەندێك دەرە و خۆراکیان دابانێ. کە ئاگرەکان داگیرسان بەفرەکە توایەوە و ژمارەیەك کون و قەوارە کەوتنە بەفرەکە، ئەمە دەرفەتی دا قوڵایی بەفرەکە بپێون.

ڕێپێوانی ڕۆژی دواتر هەموو لەنێو بەفر بەڕێوە چوو. هەندێك سەرباز تووشی دەردە بولیمیا Bulimia بوون. زینۆفۆن کە لەسەر پاسەوانانی پاشەر بوو بەسەر سەربازی پەککەوتەدا دەگەڕا و نەیدەزانی ئەم دەردە چیە، بەڵام یەکێ شارەز گوتی بێگومان ئەمە حاڵەتی بولیمیایە و ئەگەر خواردنیان بدرێتێ هەڵدەستنەوە، جا بەنێو کاروانی بارگینەکاندا چوو و هەرچی کەڵکی خواردنی هەبوو بۆ نەخۆشەکانی نارد. هەروەها ئەوانەی کە هێزی جوڵەیان هەبوو ناردنی کە بەسەر تیپەکانی دیکەدا بگەڕێن و خواردنەکان بەشنەوە. پەککەوتەکان هەر کە شتێکیان دەخوارد یەکسەر هەڵدەستانەوە.

کاتی شەو خیریسۆفۆس گەیشتە گوندێك، لەسەر بیری بەر قەلاتەکە تووشی چەند ژن و کچێك بوو ئاویان دەبەرد. لە یۆنانیەکانیان پرسی ئەوان کێن؟ تەرجومانەکە بە فارسی وەلامی دانەوە کەوا لەلایەن شاوە بۆ لای شارەوان دەچن. ژنەکان گوتیان ئێستا شارەوان لێرە نیە و لەدووری سێ فەرسەخ دایە. کاتەکە شەو بوو، ئیتر لەگەل ژنە ئاوهەلگرەکان چوو بۆ نێو قەلاتەکە تا کێخوای گوندەکە ببینێت، ئەوەی لەگەل خیریسۆفۆس بوون لەنێو قەلاتەکە مانەوە بەلام ئەوانی دیکە زۆربەیان لە دەرەوە مانەوە و رێگاکەیان پێ تەواو نەدەکرا، شەوەکەیان بەبێ ئاگر و خۆراك بەسەر برد و هەندێکیان مردن، هەندێك لە دوژمنەکانیش بە کۆمەل خڕ دەبوونەوە و دەستیان بەسەر بارگینە تۆپیوەکاندا دەگرت و لەسەریان بەشەڕ دەهاتن. سەربازەکان کە چاویان بە بەفر کوێر ببوو یان پەلجەکانیان بە بەفر بڕابوون، ئەوانە بەجێ مان.

ئەگەر شتێکی رەشیان بەسەر چاویاندا دابایە چاویان کوێر نەدەبوو، و دەبایە هەمیشە بجولێنەوە و هەرگیز نەوەستن و دەبایە بەشەو پێلاوەکانیان داکەنن، لەگەر بە پێلاوەوە نوستبان قەیتانەکان گۆشتی دەبڕین و پێیان لەنێو پێلاوەکاندا دەیبەست، ئەمەش چونکە پێلاوەکانیان دڕابوون و بە ناچاری چەرمی گا و بارگینەکانیان لەپێ کردبوو. سەربازەکانی کە تووشی ئەو دەردانە ببوون بەجێ مابوون. پارچەیەك رەشاییان لەسەر بەفرەکە دیت، وایانزانی لەوێدا بەفرەکە تواوەتەوە، کەچی لەراستیدا بەهۆی تینی هەلمێك بوو کە لە درەختەکان دەردەچوو. سەربازەکان گەڕانەوە بۆ وێ و بەهیچ نەدەجولانەوە. هەر کە زینۆفۆن ئەمەی بیست، گەڕایەوە و لێیان پاڕایەوە کە بەجێ نەمێنن، گوتی دوژمن بە ژمارەیەکی زۆرەوە لەدوایاندان. لەکۆتاییدا تووڕەبوون، پێیان گوت با بییانکوژێت چونکە توانای جولەیان نەماوە. باشترین شت ئەوەبوو کە دوژمنەکان بترسێنێ تاکو بەسەر ئەم سەربازە پەککەوتانە رانەگەن. تاریکی داهات، دوژمنیش دەنگێکی زۆریان لێوە دەهات چونکە لەسەر دەسکەوتەکان بەشەڕ دەهاتن. ئیتر پاسەوانانی پاشەر کە توانای جولەیان هەبوو هەستانەوە و پەلاماری دوژمنیان دا، پەککەوتەکانیش بە گوێرەی توانا لەگەل ئەوان دەنگ و هاواریان دەکرد و تەقەیان بەقەلغان و رمبەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی دەنگە زۆر بێت. دوژمن تۆقین و خۆیان هەلدایە نێو قەوارەی پۆشەلانە رەشەکە و لەمە بەولا یەك دەنگی تریان لێ نەهات. زینۆفۆن بە نەخۆشەکانی گوت کە سبەینێ تاقمێك

دەنێرێتەوە لایان و خۆی بەرێ کەوتەوە، کەچی تا رۆژ داهاتەوە تەنیا نیو فەرسەخی بڕی. لەو رێگادا تووشی زۆر سەربازی تر بوون کە بەبێ پاسەوانی لە قەراغ رێگا کەوتبوونە ژێر بەفر، زینۆفۆن راستی دەکردنەوە بەلام گوتیان ریزەکانی پێشەو راوەستاون و نارۆن.

زینۆفۆن پەلتاستە باشەکانی هەڵبژارد و ناردنی بۆ پێشەوە تا بزانن کاروانەکە بۆچی وەستاوە، خەبەریان دایەوە کەوا تێکرای لەشکرەکە بەم جۆرە دانیشتون. زینۆفۆن بەگوێرەی توانا پاسەوانی بلاو کردەوە و شەوەکەی بەبێ نان و ئاو بەسەر برد. پێش رۆژهەلات، زینۆفۆن پیاوە هەرە گەنجەکانی ناردەوە لای نەخۆشەکان کە بە تۆبزی هەڵیان بستێننەوە و بیانخەنەوە سەر رێگا. لەم کاتەدا خیریسۆفۆس تاقمێك پیاوی نێو قەلاتەکەی نارد تا بزانن پاسەوانانی پاشەر چییان بەسەر هاتووە؟ پیاوانی زینۆفۆن بەمە شاد بوون و نەخۆشەکانیان دانێ تا بیانبەن بۆ ئۆردوگا. ئەوجار خۆیان بەرێ کەوتنەوە، دوو فەرسەخیان بڕی تا گەیشتنە گوندەکەی کە خیریسۆفۆس ئۆردوگا لێ دامەزراندبوو. ئێستا کە هێزەکان بوونەوە یەکپارچە هەستیان بە ئاسوودەیی کرد بای ئەوەی کە تیپەکان لە گەڕەکەکانی گوندەکە بلاو بکەنەوە. زینۆفۆن لە جێگەی خۆی مایەوە و ئەوانەی دیکە هەرکەس بۆلای هاورێکانی خۆی چوو.

لەو میانەدا پۆلیکراتیس، کاپتێکی ئەتینی بوو، روخسەتی خواست کە لەگەڵ هەندێك لە پیاوە لەشسووکەکانی نێو ئەو گوندەی کە بۆ زینۆفۆن تەرخان کرابوو بچن بەسەر خەڵکی گوندەکە و کێخواکەیاندا بدەن کەوا هەندێك ئۆکەری لێ بوو لەگەڵ ١٧ ولاغی رەسەن کە تەرخان کرابوون بۆ شا. هەروەها کچی کێخواکە کە تەنیا نۆ رۆژ بوو مێردی کردبوو، مێردەکەشی لەوێ نەبوو، بۆ راو دەرچووبوو.

خانووەکانی ئێرە لەبن زەوی دروست کرابوون، دەرگاکان وەکو بیر وابوون بەلام لەخوارێ فرەوان دەبوونەوە، تونێل بۆ ئاژەڵەکان لێ درابوو کەچی خەڵکەکان بە پێژە دەچوونە خوارێ، لەنێو ماڵەکانیشدا مەڕ و بزن و مانگا هەموو بەچەکەوە لەوێ بوون. گەنم و جۆ و شەرابی جۆ لەنێو کووپە دانرابوونن کوپەکان پڕکرابوون و لێیان دەڕژا، قەمیشیان تێ راکرابوو، کەسێك تینو بایە قەمیشی لە شەرابەکە رادەکرد و هەڵی دەلووشت. شەرابەکە توند بوو، دەبایە ئاوی تێکەڵ بکرێت، پیاو کە لێی راهاتبایە پێی دڵخۆش دەبوو. زینۆفۆن کێخواکەی بۆ نانی ئێوارە

بانگ کرد و پێی گوت دەبێ دڵی نەرم بێت چونکە منداڵەکانی لێ ناستێنن و ئەگەر تا ئەوکاتەی کە دەڕۆن چاکە لەگەڵ لەشکرەکە بکات ئەوسا ماڵەکەی پڕ دەکەن لە خۆراك و تفاق. کابرا بەڵێنی دا کە هاوکارییان بکات، پێشانی دان کە شەرابی باش لەکوێ نێژراوە. جا ئەو شەوە هەموو سەربازەکان بەو هەموو شتە باشانەی کە لەبەر دەستیاندا بوو لەو گوندە دامەزران و لەوێدا نوستن، پاسەوانیشیان لەسەر کێخوا و منداڵەکانی دانا.

رۆژی دووەم زینۆفۆن سەردانی خیریسۆفۆسی کرد و کێخوای لەگەڵ خۆ برد. بەهەر گوندێکدا تێپەڕیبایە سۆراغی سەربازەکانی ئەو شوێنەی دەکرد، هەموو نانیان دەخوار و رایاندەبوارد و لێ نەدەگەڕان بەبێ ناخواردنێك بڕوات. لەسەر هەموو خوانێك گۆشت مریشك و بەرخ و نانی گەنم و نانی جۆ و دانرابوون، ئەگەر کەسێك ویستبای کە بەخۆشیی کەسێك بخواتەوە دەیبردە سەر کوپەیەکی زل و دەبایە بەچەشنی گا سەری داینێتەوە و شەرابەکە هەڵ بلووشێت، کێخواکەشیان بانگ دەکرد بەڵام ئەو رەتی دەکردەوە مەگەر خزمێکی خۆی دیتبایە، ئەوی لەگەڵ خۆ دەبرد. کە هاتە لای خیریسۆفۆس ئەوانیش خوانەیان رازاندبۆوە. کوڕە ئەرمەن بە جلی ناوچەی خۆیانەوە خزمەتیان دەکردن، بە دەست و بە ئاماژەکردن مەبەستەکانیان تێ دەگەیاندن وەك بڵێی قسە لەگەڵ کەڕ و لاڵ دەکەن. پاش سڵاو، خیریسۆفۆس و زینۆفۆن لەرێگای تەرجومانێکەوە بە فارسی لە کێخواکەیان کۆڵیەوە ئەم وڵاتە کوێیە؟ وەڵامی دایەوە کە ئێرە ئەرمینیایە. ئینجا پرسیان ئەسپەکان بۆ کێ دانراون؟ گوتی بۆ رێزلێنانی شا، گوتیشی وڵاتەکەی پاش ئێرە وڵاتی خالیبیە و رێگاکەش وا لەولایە.

زینۆفۆن رۆیشت و کێخواکەی بردەوە لای خەڵکی خۆی. یەك لەم ئەسپانە (کە پیر بوو) دایەوە کێخواکە و پێی گوت کە قەڵەوی بکات و بیکاتە خێر چونکە بیستبوی ئەو خەڵکە قوربانی بۆ خواوەندی خۆر دەکەن، و دەشترسا کە بتۆپێت چونکە رێگاکە ماندووی کردبوو. یەك لە ئەسپەکانی بۆخۆی برد و ئەوانەی دیکەی دایە هەر یەك لە جەنراڵ و کاپتنەکان. ئەسپەکانی ئەم وڵاتە لە ئەسپی فارسەکان بچووکترن بەڵام خزمەتیان باشترە. کێخوا گوتی هەر کاتێك تووشی بەفر هاتن با کیسەی بچووك لە پێچکەی وڵاغ و بارگینەکان بنێن دەنا تا زگ لەنێو بەفردا دەچەقن.

چاپتەر -٦-
بە مانۆڕێك ڕێگایەك دەگرن

لە ڕۆژی هەشتەمدا زینۆفۆن کێخوای گوندەکەی وەکو ڕێناسێك دایە دەست خیریسۆفۆس. هەموو خێزانەکەی بەجێ هێشت تەنیا کوڕێکی نەبێت کە هەلاشە ببوو، کوڕەکەی دایە دەست پلستینیسی ئەمفیپۆلیس تا ئاگای لێ بێت، بەنیازی ئەوەی کە ئەگەر باوکەکەی ڕێناسێکی باش بێت ئەوسا دەیتوانی کوڕەکە لەگەڵ خۆی بەرێتەوە. هەموو خۆراکی ماڵی کێخوایان تێك نا و بەڕێ کەوتن.

کێخوا بەرەڵا کرا کە لەم بەفرەدا بەئازادی پێشیان بکەوێت. پاش سێ ڕۆژ خیریسۆفۆس لێی تووڕە بوو کەوا لەو بەشەی وڵاتەکە هیچ گوندی لێ نیە، لێی دا بەڵام قۆڵبەستی نەکرد، لەئەنجامدا کێخوا بەشەو هەڵات و کوڕەکەی خۆی بەجێ هێشت. ئەم ڕوداوە لە تێهەڵدانی لەسیرێك و ئینجا بەرەڵلا کردنی، تاکە ڕوداوێك بوو کە خیریسۆفۆس و زینۆفۆن تێدا نشوستی بێنن[1]. پلیستینیس خۆی بۆ ئەم کوڕە تەرخان کرد و لەگەڵ خۆی بردەوە و بوو بە برادەرێکی جێباوەڕ.

ئینجا هەفت ڕۆژ ڕۆیشتن تا ڕووباری فاسیس کە ١٠٠ پێ بەرین بوو، ئینجا ڕێپێوانێکی ٣٠ فەرسەخی بە دوو ڕۆژ گەیشتنە دەربەندێك بەرەو دەشتاییەکە شۆڕ دەبۆوە، لەوێدا خالبی و تەوخی و فاسی ڕێگایان گرتبوو. کە خیریسۆفۆس دوژمنی دیت وا ڕێگایان گرتووە، لەشکرەکەی لە دووری ٣ فەرسەخ بەرانبەر دوژمن ریز کرد، و بەدوا ئەفسەرەکانی دیکەی دا نارد کە بێن تاقمەکانیان لە باڵەکانی ریز بکەن. کە پاسەوانەکای پاشەر گەیشتنە شوێنی دیارکراوی خۆیان، کۆبوونەوەی بە جەنەراڵەکان کرد و ئەم قسانەی کرد: وەك دەبین وا دوژمن

---

[1] سەرنج بدەن کە زینۆفۆن بە هەموو جۆرێك خۆ رەگەڵ دەدات گوایە بڕیارەکان تەنیا لەلایەن خۆی و خسریسۆفۆسەوە دەدران !

ڕێگای چیاکانی گرتووە، دەبێ بڕیار بدەین کە چ پلانێك پێڕەو بکەین. با جەمە نانێك بدەینە لەشکر ئینجا بڕیارێك دەدەین.

کلینۆر گوتی: بەڕای من دەبێ پاش نانخواردن هێرشیان بۆ بکەین دەنا ئەگەر ئەمشەو لێرە بمێنین، ڕەنگە باوەڕیان بەخۆ پتەو بێت و ژمارەیان زیاد بکات.

پاش ئەمە زینۆفۆن قسەی کرد: بۆچوونی من ئەمەیە. ئەگەر شەڕ بکەین دەبێ بزانین چۆن کاریگەر دەبین، بەلام لەگەر بخوازین لە چیاکە ئاوا بین دەبێ بەلانی کەم و بەگوێرەی توانا وابکەین ژمارەی کوژراو و بریندارمان کەمتر بن. چیاکە شەش فەرسەخ پانە و چەکدارەکان تەنیا لەسەر ڕێگا سەرەکییەکە وەستاون، پلانی باش ئەمەیە کە بەبێ ئەوەی بدیترێین لایەکی چۆلی چیاکە داگیر بکەین، لەوها باشترە نەك ڕاستەوخۆ هێرش بکەینە سەر دوژمنێکی کە لەسەنگەردا خۆی ساز کردبێت. پیاو لەگەر بەتەنیا بەسەر گردێك هەلگەڕێت ئاسانترە لەچاو ئەوەی کە ئەملا و ئەولای بە دوژمن گیرابن، هەروەها پیاو ئەگەر بەبێ شەڕ بڕوات، ئەگەر بەشەویش بێت هەر دەتوانێ پێش خۆی ببینێت. دەتوانین بەدزی بەڕێگایەکی دووردا بۆیان بسوڕێینە و لە هەمان کاتیشدا بێرەدا هێرشێکی بەدرۆ بکەین، لەوسا ڕەنگە هەموو هێزەکەیان بخەنە ئێرە. بەلام من ئەو کەسە نیم باسی دزی بکەم. خیریسۆفۆس، وابزانم ئێوەی سپارتی، مەبەستم لە ئەفسەرەکانە، لە منداڵییەوە دەرس دەدرێن چۆن دزی بکەن. واش بزانم لەباتی لەوەی کە بەسەرشۆڕیی بزانن، دزی بۆتە مایەی سەربەرزی ئەگەر شتێکی وا بدزن کە یاسا قەدەغەی نەکردبێت. لێرە دەبنە دزێکی شارەزا و خەریك دەبن دزیارییەکان بشارنەوە. لە یاساتان دانراوە کە مەگەر لەکاتی دزیدا بتگرن تەنیا لەم حاڵەتەدا تێهەڵدان دەخۆیت. کەواتە لێرەدا دەرفەتێکی باشتان هەیە پێشانمان بدەن کە لێرە چۆن پەروەردە کراون، بەمەش هەندێك زەبر و تێهەڵدانی دوژمن لەکۆڵ ئێمە دەکەنەوە کە لە کاتی دزینی ئەو بەشە چیایەدا دەمانگرن[1]

[1] ئەم نوکتەبازیەی و زینۆفۆن لەگەڵ جەنەراڵ خیریسۆفۆسی سپارتی سەیرە و هەست دەکرێت کە لە کاتی خۆیدا نەکراوە. وەك بڵێی بە تێپەستان خستوویەتە نێو باسەکە!

خیریسۆفۆس گوتی: سەربارەی ئەوەی کە دزی کارێکرێکی مەترسیدارە بۆ ئەو کەسانی کە دەیکەن، من بیستومە کە لێوەی ئەتینی لە دزینی دارایی گشتیدا شارەزاییەکی باشتان هەیە و کەوا پیاوە گەورەکانتان باشترین شارەزای ئەم بوارەن. ئەوەش مەگەر کەڵە پیاوانی حوکمەتەکەتان بیزانن، کەواتە ئەمە دەرفەتێکە بۆ تۆش تا پێشانمان بدەیت کە تۆ چۆن پەروەردە کراویت![1]

زینۆفۆن گوتی: ئامادەم هەر کە نان خورا پاسەوانانی پاشەر دەبەم و سەری چیاکە دەگرم. هەندێك رێناسم هەیە چونکە چەکدارەکانم بۆتەیان بۆ خەڵکێك دانابۆوە کە بەدوامان کەوتبوون بۆ کۆکردنەوەی شمەکی بەجێماو، ئەوانە دەڵێن چیاکە سەخت نیە و لەوەرگەی مەڕ و مانگای تێدایە. ئەگەر لایەکی باشمان گرت رەنگە رێی بارگینەکان بێتەوە، و ئەگەر بگەینە ئاستی وان یاخۆ لەوان بەرزتر، باوەڕ ناکەم خۆیان رابگرن چونکە دەبینین کەوا ئێستا ئەوان ئامادەنین بەرەورووومان بینەوە.

خیریسۆفۆس گوتی: بەڵام بۆچی پاسەوانانی پاشەر بنێرین؟ با خەڵکی دیکە بنێرین، مەگەر خۆبەخش دەست نەکەون؟

ئەریستۆنیمۆسی میتیدەریا فەرماندەی هۆپلیتەکان و ئریستیاسی خیۆس و نیکۆماخۆسی بۆیۆتیا فەرماندەکانی پیادە سووکەکان هاتنە پێش و کە بەرزاییەکانیان داگیرکرد دەبایە چەند ئاگرێك هەڵکەن وەکو ئیشارەت. لەسەر ئەم پلانە رێك کەوتن و نانیان خوارد، ئینجا خیریسۆفۆس بۆ یەك فەرسەخ پێشرەویی کرد تا پێشان بدات گوایە بەرێگا ئاساییەکادا دێت.

کە نانی ئێوارەیان خوارد و تاریك داهات، تاقمە خۆبەخشەکە بۆ گرتنی بەرزاییەکان دەرچوون، ئەوانی دیکە لە جێی خۆیان دانیشتن. کە دوژمن زانی بەرزاییەکانیان گیراون، کۆمەڵێك ئاگریان هەڵکرد و راسان. بەیانی خیریسۆفۆس قوربانیی پێشکەش کرد و ئینجا بە

[1] لە کاتی خۆیدا ئەتینی پارەیان لە شارە یۆنانیەکان کۆکردەوە بەناوی بەرەنگاری دژی فارس، کەچی دواتر هەموویان لە خۆیان خەرج کرد. بەمە ناوبانگیان دەرکرد کە ئەتینی دەزانن چۆن ماڵی گشتی بخۆن.

رێگاکەدا پێشڕەوییی کرد. هێزەکەی سەر چیا هێرشیان کردە سەر دوژمن، تا لەشکر گەیشتە وێ یۆنانیەکانی سەر چیاکە شەڕکەیان دەبردەوە و دوژمنیان رادەدا، لەهەمان کات پەلتاستەکانی دەشتەکە بۆ دوژمن چوون، خیریسۆفۆسیش لەگەڵ هۆپلیتەکان بەدوایانەوە بوو. کە دوژمن دیتی هێزەکانیان لە شوێنە بەرزەکاندا دەشکێن ئەوانیش هەڵاتن، کوژراویان زۆر نەبوو بەڵام ژمارەیەك لە قەڵغانەکانیان بەجێ ما. یۆنانی بە شمشێر قەڵغانەکانیان لەتوپەت کرد تا کەڵکیان نەمێنێت. کە گەیشتنە سەر لوتکەکە، لەوێ قوربانی و شوکرانەیان پێشکەش کرد، ئینجا شۆڕبوونەوە نێو دەشتاییەکە و گەیشتنە لادێیەکی پڕ لە خۆراك.

چاپتەر – ٧-
چاویان بە دەریا کەت

پاش ئەمە، بە پێنج رۆژ رێپێوان ٩٠ فەرسەخ برا، گەیشتنە ولاتی تەوخییەکان و خەریك دەبوو خۆراکیان لێ ببڕێت. تەوخییەکان لەنێو کۆمەڵێك قەلات دەژیان و هەموو تفاقیان لەوێدا دەشاردەوە. یۆنانیەکان چوونە لای یەکێك لەو قەلاتانە کە وەکو ئەوانی دیکە شار و گەڕەکی بەدەورەوە نەبوو، بەلام خەلك و مێگەل و گارانێکی زۆری تێدا بوو و خیریسۆفۆس یەکسەر پەلاماری دان. یەکەم پێلی هێرشەکە ماندوو بوون، پێلی دووەمی نارد، ئینجا پێلی سێیەم چونکە نەدەکرا گەمارۆ بدرێت چونکە بەرد و کەندەلانی لێ بوو.

کە زینۆفۆن گەیشتە لای خیریسۆفۆس هاواری کرد: لەکاتێکی باش هاتی، دەبێ هۆو شوێنە بگیرێت دەنا لەشکر بەبێ خۆراك دەمێنێت.

پێکەوە باسی حاڵەتەکەیان کرد و زینۆفۆن پرسی چ شتێك رایگرتوون، خیریسۆفۆس گوتی: ئەو رێگایەی ئەولا تاکە رێگایە، بەلام کە پیاوێك دەیەوێ پێدا بڕوات ئەوان لەو بەرزاییەوە تاوێرە بەرد گلۆر دەکەنەوە، ئەنجامەکەش وەکو ئەوانەیە کە دەیانبینی. ئاماژەی بۆ چەند سەربازێك کرد کە دەست و پەلیان شکابوو.

زینۆفۆن پرسی: بەلام ئەگەر تاوێرە بەردەکان نەبن، چ شتێك دەیانگەڕێنێتەوە؟ بەهەمووی چەند پیاوێك لەسەر دیوارەکە وەستاون کە تەنیا هەندێکیان چەکدارن، رێگاکەش ١٥٠ پێ دەبێت کە زۆربەی دار سنۆبەری گەورەی لێیە، ئەگەر بەو سنۆبەرانە و بە قەلغانەکانیان خۆ لە تاوێرە بەردەکان بپارێزین ئەوسا هەر ٥٠ پێ دەمێنێ بۆ قەلاتەکە، دەشتوانن راوەستن تا بەردبارانەکە دەوەستێت ئەوسا خۆیانی تێکەن.

خیریسۆفۆس: بەلام هەموو جارێك دەچینە پێش تووشی بەردباران دەبین

زینۆفۆن گوتی: ئیمەش ئەوەمان دەوێ. با بچینە پێش، ئەوان هەموو بەردەکانیان بە خێرایی تەواو دەکەن ئەوسا دەتوانین هێرش بکەین، دەشتوانین بکشێینەوە.

ئینجا خیریسۆفۆس و زینۆفۆن بەیاوەری یەکێك لە کاپتنەکان چوونە پێش، کاپتنەکە کاریماخۆسی پەرهاسی بوو کەوا سەردەستەی ئەفسەران بوو لە پاسەوانەکانی پاشەر. کاپتنەکانی لە دواوە وەستاند لە شوێنێکی ئاسوودە، ئینجا نزیکەی ١٧ کەس خۆیان لە پەنا دار سنۆبەرەکان قایم کرد، نەك پێکەوە بەڵکو تاك تاکە دەچوون و دەبایە هەرکەس ئاگای لەخۆ بێت. ئاگاسیاسی ستێمفالۆس و ئەریستیمینۆسی میتیدەریا (ئەویش کاپتنی پاسەوانانی پاشەر بوو) ئەوانەش نزیك دارەکان وەستابوون بەلاّم هەندە نەچووبوونە ناوێ چونکە دارەکان لە یەك تاقم بەدەر جێگەی خەلکێکی زۆریان لێ نەدەبۆوە.

کالیماخۆس فێلێکی کرد. چەند هەنگاوێك لە دارەکە دوور دەکەوتەوە ئینجا کە بەردباران دەستی پێدەکرد خێرا دەگەڕایەوە پنا دارەکان، هەر جارە باری ١٠ عەرەبانە بەرد دەهاویشتران. ئاگسیاس دیتی وا تێکڕای لەشکرەکە سەیری کالیماخۆس دەکەن و دەترسا خۆی یەکەم کەس نەبێت بگاتە قەلاّتەکە، بەبێ ئەوەی داوای یارمەتی لە ئەریستۆنیمۆس و یوریلۆخۆسی لوسیا بکات (کە هەردووك برادەری بوون و لەتەنیشتی وەستابوون) بەتەنیا پێش هەموان کەوتەوە. کە کالیماخۆس دیتی وا تێ دەپەڕێت، بە قەلّغانەکەی ڕێ لێ گرت، کەچی لە هەمان کاتدا ئەریستۆنیمۆسی میتیدەریا پێش هەردووکیان کەوتەوە، ئینجا یوریلۆخۆسی لووسیا. ئەو پیاوانە هەمیشە ڕقابەلیی یەکتریان دەکرد بۆ ئەنجامدانی ئازایەتی، لێرە پێش یەکتر دەکەوتنەوە و لەناکاو گەیشتنە ژوورێ و بەردبارانەکە ڕاوەستا.

پاش ئەوە دیمەنێکی زۆر ترسناك ڕووی دا، ژن و پیاو بە منداڵەوە خۆیان لە قەلاّتەکە هەلّدەداشت. کە ئەم شت ڕووی دەدا ئینیاسی ستیمفیلۆس یەکیانی دیت کە جلێکی جوانی لەبەر بوو، ڕای دەکرد کە خۆ هەلّدێرێت، ئینیاس گرتی تا ڕای بگرێت، کەچی کابرا لەگەلّ خۆی ڕایکێشا و هەردووك بە فڕکە هەلّدێران و مردن. لە کۆتایدا لەسیرێکی کەم گیران بەلاّم مەڕ و بەران و گایەکی زۆری لێ بوو.

ئینجا بەنێو ولاّتی خالّیبەکاندا بەهەفت ڕۆژ ٥٠ فەرسەخیان بڕی. ئەوانە جەنگاوەرترین عەشایەری سەر ئەم ڕێگایە بوون و شەڕی نزیکیان لەگەلّ یۆنانیەکان دەکرد. زرێی کەتانیان دەپۆشت کە دەگەیشتە بەریان، و لەباتی تەنورەی زرێ، تۆڕێکیان لەبەر بوو لە گوریسی

ئەستوور دروست کرابوون. هەروەها خوودە و قایشبەند، چەقۆشیان لەکەمر دەبەست هەندی خەنجەری سپارتی درێژ بوون، بەو چەقۆیانە قوڕگی ئەسیرەکانیان هەڵدەزڕاند، ئینجا سەریان دەبڕین و سەرەکانیان هەڵدەگرت و بە سەما و سروودەوە لەبەر چاوی دوژمنەکانیاندا هاتوچۆیان دەکرد. هەروەها رمبی یەك چوکڵەیان هەبوو ٢٠ پێ درێژ، بەرەوشتی خۆیان لە شوێنێك دەوەستان تا یۆنانیەکان رەت دەبوون ئەوسا بەدوایان دەکەوتن، و هەمیشە ئامادەبوون بۆ شەڕ. خانوەکانیان لەجێگای قایم دروست کردبوو بە شوورە و دیوارەوە و هەموو تفاقەکانیان لەژووری دادەنا بۆیەش یۆنانی هیچیان دەست نەکەوت و هەر لەسەر دەسکەوتەکانی وڵاتی تەوەخیەکان دەژیان.

ئینجا گەیشتنە رووباری هارپاسۆس کە ٤٠٠ پێ بەرین بوو. ئینجا بەنێو ناوچەی سکیتینی Scytheni دا رۆیشتن. لەوجار بەچوار رۆژ ٦٠ فەرسەخ زەویەکی تەختیان بڕی تا گەیشتنە لادێیەك، سێ رۆژ لەوێ مانەوە، بارگە و خۆراکیان پڕ کرد ئینجا بە چوار رۆژ ٦٠ فەرسەخیان بڕی و گەیشتنە شارێکی گەورە و ئاوەدان و گەش بەناوی گیمنیاس Gymnias. خەڵکی شارەکە رێناسێکیان بۆ یۆنانیەکان نارد کە بیانباتە ناوچەیەك کە دوژمنیان بوون. کە رێناسەکە گەیشت، گوتی دەتوانێ بە پێنج رۆژ بیانگەیێنێتە شوێنێکی کە دەریایان لێ دیار بێت و گوتیشی ئەگەر وا نەبوو ئامادەیە بیکوژن. جا بەڕێ کەوتن تا گەیشتنە ناوچەی دوژمنەکانیان، رێناسەکە لەوێ داوای لێ کردن ناوچەکە بیسوتێنن و ئاویان بەسەردا بگێڕن چونکە بۆ ئەم هۆیە یارمەتیی یۆنانیەکانی داوە نەك بۆ هیچ شتێك.

لە رۆژی پێنجەمدا گەیشتنە چیایەك بەناوی تەکیس Thekes، کە پیاوەکانی پێشەر گەشتنە سەر لوتکەکە و چاویان بە دەریا کەوت، لەخۆشیان هات و هاوارێکی گەورەیان کرد. زینۆفۆن و پاسەوانانی پاشەر گوێیان لەو هەرایە بوو وایانزانی کەوتوونەتە بەر هێرش چونکە خەڵکی ناوچەیی هەبوون کە لە دواوە دەستیان وەشاندبوو، پاسەوانەکان بۆتەیان بۆ دانابوونەوە و هەندێکیان لێ کوشتبوون و هەندێکی دیکەیان گرتبوو، دەستیشیان بەسەر ٢٠ خوودەدا گرتبوو لەسەڵکە گا دروست کرابوون و بە تووکەوە لەسەریان دەنان.

هەر چۆنێك بێت، دەنگەکە بەرەبەرە گەورە دەبوو و بەرەبەرەش خەڵکەکە بەرەو پێش دەچوون و بوو بە راکەڕاکە بەرەو شوێنی هەراکە و دەنگەکەش هەر بەرزتر دەبوو، دیاربوو شتێکی یەکجار گرینگ لەئارا دایە، ئیتر زینۆفۆن سواری ئەسپەکەی بوو و لووکۆس سوارەکانی دیکەی هێنا و زوو گوێیان لێ بوو سەربازەکان هاوار دەکەن (دەریا، دەریا) و خەبەرەکەیان دەگەیاندە ریزەکانی دواوە. ئینجا هەموو خێرایی بە بار و بارگینەوە غاریان دا.

کە گەیشتنە سەر لوتکەکە، سەربازەکان بە بەفرمێسکەوە باوەشیان لە یەکتر و لە چەنەراڵەکان دەدا. لە چرکەیەکیشدا، لەسەر پێشنیازی یەکێك، قەڵاتێك بەردیان کۆکردەوە و لەسەر کەڵەکە بەردەکاندا کۆمەڵێك کەوڵە گای خاو و هەندێك قەڵغانیان دانا. رێناسەکە قەڵغانێکی پارچە کرد و بەوانیشی گوت هەمان شەت بکەن، ئینجا یۆنانیەکان رێناسەکەیان ناردەوە، ئەسپێك و کووپێکی زیو و رۆبێکی فارسی و ١٠ داریکیان بەدیاری پێشکەش کرد. ئەویش بەتایبەتی داوای ئەم ئەنگوستیلانەی کرد کە سەربازەکان لە ئەنگوستیاندا بوو، ژمارەیەك لەم ئەنگوستیلانەیان دایێ. پێش ئەوەی بڕوات گوندێکی بۆ دەستنیشان کردن کە تێدا بمێنن، هەروەها رێگای نیشان دان کە دەگەیێنێتەوە ولاتی ماکرۆنیز، کە رۆیشت ئیوارە داهاتبوو.

چاپتەر -٨-
گەیشتنە ترابەزۆس

یۆنانی بە سێ رۆژ رێپێوان ٣٠ فەرسەخیان لە ولاتی ماکرۆنیز Macrones بڕی. لە رۆژی یەکەمدا گەیشتنە ئەو رووبارەی کە سنووری نێوان سکیتینی و ماکرۆنیز پێك دێنێت. لەلای راستدا قەلاسەنگەرێکی سەیری لێ بوو، بەلای چەپیشدا رووبارێکی دیکەی لێ بوو کە دەبایە لێی بپەڕنەوە. لیواری رووبارەکە پڕبوو لە دار و درختی کورت بەلام زۆر چڕ. یۆنانی پەلەیان بوو، دارەکانیان دەبڕی دەیانویست خێرا لەوێ دەرباز بن، و ماکرۆنیەکان بە رمب و قەلغان و پەستەکەوە لە بەرانبەر سەنگەرکارییەکان راسابوون، هاواریان دەکرد و یەکتریان بانگ دەکرد و بەردیان دەهاویشت، بەردەکان دەکەوتنە نێو رووبارەکە. لەو میانەدا پەلتاستێك هاتە لای زینۆفۆن گوتی ئەو زمانی ئەوانە دەزانێت چونکە لەئەسلدا خەلکی ئێرەیە و لەکاتی خۆیدا لە ئەتینا ئەسیر بووە، جا دەتوانێ قسەیان لەگەل بکات. زینۆفۆن گوتی: باشە، قسەیان لەگەلدا بکە و پێش هەموو شتێك بزانە کێن؟ پرسیاری کرد، گوتیان ماکرۆنین. زینۆفۆن گوتی: لێستا بپرسە بۆچی راساون و دژایەتیمان دەکەن؟ وەلامەکەیان ئەمە بوو (چونکە ئێوەن هێرش دەکەنە سەر ولاتی مە).

ئینجا جەنەرالەکان گوتیان بلێ: ئێمە بەنیازی خراپەوە نەهاتووین، ئێمە لە جەنگ بووین دژی شا، و بۆ یۆنان دەگەڕێینەوە و دەمانەوێ بگەینە دەریا.

ماکرۆنیەکان پرسیان ئایا بەلێن دەدەن کە قسەکەیان راستە؟ وەلامیان دایەوە کەوا دەیانەوەێ هەردوولا سوێند و بەلێن بدەنە یەك. هەر یەك رمبێکی کردە دیاری بۆ لایەکەی دیکە.

پاش سوێند و بەلێنی دووسەرە، ماکرۆنیەکان دەستیان پێکرد یارمەتیان بدەن کە دارەکان ببڕنەوە تا بپەڕنەوە، بە ئازادی لەگەل یۆنانیەکان تێکەل بوون و رێگایان دان خۆراك بکڕن و بەدرێژایی سێ رۆژ لەگەلیان بەرێدا رۆیشتن تا سنووری کۆلخییەکان Colchian. لێرەدا چیای بەرز هەبوون بەلام لێژاییەکانیان تیژ نەبوون. کۆلخیەکان لەسەر چیا راسابوون، لە سەرەتادا

یۆنانی بەنیازی هێرش کردن لەبەرانبەریاندا بە پانی ریز بوون، جەنراڵەکان بۆ پلاندانان کۆبوونەوە، زینۆفۆن ئەمەی دەربڕی کە باشتر ئەوەیە شێوازی ئێستایان بگۆڕن و بە هێڵی ئەستوونی بۆیان بچن، گوتی: ئەگەر بە پانی پێشڕەوی بکەین ئەوسا ڕەنگە بەشێکمان زوو بگەینێ و بەشێکمان بە هۆی کەند و لەندەوە درەنگ بگەینێ، ئیتر ریزەکان لێك دەبنەوە و وریان دادەبەزێت. ڕەنگە ئەوساکەش دەوری باڵەکانمان بگرن، بەلام ئەگەر بە چەند هێڵێکی قووڵ و ئەستوونی ریز بین ئەوسا مەترسیی لێکبوونەوە و بەردباران و پەلاماری هەزاران پیاو نامێنێت. پێشنیازم ئەوەیە کە بە شێوازی هێڵی ئەستوونی ریز بین بەمەرجێك کە تاقمەکانی سەر باڵەکان لەملا و ئەولای دوژمن بڕۆن، بەوە دەتوانین باڵەکانیان بگرین و لەکاتی پێشڕەویدا پیاوە هەرە ئازاکانمان دەتوانن خۆیان بگەیێنن بۆ ریزەکانی دوژمن. هەر ئەفسەرێك بە ئازادی نزیکترین رێگا هەڵدەبژێرێت بەرەو دوژمن. سەبارەت بە بۆشاییەکانی نێوان تاقمەکان، دوژمن ناتوانێ بەنێویاندا بڕوات کەوا لە چەپ و ڕاستەوە تاقمی دیکە رادەوەستن و شتێکی ئاسان نیە کەسێك بتوانێ بەنێو دوو هێڵ سەربازی هێرشبەردا بڕوات. ئەگەر تاقمێکیش تووشی تەگەرەیەك هاتن، ئەو تاقمەی کە لێیان نزیکن بەهانایان دەچن. ئەوجار ئەگەر هەر یەك لە تاقمەکان گەیشتە سەر لوتکەکە، مسۆگەرە کە دوژمن هەڵدێن.

پلانەکە پەسند کرا و لەشکرەکەیان بە چەند هێلیکی ئەستوونی ریز کرد. زینۆفۆن بە سواری ئەسپ بەسەر هەمووانداا دەگەڕا و دەیگوت: برادەران، ئەو خەڵکەی دەیانبینن دواترین تەگکەرەن لەنێوان ئێمە و ئەو جێگەی کە خەباتی بۆ دەکەین، جا دەبێ بەزیندویی بیانخۆین.

کە ریز بوون، هەشتا تاقم هۆپلیتی ١٠٠ کەسی پێك هێنران، پەلتاست و تیرەندازەکانیان خستە سێ تیپ، یەك لەپشت باڵی ڕاست، یەکیش لەپاڵ باڵی چەپ، یەکیش لەپاش ناوەڕاستی لەشکرەکە وەستابوو، و هەر تیپێك لە ٦٠٠ کەس پێك هێنرابوو. فەرمان بۆ سەربازەکان ڕەوان کرا کە سوێند بخۆن و سروودی پایان بخوێنن. کە ئەوانە کران، لەشکر پێشڕەویی کرد، خیریسۆفۆس و زینۆفۆن لەگەڵ هەندێك پەلتاست لە هێڵی دەرەوەی ریزەکانی دوژمن لەسەر باڵی چەپ پێشڕەویان دەکرد. دوژمن دیتیان، یەکسەر غاریان دا کە بەرەنگاریان ببنەوە، ئەوجا هەندێك لە ڕاستەوە و هەندێك لە چەپەوە لێك بوونەوە و بۆشاییەکی گەورە کەوتە ناوەڕاستی

ریزەکان. پەلتاستەکانی تیپی ئەرکادی کە لەژێر فەرماندەیی لیسخینیسی ئاکارنانی بوون وایانزانی دوژمن هەلاتوون، هاواری شەڕیان بەرز کردەوە و غاریان دا. ئەوانە یەکەم تاقم بوون بگەنە سەر چیاکە، پاش ئەوان تیپێك هۆپلیتی ئەرکادی کە لەژێر فەرماندەیی کلینۆری ئۆرخۆمینۆس بوون، پاش ئەوان گەیشتن. هەر کە پەلاماریان دان دوژمن خۆیان رانەگرت و بە شەپرێوی هەلاتن.

یۆنانی لە چیاکە ئاوابوون و گەیشتنە لادێیەکی تێر و ئاوەدان. کۆمەلە گوندێکی ئاسایی تێدابوو بەلام ژمارەیەك شانەی هەنگی لێبوو تێکڕای ئەو سەربازانەی کە هەنگوینیان خوارد تووشی ژانەسەر و رشانەوە و زگچوون بوون، ئەوانەی کەمیان خوارد گێژ و سەرخۆش بوون و ئەوانەی زۆریان خوارد وەکو شێتیان لێ هات، تەنانەت هەندێکیان مردن. ئیتر کۆمەلێکیان لەسەر زەوی کەوتبوون وەك بلێی لە شەڕێك بەزیون. پشێویەکی گەورەیان دیت بەلام رۆژی دواتر وەك هیچ رووی نەدابێت، هەموو چاك بوونەوە.

لێرەوە بە دوو رۆژ ٢١ فەرسەخیان بڕی بۆ تراپازۆس Trapazus، شارێکی ئاوەدانی یۆنانی بوو لە یوکسین Euxine کە کۆلۆنیەکی[1] خەلکی سینۆپ Sinop بوو لە ناوچەی کۆلخیەکاندا(Colchians). لە گوندی کۆلخیەکان ٣٠ رۆژ مانەوە، گوندێکیان کردە بنکەی خۆیان و ولاتی کۆلخیەکانیان وێران کرد. خەلکی تراپازۆس خۆراکیان بە یۆنانیەکان دەفرۆشت و دیاریان پێشکەش دەکردن لە گا و جۆ و شەراب، هەروەها ناوبژیان کرد لەنێوان یۆنانی و کۆلخیەکاندا، ئیتر لەمانەش هەندێك گایان بەدیاری نارد. ئەمجارە یۆنانیەکان خۆیان ساز کرد ئەو قوربانیە بەجێ بگەیێنن کە لەخۆیان گرتبوو. گاڕانێکی زۆریان بۆ هاتبوو کە دەشیا بۆ زیۆسی رزگارکەر بکرێنە قوربانی و بۆ هێرکلێ (هرقل) بۆ ئەو رێنمایەی کە کردبووی، و بۆ خواوەندەکانی دیکە. هەروەها لەو چیایەی کە ئۆردوگایان لێ کردبوو پێشبڕکەی وەرزشییان

---

[1] Colony - (مستعمرە)

گیرا. سەرپەرشتیاری پێشبڕکە هەڵبژێردرا، ئەمەش دراکۆنیۆسە سپارتیەکە بوو کە لە منداڵیەوە شاربەدەر کرابوو بەهۆی کەوا یەکێکی بەخەنجەر کوشتبوو[١].

کە قوربانیەکە بەجێ هێنرا کەوڵەکانیان دایە دراکۆنیۆس تا پێشیان بکەوێت بۆ شوێنی پێشبڕکەکە،کەچی لەو هەمان شوێنی خۆی دەستنیشان کرد و گوتی سەری ئەم گردە باشترین شوێنە کە دەتوانین لێرەڕا بە ئارەزووی خۆمان بەهەر لایەکدا غار بدەین. پرسیار کرا: بەڵام چۆن زۆرانبازی لەسەر بەردی ئەوها ڕەق دەکرێت؟ وەڵامەکەی ئەمەبوو: ڕەقاییەکە بۆ ئەو کەسە دەبێت کە بەزەوی دادەدرێت.

کۆمەڵێك کوڕ، کە زۆربەیان لە ئەسیرەکان بوون، پێشبڕکەی غاردانەی کورتیان ئەنجام دا، هەروەها ٦٠ کریتی غادرانەی درێژیان ئەنجامدا، هەروەها چالاکیی زۆرانبازی و شەڕە مست و گەلەکۆبازی[٢] ئەنجام دران. زەماوەندەکە بە خۆشی بەڕێوە چوو، بەشدار زۆربوون و لەبەر چاوی فەرماندەکانیاندا، کە سەیریان دەکردن، پێشبڕکەیەکی توندیان دەکرد. پێشبڕکەی غاردانەی وڵاغیشی تێدابوو، سوارەکان تا دەریا چوون و هاتنەوە، لە کاتی چووندا ڕێگاکە زۆر نشێو بوو، سوارەکان یەك بەخۆ دەهەژان. لەگەڕانەوەشدا هەورازێکی سەخت بوو، ئەسپەکان بەحاڵ دەڕۆیشتن، ئیتر هانادان و هاوار و هەرا و پێکەنینێکی گەورەبوو.

---

[1] (دراکۆنیۆسی سپارتی) وارنەر لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ گوایە لەگەڵ (ئاگاسیاسی ستێمفالی) بەشەڕ دێت. کەچی دواتر دەبینین کە شەڕەکە لەگەڵ یەکێکی دیکە ڕوو دەدات بەناوی دێکسیپوسی سپارتی Dexipus the spartian

[2] وارنەر ئەوەهای نوسیوە (all-in wrestling). دیارە جۆرە زۆرانبازییەك بووە کە بە کۆمەڵ دەکرا. بەڕاستی، لە زاراوەی (گەلەکۆ) باشترم دەستنەکەوت.

بابەتی پێنجەم
بەرەو پافلاگۆنیا

چاپتەر -١-
خیریسۆفۆس کەشتیی پەیدا دەکات

پاش ئەمە کۆنگرەیەکیان بەست بۆ باسکردنی ئەم بەشە ڕێگایەی کە ماوە. سەرەتا لیۆنی تەوریی Leon of Thurii هەستا و قسەی کرد: سەربازان، بەش بە حاڵی خۆم لەو هەموو هەڵگرە و داگرە و برۆ و ڕاکە و چەك هەڵگرە و بەریز برۆ و ئێشك بگرە و شەڕ بکە و ئەوانە ماندوو بوومە و دەمەوێ بحەسێمەوە، ئیتر کەوا گەیشتوینە دەریا، حەز دەکەم پاشماوەی ڕێگاکە بە کەشتی ببڕم و وەکو ئۆدیسیۆ لەسەر پشتی کەشتیەك پاڵ بدەمەوە تا دەگەمەوە یۆنان.

کە ئەمەیان بیست سەربازێکی دیکە بە پەسندی بۆ قسەکە هاواری کرد، یەکی تر هەستایەوە هەمان رای دەربڕی و هەموو هەمان قسەیان کرد. ئینجا خیریسۆفۆس هەستایەوە ئەم قسانەی کرد: سەربازان، ئەناکسیبیۆس برادەرمە، ئەگەر حەز دەکەن بەدوای دا دەچم، لەخۆم رادەبینم کەشتیی پەیدا بکەم، ئێوە کە دەتانەوێ کە بەڕێی دەریا بڕۆن لێرە چاوەڕێ بن تا دەگەڕێمەوە. سەربازەکان پێیان خۆش بوو دەنگیان بۆ دا.

ئینجا زینۆفۆن هەستا قسەی کرد: خریسۆفۆس دەنێردرێت بۆ ئەوەی کەشتی پەیدا بکات و دەبێ ئێمە لێرە چاوەڕێی بکەین، جا دەمەوێ ئەوە دیار بخەمە کە لە ماوەی چاوەڕوانیدا چ پێویستە لەسەرمان. یەکەم شت ئەوەیە کە دەبێ خۆراك لە وڵاتی دوژمنان کۆبکەینەوە چونکە خۆراکمان کەمە، لەهەمان کاتیشدا هەندە پارەمان پێ نەماوە کە خۆراك بکڕین. ناوچەی دەورروبەر دژوارن، ئەگەر ئیشەکانتان بە شەپرێوی بکەن زۆر پیاومان لەدەست دەچن، بۆیە بەباشی دەزانم کاتێ کە دەچن بۆ پەیداکردنی خۆراك بەتاقمی تەواو بچن و بەتەنیا نەگەڕێن، و ئێمەی ئەفسەر دەبێ چاودێری ئەم شتانە بکەین.

پێشنیازەکە پەسند کرا و زینۆفۆن بەردەوام بوو: تکایە گوێ لە خاڵی چوارەم بگرن. هەندێکتان بۆ راوەروت دەردەچن، باشتر ئەوەیە کە پێشەکی پێمان رابگەیێنن بۆ کوێ دەڕۆن تا سەرژمێری نێو ئۆردوگا و دەورەوەی ئۆردوگا بزانین. هەروەها ئەگەر هێزی پشتگیرمان بۆ

کەسێك نارد تابزانین بۆ کام لای بنێرین بۆ ئەوەی ئەگەر کەسانێك بیانەوێ بەسەر شوێنێکدا بدەن، ڕێنمایان بکەین کە بە چ هێزێکەوە بیکەن.

ئەم پێشنیازەش جێبەجێ کرا، زینۆفۆن گوتی: ئێستاش شتێك هەیە دەبێ بیزانین. دوژمن ڕەنگە دەستیان بیێتەوە و تالانمان بکەن و زۆر ئاساییە کە ئێستا پلانی ئەوها دابنێن چونکە ئێمە دەستمان بەسەر ملکی ئەواندا گرتووە، جا دەبێ بە نۆرە پاسەوانی بکرێت، ئەگەر بە نۆرە پاسەوانی و پاترۆڵ بگێڕین دوژمن دەرفەتی نابێت. هەروەها خاڵێکی تریش هەیە، ئەگەر خیریسۆفۆس بای ئەوە کەشتی پەیدا کرد کە بەشمان بکات ئەوە زۆرباشە، بەلام کە هێشتا مسۆگەر نەکراوە کەواتە دەبێ خەریك بین لێرە کەشتی پەیدا بکەین. ئەگەر کەشتی هاتن ئەوە باشە دەنا ئەوسا کەشتیی خۆمان دەبێت. دیتومە کەشتی هاموشۆی لێرە دەکەن، ئەگەر لە خەڵکی تراپازۆس بپرسین کەشتیی جەنگی لەکوێ پەیدا دەبن و ئەگەر لە لای لێوارەکان بەکرێن پەیدا بن و دەفەکانیان لێ بکەینەوە تا ئەو ڕۆژەی بای خۆمان ژمارەیان زۆر دەبێت، ئەوسا وابزانم تەگەرەیەکی لەوتۆمان نامینێت.

ئەم پێشنیازەش پەسند کرا، ئینجا زینۆفۆن گوتی: خەمێك لەوە بخۆن کە ئێمە لە گیرفانی خۆمانەوە پارەی ئەو کەشتیوانانە دەدەین، چەندەش لەسەرمان ڕاوەستن هەندە کرێیان زیاد دەکات، چەندەش لەگەڵیان باش بین، هەندە باش دەبن.

ئەم پێشنیازەش پەسند کرا، زینۆفۆن بەردەوام بوو: باوەڕم وایە ئەگەر هەوڵەکانمان بۆ دابینکردنی کەشتی سەرکەوتو نەبوون ئەوسا دەبێ داوا لە شارەکانی سەردەریا بکەین ڕێگەکان چاك بکەنەوە. وەك دەزانین ڕێگاکان زۆر خراپن، با ئەوان ئامادەی بکەن، هەم لەبەر ئەوی لێمان دەترسن، هەم لەبەر ئەوەی کە دەیانەوێ لەکۆڵیان ببینەوە.

لەم حاڵەدا هاواریان کرد کەوا ئامادەنین هیچی تر بە پێ بڕۆن. زینۆفۆن زانی سەربازەکان خولقیان نەماوە هەموو ڕاستیەك ڕەچاو بکەن، ئەم پێشنیازەی نەخستە دەنگدان. واش هەر توانی بە خەڵکی شارەکە بسەلێنێت کە ڕێگا و بان دروست بکەن بەبیانگەی ئەوی کە بەم جۆرە دەتوانن یۆنانیەکان لەکۆڵ خۆ بکەونەوە. یەك کەشتیی پێنج ڕیزی لەلایەن خەڵکی تراپازۆسەوە پێشکەش کرا و دیکسیپۆس Dexippus، ئەفسەرێکی سپارتی بوو، بە سەرپەرشتیاری

کەشتییەکە دانرا. بەڵام دێکسیپۆس بەبێ هیچ هەستێك بە بەرپرسیتی و بەبێ هیچ پەرۆشێك بۆ کۆکردنەوەی کەشتی، کەشتییەکەی برد و هەڵات. بەڵام دواتر تووشی داوی خۆی بۆوە کە لە تراکیا لەسەرای سیوولیس پاشادا خۆی تێکەڵ بە پلان و کێشە کرد و بەدەست نیکاندەری سپارتیەوە کوژرا.

کەشتیەکی ٥٠ ریزی تر پەیدا کرا، خستیانە دەست پۆلیکراتیس، ئەتینی بوو، هەر کەشتییەکی کە دەستی گەیشتیێ بۆ ئۆردوگای هێنا، ئەو شمەك و بارگەی کە هەبوو یۆنانیەکان خستیانە وێ و پاسەوانیان بۆ دانا، پاسەوانیەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بوو.

لەمیانی ئەوانەدا یۆنانی خەریکی راوەڕووت بوون. هەندێکیان سەرکەوتوو دەبوون و هەندێکیان هیچ. کلاینەتۆس، یەکێك بوو کە سەرباری هیزی خۆی هێزێکی دیکەشی بەگژ جێگەیەکی سەختدا برد، بەخۆ و بە چەند کەسێکەوە کوژران.

چاپتەر -٢-

هەڵمەتێك بۆ راوەروت

لەکۆتاییدا وای لێ هات خۆراك لەم نزیکانە دەست نەدەکەوت بای ئەوەی بەیەك رۆژ بۆی بچن و بگەڕێنەوە ئۆردوگا. بۆیە، زینۆفۆن نیوەی لەکشکرەکە لەگەڵ خۆی برد وێڕای هەندێك رێناس لە خەڵکی تراپازۆس، نیوەکەی دیکە بۆ چاودێریی ئۆردوگا بەجێ هێشت چونکە کۆڵخییەکان لەماڵەکانیان دەرچوبوون و بەکۆمەڵ بەرزاییەکانیان داگیر کردبوو. خەڵکی تراپازۆس شوێنێکیان پێ نەدۆزرایەوە کە دەسکەوتی باشی تێدا بێت چونکە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بەئاشتی دەژیان، بەڵام ئامادەبوون رێگایان بەرەو وڵاتی دریلای Drilae پێشان بدەن چونکە ئازاریان لەدەستی ئەوانە چێشتبوو. ناوچەکەیان شاخاوی بوو و خەڵکەکەی وێش بەگشتی لە خەڵکی لێوارەکانی دەریای رەش جەنگاوەرتر بوون.

کە یۆنانی پەلاماریان دان دریلاییەکان کشانەوە دوا، سەرەتا ئاگریان لەهەموو ئاوەدانیەکان بەردا، وا پێ دەچوو بەرهەڵستی نەمابێت. لە چەند بەراز و ئاژەڵێك بەولاوە یۆنانی هیچ دەستکەوتیان نەبوو. یەك شوێنیان هەبوو خۆیان تێدا قایم کرد کە پایتەختیان بوو، هەموو تێدا خڕ ببوونەوە، شوێنەکە کەندی قوڵی هەبوو رێگاکانیش بۆ قەلاتەکە سەخت بوون.

پەلتاستەکان نیو فەرسەخ پێش هۆپلیتەکان کەوتبوونەوە. ئەوانە بەسەر رێگا سەختەکاندا دەڕۆیشتن و کە ئەو هەموو گاڕان و تالانەیان دیت یەکسەر هێرشیان کردە سەر قەلاتەکە. هەندێك رمبەوانیش بەدوایان کەوتبوون بۆ تالانکاری، لیز پتر لە ٢٠٠٠ کەس پەڕینەوە. بەلام شوێنەکەیان پێ نەگیرا، ئەمەش سەیر نەبوو چونکە خەندەکێکی پانی لێ بوو دەورەکەشی هەڵدێر بوو، پەلتاستەکانیان بەسەر ئەو کەندە و بەسەر بورجە دارینەکاندا بلاو کردبۆوە بۆیە ویستیان بکشێنەوە، کەچی دوژمن بەتوندی پالی پێوە دەنان، لیز نەیاندەتوانی بکشێنەوە چونکە ریگاکە بۆ خوارێ تەسك بوو پانایەکەی بای تاکە کەسێك بوو، دەبایە بەریز پێدا برۆن. خەبەریان بۆ زینۆفۆن نارد، لەو سەرپەرشتی هۆپلیتەکانی دەکرد، نامەبەرەکە گوتی شوێنەکە پڕە لە تفاق

بەلام ناگیرێت چونکە دوژمن هاتوونە دەرێ و پەلاماری ئێمەیان داوە، ڕێگای گەڕانەوەشمان ڕنیەکی سەختە.

کە ئەم خەبەرە بە زینۆفۆن گەیشت هۆپلیتەکانی برد بۆ لای خەندەکە هەورازەکە و لەوێ دیەزراندن و خۆی لەگەڵ کاپتنەکان پەڕییەوە تا بزانێ ئایا باشتر ئەوەیە هیزەکان، ئەوانەی پەڕیبوونەوە، بکێشیتەوە دوا یاخۆ ئەگەر گریمان دەشێ شوێنەکە بگرێت، ئەوسا هۆپلیتەکانیش ڕەپیش بخات؟ بۆی دەرکەوت کە کشانەوە بەبێ زیانی گەورە ناکرێت. کاپتنەکان لەسەر ئەو ڕایە بوون کە دەتوانن قەڵاتەکە داگیر بکەن، ئیتر زینۆفۆن قسەکەی پەسند کرد چونکە فالگرەوەکان و قوربانیەکان وایان دیار خستبوو کە مەگەر بە شەڕێکی قورس بگیرێت. بۆیە کاپتنەکانی نارد کە هۆپلیتەکانی بپەڕیننەوە و خۆی لەوێ مایەوە، پەلتاستەکانی کشاندەوە و ڕێگای نەدان هیچی تر شەڕی دووربەدووری بکەن.

کە پەلتاستەکان گەیشتنە جێ، فەرمانی بە کاپتنەکان دا هەرکەس تاقمەکەی خۆی بەجۆرێك ریز بکات کە خۆی بەباشی دەزانێت چونکە ئەو کاپتنانە پێکەوە ڕاهاتبوون کاری نەبەردی ئەنجام بدەن. چۆنیان پێ گوترا ئەوهایان کرد، زینۆفۆنیش فەرمانی بە هەندێك لە پەلتاستەکان دا کە لەکاتی پێویست هەموو ئامادەبن بە قۆچەقانی و کەوانەکانیانەوە تیرەکانیان تەنگە بدەن و ساز بن چونکە دەبێ لەگەڵ ئاماژەکە هەموو پێکەوە بەرد و تیرەکان بهاوێن. بە تیپە سووکەکانیشی گوت گیرفانیان پڕ بکەن لە بەرد هەروەها خەڵکی جێ باوەڕ بنێرن تا فەرمانەکان بەباشی ڕابگەیێنن بۆ ئەوەی بەباشی جێبەجێ بکرێن.

کاپتن و یاوەرەکان سازبوون، هەروەها ئەوانەی کە خۆیان بە فەرماندەی هەنووکەیی دەزانی هەموو لەشوێنی خۆیان دامەزران. لەڕاستیشدا هەموو بەرانبەر یەك وەستابوون چونکە بەهۆی سروشتی زەویەکە شیوەی نیوەبازنەیان وەرگرتبوو. ئینجا سروودی پایان خویندرا و شەیپووری هێرش ژەنرا، هۆپلیتەکان نەعرەتەی شەڕیان بەرز کردەوە و هێرش کرا، بەم شیوە هەموو تیر و بەردەکان پێکەوە هاوێژران، تیر و ڕمب و بەردی قۆچەقانی پێکەوە. زۆریشیان هەر بەدەست هاوێژران وێڕای تیری ئاگردار کەوا هەندێك کەس لەهێرشدا بەکاریان دەهێنن. لەژێر ئەو قورساییەدا دوژمن سەنگەر و بورجەکانی چۆل کرد، ئەمەش دەرفەتی بۆ ئاگسیاسی ستیمفالی

ڕەخساند، زرێکەی داکەند و تەنیا بە یەلەگەوە پێهەڵگەڕا، ئینجا خەڵکی تر پێهەڵگەڕان و یارمەتی یەکتریان دا تا شوێنەکە گیرا. پەلتاست و پیادە سووکەکان بەپەلە خۆیان تێکرد و هەرکەس پەلاماری کالایەکی دا، بەلام زینۆفۆن لەدەرێ وەستا و تا پێی کرا هۆپلیتی لەگەڵ خۆی هێشتەوە کەوا هەندێك تاقمی دوژمن لەسەر بەرزاییەکان دیاربوون دەهاتنە پێش[1].

هەندەی نەبرد دەنگەدەنگ لە ژوورێ هەستا و خەڵك هەلاتن بۆ دەرێ. هەندێکیان تالانیان هەلگرتبوو، هەندێکیشیان بریندار ببوون، ئەوجار گرمەی هەرەسێك هات، لەوەلامی پرسیاردا گوتیان بورجێك لەژوورێ مابوو سەربازەکان پێی هەڵدەگڕان و هێزێکی دوژمنی تێدابوو، ئەو بورجە بەسەر پیاوەکاندا ڕما.

ئینجا زینۆفۆن فەرمانی بە تۆلمیدیس دا کە ئەوەی بۆ تالان دەچێتە ژوور با بچێت. خەڵکێك پاڵەپەستۆیان خستە سەر ئەوانەی کە بۆ دەرەوە رایان دەکرد، دیسان دوژمنیان لە قەلاتەکە گەمارۆ دا، هەرچی لەدەرەوەی قەلاتەکە بوو تالان و بڕۆ کرا. هۆپلیتەکان ریزیان بەست، هەندێك لەلای دەروازەکە و هەندێکیش لەلای قەلاتەکە، زینۆفۆن و کاپتنەکان بیریان کردەوە ئایا دەتوانن قەلاتەکە بگرن؟ ئەگەر گیرابایە ئەمە وای دەگەیاند کە دکرا بە سەلامەتی بکشێنەوە دەنا ئیشەکە زۆر سەخت دەبوو، پاش تێروانینێك گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە قەلاتەکەیان پێ ناگیرێت و دەبێ بکشێنەوە.

هەر کەس سەنگەرێکی بۆ خۆی دروست کرد، ئەوانەی تالانیان پێ بوو کەڵکی شەڕیان نەبوو، لەگەڵ زۆربەی هۆپلیتەکان ناردرانەوە بۆ دوا. هەریەك لە کاپتنەکان پیاوی جێباوەڕی خۆی هێشتەوە. کە دەستیان بە کشانەوە کرد ژمارەیەك لە دوژمن بە رمب و قەڵغان و خوودەی پافلاگۆنی لە قەلاتەکەوە هێرشیان کرد. هەندێکیشیان چوونە سەربانەکانی ئەمبەر ئەوبەری رێگا، ئیتر کەڵکی ئەوە نەما کە تەنانەت بە دەروازەکەشدا پاڵیان پێوە بنێن چونکە کۆلکە داری زلیان بۆ خوارێ راکێشا، بەوەش وای لێ هات کشانەوە و مانەوەیان وەکو یەك بوو. هەروەها تاریك دادەهات ئەمەش مەترسیەکەی گەورەتر دەکرد.

---

[1] وەك بلێی پاکانە بۆ خۆی دەکات کەوا لە تاکە شەڕێکیشدا راستەوخۆ بەشدار نەبووە.

بەلام هەرچۆنێك بێت، لەو کاتەی کە هێشتا شەڕیان دەکرد هەندێك خواوەند ڕێگایەکیان پێشان دان، یەك لە خانووەکانی لای دەستە ڕاست، ئەگەر لەخۆڕا بووبێت یان بەدەستی کەسێکەوە، لەپڕ ئاگری تێبەربوو. کە خانووەکە ڕما دوژمن ریزە خانووەکانی دەستە ڕاستیان چۆڵ کرد. زینۆفۆن خۆو بەخت دیتی و فەرمانی دا ئاگر لە خانووەکانی لای چەپیش بەردەن، ئەوانەش لە دار دروست کرابوون و هەر زوو ئاگریان گرت.

ئێستا تاکە هێزێکی دوژمن کە توانای گێچەڵی مابوبێت ئەوانەی پێشەوە بوون، دیاریش بوو نیازیان هەیە بەرەو دەرێ و بەرەو تەلانە قوڵەکە پاڵیان بدەن. زینۆفۆن فەرمانی دا ئەوانەی مەودای تیر و بەرد نایانگرێتەوە بەزووترین کات دار و چیلکە بخەنە نێوان خۆیان و دوژمن. کە دارەکان کەڵەکە کران ئەوسا ئاگر لەوانە و لەخانووەکانی سەر تەلانەکەش بەردا بە ئومێدی ئەوەی کە دوژمن پێیان بشێوێت. بەم جۆرە توانیان بەشێوەیەکی سەخت بکشێنەوە لەسایەی ئەم ئاگرەی نێوان خۆیان و دوژمن. هەموو شارەکە سووتا و تەخت بوو، خانوو و بورجەکان و سەنگەرەکان، تەنیا قەڵاتەکە نەبێت.

ڕۆژی دووەم یۆنانیەکان گەڕانەوە دەسکەوتەکانیان لەگەڵ خۆ برد. ڕێگای تراپازۆس تەسك و لێژ بوو، بەترسەوە پێدا ڕۆیشتن واشیان نواند گوایە بۆسەیان بۆ دوژمن ناوەتەوە. یەکی میسیایی هەبوو بەناوی میسۆس ١٠ کریتیی لەگەڵ خۆی بردە دارستانێك وای نواند گوایە خۆی لە دوژمن مات کردووە، قەڵغانەکانیان لە (براس) دروست کرابوو، وا دانران کە بتریسکێنەوە و دوژمن ببینێت. دوژمن وا تێدەگەیشتن بۆتەیان داناوەتەوە، ئیتر یۆنانیەکان بە ڕێی خۆیان شۆڕبوونەوە. کە زینۆفۆن هەستی کرد وا دوور کەوتوونەوە ئیشارەتی بە میسۆس دا کە خێرا بکشێتەوە، میسوس بە خۆ و بە پیاوەکانیەوە تیانتەقاند، کریتیەکانی کە هەستیان کرد بەجێ ماون لەڕێگاکەوە پازیان دایە نێو دارستان و بەتەقڵە و بە ڕاکردن دەرباز بوون، میسیەکەی کە بە ڕێگاکەدا هەڵدەهات، هاواری کرد و سەربازەکان فریای کەوتن و بەبریندارى هێنایانەوە. ئینجا ئیبی فریاکەوتن هەنگاو بە هەنگاو کشانەوە و تیرەندازەکانیان پشتاوپشت تیریان لە دوژمن دەگرت، ئیتر ئەوها هەموو گەڕانەوە بۆ ئۆردەگا.

چاپتەر -٣-
یۆنانییەکان گەیشتنە ترابەزۆس

خیریسیفۆس نەگەڕایەوە و کەشتیەکان هەندە نەدەبوون و نەدەکرا زۆرتر بمێنن. گەیشتنە باوەڕێك کە دەبێ ترابازۆس بەجێ بهێڵن. ژن و منداڵ و پیاوەکانی لە سەرووی چل ساڵیدا و برینداره‌کان و هەموو بارێکی ناپێویست خرانە نێو کەشتیەکان، و تێکڕای ئەوانی دیکە بە ڕێگای زەویدا ڕۆیشتن کەوا ئێستا ڕێگاکانیش چاك کرابوونەوە.

پاش سێ ڕۆژ گەیشتنە سێراسۆس Cerasus، شارێکی یۆنانی بوو لەسەر دەریا و کۆلۆنییەکی سەر بە سینۆپ بوو لە وڵاتی کۆڵخیەکاندا، ١٠ ڕۆژ لەوێ مانەوە. سەرژمێری چەکدارەکان کرا، ٨٦٠٠ کەس بوون، ئەوانەی دیکە یان کوژرابوون یان ئەوەتا بە بەفر و نەخۆشی مردبوون.

لەم جێگەدا پارەیان بەش کرد، ئەو پارەی کە بە فرۆشتنی ئەسیرەکان دەستیان کەوتبوو. جەنەراڵەکان بۆ مەبەستی ئاینی ١٠٪ پارەکەیان بۆ خێری ئەپۆلۆ و ئەرتەمیسی ئەمنۆس جودا کردەوە. ئینجا هەر جەنەراڵێك ١٠٪ ی وەرگرت. نیۆنی ئاسین بەشی خیریسۆفۆسی وەرگرت.[1]

---

[1] لێرەدا زینۆفۆن باسی ڕۆژەکانی پاش هەڵمەتەکە دەکات کە گەڕاوەتەوە بۆ یۆنان و ماڵ و حاڵێکی بۆخۆی پێك هێناوە. من بەباشم زانی کە بخرێتە بەشی کۆتایی.

چاپتەر -٤-

مۆسینۆیکییە درندەکان

لە سیراسۆس هەمان خەڵکی پێشو لەگەشتە دەریاییەکە بەردەوام بوون، ئەوانی دیکە بە رێی زەمینیدا رۆیشتن. کە گەیشتنە سنووری مۆسینۆیکی Mossynoici ئەوسا تیماسیتیۆس، کە لە خەڵکە ناوچەییەکانی تراپازۆس بوو و پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ مۆسینۆیکی هەبوو، ناردیان بزانێت ئایا دەهێڵن بە ئاشتیانە بە وڵاتەکەدا برۆن؟ مۆسینۆیکیەکان، پشتئەستوور بە ناوچە سەختەکەیان، وەڵامیان ئەمە بوو کە رێگا بە یۆنانیەکان نادەن.

ئەمجارە تیماسیتۆس بە یۆنانیەکانی گوت مۆسینۆیکی هەن لەولاتر لەگەڵ مۆسینۆیەکانی ئێرە لە جەنگ دان و بڕیار درا بەدوایاندا بنێرن تا بزانن ئایا ئامادەن هاوپەیمانێتیان بکەن؟ تیماسیتیۆس پێوەندی لەگەڵدا کردن و لەگەڵ ئاغاکانیان هاتەوە و جەنەراڵەکان لەگەڵیان کۆبوونەوە. زینۆفۆن و تیماسیتیۆس کە تەرجەمەی دەکرد ئەم قسانەی کرد:

برادەرە مۆسینۆیکییەکانم، ئێمە کە کەشتیمان دەست نەکەوتووە، دەمانەوێ بە ئاسوودەیی بگەڕێینەوە بۆ یۆنان و ئەو خەڵکەی ئێرە کە دوژمنتانن رێگایان لە ئێمە گرتووە، جا ئێوە دەتوانن بمانکەن بە هاوپەیمان و تۆڵەی زیانەکانی خۆتان لەوانە بکەنەوە و بۆ پاشەرۆژ لەژێر دەستی خۆتان بن. ئەگەر ئەم دەرفەتەتان لەدەست بچێت، ئایا بیر لەوە ناکەنەوە دەرفەتی ئەوها هەڵ ناکەوێتەوە هێزێکی ئەوها گەورەتان دەست بکەوێت؟

ئاغای مۆسینۆیکی وەڵامی دایەوە کە ئەوان بەخێرهاتنی ئەم پێشنیازە دەکەن و هاوپەیمانێتیش پەسند دەکەن.

زینۆفۆن گوتی: زۆر باشە، ئێستا پێمان بڵێن چۆن سوود لە ئێمە وەردەگرن و چ یارمەتیەکمان دەدەن کەوا بێرەدا رەت بین؟

گوتیان ئێمە هێزمان ئامادەیە کە هێرش بکاتە سەر بەرەی خۆرئاوای دوژمن. دەشتوانین کەشتی بۆ ئێوە پەیدا بکەین و هێزێکیش بنێرین تا پێتان بڵێن پەلاماری کوێ بدەن و لەریزی ئێوەشدا شەڕ بکەن.

لەسەر ئەم مەرجانە رێك کەوتن و بەڵێنیان لەگەڵ یەکتر گۆڕیەوە، ئینجا ئاغاکان رۆیشتن. رۆژی دواتر بە ٣٠٠ بەلەم هاتنەوە، جۆرە بەلەمێك بوون لە قەدە داری کولێدراو دروست کرابوون. هەر بەلەمێك سێ کەسی تێدا بوو، دوو کەس بەچەکەوە دادەبەزین و ریزیان دەبەست، یەکیشیان بەبەلەمەکە دەگەڕایەوە. چەکدارەکان بەم جۆرە وەستان، ریزی ١٠٠ کەسییان بەست هەر ریزێك رووی لە ریزەکەی بەرانبەر خۆی کردبوو وەك بڵێی بۆ سەما وەستاون. قەڵغانیان پێبوو لەسەر شێوەی گەڵا کە لە کەوڵە گای توکنی سپی دروست کرابوون. رمبی یەك چوکڵەیان هەبوو هەر یەك نۆ پێ درێژ بوون و بە دەستی چەپ تەبەری ئاسن یاخۆ کوتەکی سەڵك خڕیان پێبوو بە دەسکەوە لە یەك پارچە دار دروست کرابوون. پەلەگە کورتەکانیان نەدەگەیشتنە ئەژنۆیان، بەرگیشیان لە تەلیسی کەتان ئەستورتر بوو. خودەکانیشیان لە چەرمە گا دروست کرابوون بەشێوازی پافلاگۆنی توکن بوون و دەزو خورییان لە دەوردا چنرابوو شێوەی تارایان دەکرد.

ئینجا یەکیان پێش کەوت و ئەوانی دیکە بەسرروودەوە بەداوی کەوتن. بەنێو هۆپلیتە یۆنانیەکاندا رۆیشتن و روویان لە سەنگەرەکانی دوژمن کرد بۆ هەندێك شوێنی کە دیار بوو گرتنیان ئاسانە. ئەم سەنگەر و دیوارانە لە قەراغ شارێك دروست کرابوون کە بە پایتەختیان دەزانی و لە بەرزترین ناوچەی مۆسینۆیکیەکاندا بوو. شار و قەلاتەکان هۆی جەنگی نێوان ئەم دوو تاقمە بوو کەوا ئەوەی کۆنترۆڵی کردبایە بە حوکمڕانی ناوچەکە دەزانرا. جا ئەم بەشەی کە ببوونە هاوپەیمانی یۆنانیەکان دەیانگوت کە ئەوانی دیکە ئەو مافەیان نیە کۆنترۆڵی بکەن، دەبایە لەگەڵیان بەش بکرێت کەچی ئەوان دەستیان بەسەردا گرتووە و قازانجی نارەوای لێ دەکەن.

جا ئێستا هەندێك یۆنانی بەبێ فەرمانی ئەفسەرەکان بۆ تالانکاری بەدوایان کەوتن. ماوەیەکی زۆر بەریوە بوون، دوژمن جوولەیان نەکرد کەچی کە نزیك بوونەوە هێرشیان کرد و بەزاندیان. ژمارەیەك لە ناوچەییەکان و هەندێك یۆنانی کوژران و بەدوایان کەوتن تا نزیك،

لەوسا گەڕانەوە شوێنی خۆیان. سەری کوژراوەکانیان بڕی و هەڵیان واسین تا یۆنانیەکان و دوژمنەکانیان بترسن. سترانیکیشایان پێکەوە دەگوت.

یۆنانیەکان بەمە زۆر بێزار بوون. ئەم هێرشە وورەی دوژمنی بەرز کردەوە و ئەوانەی کە رەگەڵیان کەوتن شکستیان خوارد، ژمارەشیان کەم نەبوو، ئەمە یەکەم جار بوو بەدرێژایی گەشتەکە ڕووداوی لەوها بەسەر یۆنانیەکاندا بێت. زینۆفۆن کۆیکردنەوە و ئەم قسانەی کرد:

سەربازان، ورەتان بەم ڕووداوە دانەبەزێت، کۆمەڵیك قازانج و زیان بە ئێمە گەیشت. یەکەم، بۆمان مسۆگەر بوو کە ئەم تاقمە دوژمنێکی ڕاستەقینەن و ئەوانی دیکە هاوپەیمانن. دووەم، ئەوانەی کە بە بێباکی ڕەگەڵیان کەوتن وایان دەزانی لەگەڵ ناوچەییەکان دەتوانن سەرکەوتوو بن، بەڵام دیتمان چ دەرسێك فێر بوون و لە ئایندەدا لەخۆڕا ڕەگەڵ کەس ناکەون. ئەوەی کە دەبێ ئێستا پێڕەوی بکەن ئەمەیە کە دەبێ بەجۆرێك خۆ کۆنترۆڵ بکەن، دۆست و دژمن تێبگەن کە لەوان پیاوترن و کەوا ئەمجارە بەرەنگاری جۆرە خەڵکێکی دیکە دەبنەوە.

ئەو ڕۆژە وەکو خۆیان مانەوە، ڕۆژی دواتر قوربانیان کرد و نیشانەکان باش بوون. نانیان خوارد و ریزی درێژیان بەست، چەکدارە ناوچەییەکانیشیان بەهەمان شێوە لەلای چەپیان ریز بوون، تیرەندازەکانیش لەنێوەڕاستدا. لەپاش وان بەماوەیەکی نزیك هۆپلیتەکان دەڕۆیشتن، چونکە دوژمن هەندێك پیادەی سووکیان هەبوو دەهاتە خوارێ بەردیان دەهاویشت و دەکشانەوە، پەلتاست و تیرەندازەکان ئەوانەیان بەرپەرچ دایەوە، لەشکرەکەش بەرێکی پێش دەکەوت.

سەرەتا ڕوویان کردە ئەو شوێنەی دوێنێ چونکە دوژمن خۆیان لەوێدا کۆکردبۆوە. دوژمن خۆیان بەرانبەر پەلتاستەکان ڕاگرت بەڵام کە هۆپلیتەکان نزیك بوونەوە دوژمن بەرەو شارەکەیان هەڵاتن و هۆپلیتەکان ڕێپێوانی ڕێکوپێك ڕاویان نان. هەورازەکەیان بڕی و گەیشتنە قەراغ شارەکە، دوژمن هێرشیان کرد، تیر و رمبیان هاویشت، رمبەکان هەندە گەورە بوون کە بەحاڵ هەڵدەگیران. دەیانویست بە شەڕی نزیك یۆنانیەکان بوەستێنن کەچی یۆنانی نەوەستان و لێیان چونە سەرتر، ئەوسا ئەوێشیان چۆڵ کرد. پاشاکەیان لەسەر بورجێکی دارین بوو، نە خۆی و نە ئەوانەی سەنگەریان گرتبوو جێگەیان چۆڵ دەکرد، ئیتر بە خۆ و بە بورجەوە سوتێندران.

لە تالآنکاریدا یۆنانیەکان خانوویان دیتەوە پڕ لە نانە ئەستوورك گوتیان نانەکان لە گەنمی ساڵی پێشوو و لە دەرەی ئەمساڵ دروست کرابوون، دەرەکە بەزۆری دەرەی درشت بوو. هەروەها قاورمەی گۆشت دۆلفین بە روونی دۆلفین لەگۆزە کرابوون، مۆسینۆیکی ئەم روونە لەباتی زەیتی زەیتون بەکار دێنن. کەستانەی دنك گەورە و قەپێلك لووس بە کۆمەڵی گەورە دانرابوون، کەستانەیان بەهەموو جۆرێك بەکار دەهێنا، دەهاڕدران و دەبوونە نان، دەکوڵران و دەخوران. هەروەها شەراب دۆزرایەوە کە بەبێ ئاو زۆر تاڵ بوو بەلآم ئەگەر ئاوی تێکرابایە ئەوسا بۆن و چێژێکی خۆشی دەبوو.

یۆنانی لەوێدا جەمێکیان خوارد و دیسان بەڕێ کەوتن و بەنێو ئەو مۆسینۆیکیانەدا تێپەڕین کە هاوپەیمانیان بوون، بەچەند شارۆچکەیەکدا رۆیشتن کە لایەنگری دوژمنەکانیان بوون و بەئاسانی داگیر دەکران، خەڵکەکە یان چۆلیان دەکرد یان ئەوتا خێرا بەرەو پیری یۆنانیەکان دەهاتن. ماوەی نێوان هەر شار و شارێك هەشت فەرسەخ دەبوو، واش هەر بە هاوار گوێیان لەدەنگی یەکتر دەبوو چونکە ولآتەکەیان شاخاوی و پڕ لە دۆل بوو.

کە یۆنانیەکان زیاتر رۆیشتن و گەیشتنە ناوچەی هاوپەیمانەکانیان، هەندێك کوڕیان پێشان دان کە لە چینی دەولەمەندەکان بوون، ئەو کوڕە دەوڵەمەندانە بەجۆرێکی تایبەتی قەڵەو دەکران، کەستانەی گولآویان دەرخوارد دەدان، چەندە درێژ بوون هەندەش پان بوون، پاش و پێشیان بەرەنگی گەش و بە نەخشی گوڵ کوترابوو. داوایان کرد کە ئەم کوڕانە لەبەر چاوی خەڵکەکە کاری جینسی لەگەڵ ئەو ئافرەتانە بکەن کە لەگەڵ یۆنانیەکاندا بوون، ئەمەش نەریتێکی ئاسایی خۆیان بوو.

ژن و پیاویان رەنگێکی زۆر کاڵیان هەبوو، ئەوانەی کە لەگەل هەڵمەتەکەدا بوون دەیانگوت ئەو خەڵکە لە هەموو خەڵکێك دواکەوتووتر بوون و لەچاو هەموو ئەوانەی کە تووشیان ببوون رەوشتیان لە رەوشتی یۆنانیەکان دوورتر بوو. لەنیو قەرەباڵغاییدا، پیاوەکانیان بەجۆرێك رەفتاریان دەکرد وەك بلێی بەتەنیان، کەچی کە بەتەنیا دەبوون ئەوسا وەك بلێی لەنێو خەڵکدان ئەوها دەجوولآنەوە. قسەیان لەگەل خۆ دەکرد و رادەوەستان و لەهەر شوێنێك بایە سەمایان دەکرد وەك ئەوە بوو خۆیان بۆ خەڵکی دیار بخەن.

چاپتەر -٥-
زینۆفۆن لەبری لەشکرەکە دەدوێت

یۆنانی هەشت رۆژ بە ولاتەکەدا رۆیشتن بەهەردووك بەشەوە، بەشی دۆستەکان و بەشی دوژمنەکان، تا گەیشتنە ولاتی خالبی. ئەوانە هۆزێکی بچووکن لەژێر دەستی مۆسینۆیکی دان زۆربەیان ئاسنگەری دەکەن.

پاش ئەمە گەیشتنە تیبارینی، ئەوانە ولاتەکەیان پەلترە و شارۆچکەیان لەسەر دەریا زۆر بوو هەندەش پاریزراو نەبوون. جەنەراڵەکان ویستیان پەلاماری بدەن بۆیە دیاریەکانی تیبارینیەکانیان رەت دەکردەوە و پیان دەگوتن چاوەرێ بن تا بیری لێ دەکەینەوە. قوربانیەکیان کرد و ژمارەیەك ئاژەڵیان کوشتەوە بەلام تێکرای فالگرەکان گوتیان خواوەندەکان لەگەڵ شەڕدا نین، ئەوسا دیاریەکانیان وەرگرت و بەرێی خۆیان دوو رۆژ بە ئاشتییانە رۆیشتن تاگەیشتنە کۆتیۆرا، شارێکی یۆنانیە و کۆلۆنیەکی سینۆپە لەخاکی تیبارینیدا Tibareni.

لەوێ ٤٥ رۆژ مانەوە، سەرەتا قوربانیان پێشکەش کرد بۆ خواوەندەکان و پارادێکیان کرد، هەر تاقمە و بەگوێرەی نەریتی خۆیان و، پێشبڕکەی وەرزشی کرا. خۆراکیان هەندێك لە پافلاگۆنیا و هەندێکیش لە خەلکی کۆتیۆرا وەردەگرت چونکە رێگەیان نەدەدا خۆراك بکڕن تەنانەت رێگای نەخۆشەکانیان نەدەدا بۆ نێو شار. لەم کاتەدا نامەبەرێك لە سینۆپەوە هات، ئەوانە لەبەر شاری کۆتیۆرا سەغلەت ببوون (کەوا ملکی خۆیان بوو باجیان دەدانێ) هەروەها لەبەر زەوی و زارەکان کەوا بیستبویان ویران دەکرێن، هاتنە نێو ئۆردوگا و هیکاتۆنیمۆس کە بێژەرێکی ناودار بوو، ئەم قسانەی کرد: ساربازان، شاری سینۆپ ئێمەیان نارد پیرۆزبایتان لێ بکەین چونکە ئێوە یۆنانین و بێگانەتان بەزاندووە. شادمانیی خۆمان دەردەبڕین کەوا پاش ئەو هەموو دەردەسەریە بە سەلامەتی هاتوونەوە، بەلام ئێوە کە یۆنانین لێتان رادەبینین بە چاکە رەفتار بکەن و زیان بە ئێمە نەگەیێنن. خەلکی کۆتیۆرا خەلکی کۆلۆنیەکی خۆمانن و لێرە نیشتەجێن

و ئێمە زەویەکەمان لە خەڵکە ناوچەییەکان ستاندووە بۆ وان و بەچەشنی خەڵکی سیراسۆس و تراپازۆس باج دەدەن بۆیە هەر زیانێك بەوان بگات، خەڵکی سینۆپ بە زیانی خۆیانی دەزانن. بیستومانە هەندێکتان بەتۆبزی چوونەتە نێو شارەکە و بنکەتان داناوە و شمەك لە خەڵکەکە دەستێنن. ئەم رەفتارانە بە رەوا نازانین و ئەگەر بەردەوام بن ناچار دەبین هاوپەیمانەتی لەگەل کۆریلاس Corylas و پافلاگۆنیەکان و خەڵکی دیکەش بکەین.

ئەوسا زینۆفۆن هەستا وەلامی لەشکرەکە بداتەوە: پیاوانی سینۆپ، ئێمە کەوا بە پێست و پەلی خۆمان گەیشتینە ئێرە، لەراستیدا پێمان نەکرا شەری دوژمن بکەین و تالانەکانیش بێنینەوە، جا کە گەیشتینە تراپازۆس، ئەوان رێگایان بۆ ئێمە خۆش کرد، خۆراکیان دەدا و ئێمەش پارەمان دەدا، ئێمە چاکەشمان کرد کەوا لەبەرانبەر ئەو رێز و دیاریانەدا دەستمان لەهیچ هۆزێکی هاوپەیمانی وان نەدا، تەنانەت زیانمان بە دوژمنەکانیان گەیاند. لێیان بپرسن ئێمە چ پیاوێك بووین، دەتوانن لە رینانسەکان بپرسن کەوا خەڵکی وێن. بەلام کە دەگەینە شوێنێك کە نەهێڵن خۆراك پەیدا بکەین ئەوسا ئەگەر یۆنانی بن یان ناوچەیی ئێمە هەر دەبێ خۆراك پەیدا بکەین، لەبەر هیچ نا لەبەر ناچاری. ماکرۆنیەکان ناوچەیی بوون واش هەر بە برادەرمان زانین کەوا دەرفەتیان دەداین و ئێمەش هەرگیز دەستمان لە شتی وان نەدا.

سەبارەت بەخەڵکی کۆتیۆرا، ئێمە ئەگەر شتێکمان لەوان کردبێت ئەوە هەڵەی خۆیانە، دەروازەیان لە رووی ئێمە داخست و نەهێشتیان بچینە نێو شار و نە هیشتیان لە دەوری شار خۆراك بکرین، گوتیان ئەوەی لەم شتەدا بەرپرسە حوکمرانی شارەکەیانە کە سینۆپی دایناوە. سەبارەت بەم قسەش کە دەڵێن بەتۆبزی چووینەتە نێو شار و لەوێ دامەزراوین، راستیەکە ئەمانەن. ئێمە داوامان کرد نەخۆشەکان لای خۆیان دابنێن، کە ئەمەیان نەکرد، ئێمە رێگایەکمان دۆزیەوە و چووینە ژوور و دەستمان لەکەس نەدا. نەخۆشەکان بە پارەی خۆیان لە ماڵێك دانراون و لەبەر حاکمەکە پاسەوانمان بۆ دانان. بەلام ئەگەر بەمە رازی نین، ئێمە بانگیان دەکەینەوە بۆ لای خۆمان کەو لەم دەشتە ماوین. سەبارەت بەو هەرەشەی کە تۆ کردت کە هاوپەیمانێتی لەگەل کۆرلیاس و پافلاگۆنیادا دەکەن، ئێمە ئەگەر ناچار بین ئامادەین شەری ئێوە

ونەوانیش بکەین. ئێمە شەڕی دوژمنی لەئێوە زۆر گەورەترمان کردووە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە هاوپەیمانێتی لەگەڵ پاشای پافلاگۆنیا بکەن (بیستوشمانە کە پلانی خۆی بۆ ئەم شارانەی سەر دەریا هەیە) ئێمە هەوڵ دەدەین ببینە برادەری وی بۆ ئەوەی ئامانجەکانی بەدی بێنێت.

شاندەکە ئەم قسانە قەڵس بوون و یەکیان هاتە پێش و گوتی: ئێمە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ نەهاتوین بەڵکو بۆ برادەرایەتی. گوتیشی: ئەگەر بێن بۆ سینۆپ بە دیاریی برادەرانە پێشوازیتان دەکەین. ئێستاش با خەڵکەکە بەگوێرەی توانا شتتان بدەنێ، ئێمە دەزانین کە قسەکانتان راستن.

پاش ئەمە خەڵکی کۆتیۆرا دیاریان نارد و جەنراڵەکان مێوانداری شاندەکەی سینۆپیان کرد. قسەی برادەرانە کران و پرسیاریان لەیەکتر کرد کە چ شتێك بۆ پاشماوەی گەشتەکە پێویستە؟

چاپتەر -٦-
زینۆفۆن شارێك دەدۆزێتەوە

ئەو رۆژە ئەوها کۆتایی هات، رۆژی پاشی بریار درا کۆبوونەوە بە پیاوانی سینۆپ بکەن تا باسی گەشتەکە بکەن، ئەگەر بە زەویدا رۆیشتبان وا پێ دەچوو خەڵکی سینۆپ بەکەڵکیان بێن چونکە شارەزای پافلاگۆنیا بوون، وە ئەگەر بە دەریادا رۆیشتبان دیسان پێویستیان بە یارمەتی وان دەبوو چونکە هەندە کەشتیان نەبوو بای لەشکرەکە، جا باڵوێزەکەیان بانگ کرد تا ئامۆژگاری بدات و پێیان گوت کەوا بۆیە باوەڕی پێ دەکەن چونکە ئەوانیش لە نەتەوەی یۆنانین و باوەڕی پێدەکەن.

ئینجا هیکاتۆنیمۆس هەستا و پێشێ داوای لێبوردنی کرد کەوا گوتبوی هاوپەیمانەتی لەگەل پافلاگۆنیەکاندا دەکات. گوتی مەبەستی نەبوو جەنگ دژبە یۆنانی بکات بەڵکو دەتوانن برادەرایەتی هەموو لایەك بکەن و هەرچۆنێك بێت هەر لای یۆنانیەکان دەگرن. کە پرسیاریان لێ کرد ئامۆژگارییان بکات، ئەم قسانەی کرد: پاش نەوازش بۆ خواوەندەکان، ئەگەر ئامۆژگاریتان بکەم دوعا دەکەم چاکەم بنوسرێت. ئەگەر نا، دەبا تووشی ئەو شتە بم کە پێی دەڵێن (کۆڕ دەنگ). دیارە ئێرەش ئەم کۆڕەیە کە باس کراوە([1]). ئەگەر ئامۆژگاریەکەم باش بوو، مەدحێکی زۆرم بۆ دێت و ئەگەرنا، لەعنەت. ئێستا ئاگادارن کە ئەگەر بەدەریادا برۆن کێشەمان زۆرتر دەبێت چونکە دەبێ کەشتی دابین بکەن. بەڵام ئەگەر بەزەویدا برۆن ئەوسا دەبێ بەشەڕ برۆن، واش هەر پێویستە هەندێك راستی دەربارەی سروشت و دەرامەتەکانی پافلاگۆنیا باس بکەم. ئەم وڵاتە جوانترین دەشتایی و بەرزیترین چیای هەیە، ناچار دەبن هەندێك بەشی داگیری بکەن. تاکە رێگاییەك هەبێت رێگای لوتکە چیاکانە کە لەمبەر ئەوبەری رێگەتانن، ئەوانە بە هێزێکی بچووك دەگیرێن و هەموو هێزی جیهان ناتوانن لەبن دەستتانی دەر بینێت. ئەگەر باوەڕ ناکەن، حەز

---

[1] وەرگێڕ ئەمەی نوسیوە Counsel is sound دیارە دەقاودەقی گوتەیەکی یۆنانی کۆن تەرجەمە کراوەتەوە. رەنگە بەواتای ئەم بێت کە (راستی لەنێو خەڵکدا بزر نابێت) یان شتێکی ئەوها!

دەکەن خەڵکم لەگەڵدا بنێرن تا پێشانیان بدەم. پاش ئەم گرفتە گرفتی هێزی سوارەیان دێت کە لە دەشتەکاندا خۆیان بە هاوتای سوارەکانی شا دەزانن. هەر لەم دواییانەدا شا داوای کردن کەچی رابەرەکەیان دەعیەی نەهات بچێت، جا ئەگەر بتوانن دزە بۆ چیاکان بکەن و دەربندەکە پێش دەوژمن بگرن و ئەگەر لەدەشتدا دوژمن ببەزێنن کەوا نەك هەر بەرەنگاری سوارەکانیان بن بەڵکو بەرەنگاری ١٢٠,٠٠٠ پیادەش ببنەوە، ئەوسا دەگەنە رووبارەکان.

یەکەمیان تەرمۆدۆن ٣٠٠ پێیە و بەئاسانی لێی ناپەڕینەوە، بەتایبەتیش ئەگەر هێزێك لەوبەر بن و هێزێکی گەورەتر بەدواتانەوە بن. ئینجا ئیریس ئەویش ٣٠٠ پێ بەرینە. رووباری سێیەم ، خالیس، چارکە فەرسەخێك بەرینە و بەبێ بەلەم لێی ناپەڕنەوە، جا کێ بەلەمتان بۆ دابین دەکات؟ پەڕینەوەی پارتینیۆسیش هەر سەختە، ئەو رووبارەش تەنیا پاش پەڕینەوەی خالیس ئینجا مەگەر بیگەنێ. بەڕای من گەشتەکە شتێکی نەبوودە نیە و ئەگەر بە دەریادا برۆن دەتوانین بەدرێژایی لێوارەکە لێ بخوڕن تا سینۆپ، و لە سینۆپ بۆ هیراکلیا، ئیتر گرفتێك نامێنێت چونکە لە هیراکلیا کەشتی زۆن.

لە کۆتایی ئەم گوتارە هەندێك خەڵك لێی بەگومان کەوتن کەوا لەبەر کۆریلاس وا دەڵێ چونکە پێوەندیەکی رەسمیان هەیە. هەندێکی دیکە باوەڕیان وابوو پارەی دراوەتێ تا ئەم قسانە بکات، هەندێکیش گومانیان ئەمەبوو کە دەیەوێ زیان بە سینۆپ نەگا. هەرچۆنێك بێت یۆنانی دەنگیان بۆ رێگای دەریایی دا.

پاش ئەمە زینۆفۆن ئەم قسانەی کرد: پیاوانی سینۆپ، لەشکر ئەو رێگای هەڵبژارد کە ئێوە راتانسپارد، ئێستاش بارەکە بەم جۆرەیە. ئەگەر کەشتی بای هەر هەمووان پەیدا بن، ئێمە بەدەریادا دەڕۆین. بەلام ئەگەر هەندێك بەجێ بمێنن، ئێمە سواری کەشتیەکان نابین. ئێمە دەزانین ئەگەر هێزمان یەك بێت ئەوسا ژیانمان دەپارێزین و خۆراکیش پەیدا دەکەین، دەنا بەبێ بالادەستی ئەوسا لە یەخسیری بەولاوە هیچمان بۆ نابێت.

کە باڵوێزەکە ئەمەی بیست داوای کرد نوێنەرێك بۆ سینۆپ بنێرن. کالمیاخۆس، یەکی ئەرکادی بوو و ئەریستۆن، ئەتینی بوو و سامۆلاس، ئاخەیی بوو، چوون بۆ سینۆپ.

زینۆفۆن بەژمارەی هۆپلیت و پەلتاست و تیرەنداز و بەردهاوێژ و سوارەکاندا هاتەوە. ئێستا پاش ئەو هەموو شارەزاییە و کە لەوپەڕی توانا دان، ئەمەی رەچاو کرد کەوا ئەوان لە یۆکسینیا بوون و کەوا هێزێکی ئەوها زل بەبێ پارەیەکی یەکجار زۆر کۆ نابێتەوە. بیری کردەوە کە شارێك بدۆزێتەوە تا ملك و توانایەکی زۆرتر بۆ یۆنان پەیدا بکات. شارەکە دەبێتە شارێکی مەزن بە رەچاوکردنی ژمارەی یۆنانیەکان و ژمارەی خەلکی یۆکسین. بەم نیازەوە بەبێ ئەوەی بۆ کەسی بدرکێنێت قوربانیەکی کردە خێر، سیلانۆسی ئەمبراکیای بانگ کرد کە فالگری کۆرووش بوو، بەلام لەترسی ئەوەی کە لەوێ بمێنن، سیلانۆس قسەیەکی بلاو کردەوە گوایە زینۆفۆن دەیەوێ لەشکر لەوێ بمێنن و دەیەوێ شارێك بدۆزێتەوە تا دەسەلات و ناوبانگ بۆخۆی پەیدا بکات.

سیلانۆس دەیویست زوو بگەڕێتەوە بۆ یۆنان چونکە لەو ٣٠٠ داریکەی مابوو کە کۆرووش پێ بەخشیبوو، بەهۆی پێشبینیە راستەکە دەربارەی ١٠ رۆژەکە. کە سەربازەکان ئەمەیان بیست، هەندێکیان بۆ ئەوە چوون کە لەوێ بمێنن بەلام زۆربەیان وا نەبوون. تیمۆسیۆنی داردانی و تیۆراکسی بۆیۆتی قسەیان لەگەل چەند بازرگانێکی هیراکلیا و سینۆپ کرد و گوتیان ئەگەر پارە بۆ لەشکرەکە پەیدا نەکەن رەنگە هەموویان لێرە بمینن و، گوتیان زینۆفۆن هانمان دەدات و دەلێ: دەبێ لێرە بمێنن. وەك دەبینن ئێستا خۆراك بۆ گەڕانەوە پەیدا ناکرێت و کە دەچنەوە مالێ، سودێکتان بۆ خزمەکانتان نابێت و کێ دەلێ دەگەنەوە!. بەلام ئەگەر حەز بکەن دەتوانن بەئارەزوی خۆتان شوێنێك لە ناوچەی یۆکسین داگیری بکەن و ئەوانەی دەڕۆن با بڕۆن و ئەوانی حەز دەکەن با بمێنن. کەشتی زۆرن، دەتوانن بەسەر هەر بەندەرێك دادەن.

تیماسیۆنی داردانی هەستا یوریماخۆسی داردانی و توراکسی بۆیۆتیی لەگەل بازرگانەکان نارد کە هەمان قسە بۆ خەلکی شارەکە بگێڕنەوە. خەلکی سینۆپ بیستیان و نامەیان بۆ تیمیسیۆن نارد کە هەندێك پارە قەبوول بکات بۆ ئەوەی لەشکەرەکە دژی زینۆفۆن هان بدات[1] تا لە یۆکسین بڕۆن. قسەکەی پەسند کرد و لە کۆبۆنەوەیەکدا ئەم گوتارەی دا: سەربازان، ئێمە نابێ

---

[1] هێشتا نەگەیشتوونەوە یۆنان، یەکسەر خۆبەخۆیی و تۆمەتکاری دەستی پێکرد.

بیر لەمانەوە بکەینەوە، نابێ هیچ شتێك لە یۆنان بە گرینگتر بزانین. دەبیستم هەندێك کەس بەنیازی مانەوە قوربانی دەکەن. ئێستا بەڵێن دەدەم ئەگەر بڕیاری ڕۆیشتن بدەن، مانگانە یەك سیزیکۆس دەدەم، دەتانبەم بۆ ترواد Troad من لەوێ ئاوارە بووم، خەڵکی شارەکەم یارمەتیتان دەدەن چونکە بە گەڕانەوەی من شاد دەبن و لەوێرا دەتوانم بۆ شوێنی ئەوهاتان بەرم کە پارەیەکی زۆرتان دەست بکەوێت. من شارەزایم لە ئایۆلیا و فریجیا و ترواد و لەهەموو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەرتاباز هەیە، هەم بەهۆی کە بەئەسڵ خەڵکی ئەوێم، و هەم بەهۆی کە لەگەڵ کۆڕووش و دەرسیلیداس چوومەتە جەنگ.

تۆراکسی بۆیۆتی، لەوەی کە نیازەکەی زینۆفۆنی ئاشکرا کردبوو، هەستایەوە و گوتی: ئەگەر بە یۆکسینیدا بڕۆن ئەوسا دەگەنە خەرسۆنیز کە ناوچەیەکی تێر وبە پیتە و ئەوەی حەز بکا دەتوانێ لەوێ بمێنێت، و ئەوانی دیکە با بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. چۆن یەکێك لە وڵاتی بێگانەدا بۆ زەوی بگەڕێت لە کاتێکدا کە یۆنان زەوی و زاری زۆرە؟ هەروەها تا دەگەنەوە، من و تیماسیۆن مووچەتان دەدەینێ.

ئەمەی گوت کرد کە دەیزانی خەڵکی سینۆپ و هیراکلیا بەڵێنی پارەیان دابوو بەمەرجی کە لێرە بڕۆن. میلیسیۆس و لیکۆن، هەردووك ئاخەیی بوون، هەستانەوە و گوتیان ئەمە کارێکی نامرۆڤانە بووە کە زینۆفۆن ویستویەتی بەخەڵکەکە بسەلمێنێت کە لێرە بمێنن و بەدزی قوربانی کردووە.

جا زینۆفۆن ناچار کرا هەستێت قسە بکات، ئەم قسانەی کرد: سەربازەکان، وەك دەیزانن من قوربانی بۆخۆم و بۆ ئێوەش دەکەم. نیازم ئەوەیە کە قسە و ڕەفتار و کردەوەم باشترین و سەربەرزترین ئەنجامیان هەبێت. نازانم ئایا باسی بکەم یاخۆ بەیەکجاری واز لە هەمووی بێنم؟ دەربارەی قوربانییەکە، سیلانۆسی فالگر گوتی دیمەلی قوربانیەکە زۆر باشبوو، دەنا بە ناچاری ئەم وەڵامەی دایەوە چونکە خۆم شارەزاییم لە فاڵ هەیە، بەڵام گوتی قوربانیەکە نیشانەی هەندێك خیانەت و تەفرەدان دەدات دژی من، لەمەش چونکە خۆی ئەم نیازەی هەبوو کە لەبەر چاوی

ئێوەدا هێرش بکاتە سەر من لەڕێگای بلاّو کردنەوەی ئەو چیرۆکە گوایە من بەبێ پرسینەوە پلانێك دەگێڕم.

لە ڕاستیدا ئەگەر ببینم ئێوە بێ چارە ماوەن، ڕەنگە خەریك بم وا بکەین شارێك داگیر بکەین، ئەوسا ئەوەی حەز دەکا بڕوات دەڕوات و ئەوانی دیکە دەمێنن تا ئەو کاتەی کە پاریان دێتە دەست. هەرچۆنێك بێت، من دەبینم خەڵکی هیراکلیا و سینۆپ کەشتی دەنێرن بۆ ئەوی کە بڕۆین، ئەم پیاوانەش بەڵێنی مووچەتان دەدەنێ کە لەم مانگە ڕا دەست پێبکات، کەواتە باوەڕم وایە ئەمە باشترین شتە بۆ ئەوەی بە ساغی بگەڕێینەوە و مووچەش وەرگرین.

یەك لەبارە خۆمەوە واز لە پلانەکەم دێنم و بەتێکڕای ئەو کەسانەش دەڵێم، ئەوانەی پلانەکەیان بە باش دەزانی، با ئەوانیش واز بێنن. ئەوەی من بیری لێ دەکەمەوە ئەمەیە، تا پێکەوە بن ئەوسا ڕێز و خۆراکیش پەیدا دەبن. ئەمە ئەنجامێکی ئاساییە بۆ هەبوونی هێز کە دەتوانن شمەکی خەڵکی بێ دەسەلاّت بەرن. بەلاّم ئەگەر بلاّو ببنەوە و هێزەکەتان ببێتە چەند بەشێکی بچووك، ئەوسا خۆراکتان بۆ دابین ناکرێت، هەروەها دەربازبوون لێرە دەبێتە خەمێکی گەورە. ئیتر بۆچونی من وەك بۆچونی ئێوەیە کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ یۆنان، بەلاّم ئەگەر کەسێك ئێمەی بەجێ هێشت دەبێ دادگایی بکرێت. ئەوانەی قسەکەم پەسند دەکەن با دەستیان بلند بکەن.

هەموو دەستیان بلند کرد. سیلانوس ویستی دەنگی بەرز بکاتەوە و قسە بکات کە شتێکی ئاساییە ئەگەر هەندێك کەس بەتەنیا بڕۆن. بەلاّم سەربازەکان هەڕەشەیان لێ کرد کە ئەگەر بزانن خەریکی هەلاّتنە، ئەوسا پێی دەبژێرن.

دواتر کە خەڵکی هیراکلیا بیستیانەوە کەوا لەشکرەکە دەیەوێ بڕوات و کەوا زینۆفۆن مەسەلەکەی خستۆتە دەنگدان، ئەوسا کەشتیەکانیان نارد، بەلاّم نەیانتوانی پارەکە بۆ تیماسیۆن و تۆراکس دابین بکەن. و ئەوانەی کە بەڵێنی مووچەیان دابوو، ترسێکی گەورەیان گرت، بۆیە بەخۆ و بە هەموو جەنەراڵەکانی دیکەی (کە دەستیان لە پلانەکە هەبوو) هاتنە لای زینۆفۆن (تەنیا نیۆنی ئاسین لەگەڵیان نەبوو، جێگری کلیرخۆس، کە هێشتا نەگەڕابۆوە) بە زینۆفۆنیان

گوت لەکاری پێشویان پەشێمانن و گوتیان وایانزانی کە باشترین شت ئەوەیە بە رووباری فاسیسدا برۆن کە کەشتیی لێ دەست دەکەوێت، و دەبێ خاکی فاسیس داگیر بکەن.

لەم کاتەدا نەوەیەکی ئایەتیس هات کە پاشای ناوچەکە بوو. لە وەڵامی ئەمەدا زینۆفۆن گوتی باش نیە هیچ شتێك لەم قسانە بگاتەوە لەشکر و گوتی: بەڵام ئەگەر حەز دەکەن دەتوانن کۆبوونەوەیەك ببەستن و ئەم پێشنیازە بخەنە روو.

ئەوسا تیماسیۆنی داردانی رای خۆی دەربڕی، ئەمەش ئەوەبوو کە بەبێ کۆبوونەوەی گشتی، با هەرکەس لەگەڵ کاپتنەکانی خۆی قسە بکات. ئیتر بڵاوەیان لێ کرد.

چاپتەر -٧-
زینۆفۆن بەرگری لەخۆی دەکات

سەربازەکان دیتیان مەسەلەکە تێکەڵ و پێکەڵ کراوەتەوە و نیۆن وای هەڵبەست گوایە زینۆفۆن قسەی خۆی پێش جەنەراڵەکان خستۆتەوە و دەیەوە سەربازەکان تەفرە بدات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ فاسیس. سەربازەکان بە بیستنی ئەم قسە تووڕە بوون، کۆبوونەوە بەسترا و بە کۆمەڵ قەرەباڵغاییان دروست دەکرد و ترسێك پەیدابوو کە وەکو جارەکەی پێشوو، لە مەسەلەی نامەبەرەکانی کۆلخی و بەرپرسانی بازاڕدا رەفتار بکەن. زینۆفۆن کە دیتی کار گەیشتۆتە ئەمە، داوای کۆبوونەوەی گشتیی کرد تا لەخۆڕا کۆبوونەوە و قەرەباڵغایی دروست نەکەن، ئیتر خەبەرچییەکانی دەنگ دا کۆبوونەوەی گشتی رابگەیێنن. جا یەکسەر بەلێشاو هاتن و دیار بوو کە سەرگەرمی کۆبوونەوەکە بوون. زینۆفۆن جەنەراڵەکانی بەمە تۆمەتبار نەکرد کە چ پێشنیازێکیان کردووە. لەباتی ئەوە، بەمجۆرە قسەی کرد:

سەربازەکان، بیستوومە یەکێك منی تۆمەتبار کردووە گوایە دەمەوێ تەفرەتان بدەم و بتانبەم بۆ فاسیس. بۆیە تکا دەکەم رێگا بدەن قسەی خۆم بکەم. ئەگەر سەلمێندرا کە من خراپەی ئێوە دەکەم، کەواتە نابێ بەبێ سزا دەرچم. بەلام ئەگەر سەلمێندرا کەوا تۆمەتکارانی من درۆ دەکەن، ئەوسا دەبێ رەفتاری شایستەیان لەگەڵدا بکەن. ئێستا هەموو دەزانن کە لەم ناوچەدا هەتاو لەکوێ هەڵدێت و لەکوێ ئاوا دەبێت و ئەگەر یەکێك بخوازێ بەرەو یۆنان بڕوات، دەبێ بەرەو خۆرئاوا بڕوات. کەچی ئەگەر ولاتی خەڵکە ناوچەییەکان بخوازێت، دەبێ بەرەو خۆرهەلات بڕوات. ئێستا ئاشکرایە کە کەس ناتوانێ فێڵتان لێ بکات و بڵێ خۆر لێرە هەڵدێت و لەوێ ئاوا دەبێت، هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە بای باکورر بەرەو یۆنانمان دەبات و بای باشورر بەرەو فاسیس دەچێت، کەواتە چۆن باوەڕ دەکەن کەسێك بتوانێ تەفرەتان بدات و بڵێت کە بای باشورر هەڵی کرد سواری کەشتیتان بکات گوایە بۆ یۆنان دەڕۆین؟

ڕەنگە بڵێن من لە شینەییدا سواری کەشتیتان دەکەم بەڵام کە سوار بووین بەلایەکی دیکەتان دەبەم. خۆ من سواری یەك کەشتی دەبم و ئێوە بە ١٠٠ کەشتی، کەواتە چۆن بەرەو وڵاتێکتان بەرم کە نەیخوازن، یان تەفرەتان بدەم کە بەدوای من بکەون؟ دەبا وا بزانین کە تەفرە دران و گەیشتینە فاسیس، ئەوسا دادەبەزن و دەزانن کە ئەمە یۆنان نیە و ئیتر من بەتەنیا دەبم و ئێوەش ١٠٠٠٠ کەسن بە چەکەوە. کەواتە پیاو چۆن خۆ دەداتە بەر دادگاییەکی ئەوها؟ نەخێر، هەموو ئەم چیرۆکانە لەلایەن کەسانێکی گێلەوە کراون کە حەسوودیان لەمن کردووە چونکە ئێوە بەجۆرێکی تایبەت ڕەفتار لەگەڵ مندا دەکەن، واش هەر بۆیان نیە حەسوودی بکەن.

ئایا ڕێگام لەکەس گرتووە قسەی خۆی بۆ ئێوە بکات؟ ئەگەر قسەیەکی هەیە یان ئەگەر لە مەیدانی شەڕدا شتێکی نواندووە و دەیەوێ شەڕ بۆ ئێوە بکات و ئەگەر بەشەو دەچێ پاسەوانی بۆ ئێوە دەگرێت، ئایا لە هەڵبژاردنی ئەفسەراندا ڕێگام لە کەس گرتووە قسە بکات؟ من ئامادەم واز بێنم و با جێگەی من بگرێتەوە بەمەرجی کە مسۆگەری بکەم کە چاکەتان لەگەڵدا دەکات. ئیتر بەسە، من زۆرم دیت. ئەوەی باوەڕ دەکا کە من دەمتوانی تەفرەتان بدەم یاخۆ کەسی دیکە دەیتوانێ ئەمە بکات، با قسە بکات و تێی بگەین

بەڵام پاش ئەوەی مەسەلەکە ساغ دەبێتەوە یەکسەر بڵاوەی لێ نەکەن پێش ئەوە گوێ لەمن بگرن. دەبینم ڕەوتێکی تایبەتی لەنێو لەشکرەکەدا پەیدا بوە. ئەگەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت، کەواتە کاتی ئەمە هاتووە بیرێك لە حاڵی خۆمان بکەینەوە. با لەبەر چاوی خەڵك و ئاسمان و چاوی دۆست و دوژمندا بە بێکەڵکترین کۆمەڵە خەڵکێك ناو نەبرێین.

کە ئەمەیان بیست و ویستیان مەبەستەکەی بزانن، داوایان کرد بەردەوام بێت، ئەوسا دەستی بەقسە کردەوە: وا بزانم لەبیرتانە کە هەندێك خەڵکی ناوچەیی برادەری خەڵکی سیراسۆس بوون دەهاتن مێگەڵ و گارانیان بە ئێمە دەفرۆشت، واش بزانم هەندێکتان چوونەتە وێ و شمەکتان کڕیوە. کلێراتۆس، کاپتێنێك بوو شوێنێکی بچووکی دۆزیبۆوە و بەهۆی کەوا خەڵکەکە ئێمەیان بە برادەر دەزانی، پاسەوانیان نەدەکرد. شەوێك بەبێ پرس لەگەڵ برادەرەکانی هێرشی بۆ کردووە بەنیازی ئەوەی کە دەسکەوتی ببێت و بە تاڵانەوە لە یۆکسین دەرباز بن.

ڕۆژ هەڵاتبوو، خەڵکەکە ساز ببوون و بەرەنگاریان ببوونەوە. کلێراتوس و هەندێکیان کوشتبوو و هەندێکیشیان گەڕابوونەوە.

ئەمە لەو ڕۆژە رووی دا کە خەریك بووین لێرە بڕۆین، هەندێکمان بەدەریا ڕۆیشتن و هەندێکیش هێشتا بەڕێ نەکەوتبوون. بەگوێرەی خەڵکی سیراسۆس، سێ ریش سپیی ئەو شوێنە داوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ جەنەراڵەکان کرد، بەڵام کە زانیان ئێمە ڕۆیشتووین و کەوا هێرشەکە بەبێ پرس کراوە، پێیان خۆشبوو و نیازیان هەبوو بەکەشتی بێن بۆ ئێرە تا ڕوداوەکە بگێڕنەوە و ڕێگاش بدەن تەرمی مردوەکان وەربگرینەوە. بەڵام هەندێك لەم یۆنانیانەی کە لە هێرشەکەدا بەشداربوون ئەو ریش سپیانەیان دیت و بەردبارانیان کردن و هەرسێکیان کوشت.

ئینجا خەڵکی سیراسۆس مەسەلەکەیان بۆ ئێمە گێڕایەوە و ئێمەش زۆر پێی قەڵس بوین و گفتوگۆمان لەگەڵ سیراسۆس کرد کە چۆن تەرمی یۆنانیەکان بنێژین. ئێمە لە دەرەوەی سەرا لەلای جبەخانەکە دانیشتبوین کە لەناکاو گوێمان لە هەرایەك بوو، هاوار دەکرا "تێیان هەڵ دەن، بەردبارانیان بکەن" هەر هەندەمان زانی خەڵکێك بەبەردەوە بۆمان هاتن. خەڵکی سیراسۆس کە ئەم کوشتارەیان دیتبوو، ترسان هەڵاتن، هەندێك لە ئێمەش ترسان وهەڵاتن بەڵام من بۆیان چووم تا بزانم لەو هەرایە لەسەر چیە؟ هەندێکیان تێ نەدەگەیشتن هەراکە چیە و هەندێکیان بەردیان لەدەست بوو. لەکۆتاییدا تێگەیشتم، کەسێکم دۆزیەوە گوتی بەرپرسەکانی بازاڕ ڕەفتاری ناشیرنیان لەگەڵ لەشکرەکە دەکرد. لەم کاتەدا یەکێك زێلارخۆسی دیت بەرەو دەریا شۆڕ دەبۆوە، هاواری کرد، کە ئەوانی دیکە گوێیان لێ بوو پەلاماری ئەم پیاوەیان دا وەك بڵێن چاویان بە یەکانە بەرازێك کەوتووە یان نێرە بزنێکی کێوی. کە خەڵکی سیراسۆس سەربازەکانیان دیت وا بۆلای وان دەچن، لایان مسۆگەر بوو کە پەلاماریان دەدەن و بە خێرایی هەڵاتن و خۆیان هەڵدا بۆ نێو دەریا. لەراستیدا هەندێك لە ئێمەش خۆیان هەڵدا و ئەوانەی مەلەیا نەدەزانی خنکان. باشە، ئایا بۆچی ئەوهایان کرد؟ ئەوان خراپەی ئێمەیان نەکردبوو کەچی لەناکاو هەندە لێمان ترسان، ئێمەیان بە سەگی هار زانی. ئێستا لەگەر ئەم جۆرە شتانە بەردەوام بن، بیر بکەنەوە لەشکرەکەمان بە چ حاڵێك دەگات؟ ئێوە کە بەشی گەورەی لەشکرەکەن

توانای شەڕتان نامێنێت و ناتوانن سنورێك بۆ دوژمنایەتی دابنێن. هەركەس بەهەوەسی خۆی تاقمێك دەبات و بەسەر خەڵكێك دادەدات.

ئینجا كە نوێنەرێكیان دێ شكایەت بكات، ئەوسا دەیكوژن و كەس نامێنێ شكایەتەكە بكات. واتە وای لێ دێت ئەو كەسانەی كە ئێوە هەڵیان دەبژێرن دەسەڵاتیان نامێنێت، كەچی ئەو كەسانەی كە لەخۆڕا دەكرێنە ئەفسەر و لەخۆڕا هاوار دەكەن "بەردبارانیان بكەن" بای ئەوە دەسەڵاتی دەبێت كە بەبێ دادگایی و بەهەوەسی خۆی سەربازێك لەئێوە لەسێدارە بدات، كەوا خەڵكێك لە ئێوە گوێڕایەڵی دەبن. ئێستا ئەم راستیە رەچاو بكەن كە (خۆهەڵبژاردەكان) چییان بۆ ئێوە كردووە؟ ئایا زێلارخۆس زیانی بە ئێوە گەیاندوە، ئەو راستەوخۆ بۆ دەریا چوە بەبێ ئەوەی رازیتان بكات.

ئەگەر لەلایەكی دیكەوە ئەو بێ تاوان بێت، ئەو بەترسەوە لە لەشكر رایكردووە لەترسی ئەوەی كە بەبێ دادگایی لەسێدارە بدرێت. ئەوانەی كە باڵوێزەكانیان بەردباران كردووە وایان لە ئێوە كرد كە تاقە یۆنانیەك بن نەوێرن بچنە ئەم شارە مەگەر بەتۆبزی بچنە ژوور. سەبارەت بە مردوەكان، ئەگەرچی پێشتر دەرفەت هەبوو تەرمەكانیان وەربگرینەوە. بەڵام ئێستا ئەو خەڵكە ئەم رێگاشیان بڕی. كێ ئامادەیە باڵوێز بنێرێت، لە كاتێكدا كە خۆی باڵوێزی خەڵكی كوشتبێت؟ هەر باشە، وا داوایان لە خەڵكی سیراسۆس كردووە كە مردوەكان بنێژن. جا ئێستا ئەگەر ئەم رەفتارانە راست بن كەواتە پەسندیان بكەن تاكو بزانین لەمەودوا ئیشەكان چۆن بەڕێوە دەچن و هەركەس خەمێك لەخۆی بخوات!. بەڵام ئەگەر باوەڕتان وایە كە ئەم رەفتارانە پتر لە رەفتاری ردڕندە دەكەن لەچاو رەفتاری مرۆڤ، كەواتە با سنورێكیان بۆ دابنێین. ئەگەر وا نەكەین، كەواتە چۆن دەتوانن قوربانی بۆ خواوەندەكان بكەین لەكاتێكدا كە خۆمان دەچین كاری بەد ئەنجام دەدەین؟ ئەگەر ئێمە ئەم جۆرە خەڵكە بەرەڵلایە ببین، چ شارێك بەخێرهاتنی مە دەكەن؟

كێ لەخۆی رادەبینێت مامڵەت لەگەڵ ئێمە بكات لەكاتێكدا كە دەزانێ چ رەفتارێكمان كردووە؟ لەماڵێ، ئومێدمان ئەوەیە ستایش بكرێین. بەڵام كێ ستایشمان دەكات ئەگەر

کەسایەتیمان بەم جۆرە بێت. لام مسۆگەرە کە خۆمان ئامادە نین ستایشی کەسانێك بکەین ئەگەر بەم جۆرە رەفتار بکەن.

پاش ئەمە، هەموو هەستانەوە سەر پێ و بەو کەسانەیان گوت کە ئەوهایان لێ خوری بوو کە دەبێ سزا بدرێن و لە ئاییندەدا نابێ بە بەرەڵلایی رەفتار بکرێت، و دەبێ لێ بکۆڵرێتەوە کە لەموەتی کۆڕووش مردوە چ رەفتارێکی نارێك ئەنجام دراوە و، کاپتنەکان بە سەرپشك دانران. هەروەها لەسەر راسپاردەی زینۆفۆن کە لەلایەن فالگرەکانەوە پشتیوانی لێ کرا، بڕیار درا پاکانە لە لەشکرەکە بکرێت. ریورەسمی دینی بۆ پاکانەکردن بەرێوە چوون.

چاپتەر -٨-
لە تەنگانەدا دەبێ هەموو پابەند بین

بڕیار درا کە لە رەفتاری رابردووی جەنەراڵەکان بکۆڵرێتەوە. لە ئەنجامدا فیلسیۆس و زانتتیکلیس بە ٢٠ مینا جەزا دران کەوا بەباشی چاودێری بارگەکانی نێو کەشتیەکانیان نەکردبوو، هەروەها سۆفەینەتۆس بە ١٠ مینا جەزا درا کەوا لە ئەرکێکدا کەمتەرخەمی کردبوو.

یەکێك شکایەتی لە زینۆفۆن کرد گوایە دارکاری کردووە و کە زۆر توندوتیژ بوە. زینۆفۆن پرسیاری لە پیاوەکە کرد ئایا روداوەکە لە کوێ بوە؟ گوتی: لەو جێگایە کە لەسەرمان دەمردین کە ئەوهەموو بەفرە باریبوو. زینۆفۆن گوتی: کەواتە ئەگەر کەشەکە ئەوها بووبێت وەك باسی دەکەیت و لەوکاتەدا کە خۆراك بڕابوو و بۆنێکی شەرابمان نەدەکرد و نوقمی ئەو دەردەسەریە ببوین و دوژمن راومانی دەنا، ئەگەر لەو حاڵەتدا ئەوها رەفتارم کردبێت کەواتە من دانی پێ دەنێم کە پشووم لە پشووی کەرێك زۆرتر بووە. دەشڵێن کەر هەندە بە پشوون کە هەرگیز ماندوو نابن. باشە دەی، پێمان بڵێ لەسەر چی دارکاری کراویت؟ ئایا شتێکم ویستوە و تۆ نەتهێناوە بۆیە دەستم وەشاندوە؟ ئایا تۆڵەم دەکردەوە؟ ئایا لەسەر کوڕێکی جوانکەڵە بووە یان بە سەرخۆشی کردووەمە؟

گوتی: مەسەلەکە لەبەر هیچ کام لەم هۆیانە نەبوو. زینۆفۆن لێی پرسی ئایا لە هۆپلیتەکانە؟ گوتی نا. ئەدی لە پەلتاستەکانە. گوتی نا، ئەو پیاوێکی ئازادە فەرماندەکەی ئێسترێکی دابوێ کە لێی بخوڕێت.

زینۆفۆن ناسیەوە و گوتی: کەواتە تۆ بوویت ئەوەی کە یەکی بریندارت هەڵگرتبوو؟

گوتی: بەڵێ هەوم ، تۆ ئەو شتەت بەمن کرد و هەموو شمەکی برادەرەکانی منت فڕێ دا.

زینۆفۆن گوتی: سەبارەت بە فڕێدانی شمەکەکان، راستە، وا بوو، دامە پیاوی دیکە تاکو دواتر بیاندەنەوە دەست خۆم. ئینجا هەمووم بەساغی دایەوە خۆت پاش ئەوەی کە بریندارەکەت گەیاندەوە جێ. بەڵام دەبێ هەموو بزانن چ رووی داوە چونکە مەسەلەکە شایانی بیستنە. پیاوێك

بەجێ مابوو پەکی کوتبوو، من هەر ئەوەندەم دەزانی کە پیاوی خۆمانە و دوژمن نزیك دەبوونەوە، بۆیەش تۆبزیم لەتۆ کرد کە رزگاری بکەین.

پیاوەکە قسەکانی سەلماند، زینۆفۆن بەردەوام بوو: تۆم نارد، و کە لەگەڵ پاسەوانانی پاشەر هاتم دیتم قۆڵتت هەڵ دەکەند تا بینێژیت. لەتەنیشتت وەستام، وا نەبوو؟ گوتم کارەکەت تەواو بکە کەچی لەپڕ خەڵکەکە دیتیان وا دەجولێتەوە و هاواریان کرد هێشتا زیندووە. بەڵام تۆ گوتت "زیندووش بێت، من هەڵی ناگرم" لەو کاتە بوو کە لەتۆم هەڵدا، بەڵێ قسەکەت راستە چونکە وا پێ دەچوو کە دەتزانی زیندووە.

پیاوەکە گوتی: جا چیە، خۆ هەر مرد. دوایە پێشانتم نەدا؟ زینۆفۆن گوتی: گومان نیە کە هەموو دەمرین، کەواتە دەبێ بەزیندویی بنێژرێین؟ ئەوسا هەموو لێیان قیڕاند و گوتیان کە نیو هەندی پێویست تێیهەڵنەدراوە.

پاش ئەمە زینۆفۆن گوتی: ئایا کەس هەیە بڵێ بۆچی تێی هەڵدراوە؟

بەڵام چونکە کەس هەڵنەستا، لە قسەکەی بەردەوام بوو و گوتی: سەربازینە، من دان دەنێم کەوا لەحاڵێتی پابەند نەبووندا پیاوم دارکاری کردوون. جۆرە خەڵکێك هەبوون ژیانیان بە ئێوە رزگار کرا، لە ریزەکاندا پێشڕەویان دەکرد و لەکاتی پێویستدا شەڕیان دەکرد. بەڵام ئەوانەی کە شوێنەکانیان بەجێ هێشت و رایان کرد تا بەشیان لە تالان و دەسکەوت زیاد بکەن، ئەگەر هەموو بەم جۆرە رەفتارمان کردبایە ئێستا هەموومان رامالدرابوین.

هەروەها ئەگەر پیاوێك ورەی بەردابێت و نەیویستبێ بەرەنگاری دوژمن بێتەوە و خۆی بەدەستەوە دابێت، من هەم خەڵکم دارکاری کردووە و هەم تۆبزیم کردووە کە لە رێپێواندا بەردەوام بن. ئەوە چونکە جارێك لە بەفرەکەدا چاوەڕێی هەندێك پیاوم دەکرد تا شمەکیان تێك دەنێن، هەستم کرد لاقم بەحاڵ دەجولێنەوەن لێرە هەر کەسێکم دیتبێ تەمبەڵی کردبێت من بە پاڵ دەمخستە سەر رێگا.

گەڕان و جوڵە لەشی پیاو بە گەرمی رادەگرن و لاقیشت نەرم دەکەن. بەڵام دانیشتن خوێنی دەوەستاند و پەنجەکان سڕ دەبوون، وەك دەزانن زۆر کەس تووش بوون. ئەگەر کەسێك بەجێ

مابایە و تەمبەڵیی کردبایە، ئێمەشی هێواش دەکردەوە. من مستم لە یەک- دوو پیاو داوە، بەڵام ئەمە بۆ ئەوە بووە کە نێزەڕمبی دوژمنی نەگاتێ

ئێستا وا لە شێنەییدان و دەرفەتیان هەیە داد بدرێن، بەڵام ئەگەر کەوتبانە بەر دەست دوژمن، ئایا داد دەدران؟ مەسەلەکەی من زۆر ئاسانە، ئەگەر یەکێم سزا دابێت ئەمە بۆ چاکەی خۆی بووەن کەواتە دەبێ هەمان سزا بدرێم کە باوانێك لە منداڵی خۆیان دەدەن، یاخۆ بەرێوەبەری خوێندگایەك لەگەڵ خوێندکاراندا دەیکات، دکتۆریش بەهەمان شێوە چەقۆ و ئاسنی داغ لەگەڵ نەخۆشەکان بەکار دێنێت. دەنا ئەگەر ئێوە وا دەزانن کە کەسایەتیەکی ئێسکگرانم هەیە!

کەواتە تکا دەکەم ئەمەش رەچاو بکەن کەوا ئێستا لەچاو ئەوسا باوەڕم بەخۆم زۆرترە و لەچاو ئەوسا قەڵەوترم و شەرابێکی زۆرتریش دەخۆمەوە، واش هەر کەس دارکاری ناکەم. چونکە ئێستا وا لە هەوایەکی خۆشدان، بەڵام هەرهەندە رەشەبا هەڵی کرد و دەریا بەجوڵە هات، دیتوتانە چۆن کەشتیوان لەسەر یەك سەربادان لەپیاوەکانی تورە دەبێت.

هەمان شت سووکانچی لەگەڵ پیاوانی خۆی دەکات. ئەمەش چونکە لەکاتی ئەوهادا بچووکترین هەڵە دەبێتە مایەی تورەکردنی هەموو کەسێك. ئێوەش دانتان بەوە نا کەوا دارکاری کردنی ئەم پیاوە بەجێ بوە. ئێوە بە شمشێرەوە لەتەنیشتم بوون و دەتانتوانی فریای بکەون بەڵام لەراستیدا نە بەهانای چوون و نە دەستان لە سزادانی کەسانێك وەردا کە بە نارێکی رەفتاریان دەکرد. بەم چاوپۆشیە بەدترین نیشانەی بێباکیتان دیار خست.

باوەڕم وایە ئەگەر تەماشا بکەن دەبینن ئەو کەسانەی کە ئەوسا رەفتاریان باش نەبوو، ئێستا تەحەممول ناکرێن. بۆیسکۆس، بۆکسەرە تێسالییەکە، بەنموونە وەرگرن. لە کاتی خۆیدا (سترانیکی) هەڵبەست گوایە هەندە نەخۆشە قەڵغانەکەی پێ هەڵنەدەگیرا. کەچی ئێستا کۆمەڵێك خەڵکی کۆیتۆرای روت کردووە. ئێوە لەگەر تێگەیشتو بن، دەبێ بەپێچەوانەی سەگە درەکان رەفتاری لەگەڵدا بکەن. سەگی دڕ بە رۆژ دەبەسترێنەوە و بەشەو بەرەڵڵا دەکرێن. بەڵام ئەمانە دەبێ بەشەو بیبەسترێنەوە و بەرۆژ بەرەڵڵای بکرێن.

زینۆفۆن بەردەوام بوو: سەیرم پێ دێت کەوا لەمەڕ مندا دەستدرێژی و سزاکانتان لەبیر ماوە کەچی کە لەو سەرمایەدا یارمەتیم داون، یان کە دوژمنم دوور خستۆتەوە، یان کە یارمەتیی

نەخۆشەکانم داوە، کەس ئەوانەی لەبیر نەیە. ئەو کاتانەشتان لەبیر نەماوە کە لەبەر کردەوەیەکی باش، ستایشی یەکتانم کردووە یان ئەوپەڕی ڕێزم لە سەربازێکی بچووك ناوە. شەرافەتمەندی و شادمانی لەوەدان کە کارە باشەکانی کەسێکمان لەیاد بێت نەك کارە بەدەکانی.

ئەوجار خەڵکەکە هەستانەوە و کارە باشەکانیان گێڕاوە، ئەنجامی کۆتاییش بەدڵی هەمووان بوو.

بابەتی شەشەم
ڕێپێوان بەرەو بۆسفۆر

چاپتەر -١-
زینۆفۆن پایەی سەرلەشکر رەت دەکاتەوە

لە پافلاگۆنیا ئەو ماوەیان بە راو و بە راوەڕوت بەسەربرد. خەڵکی پافلاگۆنیاش زیرەك بوون، دەیانزانی چۆن سەربازە دابڕاوەکان راو بکەن. ئەوان بەشەو زەبریان لە رەشماڵکانی پێشەوە دەوەشاند، ئیتر رقایەتیەکی تیژ لە هەردووك لا پەیدا ببوو.

کۆریلاس، فەرمانرەوای پافلاگۆنیا، باڵوێزێکی بۆ یۆنانیەکان نارد، ئەوانە ئەسپ و پۆشاکی باشیان هەبوو، گوتیان کۆریلاس ئامادەیە رێك بکەوێت کە هیچ لایەنێك زیان بەوەی دیکە نەگەیێنێت. وەڵامی جەنەراڵەکان ئەمە بوو کە دەبێ مەسەلەکە لەگەڵ لەشکر باس بکەن، بەڵام مێوانداری و مامڵەتێکی زۆر باشیان لەگەڵدا کرد، گوتیان لێی دەوەشێتەوە.

پاش ئەوەی چەند گایەکیان کردە خێر و قوربانی، خوانەیەکی باش ساز کرا، لەسەر قەنەفەی نرم دانیشتن و بە قۆچی گا شەرابیان خواردەوە. کە شەراب خورایەوە سرروودی پایان خوێندرا. دوو پیاوی تراکی تاقمە زرێی تەواویان پۆشتبوو هەستان بە شەمشاڵەوە سەمایان کرد، وەکو سەمای جەنگ بازیان دەدا و شمشێریان رادەوەشاند. لەکۆتایدا یەکیان شمشێری لەوەی دیکە دا، ئەمەش خۆی مراند. مێوانە پافلاگۆنیەکان هاواریان کرد و، پیاوەکانی دیکە شمشێرەکەیان لێ ستاند و ئەویش بە خوێندنی هۆنراوەی سیتالیسەوە دەرچوو. ئینجا هەندێك تراکی پیاوە کەوتووەکەیان هەڵگرتەوە وەك بڵێی مردوە، لەراستیشدا هیچ زیانێکی پێ نەگەیشتبوو.

پاش ئەمە، هەندێك ئێنیایی و مەگنیسی بە تاقمە زرێوە هەستان، سەمایەکیان کرد پێیان دەگوت (سەمای چێنە)[1] پیاوێك دانیشت و دەستی پێکرد تۆو بوەشێنێت، گوایە گاسنی لە گاجووت بەستبوو، جووتی دەکرد و چاوی دەگێڕا. ئینجا دزێك هات، کە جوتیارەکە دیتی

---

[1] نوسراوە Sower's dance هەم بەواتای جووت کردن و هەم بەواتای کێڕدی گاسن دێت. ئیتر نازانم ئەسڵە یۆنانیەکە چۆن بووە.

یەکسەر چەکی هەلگرت کە بەرگری لە گاجووت و گاسنەکە بکات (نمایشەکە لەگەڵ ئاوازی شمشاڵ ئەنجام دەدرا). لەکۆتاییدا دزەکە جوتیارەکەی لەگەڵ گاسنەکە بەستەوە. هەندێك جاریش بەوە کۆتایی دەهات کە جوتیارەکە دزەکەی دەگرت.

پاش ئەمە پیاوێکی میسیی دوو قەڵغانی بچووکی پێبوو، هاتە پێش و سەمای کرد. جارێك وای دەنواند گوایە دوو کەس پەلاماری دەدەن، جارێکیش وای لە قەڵغانەکان دەکرد گوایە دوو کەس شەڕ دەکەن، هەندێك جاریش تەقڵەی لێدەدا، شتێکی جوان بوو. لە کۆتاییدا سەمای فارسیی کرد، قەڵغانەکانی پێکدا دەدا و کڕنووشی دەبرد و بە پاز هەڵدەستایەوە، هەمووش بە شمشاڵەوە دەکرا.

پاش ئەمە، هەندێك مانتینی و ئەرکادی هەستانەوە، جوانترین بەرگ و زرێیان پۆشتبوو، بە ئاوازی شمشاڵ و ریتمی جەنگی هاتنە پێش. سروودی پایانیان خوێند و سەمایەکیان نمایش کرد کە بە ڕێوڕەسمی دینی دەچوو.

میوانە پافلاگۆنیەکان شاگەشکەی ئەو هەموو سەمایانە بوون کە بە بەرگی جەنگیەوە بکرێن. پیاوە میسیەکە کە دیتی ئەم سەمایەیان بەدڵە، ڕوخسەتی لە برادەرێکی خۆی خواست کە سەماکارە کچەکە بێنێت، جا جلێکی جوانی لەبەر کرد و قەڵغانێکی بچووکی دایێ، کچەکە سەمای پیریك Pyrrhic ی نمایش کرد. لێرەدا چەپڵە و ستایشێکی گەورە کرا، پافلاگۆنیەکان پرسیاریان کرد ئایا ئافرەتیش لەشەڕدا بەشدار بوونە؟ یۆنانی وەڵامیان دایەوە کە ئەو ئافرەتە شای لە ئۆردوگاکە دەرپەڕاندوە. بەمە، ڕابواردنی ئەو شەوە کۆتایی هات.

ڕۆژی دواتر باڵوێزەکە بانگ کرا و پێیان ڕاگەیاند کە پێشنیازەکە پەسند کراوە، کەوا هیچ لایەك خراپە نەکات. ئەوسا باڵوێزەکە ڕۆیشتەوە.

کەشتی زۆر ببوون، یۆنانی سوار بوون و شەو و ڕۆژێك بەدەریادا ڕۆیشتن، بایەکی هەموار دەهات و پافلاگۆنیایان خستبۆ لای دەستە چەپیان. ڕۆژی دواتر گەیشتنە هیراکلیا. خەڵکی سینۆپ لە ناوچەی پافلاگۆنیا دەژیان کە کۆلۆنیەکی میلەتۆسە. ساڵانە دیاریی برادەرانە بۆ یۆنانیەکان دەنێرن لە ٤٠٠٠ سەتڵە گەنمی خواردن و ٥٠٠ گۆزە شەراب.

خیریسۆفۆس هاتەوە. سەربازەکان وایانزانی شتێکی پەیدا کردووە، بەلاّم هیچ. تەنیا نامەیەکی هێنابوو لە ئەناسیبیۆسەوە، ئەدمیراڵە سپارتیەکە، ئەو هەندێك سپارتی لەگەڵ بوو کە پیرۆزبایان لە لەشکرەکە کرد و لە نامەکەدا ئەناکسیبیۆس بەڵێنی دا کە ئەگەر لە یۆکسین دەرباز بن، پارەیان بداتێ.

یۆنانی پێنج رۆژ لەوێ مانەوە. کەهەستیان کرد وا لە یۆنان نزیك بوونەتەوە، مەراقیان گرت کە بە دەستی بەتاڵ نەچنەوە ماڵێ. بیریان کردەوە ئەگەر سەرلەشکرێکی کاتی هەڵبژێرن ئەوسا لەم حاڵەی ئێستا باشتر سوود دەبینن کەوا رابەرایەتیەکە بەشبەش کراوە چونکە ئەوسا نهێنیەکان بەشێوەکی ئاسانتر دەشاردرێنەوە و ئەگەر پێویستیان بە کارێکی خێرا هەبایە ئەوسا بەبێ کۆنفرانس و زۆرینەی دەنگ رەفتاریان دەکرد.

کە بیریان لەم مەسەلە کردەوە خەیاڵیان بۆ زینزفۆن چوو، کاپتنەکان چوونە لای و هەر یەك هەستە باشەکانی خۆی دیار خست و خەریك بوو رازیی بکەن کە ببێتە سەرلەشکر. زینزفۆن لەلایەکەوە حەزی دەکرد بیکات، ئەمەشی گوت کە ئەگەر بیکات ئەوسا ناوبانگی لەچاو برادەرەکانی گەورەتر دەبێت و لە ئەتینا ناوی دەناسرێت و رەنگە بتوانێ قازانج بە لەشکرەکە بگەیێنێت. ئەم شتانە وایان کرد حەزی بچێتە پایەی سەرلەشکر، ئەمەشی دەربڕی کە کەس پاشەرۆژ بەکەس ناخوێندرێتەوە، مەترسی هەیە کە رەنگە ئەم ناوبانگەی ئێستاشی لەسەر دابنێت و هەموو بە فیرۆ بچێت. ئەو دوودڵیە وای لێ کرد مەسەلەکە بخاتە بەر دەستی خواوەندەکان، هەستا دوو قوربانی پێشکەش بە زیۆسی پاشا کرد چونکە لەکاتی خۆیدا نیشانە ئاسمانیەکان لە پەرستگای دەلفی وایان دیار خستبوو کە دەبێ پرس تەنیا بە زیۆس بکات. بیریشی کردەوە کە هەر ئەم خاوەندە بووە ئەوەی ئەو خەونەی پێشان دا کاتی کە لە لەشکردا گەیشتە پایە بەرپرسێتی. لێنجا ئەوەشی بەبیر هاتەوە کە دەچوو بۆ ئەفسۆس تا بە کۆرووشی بناسێنن. لەلای راست بازێك بانگی کرد، بازەکە هەڵنیشتبوو و ئەو فاڵگرەی کە لەگەڵی بوو گوتی ئەمە نیشانەی شتێکی مەزنە دوور لە شکۆداری و لە شتی ئاسایی، بەلاّم پێشبینیی ئەوەشی کرد کە دەردەسەریەکی زۆری لەپێشە چونکە هەندێك باڵندە پەلاماری بازەکەیان دەدا، ئەوەشی گوت

کە نیشانەکان سامانێکی گەورەیان دیار نەخستوە چونکە بازەکە هەر بە باڵەفڕە هەندێك خۆراکی دەست دەکەوت.

کە زینۆفۆن قوربانیەکەی کرد، خواوەندەکان بەئاشکرایی رایان گەیاند کە نابێ پایەیەکی بەرزتر داوا بکات و ئەگەر هەڵبژێردرا، دەبێ رەتی بکاتەوە. ئەمەش کۆتایی بە مەسەلەکە هێنا. هەرچۆنێك بێت، لەشکر کۆبوونەوە و هەرکەس بەلای ئەم کەسەدا قسەی کرد کە باوەڕی پێبوو. کە بڕیار درا، ناوی زینۆفۆنیان دانا. دیاریش بوو ئەگەر دەنگدان کرابایە زینۆفۆن هەڵدەبژێردرا[1]، بەلام زینۆفۆن هەستایەوە ئەم قسانەی کرد: من وەکو هەرکەسێك بەم شەرەفە گەورە شادم، سپاستان دەکەم و هیوام وایە خواوەندەکان توانام بدەن کە چاکەتان بدەمەوە. بەلام نە بە چاکەی ئێوە و نە بە چاکەی خۆمی دەزانم کە بکرێم بە سەرلەشکر لەکاتێکدا کە یەکی سپارتی بۆ ئەم پایە هەبێت، چونکە ئەگەر پێویستیتان بە یارمەتی بوو ئەوسا بەئاسانی ناکرێت. هەروەها باوەڕم وایە کە من لەم پایەدا ئاسوودە نابم. من باش دەزانم کە سپارتا جەنگیان دژبە ولاتی من رانەگرت تا وایان کرد کە هەموو شارەکە دان بنێن کە سپارتی دەسەلاتیان لەسەر وان و لەسەر هەموو یۆنانە. کە دانیان بەوە نا ئەوسا جەنگیان راگرت و گەمارۆی شارەکەیان لادا، جا ئەگەر ئەم راستیانە بزانم ئەوسا ناوم بەوە دەڕوات کە من ئەو کاتەی کە دەست بۆتەوە یەکسەر یەکسەر سووکایەتیم بە بەهای سپارتا کردووە، سەیریش نابێت کە زوو بەهۆشم بێنەوە. سەبارەت بە بۆچونی ئێوە کە هەبوونی یەك سەرلەشکر باشترە لە هەبوونی کۆمەڵێك فەرماندە، دڵنیا بن کە ئەگەر یەکێکی دیکە هەڵبژێرن من نابمە مایەی کێشە و گرفت. باوەڕم وایە کە لەکاتی جەنگدا هەرکەس ئاڵۆزی بۆ سەرکردەکەی دروست بکات، ئەم کەسە ئاڵۆزی بۆ خۆی دەنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر من دامەزرێنم ئەوسا سەیرم پێ نایەت کە خەڵکێك پێی قەڵس بن، هەم بە پایەکەی من و هەم بە هەڵوێستی ئێوە.

پاش ئەم گوتارە خەڵکێکی زۆرتر هەستانەوە و داوایان لێ کرد قەبوڵی بکات. ئاگاسیاسی ستێمفالی گوتی کە ئەمە رایەکی پوچە و پرسیاری کرد: باشە، ئایا سپارتیەکان بەوەش تووڕە دەبن

[1] دیسان پێوەنان !

کە ئەگەر خەڵکێك بۆ نانی ئێوارە پیاوێکی سپارتیان نەکردە سەرپشك؟ ئەگەر ئەوهایە کەواتە لێمەی ئەرکادی بۆمان نیە رابەرایەتی لیپێکیش بکەین. لێرەدا هەموو بەهاوار پشتی ئاگاسیاسیان گرت.

زینۆفۆن هەستی کرد کە نابێ مەسەلەکە ئەوهای بەجێبێڵێت، بۆیە چووە پێشێ و گوتی: برادەرینە، بۆ ئەوەی خاترجەم بن، سوێند بە هەموو خواوەندەکان دەخۆم هەر کە زانیم بیر لە چی دەکەنەوە قوربانیم پێشکەش کرد بۆ ئەوەی بزانم ئایا رابەرایەتی قەبوڵ بکەم یان نا؟ خواوەندەکان زۆر بە رۆنی لە دیەلی گۆشتەکە دیاریان خست (هەندە رۆن و ئاشکرا بوو کەوا کەسێکی نەزانیش تێی دەگەیشت) کە نابێ فەرماندەیی ئاکانە قەبوڵ بکەم.

ئیتر خیریسۆفۆسیان هەڵبژارد، پاش لەوەی هەڵبژێردرا ئەم قسانەی کرد: سور بزانن کە ئەگەر یەکێکی دیکەتان هەڵبژاردبایە، من دژایەتیم نەدەکەرد. هەرچۆنێك بێت، ئێوە چاکەتان لەگەڵ زینۆفۆن کرد کەوا هەڵتان نەبژارد، چونکە دێسکیپوس نیازی هەبوو تا پێی بکرێت ناوی لەلای ئەناکسیبیۆس بزڕێنێت و من هەر خەریك دەبووم دەمی کپ بکەم. دێکسیپۆس گوتی زینۆفۆن وای پێ باش نەبووە رابەرایەتی لەشکرەکەی کلێرخۆس بە هاوبەشی لەگەڵ خۆیدا بکات چونکە دێکسیپۆس سپارتیە، کەچی پێی خۆش بوو بە هاوبەشی لەگەڵ تیماسیۆن بیکات چونکە ئەو داردانییە. جا کە ئێستا منتان هەڵبژارد، منیش خەریك دەبم کە خزمەتتان بکەم. ئامادەبن، سبەینێ ئەگەر هەواکە باش بوو بە دەریادا دەڕۆین. رێگامان بەرەو هیراکلیایە و کە گەیشتین ئەوسا باسی هەموو مەسەلەکان دەکەین.

چاپتەر -٢-
لەشکر دەبێتە سێ بەش

ڕۆژی دواتر بەدەریا کەوتنە ڕێ و بۆ دوو ڕۆژ بایەکی هەمواری دەهات بەدرێژایی لێواری جاسۆن. دەڵێن گوایە ئارگۆ Argo لێرە کوژراوە. زارکی ڕووبارەکانی تەرمۆدۆن و ئیریس و هالیس و پارتینیۆس لەوێ بوون. پاش ئەوەی لە پارتینیۆس تێپەڕین گەیشتنە هیراکلیا، شارێکی یۆنانی و کۆلۆنیەکی مێگارا Megara یە لە وڵاتی ماریاندینیەکاندا Maryandyni. کەشتیەکانیان لە نیمچە دوورگەی ئاخەرووسیا Acherusia هێشتەوە، لەم نیمچە دوورگەی کە هەرکوڵ چووەتە جیهانی ژووررو بۆ ئەوەی سێربەرۆس Cerberus بێنێت. نیشانەکانی گەشتەکەی هەرکوڵ لەوێ مابوونەوە کە قوڵایەکەی چارەکە میلێك دەبوو. خەڵکی هیراکلیا دیاریی برادەرایەتیان نارد برتی بوو لە ٤٠٠٠ ستڵە جۆ، ٢٠٠٠ گۆزە شەراب، ٢٠ گا و ١٠٠ بەرخ. لەو ناوەدا ڕووبارێك هەبوو بەناوی لیکۆس کە ٢٠٠ پێ بەرین بوو بەنێو دەشتاییەکەدا دەڕۆیشت. لێرەدا سەربازەکان کۆنگرەیەکیان بەست بۆ ئەوەی بزانن ئایا گەشتەکەیان لە یۆکسین را بەزەمین یاخۆ بەدەریادا تەوا بکەن؟

یەکی ئاخەیی ناوی لیکۆن بوو هەستایەوە و ئەم قسانەی کرد: برادەران، من سەیرم پێ دێت کە جەنەراڵەکان پارە نادەن بۆ بکڕین. ئەم بەشە خۆراکەی کە پێمان گەیشت بەشی سێ ڕۆژ ناکەن، دەبێ خۆراك بۆ خۆمان پەیدا بکەین،بۆیەش دەبێ داوا لە خەڵکی هیراکلیا بکەین ٣٠٠٠ ستاتەری سیزیکۆس[1] بنێرن.

یەکی دیکە گوتی: دەبێ بەلای کەم ١٠٠٠٠ بێت و پێویستە هەر ئێستا شاندێك بۆ ئەم مەبەستە بنێرین و بزانین چ وەڵامێك دەدەنەوە، تاکو بەگوێرەی وەڵامەکە بجوڵێینەوە. ئینجا ناوی شاندەکەیان دانا، پێش هەمووان خیریسۆفۆس چونکە سەرلەشکر بوو، ئینجا هەندێك کەس

---

[1] Staters of Syzicus. دیارە جۆرە دراوێکی بەنرخ بوە.

ناوی زینۆفۆلیان دانا. خیریسۆفۆس و زینۆفۆن هەردووکیان دژی پێشنیازەکە بوون چونکە باوەڕیان دەکرد نابێ هێز دژبە شارێکی یۆنانی بەکار بێنن. جا لەبەر ئەوەی هەردووك لاریان هەبوو، سەربازەکان لیکۆنی ئاخەیی، کالیماخۆسی پەرهاسیا و ئاگاسیاسی ستیمفالی دادەنێن. ئەوانە چوون بۆ هیراکلیا و بڕیاری لەشکرەکەیان پێ گەیاندن دەڵێن لیکۆس هەندێکیش هەڕەشەشی کردبوو. خەڵکی هیراکلیا وەڵامیان دایەوە کە مەسەلەکە باس دەکەن، ئینجا یەکسەر هەموو شمەکیان لە دەرەوە هێنا بۆ نێو شوورەکانی شار و دەروازەکان قەپات کران و چەکدار لەسەر قەلاتەکە راسان.

دەرەنجام جەنەراڵەکانیان تۆمەتبار کرد کە پلانەکەیان تێك داوە، ئەرکادی و ئاخەیی کۆبوونەوەیەکی جودایان بەست. سەرکردەکانیان کالیماخۆسی پەرهاسیا و لیکۆنی ئاخەیی بوون. بۆچوونەکەشیان ئەمە بوو کە مایەی سەرشۆڕیە ئەگەر ئەتینیەك و سپارتیەك، کەوا هیچ تیپێکیان بۆ لەشکرەکە نەهێناوە، رابەرایەتی لەسەر پیلۆپۆنیزیەکان بکەن. ئەوان کارە سەختەکانیان ئەنجام داوە کەچی خێرەکە بۆ خەڵکی دیکە دەچێت، لە کاتێکیشدا کەوا ئەگەر ئەرکادی نەبان ئێستا ئەوان بە زیندویی نەمابوون. بەشی دیکەی لەشکرەکە بەحاڵ جێ دەستیان هەبوو (لەراستیشدا پتر لە نیوەی لەشکرەکە ئاخەیی و ئەرکادی بوون) جا گوتیان ئەگەر هۆشیان هەبێت، دەبێ جەنەراڵ بۆخۆیان هەڵبژێرن و بەجودا رەفتار بکەن تاکو سودێکیان بۆ خۆ هەبێت.

ئەمە بوو کە بڕیاریان لەسەر دا. ئەو ئەرکادی و ئاخەییانەی کە لەژێر فەرماندەیی خیریسۆفۆس و زینۆفۆندا بوون بەجێیان هێشتن و رەگەڵ وان کەوتن و ١٠ جەنەراڵیان هەڵبژارد کە دەبێ بە پێی بڕیاری گشتی بڕۆن. بەم جۆرە، رابەرایەتی خیریسۆفۆس پاش شەش- هەفت رۆژێك کۆتایی هات.

زینۆفۆن نیازی هەبوو رەگەڵیان بکەوێت چونکە بە ئاسوودەتری زانی بەتەنیا نەڕوات، بەڵام لیۆن پێی سەلماند کە لەگەڵ وی بڕوات. لە خیریسۆفۆسی بیستبوو کەوا کلێندەر، حوکمڕانی بیزەنتیۆم، پێی گوتووە کە بە هەندێك کەشتیی بچووکەوە دێت بۆ بەندەری کالپ Calp لێرە ئەم ئامۆژگاریەی بە زینۆفۆن گوت بەمەرجێکی کە بەکەس نەڵێ، چونکە هەر خۆیان و سەربازەکانیان

ئەو گەشتە دەکەن بۆ ئەوەی لە یۆکسین دەرباز بن. خیریسۆفۆس بەم ڕووداوانەی دوایی زویر بوو، بە زینۆفۆنی گوت با بەئارەزوی خۆی بکات، زینۆفۆنیش هێشتا حەزی دەکرد لەشکرەکە پەرت نەبێ، بەلام کە قوربانیەکی کرد بەنیازی کە بزانێت ئایا لەگەڵ سەربازەکانی ئێرە بمێنێتەوە یاخۆ هەموویان بەجێ بێلێت؟ خواوەندەکان دیاریان خست کە دەبێ لێرە بمێنێت. بەم پێیە، لەشکر بووبە سێ بەش، ئەرکادی و ئاخەیی ٤٠٠٠ کەس دەبوون، یەك پارچە هۆپلیت. لینجا ١٤٠٠ هۆپلیت لەگەڵ خیریسۆفۆس بوون سەرباری ٧٠٠ پەلتاستی تراکی کە لەکاتی خۆیدا کلێرخۆس هێنابوونی. ئەوجار لەگەڵ زینۆفۆن ١٧٠٠ هۆپلیت و ٣٠٠ پەلتاست هەبوون. زینۆفۆن تاکە کەسێك بوو هێزی سوارەی هەبێت کەوا ٤٠ سوارێك دەبوون.

ئەکاردیەکان کەشتی لە هیراکلیا پەیدا دەکەن و دەر دەچن بەنیازی ئەوەی کە بەسەر بیزەلتیۆم دادەن و تا بکرێ تالان لەگەڵ خۆیان بەرنەوە، گەیشتبوونە بەندەری کاڵپێ لە شوێنێك لە ناوەندی تراکیادا. خیریسۆف لە شاری هیراکلیا بە ڕێگای زەمینی بەنێو ولاتی هیراکلینیەکاندا ڕۆیشت. کە گەیشتە سنووری تراکیا، لەوێ را بەدرێژایی لێوارەکە ڕۆیش، لەوێ نەخۆش کەوت. زینۆفن هەندێك کەشتی دابین کرد و لەنێوان تراکیا و ولاتی هیراکلیا دابەزی، لەوێش را بە ڕێگای زەمینی ڕۆیشت.

چاپتەر -٣-
زینۆفۆن ئەرکادیەکان رزگار دەکات

چارەنووسی هەر بەشێك بەم جۆرە بوو.

ئەرکادیەکان بەشەو گەیشتنە بەندەری کاپل و بەسەر یەکەم لادێیان دادا کە سێ فەرسەخ لە لێوارەکە دور بوو. کە رۆناکی پەیدا بوو، هەریەك لە فەرماندەکان هێزێکی بەرەو گوندێك برد، و ئەگەر گوندەکە گەورەبایە هێزەکانیان تێك دەکردەوە و پێکەوە هێرشیان دەکرد. هەروەها بنکەیان لەسەر گردێك دانا تا ببێتە مەڵبەندی کۆبوونەوەیان وە لە ئەنجامی هێرشی کتوپڕدا، هەندێك بەخسیر و گارانیان دەست کەوت. بەڵام ئەو تراکیانەی کە هەڵاتن خۆیان گرتەوە و هێزیان ساز کرد. هەروەها بەهۆی کەوا هێزی سووك بوون، توانیان لە دەستی هۆپلیتەکان دەرباز بن. تراکی کە خۆیان دەگرتەوە، پێشیّ پەلاماری هێزەکەی سیمیکرین دەدەن کە یەکێك بوو لە جەنەراڵە ئەرکادیەکان. لەوانە خەریکی گەڕانەوە بوون بۆ سەر گردەکە و تاڵانێکی زۆریان پێبوو. تا ماوەیەك توانیان قونەشەڕ بکەن بەڵام کە گەیشتنە سەر جۆبارێك، تراکیەکان رایانماڵین و زۆریان لێ کوشتن، یەك لەوانە خودی سیمیکریس. سەبارەت بە تیپەکانی دیکەی ئەو ١٠ جەنەراڵانە، تیپەکەی هێگەساندەر تەنیا هەشت کەسی ما، یەك لەوانە هێگەساندەر بوو کە هەڵات، تیپەکانی دیکە هەندێك بەبێ کێشە و هەندێکیان پاش شەڕی سەخت یەکتریان گرتەوە.

پاش ئەم سەرکەوتنەی تراکیەکان، هێزەکانیان لەیەك شوێن کۆکردەوە و بەری بەیانی بە بارەڕێکی توندەوە دەوری گردەکەیان گرت. سوارە و پەلتاست لە گشت لایەکەوە دەهاتن کەوا بۆ پەلاماردانی یۆنانیەکان نەدەترسان خۆیان چونکە یۆنانیەکان تیرەنداز و رمبهاوێژ و سوارەیان نەبوو، دەبایە بەغار برۆن تاکو بتوانن چەکەکانیان بەکار بێنن، و تا ئەوان دەجوڵانەوە تراکیەکان زوو دەکشانەوە و پەلاماری لایەکی دیکەیان دەدا. لایەك بریندااری زۆر بوو،

لەلایەکەی دیکە یەك بریندار نەبوو، ئەنجامیش ئەوە بوو کە یۆنانیەکان توانای جوڵەیان نەما، تەنانەت لە سەرچاوەکانی ئاویش دابڕان. لەو بارە سەختەدا داوای گفتوگۆیان کردبوو، لەسەر چەند خاڵێك پێك هاتبوون بەڵام کە ئەرکادیەکان داوای یارمەتەیان کردبوو، گفتوگۆ هەڵوەشایەوە، ئیتر ئەرکادیەکان ئەوهایان بەسەر هات.

لەو میانەدا خیریسۆفۆس بە ئاسوودەیی بە لێوارەکەدا چوو تا بەندەری کاپڵ. زینۆفۆن بە ڕێگای زەمیندا چوو، سوارەکانی تووشی هەندێك پیرەمێردی ناوچەکە بوون، بۆ زینۆفۆنیان هێنان. کە پسیاریان لێ کرا ئایا هەواڵی لەشکرێکیان بیستوە؟ گوتیان وا لەسەر گردێك چوار دەوریان گیراوە. زینۆفۆن لەم پیاوانەی دەستبەسەر کرد تا لەکاتی پێویستدا بەکەڵك بێن. پاسەوانی دانا و کۆبوونەوەیەکی بە سەربازەکان کرد بەم جۆرە: سەربازینە، هەندێك لە ئەرکادیەکان کوژراون و ئەوانی دیکە لەسەر گردێك گەمارۆ دراون. بەڕای من ئەگەر ئەوان قەڵاچۆ بکرێن، بەرانبەر دوژمنێکی ئەوهادا ئەوسا ئاسوودەیی بۆ ئێمەش نامێنێت. باشترین شت ئەوەیە کە بەهانایانەوە بچین تا ئەگەر لەوێ مابن لەپاڵ ئەواندا شەڕ بکەین و بەتەنیا نەمێنین. دەربازبوونمان بە هیچ لایەکدا نیە، ڕێگای گەڕانەوەش بۆ هیراکلیا و ڕێگای بەرەو خریسۆپۆلیس دوور و درێژن و دوژمنیش نزیکن. کورتترین ڕێ بۆ بەندەری کاپڵ دەڕوات کە ڕەنگە خیریسۆفۆس گەیشتبێتە وێ. ڕەنگە بڵێن ئاخر کەشتیمان نیە کە سوار بین و ورامان نەماوە، بەڵام گریمان گەمارۆدراوەکان کوژران، ئەوسا ئەرکەکەمان لە بەندەرەکەدا قورستر دەبێت لەچاو ئەوەی کە هەر ئێمە و خیریسۆفۆس بیکەین. نەخێر، یان بە سەربەرزی دەمرین و یان ئەوەتا کاری مەردانە بە ڕزگارکردنی چەند یۆنانییەك ئەنجام دەدەین. ڕەنگە خواستی ئاسمان ئێمەی گەیاندبێتە ئێرە بۆ ئەوەی چەند لوتبەرزێك، ئەوانەی کە خۆیان بە شارەزا دەنواند، ئەوانە سەرشۆڕ بکرێن و بۆ ئەوەی ئێمە، کە بەبێ پرسی خواوەندەکان دەستمان لەم گەشتە نەداوە، ئێمە سەربەرز بین. ئێستا دەبێ بەدوام بکەون و هەمیشە وریا بن تا فەرمانەکان بەجێ بگەیێنن. تا لای لێوارە دەڕۆین، ئەوسا ئۆردوگا دادەکوتین، و لەکاتی ڕێپێواندا با تیماسیۆن و سوارەکانی لەپێشمان بڕۆن، چاویان لە ڕێگا بێت.

پاش ئەم گوتارە بەرەو پێشی بردن. باڵەکانی هێزەکەی ئاواڵە کرد و پەلتاستە لەشموو کەکانی دەنارده سەر بەرزاییەکان. فەرمانی دا ئاگر لە هەموو شتێك بەردەن، سوارەکان لەسەر بەرزایی و لەسەر باڵەکاندا هەموو شتێکیان سووتاند، تەنی هێزە سەرەکیەکەش هەمان شتیان کرد وەك ئەوە بوو لەشکرێکی زل بەرێوە بێت.

که کاتی خۆی هات، بەسەر گردێك هەڵگەڕان و رەشماڵیان هەڵدا. ئاگری ئۆردوگای دوژمن چوار فەرسەخ دوور بوو، ئەوانیش ئاگرێکی زۆریان هەڵگیرساند، و که نان خورا، فەرمان درا ئاگرەکان بکوژێننەوە. شەو پاسەوانیان بڵاو کردەوە و بەیانی زوو بەشێوازی جەنگی ریزیان بەست و پێشرەوییان کرد. سوارەکان زووتر گەیشتنە سەر گردەکە. نە دۆستی لێ مابوو نە دوژمن، ئەوەی دیتیان تەنیا هەندێك ژن و منداڵ و پیرەمێرد بوون لەگەڵ هەندێك مەڕ و گا بەجێ مابوون. سەرەتا تێنەگەیشتن چ رووی داوە بەڵام که پرسیان گوتیان تراکیەکان بەشەو کشاونەوە و داواتر یۆنانیەکانیش بەلایەکی نەزانراودا رۆیشتون.

که پیاوەکانی زینۆفۆن ئەمەیان بیست، جەمە نانێکیان خوارد و زوو بەرێ کەوتن تاکو لە بەندەری کاپڵ پێیان رابگەنەوە. لە رێگادا شوێنپێی ئەرکادیەکانیان دەدیت و که گەیشتنەوە یەك، پێك گەشانەوە و بەچەشنی برادەر بۆ یەکتر چوون. ئەرکادیەکان لە پیاوەکانی زینۆفۆنیان پرسی بۆچی ئاگرەکانتان کوژاندەوە؟ که ئەوەمان دیت وا تێگەیشتین دوژمنن و دەیانەوێ بەشەو هێرش بکەن. وا دیار بوو که دوژمنیش بەهەمان شێوە تێی گەیشتبوون بۆیە چۆڵیان کرد. بەڵام که ئێوە پەیدا نەبوون، وامان زانی بۆ دەریا کشاونەوە، ئیتر ئێمەش بڕیارمان دا که بەجێ نەمێنین.

چاپتەر -٤-
لەشکر دەبێتەوە یەك
ئاڵۆزی لە پەیداکردنی خۆراکدا

بۆ ئەو رۆژە ئۆردوگایان لەلای بەندەرەکە دانا. ناوچەکە پێی دەگوترا تراکیای ئاسیەوی، ئەو ناوچە دەگرێتەوە لە زارکی یۆکسین تا هیراکلیا. کەشتیەکی کە بە دارەدەف بڕوات، لە بیزەنتیۆمەوە تا هیراکلیا رۆژێکی سەرلەبەر دەبات. لەو میانەشدا هیچ شارێکی یۆنانی و شاری هاوپەیمانی لێ نیە تەنیا تراکی و بیسینی Bithynians. ئەمانەش رەفتاری باش لەگەڵ هیچ یۆنانیەك ناکەن ئەگەر بکەوێتە بەردەستیان. بەندەری کاپڵ لەنیوەرێی نێوان بیزەنتۆم و هیراکلیایە، پارچە زەڤاییەکە هاتۆتە نێو دەریا و رۆخەکەی هەورازێکی زۆر تیژە، نزمترین رۆخی روبەرەکەی ٢٠ فاتۆم دەبێت، گەردنی زەڤایەکەش کە بە دەشتەکەی دەگەیێنێ ٤٠٠ پێ درێژە، پانتاییەکەش جێی ١٠٠٠٠ کەسی لەسەر دەبێتەوە. بەندەرەکە راستەوخۆ لەژێر زەڤاییەکەیە، رووی بەرەو خۆرئاوایە، کانیاوێکی باش لێیە، داری سوتەمەنی و بڕکەداری گەورەش لەوێدا زۆرن کە بەکەڵکی دروست کردنی کەشتی بێن. چیا هەیە لە دووری دوو فەرسەخ، زەویەکەش خاکێکی نەرمە بەبێ بەرد و شاخ و روەن، و تەنیشتەکان دراستانێکی چڕن بەدرێژایی دوو فەرسەخ. هەروەها ناوچەکەی دەوروبەر زەنوێرە و کۆمەڵێك گوندی ئاوەدانی لێیە. گەنم و جۆ و کونجی و هەنجیر و کۆمەڵێك دار میوە کە شەرابی باشیان دەدا و هەموو شتێکی لێ بوو تەنیا زەیتون نەبێت[1].

ولاتەکە ئەوها بوو، ئەوانە نەیانویست لە نزیك قەلاتەکە دابەزن نەبادا وا تێبگەن کە دەیانوێ شارەکە داگیر بکەن. سەربازەکان لە هیچەوە رەگەڵ لەو لەشکەرە نەکەوتبوون بەڵکو ناوبانگی کۆرووشیان بیستبوو کە پیاوێکی بدەر و بەجەرگە. هەندێکیان دەست و پاوەندیان لەگەڵ خۆ هێنابوو، هەندێکیشیان پارەیان لە شمەکی گەشتەکە خەرج کردبوو، هەندێکیشیان خزم و

---

[1] وەك چۆن کورد بایەخ بە (برنج خواردن) دەدات دیارە یۆنانیش لە کاتی خۆیدا بەبێ زەیتوون نەدەژیان.

کەسیان بەجێ هێشتبوو بەئومێدی پارە پەیداکردن چونکە دیتبویان ئەوانەی لەگەڵ کۆرش کار دەکەن دەسکەوتی پاشیان دەبێت.

لە بەرەبەیانی رۆژی دووەمدا پاش یەکگرتنەوەی دوو هێزەکە، زینۆفۆن قوربانیەکی کرد بە ئومێدی گەشتێك کەوا لەشکرەکە بیکات بۆ دەرەوەی ئۆردوگا. مەسەلەکە ناچاری بوو دەبایە خۆراك پەیدا بکەن و مردووەکانیش بنێژن. کە نیشانەکان دیاردەی باشیان دا، ئەرکادیەکانیش لەگەڵی چوون. تەرمەکیان پێنج رۆژ بوو کەوتبوون ئیتر ئەوەیان پێ کرا کە کۆیان بکەنەوە و بە باشترین شێواز بیانێژن و ئەوانەی نەدۆزرانەوە نیشانەی تایبەتیان بۆ دروست کردن. ئینجا گەڕانەوە بۆ ئۆردوگا، جەمێکیان خوارد و کردیانە شەو.

رۆژی دواتر لەسەر داوای کاپتنەکان کۆبوونەوەیەك بەسترا. ئاگاسیاسی ستیمفالی و هیەرۆنیمۆسی ئالیان بڕیارێکیان سەپاند کە لەمەو پاش هەرکەس خەریکی لەتکردنی لەشکر بێت دەبێ بکوژرێت و دەبێ لەشکر بگەڕێتەوە شێوازی پێشوو و کۆنە جەنەراڵەکان بگەڕێنەوە سەر کار. هەرە لەو ماوەیەشدا خیریسۆفۆس تای گرتبوو و بەهۆی خواردنی دەرمانێکەوە مردبوو، لیتر نینۆنی ئاسین جێی گرتەوە.

پاش سەپاندنی ئەم بڕیارە زینۆفۆن ئەم قسانەی کرد: سەربازەکان، وادیارە ناچارین گەشتەکە بە پێ تەواو بکەین چونکە کەشتی دەست ناکەون. دەبێ ئێستا دەست پێ بکەین، خۆراکمان نیە و ناتوانین لێرە گیر بین. لەم پێناوەشدا قوربانیەك دەکەینە خێر و ئێوەش دەبێ لەجاران ئامادەترن بن بۆ شەڕ چونکە دوژمن باوەڕی بەخۆی پەیدا کردووە.

لەسەر دەستی ئەلیکسیۆنی ئەرکادی، کە فالگر بوو، جەنەراڵەکان قوربانیەکیان گێڕا، سیلانۆسی ئەمبراکیا کەشتیەکی بەکرێ گرتبوو و گەڕابۆوە ماڵێ خۆی. قوربانیەکە بەنیازی گەڕانەوە بوو بەڵام نیشانەی باشی نەدا، ئیتر ئەو رۆژە پاڵیان دایەوە. هەندێك لەوانەی کە لەڕوویان هاتبوو بڵێن زینۆفۆن دەیەوێ شارێك بدۆزێتەوە، بە فالگرەکەیان گوت کە بڵێت نیشانە ئاسمانیەکان بەکەڵکی گەشتەکە نایەن. جا بەهۆی ئەوەی کە هەموو کەسێك بۆی هەبوو تەماشای قوربانیەکان بکات، زینۆفۆن هەندێك فالگرەوەی هێنا تەماشای کوشتەکان بکەن.

لەگەرچی سێ جار قوربانی کرا، بەلاّم نیشانەی باشیان نەدا. سەربازەکان بێزار ببوون چونکە لەو تفاقەی هەیانبوو بەشی هیچی نەدەکرد و خۆراك لەو نزیکانە دەست نەدەکەوت.

پاش ئەمە دیسان کۆبوونەوە بەسترا و زینۆفۆن گوتاری ئاراستە کردن: برادەرەکانم، وەك دەبینن نیشانە ئاسمانیەکان رێگا نادەن بڕۆین و خۆراکیش وا لەبەرالدایە. بۆیە وابزانم دەبێ هەر ئێستا قوربانیەکی دیکە بکەین.

یەکێك هەستایەوە سەر پێ و گوتی: نیشانە لەبەر هۆیەکی باش ئەوها دەردەچن، هەر دوێنێ بیستمان کەوا کلیندەر، حوکمرانی بیزەنتیۆم، بە کەشتیەوە دێت بۆ ئێرە.

هەموو رایان وابوو کە بمێنن بەلاّم هەر دەبوو خۆراك پەیدا بکەن. ئەمجارە سێ قوربانیان بەنیازی دەرچوون کرد کەچی نیشانەکان باش نەبوون، لەوجار سەربازەکان هاتنە لای رەشمالەکی زینۆفۆن و بێزاریان دەردەبڕی کەوا خۆراکیان دەست ناکەوێت، بەلاّم زینۆفۆن رەتی کردەوە کە بەبێ نیشانەی ئاسمانی رابەرایەتیان بکات بۆ گەشتێکی ئەوها.

رۆژی دواتر قوربانیەك کرا و لەبەر ئەوەی هەموو مەراقیان بوو، لەشکر کۆبوونەوە ئاژەلەکە نیشانەی باشی نەدا و جەنەراڵەکان رابەرایەتی هەلّمەتیان نەکرد. واش هەر کۆبوونەوەیەکیان بەست کە زینۆفۆن لەوێدا گوتی: رەنگە دوژمن بە هێزێکی گەورە بۆمان دانیشتبن، جا لەگەر بارگەمان لە شوێنێك قایم بکەین و بەشێوازی جەنگی بۆیان دەربچین، رەنگە ئەوسا ئاسمان رێگا بدات. کە سەربازەکان ئەمەیان بیست، یەکسەر هاواریان کرد کە پێویست ناکا بارگەیان بگوازنەوە، با هەر ئێستا رێورەسمی قوربانیەکە بگێڕن. بەرخیان نەمابوو ئیتر چەند گایەکی لاوازیان کڕی، زینۆفۆن کلینۆری ئەرکادیی دەنگ دا کە ئەگەر نیشانەکان باش بن یەکسەر دەردەچن، واش هەر نیشانەکان باش نەبوون.

نیۆن جێگی خیریسۆفۆسی سەرلەشکری گرتبۆوە، کە پیاوەکانی بەم حاڵە دیت، ویستی شتێك بکات. پیاوێکی لە هیراکلیا هێنا گوایە شارەزای چەند گوندێکە و گوتی لەوەی ئارەزوو دەکات با ساز بێت لەگەڵ رێناسەکە بچێتە ئەو گوندانە. لەوسا ٢٠٠٠ پیاو ساز بوون، رمی کورت و جۆرەها تەلیس و کیسەیان لەگەڵ خۆ برد، بەلاّم کە گەیشتنە گوندەکان و بۆ کۆکردنەوەی خۆراك بلاّو بوونەوە، تووشی سوارەکانی فەرناباز Phernabazus بوون. لەوانە بۆ

پارمەتیی بیسینیەکان هاتبوون بۆ بەرپەچدانەوەی یۆنانیەکان و بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت رێگای فریجیایان لێ بگرن. ئەم سوارانە بەلانی کەم ٥٠٠ یۆنانیان کوشت و ئەوانی دیکە هەلاتن بۆ چیاکان.

یەك لە هەلاتوەکان گەیشتەوە ئۆردوگا و خەبەرەکەی راگەیاند. زینۆفۆن یەکسەر گایەکی لە عەرەبانەیەك کردەوە (چونکە هیچی دیکە نەمابوو بۆ قوربانی). پاش قوربانیەکە (کە بۆ رزگارکرنی پیاوەکان کرا و کەوا تەمەنیان لە ٣٠ سالٔ زیادتر نەبوو) کەوتنە رێ. زیندوەکانیان کۆکردەوە و گەرانەوە بۆ ئۆردەگا.

رۆژ ئاوا بوو، یۆنایەکان لەوپەری خەمدا بوون، نانی ئێوارەیان سازکرد و لەناکاو بە تاریکی هەندێك بیسینی پەلاماریان دان، هەندێکیان لە ریزەکانی دەرەوە کوشت و ئەوانی دیکە بۆ نێو ئۆردوگا هەلاتن. هات و هاوارێکی گەورە کرا و هەموو تاویان دایە چەك بەلآم دارستانەکە زۆر تاریك بوو، نەدەکرا هێرشی بۆ بەرن، نەش دەکرا بەو شەوە ئۆردوگا بگوازنەوە. ئیتر پاسەوانیان بلآو کردەوە و خۆیان دائوساند، شەوەکەیان لەوها بەسەر برد.

چاپتەر -٥-
سەرکەوتنێك بۆ یۆنانیەکان

بەیانی شمەکیان کۆکردەوە بۆ شوێنێکی قایم. پێش نالی نیورۆ کەندێکیان لەدەوری شوێنەکە هەلکەند و سەنگەریان بەدرێژایی کەندەکە دروست کرد. کەشتیەکیش لە هیراکلیاوە گەیشت، جۆ و گا و شەرابی هێنابوو.

زینۆفۆن بەیانی زوو هەستا و بەنیازی دەرچوون قوربانیەکی کرد. لە یەکەم کوشتەدا نیشانەکان باش نەبورن. هەر کە قوربانیەکە تەواو بوو، فالگر ئەریکۆنی پەرهاسیا بازێکی لە ئاسمان دیت کە نیشانەی خۆشبەختیی دەدا، بە زینۆفۆنی گوت لەشکر بەرێت. ئیتر لە کەندەکە پەرینەوە و ریزیان بەست، گوتیشیان با یەخسیرەکان و قەرەبالغاییەکە لەنێو ئۆردوگا بمێنن. وا بەباش زانرا کە نیۆن لە ئۆردوگاکە بمێنێت بەلام کە دەرچوون ئەوانی دیکە شەرمیان بەخۆ هات و رەگەل کەوتن. تەنیا ئەوانەیان بەجێ هێشت کە تەمەنیان لە ٤٥ بەرەو سەر بوو. دوو فەرسەخیان نەبرِیبوو کە گەیشتنە تەرمی مردووەکان. ریزەکانی پاشەریان هێنا بۆ ئەوەی مردووەکان بنێژن، هەندێکیان ناشت و دەستیان هەلگرت تاکو تاقمێکی دیکە تەواوی بکەن. کە گەیشتنە گوندەکان، تەرمێکی زۆر کەوتبوون، کۆیانکردنەوە و ناشتیانن.

پاشنیورۆ بوو کە راستەوخۆ بۆ نێو گوندەکان چوون. سەربازەکان هەرچی دەستیان گەیشتێ لەسەر رێگا هەموویان برد. لەناکاو دوژمنیان دیت، کۆمەلێك سوارە و پیادە لەسەر گردێك ریز ببوون، ئەوانە سپیریداتیس و راتینیس بوون کە لە فەرناباز‌ەوە لەگەل هێزێکی گەورە هاتبوون.

دوژمن فەرسەخ و نیوێك دوور لە یۆنانیەکان وەستان. ئەریکسۆنی فالگر یەکسەر قوربانیەکی کرد و نیشانەکان باش بوون. ئینجا زینۆفۆن قسەی بۆ سەربازەکان کرد: وا باشە هێزێك لە پاشەر دابنێین تا لەکاتی تەنگانەدا بەهانای ریزەکانی پێشەر بێن. هەروەها ئەگەر تیپەکان لێك ترازان، ئەوانە ئامادەی شەر بن و بەرەلگاری ئەوانە بن کە هێشتا نەکەوتونەتە شەر.

هەموو قسەکەی زینۆفۆنیان پەسند کرد و زینۆفۆن گوتی: ئێوە پێشڕەوی دەکەن، نامەوێ هیچی تر بوەستین کەوا ئەوان دەمانبینن و دەیانبینین. ئێستا دەگەمە وێ پاش ئەوەی ریزەکانی پاشەر ڕێك دەخەم، هەر وەکو کە ئێوەش پێی رازی بوون.

لینجا پێشڕەویان کرد و زینۆفۆن لەدواوە سەرپەرشتی سێ تاقمی دەکرد هەر تاقمێك لە ٢٠٠ کەس پێك هاتبوون. فەرمانی بە تاقمی یەکەم دا کە ١٠٠ پێ لەنێوان خۆیان و بالّی راستی لەشکر بەجێ بهێلّن، سامۆلاسی ئاخەیی لەسەر ئەم هێزە بوو. تاقمێکی دیکەی لە ناوەڕاست دانا لەژێر فەرمانی پیریۆسی ئەرکادی، تاقمی سێیەمیش لەلای چەپدا لەبەر دەستی فاسیاسی ئەتینی، ئەوجار پێشڕەویان کرد. تاقمی پێشەر بەسەر کەندێکی پڕ لە دار و دەرختدا کەوتن، جولّە لەوێدا ئاسان نەبوو، راوەستان بزانن ئایا دەتوانن لە کەندەکە بپەڕنەوە؟ پاشەوپاش خەبەریان بۆ جەنەراڵەکان ناردەوە کە بگەنە پێشەر. زینۆفۆن گوتی ئایا چ شتێك پێشڕەویەکەی راگرتووە؟، هەر کە بیستی یەکسەر ئەسپەکەی تاو دا. کە کۆبوونەوە، سۆفەینەتۆس لەهەموو جەنراڵەکان بەتەمەنتر بوو گوتی مەسەلەی پەڕینەوەی کەندێکی ئەوها مایەی باسکردن نیە. زینۆفۆن زوو گەیشتە وێ و گوتی: برادەرینە، ئێوە باش دەزانن کە من نەهاتووم تووشی مەترسیتان بکەم. باش دەیزانم کەوا ئێوە ژیانتان پێ باشترە لە ناوبانگی ئازایەتیان. بەلاّم مەسەلەکە ئێستا بەم جۆرەیە، ئێمە ناتوانین بەبێ شەڕ لێرە دەرباز بین. ئەگەر بکشینەوە، دوژمن راومان دەنێت، کەواتە دەبێ بیر بکەینەوە ئایا کام ڕێگا باشترە؟ ئایا بەچەکەوە بەرەو روویان بچین، یان پشتیان تێبکەین و بەدوامان بکەون؟ دەزانن کە پشت لەدوژمن کردن شتێکی پیاوانە نیە کەچی راونان ناپیاویش ئازا دەکات. یەك لەبارە خۆمەوە حەز دەکەم لەحالّەتی هێشردا نیو هەندە چەکدارم هەبێت، لەچاو ئەوەی کە دوو هەندە چەکداری هەلاّتوم هەبن. سەبارەت بەم دوژمنانەش، دەزانم کە لەوان باوەڕ ناکەن پێمان بوێرن بەلاّم ئەگەر بکشێینەوە ئەوسا ئازا دەبن و راومان دەنێن. ئەگەر دەمەقالّێ بکەن و بلێن ئێمە لە پێشڕەوی داین و پەڕینەوەی کەندەکە وا دەکا پشتمان بیێتە هەلّدێر. جا ئایا باشتر ئەوە نیە کە ئەوها بکەین؟ حەز دەکەم دوژمن وابزانن کە ڕێگای هەلاّتنیان بە هەموو لایەکدا هەمووارە. بەپێچەوانەش، با ئێمە وا هەست بکەین کە ڕێگای سەلامەتیمان تەنیا لە سەرکەوتندایە. هەروەها سەیرم پێ دێت وابزانن ئەم کەندەی ئێرە

لەو هەموو دەوروبەرە سەختترە. ئێمە چۆن دەتوانین ئەوهەموو دەشتاییانە ببڕین بەبێ ئەوی سوارەکانیان ببەزێنین؟ چۆن دەتوانین ئەوهەموو چیایانە ببڕین لەکاتێکدا کە پەلتاستەکانی دوژمن بەدوامانەوە بن؟ خۆ ئەگەر بە سەلامەتیش گەیشتینەوە دەریا، ئەوسا هەموو یۆکسین لێمان دەبێتە کەندێکی گەورە. نە کەشتی لێیە پێی بچینەوە و نە خۆراك هەیە پێی بژین، ئیتر هەر ناچار دەبین بۆ دابینکردنی خۆراك هێرشێکی ئەوها بکەینەوە. کەواتە باشتر ئەوەیە ئێستا شەڕەکە بکەین، خۆ هەرنەبێ ئێستا جەمە نانێکمان خواردووە، نەك سبەینێ بە زگی برسی بیکەین. هاوسەنگەرەکان، قوربانیەکان نیشانەی ئاسمانیی باشیان هەبوو، با بۆیان بچین، گومان نیە کە ئێمەیان دیتوە و خۆش نیە بهێڵین ئەوانە نانی ئێوارە بە هێمنی بخۆن.

پاش ئەمە، کاپتنەکان بە زینۆفۆنیان گوت رابەرایەتیان بکات و کەس لاری لەمەدا نەکرد. بۆیەش رابەرایەتی وەرگرت و فەرمانی دا کە هەرکەس کەندەکە لەجێی خۆیەوە بپەڕێتەوە. باوەڕی وابوو کە بەم جۆرە لەشکرەکە یەکپارچە و توندتر دەمێنێت لەچاو ئەوەی کە بەسەر پردەکەدا بپەڕنەوە. پاش پەڕینەوە، زینۆفۆن بەدرێژایی ریزەکاندا هات و ئەم قسانەی کرد: سەربازینە، ئەوهەموو شەڕەتان لەبیر بێت کەوا بەهێزی خواوەندان و پشت بە یەك ئەستور تێدا سەرکەوتن. ئەوەشتان لەبیر بێت کە ئەوکەسانەی هەڵدێن چییان بەسەر دێت. بیر لەمەش بکەنەوە کەوا ئێمە گەیشتوینە سنووری یۆنان. پێشکەون دەبا هەرکولیسی رێناس رێنماتان بێت. کە دەشڕۆن، سەرکردەکان بەناوی ئاسایی خۆیان بانگ بکەن. شتێکی خۆشە ئەگەر بزانین کەوا ئێستا هەرکەس قسە و کردەوەیەکی مەردانە بنوێنێت، ناوی ئەو کەسە هەمیشە لەیادی ئەو خەڵکەدا دەمێنێت.

ئەمە بوون قسەکانی زینۆفۆن کە بەپێش لەشکرەکەدا دەرۆیشت و لەهەمان کاتیشدا دەستی پێکرد بەرەو شەڕەکەیان بەرێت. فەرمان درا رمبەکان بە بەرزی رابگرن تا ئەو کاتەی کە شەیپوور دەژنرێت ئەوسا دەبایە رمبەکان شۆڕ بکەنەوە بۆ ئاستی دوژمن، ئینجا ناوی نهێنی بڵاو کرایەوە (زیۆسی رزگارکەر، هەرکولی رێبەر).

دوژمن لە شوێنی خۆیان نەبزوتن، وایانزانی شوێنەکەیان قایمە. کە نزیك بوونەوە، پەلتاستەکان بەبێ فەرمانی کەس هاواریان بەرز کردەوە و رایان کرد بۆ دوژمن. دوژمنیش بە

هەردوك بەشەوە، سوارەکان و پیادە بیسینیەکان، هێرشیان کرد. پەلتاست کشانەوە، بەلاّم کە هۆپلیتەکان بە هەنگاوی سووك گەیشتنە سەریّ، شەیپوور ژەنرا و سروودی پایان خوێنرا و نەعرەتەی جەنگ بەرز کرایەوە و رمبەکان بۆ هێرش ئاراستە کران، ئەوسا دوژمن هیچی تر خۆیان نەگرت و هەلاّتن. تیماسیۆن و سوارەکانی بەدوایان کەوتن و تا دەستیان هەبوو لێیان کوشتن. باڵی چەپی دوژمن کە بەرانبەر سوارەکان بوو یەکسەر شکا، بەلاّم باڵی راست کەوا هێشتا تینی نەگەیشتبویێ، خۆیان لەسەر گردێك رێکخستەوە، کە یۆنانیەکان ئەمەیان دیت، باشترین شت ئەوە بوو کە یەکسەر پەلاماریان بدەن، ئیتر سروود خوێندرا و یەکسەر هێرشیان کرد. دوژمن خۆیان نەگرت، ئینجا پەلتاستەکان راویان نان تا باڵی راستیش بەیەکجاری هەڵوەشا. کوژراویان زۆر نەبوو چونکە سوارەکانی دوژمن هێزێکی گەورە بوون و هەمیشە مەترسیان دەخستە سەر یۆنانیەکان.

یۆنانی دیتیان کەوا سوارەی فەرناباز ریزەکانی خۆیان تێك نەدابوو، هەروەها سوارە بیسینیەکان لەگەڵیان کۆ دەبوونەوە و لەسەر گردەکە تەماشای خواریان دەکرد، ئەگەرچی ماندوو ببوون بەلاّم بریاریان دا هێرش بکەنە سەر سوارەکانیش و تا هەناسەیان ماوە نەهێڵن باوەڕیان بە خۆ بێتەوە. ریزیان بەست و هێرشیان کرد، لەوسا وەك بڵێی سوارە راویان دەنێن، ئەوها هەلاّتن. کەندێك لەویّ بوو یۆنایەکان شارەزای نەبوون، ئەمە بوو دوژمنی پاراست. سەبارەت بە یۆنانیەکانیش، وازیان لە راونان هێنا چونکە درەنگ داهاتبوو، ئینجا گەڕانەوە جێی خۆیان. شوکرانەیان کرد و کاتی رۆژئاوا گەیشتنەوە دەریا. رێگاکە شەش فەرسەخ بوو.

چاپتەر -٦-
هەندێك ئاڵۆزی لەگەڵ سپارتیەکان

پاش ئەمە دوژمن خۆیان پێکەوە هێشتەوە، ژن و منداڵ و شمەکیان بۆ دوور برد، لەلایەکی دیکەدا یۆنانیەکان چاوەڕێی کلیندەر بوون کە بە کەشتیەوە بگاتە جێ. هەموو ڕۆژێك بە بارگینەوە بەبێ ترس دەردەچوون، گەنم و جۆ و شەراب و هەنجیر و کونجی و شتیان دەهێنا. ولاتەکە هەموو بەرهەمێکی هەبوو زەیتون نەبێت. کە لەشکر لەنێو ئوردوگا بوو مۆڵەت بە هەندێك کەس دەدرا بۆ تالان دەربچن، ئەوانە تالانەکانیان بۆ خۆیان بوو، بەلام ئەگەر لەشکر دەر چوبایە، ئەوسا دەسکەوتەکان دەبوونە ماڵی گشتی. ئێستا هەموو شتێك زۆر ببوو، هەروەها خۆراك بەدەریادا لە شارە یۆنایەکانەوە دەهێنرا. کەشتیوانە یۆنانیەکان پێیان خۆش بوو لێرە بوەستن کە زانیبویان وا شارێکی یۆنانی نوێ دامەزراوە و بەندەری هەیە. هۆزەکانی دوژمنیش دەستیان پێکرد نامە بنێرن بۆ زینۆفۆن، بیستبویان ئەو سەرپەرشتی دامەزراندنی شارەکە دەکات. پرسیان دەکرد کە چ بکەن بۆ ئەوەی پێوەندیەکی باش لەگەڵ ئەم شارە پەیدا بکەن؟ زینۆفۆنیش لێ دەگەڕا کە سەربازەکان ئەو شاندانە ببینن.

لەو کاتەدا کلیندەر بە دوو کەشتی بچووکەوە هات. کە گەیشتە جێ، لەشکر لە دەرەوەی ئۆردوگا بوون، هەندێك لادەریش بەتەنیا چوبوونە چیاکان مەڕیان بەتالان هێنابوو و لەترسی ئەوەی کە لێیان بستێندرێت، هەستان لەلای دێکسیپۆسیان دانا (ئەو پیاوەی کە لە تراپازۆس بە کەشتیەکە هەلات). دێکسیپۆس هەندێکی بۆخۆی دانا و ئەوانی دیکەی دایەوە خۆیان سەربازەکان خڕ بوونەوە گوتیان مەڕەکان ماڵی گشتیی لەشکرەکەن بەلام دێکسیپۆس بە پاڵ ڕێگای خۆی دەرکرد و چووە لای کلیندەر گوتی ئەوانە دەیانەوێ مەڕەکان بۆخۆیان گل بدەنەوە. کلیندەر فەرمانی دا هەر کەس ئەمەی کردووە بیهێنن بۆ لای خۆی. دێکسیپۆس یەکیان دەستگیر کرد و بە پاڵ بردی، بەلام ئاگاسیاس بەسەردا هات و ڕزگاری کرد، پیاوەکە لە تاقمی خۆی بوو. پیاوەکانی دیکە دێکسیپۆسیان بەردباران کرد و هاواریان لێ کرد (خاین) پیاوانی نێو کەشتیەکان ترسان و لەگەڵ کلیندەر کشانەوە بۆ نێو دەریا. زینۆفۆن و

جەنەراڵەکانی دیکە ویستیان دڵنیای بکەنەوە کە هیچ شتێك لە ئارادا نیە بەلاّم تازە کلیندەر تووش کرابوو و تەریق ببۆوە کە ئەوها بەترساوی دیتبویان، گوتی نیازی هەیە فەرمان بدات کە ئەم لەشکرە بەدوژمنی گشتی بژمێردرێن و نابیّ یەك شاری یۆنانی وەریانبگرن. لەو سەردەمەدا سپارتی بالآدەستیان لەسەر هەموو یۆنان هەبوو. ئێستا وا بیّ دەچوو ئیشی یۆنانیەکان شڕ بوبێت، لێی پاڕانەوە کە هەڕەشەکانی بەجیّ نەگەیێنێت بەلاّم نەیسەلماند و گوتی تەنیا مەگەر ئەو پیاوە تەسلیم بکەن ئەوەی گرتووەکەی ئازاد کردووە. ئەو پیاوەش ئاگاسیاس بوو برادەری زینۆفۆن، گومانیش نەبوو کەوا دێکسیپۆس لەبەر ئەم برادەرایەتیە تۆمەتباری کردووە.

لەم قۆناغەدا کەس نەیدەزانی چ بکات، ئەفسەرەکان کۆبوونەوەیان بە لەشکر کرد. هەندێك سەرباز بە چاوی سووکایەتی سەیری کلینەدریان دەکرد بلاّم زینۆفۆن مەسەلەکەی بە ئاسان نەدەزانی، هەستایەوە و ئەم قسانەی کرد: مەسەلەی زویربوونی کلیندەر شتێکی ئاسان نیە. شارە یۆنانیەکان لێرە نزیکن و ئێستا سپارتی ئاغای یۆنانن. بەڵیّ، هەر سپارتیەك دەتوانی بەئارەزووی خۆی بکات، جا ئەگەر کلیندەر ڕێگای بیزەنتیۆم لە ئێمە ببڕێت و فەرمان بداتە شارەکان کە کەس وەرمان نەگرێت و بڵێن دژ بە دەسەڵاتی سپارتا وەستاوین و لە یاسا دەرچووین، ئینجا ڕاپۆرت بگاتە ئەدمیراڵ ئەناکسیبیۆس، ئەوسا نە دەاتوانین لێرە بمێنین و نە دەتوانین بە دەریادا بگەڕێینەوە. ئێستا سپارتی لە دەریا و زەمیندا بالاّ دەستن و نابیّ لەبەر یەك- دوو کەس لە هەموو یۆنان دەربکرێین. نەخێر، دەبیّ بەقسەیان بکەین، یەك لەبارە خۆمەوە دەزانم کە دێکسیپۆس بە کلینەدەری گوتووە کە ئاگاسیاس بە فەرمانی من ئەمەی کردووە، بەلاّم ئامادەم گلەیی لەکۆڵ ئاگاسیاس و ئێوەش بکەمەوە ئەگەر بڵێت کە من دەستم تێدا بووە. ئامادەشم توندترین سزا بەسەر خۆمدا بسەپێنم ئەگەر بەدبارانەکە بە هاندانی منەوە بوبێت. پێشنیاز دەکەم ئەگەر دێکسیپۆس هەر کەسی تر تۆمەتبار بکات، با خۆی بداتە دەست کلیندەر تا دادگایی بکات. بەم جۆرە کەس بەرپرسی ئەم ڕەفتارە نابێت. ئەگەرنا، ئەوسا بە کەمترین مرۆڤ دەناسرێین.

ئاگاسیاس هەستا قسەی کرد: سەربازان، سوێند بە هەموو خواوەندەکان دەخۆم کە نە زینۆفۆن و نە هیچ کەس بەمنی گوتووە پیاوەکە ڕزگار بکەم. کە سەربازێکی باش لە تاقمی خۆم

بەدەستی دێکسیپۆس دەبردرا، وەکو خۆتان دەزانن خیانەتی لە ئێمە کردووە، دانی پێ دەنێم کە خۆم پێ ڕانەگیرا و ڕزگارم کرد. هەروەها پێی ناوێ تەسلیمم بکەن. وەکو زینۆفۆن گوتی، خۆ دەدەمە دەست کلیندەر با بە هەوەسی خۆی لەگەڵم بکات. جا تکا دەکەم سپارتیەکان مەکەنە دوژمن، دەمەوێ هەمووتان بەساغی بگەنەوە ماڵ بەڵام حەز دەکەم لەگەڵم بێن بۆ لای کلیندەر لەباتی خۆم قسە بکەن.

لەشکر دەرفەتیان دا کە بەخۆی ئەم کەسانە دەستنیشان بکات، جا ئەو جەنەراڵەکان دەستنیشان کرد. پاش ئەوەی کە ئاگاسیاس و سەربازە ڕزگارکراوەکە لەگەڵ جەنەراڵەکان چوونە لای کلیندەر، جەنەراڵەکان بەم جۆرە قسەیان کرد: ئەگەر تۆ یەك- دوو کەس تۆمەتبار دەکەیت، وا خۆیان دەخەنە بەردەست. وە ئەگەر ئێمە تۆمەتبار دەکەیت، وا ئێمەش لێرەین، و ئەگەر کەسێکی دیکە هەیە؟ ناوەکەی بڵێ چونکە کەس نیە لە قسەمان دەرچێت.

ئینجا ئاگاسیاس قسەی کرد: کلیندەر، من بووم سەربازەکەم لەدەست دێکسیپۆس ڕزگار کرد و من بووم فەرمانم دا بەردبارانی بکەن چونکە دەمزانی سەربازەکە پیاوێکی چاکە و لە هەمان کاتدا دێکسیپۆسیش دەناسم و دەزانم لە هیراکلیا بوو بە ناڤخۆدانی کەشتیەکە و دەشزانم کە پێی هەڵات و لەنێو تاقمەکەی خۆیدا ڕۆڵی خیانەتی گێڕا، ئیتر ئێمە بەجێ ماین. کەشتیەکەش لە خەڵکی تراپازۆس وەرگیرابوو، ئیتر ئێمە لەوێدا شەرمەزار و بێ سەروشوێن ماینەوە. خۆی لەوێ بوو، ئەمەشی بیستبوو کە ڕێگای زەمینی ئەوهەموو ڕووبارەی لەسەرە، جا من پیاوەکەم لەو تەرزە کەسە ڕزگار کردووە. ئەگەر خۆت یان یەکێك لە پیاوەکانت ئەو سەربازەی دەستبەسەری کردبایە، باوەڕ بکە ئەوهام نەدەکرد. وە ئەگەر دەمکوژی، دەبزانە کە تۆ پیاوێکی چاك لەبەر نامەردێکی ڕووڕەش دەکوژی.

کلیندەر گوتی ئەگەر دێکسیپۆس ئەم شتانەی کردبێت وەکو باس کرا، ڕەفتاری لەوها بەهیچ جۆر قەبوڵ ناکرێت. ئەوەشی دانا کە دێکسیپۆس نەك هەر خوێڕوە، بەڵکو دەبێ سزایەکی توندوتیژ بدرێت و لە دادگاییدا دەبێ لەوەی پێ بگات کە لێی دەوەشێتەوە[1] و گوتی: ئێوە

---

[1] ئەم هەلوێستە زۆر گرینگە. پیاو وا دەزانێ داخۆ کلیندەرە و دەسەلاتدارانی سپارتا چ لە خاینێکی وەك دیکسیپۆس دەکەن، کەچی لە ڕاستیدا هیچی لێ ناکەن تەنیا لەبەرە ئەوەی کە ئەو سپارتیە و (هاوشاری خۆیانە). گەلێ لەوها

داوای دادگایی دەکەن. لێستا بڕۆن و ئاگاسیاس لەلای من بەجێ بهێڵن تا بەدواتاندا دەنێرم بۆ ئەوی ئامادەی دادگاییەکە بن. ئەم پیاوەش کە هاتۆتە پێش، من هیچ تۆمەتێکی ناخەمە پاڵ کەوا بەندییەکی رزگاردووە.

ئینجا سەربازە رزگارکراوەکە بە قسە هات: کلیندەر، سەبارەت بە منەوە ئەگەر وا دەزانی بەهۆی شتێکەوە دەستبەسەر کرابووم، من دەستم لە کەس نەوەشاندبوو و کەسیشم بەردباران نەکردبوو، تەنیا ئەوەم گوت کە مەڕەکان ماڵی گشتین چونکە سەربازەکان بڕیاریان دابوو هەرکەس بە جودا بچێتە راوەرووت (لەکاتێکی کە لەشکر بۆ هەمان مەبەست دەرچوبێت) ئەوسا دەسکەوتەکان دەکرێنە ماڵی هەمووان. هەر لەوەندەم گوت، دێکسیپۆس یەکسەر گرتمی و منی راکێشا تا ئەو مەڕانە ئاشکرا نەبن، لەوە چونکە خۆی بەشی پێوەبوو و ئەوانی دیکە بۆ خۆیان دەمایەوە، هەمووش بەپێچەوانەی بڕیاری لەشکر دەکرا.

وەڵامی کلیندەر ئەمە بوو: تۆش کە پێوەندیت بە رووداوەکە هەیە، دەبێ لێرە بمێنی تا بڕیارێك بۆ تۆش دەدرێت.

پاش ئەمە تاقمەکەی کلیندەر نانێکیان خوارد. زینۆفۆن کۆبوونەوەیەکی کرد و گوتی با شاندێك بنێرن داوا لە کلیندەر بکەن نەرمیی بنوێنێت. بڕیاریان دا جەنەراڵ و کاپتنەکان بنێرن وێڕای دراکۆنتیۆسی سپارتی و هەر کەسێکی کە لێیان را دەدیت کاریگەر بێت. بۆیەش زینۆفۆن چووە لای کلیندەر و لەم قسانەی کرد: کلیندەر، ئەو دوو پیاوە لەشکر ناردنی بۆ بەر دەستی تۆ، زۆر بەتوندی تکا دەکەین بەکوشتیان نەدەیت. لە ماوەی رابردوودا چاکەیەکی زۆریان بۆ لەشکر کردووە. ئەگەر لەو چاکەیان لەگەڵ بکەیت، لەشکر بڕیاریداوە بتکەنە سەرلەشکر و ئامادەن پارادێکی سەربازی بکەن تاکو رادەی رەندایەتیی و رێکییان لەپێش چاوی تۆ پێشان بدەن و دیار بخەن کەوا ترسی دوژمن لەنێو ئەم لەشکرەدا نیە. هەروەها داخوازیەکی تریان هەیە،

پێویست بە ئێران و تووران ناکات کە دەوڵەتیان لێ تێك بدەن، بەڵکو هەر لە خۆڕا دەوڵەتیان دەڕووکێتەوە. بە پێچەوانەی گەلی یۆنانی، گەلی رۆم خۆیان لە دەردی لەهجە و ناوچە و شارپەرستی و ئەو شتانە رزگار کرد و ئەگەر کەسێکی وەك دێکسیپۆس رۆمی بایە ئەوسا پێش هەموو کەسێك برلکەی خۆی سزای دەدا.

حەز دەکەن ئەگەر رابەرایەتیت وەرگت، پێشانیان بدەیت کە دێکسیپۆس و پیاوانی دیکە شایستەی چین، هەر کەس بەگوێرەی خۆی.

کلیندەر گوێی گرت، ئینجا گوتی: سوێند بە جمکەبراکان[1] دەخۆم دەبێ خێرا وەڵامتان بدەمەوە. دوو پیاوەکەش لەگەڵ خۆتان بەرن و دوایە خۆم دێم. ئەگەر خواوەندەکان توانام پێ ببەخشن، دەبێ لێرەڕا تا یۆنانتان بەرمەوە. زینۆفۆن، قسەکانی تۆ بەو راپۆرتانە ناچن کە دەڵێن گوایە خەریکی لەشکرەکە لە سپارتاریەکان هەڵگەڕێتەوە.

شاندەکە پیاوەکانیان بردەوە. کلیندەر، بەنیازی ئەوەی کە بزانێت ئایا لەگەڵ لەشکر بڕوات یان نا و ئایا رابەرایەتی لەگەڵ زینۆفۆن بگێرێت یان نا، قوربانیەکی کرد و ئەنجامەکە ئەوە بوو کە لەگەڵ زینۆفۆن بوونە برادەر. مێوانداریان بۆ یەکتر نواند و کە دیتی چۆن لەشکرەکە پابەندی فەرمان و یاسا دەبن، حەزی چووە ئەوی کە ببێتە سەرلەشکریان. بەڵام ئەگەرچی سێ رۆژ لەسەر یەك قوربانیی پێشکەش کرد، نیشانەکان بەهیچ جۆرێك باش نەبوون. ئیدی جەنەراڵەکانی بانگ کرد و ئەم قسانەی بۆ کردن: نیشانە ئاسمانیەکان بەلای ئەودا دەرنەچوون کەمن بەرەو یۆنان رابەرایەتیتان بکەم. بەڵام بێ ئومێد مەبن، دیارە رابەرایەتی ئەم لەشکرە بۆ خۆتان نوسراوە. ئەگەر بگەنە بیزەنتیۆم ئەوسا پێشوازیەکی باشتان بۆ دەکەین.

سەربازەکان ئەو مەڕانەیان پێشکەش بە کلیندەر کرد، ئەویش وەریگرتن بەڵام هەر بەدیاری دایەوە سەربازەکان. لەشکر دانەوێڵە و دەسکەوت تاڵانێکیان دابین کرد و بە وڵاتی بیسینیادا بەڕێ کەوتن. بە رێگا سەرەکیەکەدا رۆیشتن بەڵام کە زانیان ناتوانن بە بار و بارگەوە دەرباز بن بە هەمان رێدا گەڕانەوە. دوو رۆژ مانەوە، ئەمجارە بە ئەسیر و بە گاڕانەوە شەش رۆژ رۆیشتن تا شاری خریسۆپۆلیس لە خەلکیدۆنیا، لەوێشدا هەفت رۆژ مانەوە تاکو تاڵانەکانیان فرۆشت.

---

[1] واتای (جمکە براکان) دیار نیە ؟ هەروەها رێکس وارنەریش هیچ ئاماژەیەکی نەداوە. بەڵام سپارتا سیستەمێکی سیاسیان هەبوو کەساڵانە دوو پاشایان دەستنیشان دەکرد پێکەوە بەڕێوەبەرایەتی شارەکە بگێڕن. رەنگە مەبەستی لەو دوو پاشایە بێت.

بابەتی هەفتەم

بیزەنتیۆم – تراکیا - ئاسیای بچووک

چاپتەر -١-
ئاڵۆزی لە بیزەنتیۆم

فەرناباز لەوە دەترسا لەشکرەکە بێن بۆ ناوچەکەی ئەو بۆیە نامەی بۆ ئەدمیراڵ ئەناکسیبیۆس نارد لە بیزەنتیۆم، تکای دەکرد لەشکرەکە لە بەری ئاسیا دوور بخرێتەوە، بەڵێنیشی دا کە هەموو خەرجیەکانی کارە بدات. ئەناکسیبیۆس جەنەراڵەکانی کۆکردەوە و بەڵێنی دا لەگەر سەربازەکان لە دەربەندەکە بپەڕنەوە ئەوا کار و بژێوێکیان بۆ پەیدا دەکات. جەنەراڵەکانیش گوتیان مەسەلەکە باس دەکەن و خەبەری دەدەنەوە. بەڵام زینۆفۆن پێی ڕاگەیاند کە واز لە لەشکر دێنێت و دەیەوێ بەدەریادا بگەڕێتەوە ماڵێ. ئەناکسیبیۆس هانی دا لەگەڵیان بپەڕێتەوە و دواتر بەجێیان بهێڵێت.

لەو میانەدا سیووتیس، تراکییەکە، میدۆسادیسی بۆ زینۆفۆن نارد داوای دەکرد بێتە لای تا پێکەوە هەوڵ بدەن لەشکر لە دەربەندەکە بپەڕێننەوە. گوتی ئەگەر یارمەتی بدات پەشێمان نابێتەوە. وەڵامی زینۆفۆن ئەمە بوو: لەشکر هەر دەپەڕێتەوە و پێویست ناکا پارە بداتە من چونکە بەجێیان دەهێڵم. با پێوەندی بەوانەوە بکات کە لەگەڵ لەشکرەکە دەمێنن.

ئینجا لەشکر پەڕینەوە بۆ بیزەنتیۆم، کەچی ئەناکسیبیۆس هیچ پارەی نەدا و بەیانێکی دەرکرد کە دەبێ لەشکر بە چەك و پارە و شمەکەوە لە شار دەرچن. سەربازەکان بەم بەیانە قەڵس بوون چونکە پارەیان نەبوو ئیتر بە تورەیی شمەکیان بار دەکرد. زینۆفۆن برادەرایەتی لەگەڵ کلیندەر پەیدا کردبوو و لەبەر ئەوەی کە دەیویست یەکسەر بڕوات چوو ماڵئاوایی لێ بکات، بەڵام کلیندەر گوتی: مەڕۆ چونکە تا ئێستا زۆر کەس دەڵێن لەشکر بەهۆی تۆ لێرە ناڕۆن.

زینۆفۆن وەڵامی دایەوە: خەتای من نیە، خەتای سەربازەکانە کە لەوها دەستکورت ماون. کلیندەر گوتی: هەرچی بێت، ئامۆژگاریت دەکەم ئەوها مەڕۆ. لەشار دەرچە وەك بڵێی بۆ لای لەشکرەکە دەچیت ئینجا لە دەرەوەی شار بەجێیان بهێڵە. زینۆفۆن گوتی: زۆر باشە، دەچینە لای ئەناکسیبیۆس، ئیشەکە ڕێك دەخەین.

چوون بۆ لای ئەناکسیبیۆس و قسەکەیان بۆ گێڕایەوە، گوتی دەبێ زینۆفۆن بەم جۆرە بکات و دەبێ لەشکر لەشار دەرچێت، ئاماژەشی کرد کە ئەوکەسەی لە بڕادەکە ئامادە نەبێ خۆی بەرپرس دەبێت. ئینجا جەنەراڵەکان لە دەروازەکە دەرچوون و سەربازەکان بەدوایان کەوتن تەنیا هەندێکیان نەبێت هێشتا لەنێو شار مابوون. ئیتیۆنیکۆس وەستابوو تا دەروازەکە لەدوایاندا قەپات بکات و دارەکان قایم بکات، لەم کاتەدا ئەناکسیبیۆس جەنەراڵەکانی بانگ کردەوە و گوتی: دەتوانن پێداویستیەکانتان لە گوندی تراکی پەیدا بکەن، گەنم و جۆ و خۆراکی دیکە لەوێ زۆرە. دواتر بەرەو خەرسۆنیز بڕۆن، سنیسکۆس لەوێ پارەکەتان دەداتێ.

رەنگە هەندێك سەرباز قسەکەیان بیستبێت، یان دەبینی یەك لە کاپتنەکان باسی کردبێت. هەرچۆنێك بێت جەنەراڵەکان لەنێو خۆیاندا باسیان دەکرد ئایا سیوتیس دۆستە یان دوژمنە؟ و ئایا دەبێ بەسەر چیای پیرۆزدا ئاوابن یاخۆ دەبێ پێچێك بەنێو تراکیادا بکەن؟ لەمیانی ئەم قسانەدا سەربازەکان تاویان دابووە چەك و بەرەو دەروازەکە غاریان دەدا. کە پیاوەکانی ئەتیۆنیکۆس ئەوەیان دیت، دەروازەکەیان قەپات کرد و تەختە دارەکانیان پێوە قایم کرد. سەربازەکان دەروازەکەیان دەکوتا و دەیانگوت کە بێئەندازە غەدریان لێ کراوە و بۆ وڵاتی دوژمن دەرکراون. هەڕەشەیان دەکرد ئەگەر دەروازەکە نەکەنەوە دەیشکێنن. هەندێکیان بۆ لای دەریا چوون و هەندێکیان لەگەڵ رۆخی ئاوەکە بەسەر شوورەکاندا پەڕینەوە و لەوانەی کە هێشتا لەنێو دەروازەکە مابوون، کە ئەمەیان دیت دەروازەکەیان کردەوە، ئیتر سەرباز بەغار هاتنەوە ژوور.

کە زینۆفۆن ئەمەی دیت، ترسا سەربازەکان دەست بە تالانکاری بکەن و ئیشی خۆی و ئەوانیش تێك بچێت، هەستا خۆی رەگەڵ سەربازەکان دا بۆ نێو دەروازەکە. کە خەڵکەکە دیتیان وا سەرباز خۆ لە شار دەپەستن، بازاریان چۆڵ کرد، هەندێك بۆ نێو ماڵان و هەندێك بەلای دەریادا. ئینجا ئەوانی نێو ماڵەکان لەوێ دەرپەڕین بۆ کۆڵانەکان و هەندێکیان سواری بەلەم بوون بۆ نێو دەریا. ئومێدیان لە خۆ نەمابوو وەك بڵێی دوژمنێك شاری داگیرکردووە. ئەتیۆنیکۆس هەڵاتە بۆ نێو قەڵاتەکە و ئەناکسیبیۆس بە بەلەمێکی راوەماسی بۆ لای قەڵاتەکە

ەورایەوە، ئینجا یەکسەر ناردی بەدوا هێزی خەلکیدۆنی، وەك بلێی باوەڕی نەدەکرد لەو ەلاتەدا خۆی بەرانبەر یۆنانیەکان رابگرێت.

کە سەرباز زینۆفۆنیان دیت یەکسەر بۆی هاتن و گوتیان: ئێستا رۆژی خۆتە کە ببیتە پیاوێکی مەزن، ئێستا شارێکت هەیە، کەشتیت هەیە، ئێمەت هەیە وەکو لەشکرێك، ئێستا دەتوانی ئەو ەاکەمان لەگەڵدا بکەیت و بتکەین بە پیاوێکی مەزن.

زینۆفۆن گوتی: قسەکەتان راستە، ئەگەر ئەمەیە مەبەستتان وەرن ریز بن. ئەم قسەی کرد بەمەستی ئەوەی کە ساردیان بکاتەوە. دەستیان پێکرد بە تاقم ریز بن و هەر زوو هۆپلیت خۆیان کردە هەشت ریز، پەلتاستیش بەدەوریاندا دوو باڵیان پێك هێنا. شوێنەکە پێی دەگوترا (مەیدانی تراکیەکان) بای لەوەبوو پاڕادێکی سەربازیی تێدا بکرێت چونکە خانووی لێ نەبوو، زەویەکەش تەخت کرابوو.

کە پیاوەکان چەکیان شۆڕ کردەوە و هەندێك سارد بوونەوە، زینۆفۆن ئەم قسانەی کرد: سەربازینە، سەیرم پێ نایەت کە ئەوها تورەن و هەست دەکەن فێڵ و نەفرەتتان لێ کراوە. بەڵام ئەگەر رێگا بە هەستەکانمان بدەین و وا بکەین ئەم سپارتیانە نرخی فێڵەکانیان بژێرین و شارەکەش داگیر بکەین، کەواتە دەبێ بیرێك لە ئایندەش بکەینەوە. ئێمە دەکەوینە جەنگ، جەنگێکی جاڕدراو دژی سپارتا و هاوپەیمانەکانی، جا بەگوێرەی کە دیتوومانە و هێشتا لەبیرمان ماوە، دەزانین چ جۆرە جەنگێك دەبێت. ئێمەی ئەتینی کە لەکاتی خۆیدا دژی سپارتا و هاوپەیمانەکانیان جەنگاین، لە دەریا و بەندەرەکندا ٣٠٠ کەشتمان هەبوو. لە ئەکرۆپۆلیس وشکە پارەیەکی بێئەندازەمان هەبوو سەرباری داهاتێکی ساڵانە لە باجی ناوەخۆ و باجی دەرەکی کە بەلانی کەم دەگەیشتە ١٠٠٠ تاڵەنت. ئاغای هەموو دەروازە و دەربەندەکان بووین و چەندەها شار لە ئاسیا و ئەورووپا لەبەر دەستمان بوون، واش هەر تووشی ئەم چارەنوسە بووین کە دەیزانن. ئێستا سپارتا نەك هەر هاوپەیمانەکانی خۆی هەیە بەلکو ئەتینا و هاوپەیمانەکانیشی رەگەڵیان کەوتوون، کەواتە چ ئومێدێك دەکەن؟ ئیستا تیزافەرنە و هەموو خەڵکە ناوچەییەکانی سەر دەریا بوولەتە دوژمن، لەهەموو کەسێکیش دوژمنتر شای فارسە کە ویستمان بیکوژین. ئیتر کە ئەو هەموو شتە لەئارادا بێت ئایا کەس هەیە ئومێدی سەرکەوتنی هەبێت؟ تو ئاسمان با

هەڵنەچین و با لە جەنگدا نەمرین کە لە دژی شار و خزم و کەسی خۆمان وەستابین چونکە ئەوسا مافێکی تەواویان دەبێت دژایەتیمان بکەن، چونکە ئێمە بەوهەموو شارانەدا هاتووین کە بێگانەن، واش هەوڵمان نەداوە یەکیان کۆنترۆڵ بکەین، کەچی وا لە یەکەم شاری یۆنانیدا خەریکە تالآنکاری بکەین. دەبا بمرم و ۱۰۰۰۰ فاتۆم بەژێر زەویدا بچمە خوارێ پێش ئەوەی شتێکی ئەوها لەدەست ئێوە دەرچێت.

لەبەر ئەوەی کە ئێوەی یۆنانین، دەبێ بتوانن مافی خۆتان لە ڕێگای پابەندبوونە بستێنن. دەبێ نامەیەك بۆ ئەناکسیبیۆس بنێرین بڵێین ئێمە نیازی دەستوەشاندمان نەبوو کە چووینە نێو شارەکە و دەمانەوێ یارمەتیمان بدەیت، خۆ ئەگەر هیچ قازانجیش نەکەین ئەوسا هەر ئەبێ بەفەرمانی ئۆ لە شارەکە دەردەچین نەك ئەوها وەکو تەفرەدراوێکی گێژ.

پێشنیازەکە پەسند کرا و نامەیەك بەدەست هیرۆنیمۆسی ئەلیس لەگەڵ یوریلۆخۆسی ئەرکادی و فیلەسیۆسی ئاخەیی ناردرا، بەلاَم کە سەربازەکان هێشتا دانیشتبوون پیاوێکی تیبی بەناوی کواراتیداس هاتە لایان. ئەم پیاوە ئاوەرە نەبوو بەلاَم بۆ ئیش دەگەڕا کە شارێك یان خەلکێك پێویستیان بە جەنەراڵێك هەبێت. هاتە پێش و گوتی ئامادەیە لەشکرەکە بباتە ناوچەیەك بەناوی (دەلتا) لەوێ تالاَن و خواردن و خواردنەوە بەدەڵێ خۆیان دەبێت. لەمیانی ئەو قسانەشدا وەلاَمی ئەناکسیبیۆس هاتەوە گوتبوی لەگەر بەقسەی بکەن پەشێمان نابنەوە. وا ڕاپۆرتێکیش دەنێرێت بۆ حوکمەتەکەی خۆی دەربارەی ئەم حاڵە و دەیەوێ بەگوێرەی توانا خزمەتیان بکات.

پاش ئەمە، سەربازەکان کواراتیداس دەکەن جەنەراڵ و لە شار دەردەچن. کواراتیداس ئەوهای ڕێك خست کە سبەینێ بە شەراب و بە ئاژەڵی قوربانی و بە فالگرەوە بێتەوە لای لەشکر. هەر کە لەشکر دەرچوون، ئەناکسیبیۆس بەیانێکی دەرکرد کە هەر سەربازێك لەنێو شار بگیرێت دەکرێتە یەخسیر و دەیفرۆشن. ڕۆژی دووەم کۆیراتیداس لەگەڵ فالگرێك وهەندێك ئاژەڵی قوربانی هاتەوە. تاقمەکەی بریتی بوون لە ۲۰ پیاو، چێشتی جۆیان پێبوو، ۲۰ پیاویش شەرابیان هەلگرتبوو، سێ پیاویش زەیتونیان هێنابوو، یەکیان بارێکی یەکجار گەورەی

هەڵگرتبوو لە سیر، یەکی تر هەمان بار پیوازی هێنابوو. کواراتیداس چێشتێکی بەم شتانە لێنا و بەشیەوە، ئینجا رێورِسمی قوربانیی گێرا.

زینۆفۆن داوای لە کلیندەر کرد رێگای بدات کە بچێتە نێو شار لەوێ ببینێت بۆ ئەوەی کەشتی بۆ پەیدا بکات و لە [illegible] بروات. [illegible] ندەر هات گوتی: لەوەتام، پاش رەنج و سەرئێشەیە [illegible] بیۆس بەباشی نازانێت کە تۆ لێرە بی و سەربازەکان دەرەوەی شار بن. ئێستا بیزەنتیەکانیش بوونەتە چەند تاقمێکی دژبە یەکتر. بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ئامادەی دەتوانی لەگەڵیان برۆیت.

لەو کاتەدا کواراتیداس نیشانەی باشی لە قوربانیەکان وەرنەدەگرت و خۆراکیشی نەدەبەشیەوە. رۆژی دواتر گای قوربانیەکەی بە گاسنەوە خستە سەر شوێنی سەربرین بەڵام کلینۆری تۆرخۆمینۆس و تیماسیۆنی داردانی هاتن و پێیان گوت کە قوربانیەکە رابگرێت چونکە بریاریان داوە ئەگەر خۆراك بۆ لەشکر دابین نەکات ناهێڵن رابەرایەتی بکات. ئەوجا فەرمانی دا خواردن ببەشنەوە بەڵام ئەوەی کە هەیبوو لە بەشی رۆژانەی ساربازێکی ئاسایی زۆر کەمتر بوو. ئیتر وازی هێنا و بەخۆ بە ئاژەڵ و پیاوەکانیەوە رۆیشت[1].

---

[1] شەڕ و تالان، سەربازی بە پارە، جەنەراڵی بە پارە، ئەوەبوو حاڵی یۆنان پاش ٢٧ جەنگی ناوەخۆ. داخۆ ئەوانیش کە خیانەتیان لە یەکتر دەکرد دەیانگوت (سەنگەری خەباتی گوێستۆتەوە؟!!) ئەم قسە پووچە لە شەڕی ناوەخۆی کوردستان زۆر باو بوو؟

چاپتەر -٢-
گفتوگۆ لەگەڵ سیووتیس

نیۆنی ئاسین و فیرنیسکۆسی ئاخەیی و تیماسیۆنی داردانی و فیلاسیۆس لەسەر لەشکرەکە مانەوە. پێشڕەوییان کرد بۆ لادێیەکی تراکی لە دەورووبەری بیزەنتیۆم، لەوێ ئۆردوگایان دا. کلینۆر و فرینیسکۆس دەویانویست بۆ لای سیووتیس Seuthes[1] بچن. سیوول، هەردووکیانی راکێشابوو بەهۆی پێشکەشکردنی دیاری، یەکیان ژنێك و یەکیان لەسەر... پێشکەش کردبوون. نیۆن دەیویست بچەن بۆ ناوچەی خەرسۆنیز. بیری دەکردەوە لەگەر لە... دەسەلاتی سپارتا بن ڕەنگە ئەوسا بکرێتە سەرلەشکر، کەچی نیۆن باوەڕی وابوو دەبێ دیسان ... دەربەندەکان بپەڕنەوە بۆ ئاسیا، ئومێدی دەکرد شارەکەی خۆی بەهانای بێت. سەربازەکان پشتی ئەم پلانەیان دەگرت بەلام لە هەمان کاتدا دەستیان پێکرد لەخۆڕا چەکەکانیان بفرۆشن ...

---

[1] کەسایەتیی ئەم سیووتیسە مایەی سەرنج دەبێت لەم چیرۆکەدا. سیووتیس کوڕە ئاغایەکی عەشایەری ئەو ناوچە بووە و ئەگەر بەراوردی لەنێوان سویتیس و زینۆفۆندا بکەین، دەتوانین خەریتەیەکی کۆمەلایەتی ئاسان دابنێین بۆ ئاستی ئینتیما. عەشایەرێکی وەك س-یووتیس تەنیا خزم و عەشیرەتی خۆی دەناسێت و لە ر قی عەشایەرەکانی دیکە (کە ئەوانیش تراکین و لە هەمان نەتەوەن) ئامادەیە پەنا بۆ بێگانە ببات (بۆ یۆنانیەکان). ئینجا هەنگاوێك لەمە بەرزتر یۆنانیەکان بوون کەوا دڵنیان بە خزمایەتی و عەشیرەتگەری نەدەدا، بەلام تا سەر نوقمی شارپەرستی بوون و ئامادەبوون پشتی بێگانەیەك بگرن (تراکی، فارس، هەرکەسێك) دژی خەڵکی شارەکانی دیکەی یۆنان. لە هەموویان بەرزتر فارس بوون (تەنیا فارس نەك میدی چونکە میدی وازیان لە دەماری عەشایەری نەهێنا و پێش نەکەوتن) کەچی فارس ئینتیمایان لە ئاستێکی نەتەوەیدا بوو، واتە ئاوڕیان لە خزم و لە عەشیرەت و لە شار و ناوچەش نەدەدایەوە، تەنیا نەتەوە و بەس. شایانی گوتنیشە لە بەرانبەر فارسدا تەنیا ڕۆم ئەو جۆرە ئینتیمایەیان بووژاندەوە و بوون بە زلهێز. بۆیە، پاش چەند سەدەیەك تێکڕای ئەو وڵاتانە لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا بەش کران، فارس و ڕۆم.

هەندێکیان بەنێو شارەکاندا بلاو بوونەوە. ئەناکسیبیۆس هەواڵی هەڵەوشانەوەی لەشکری بەدڵ بوو، وای دەزانی بەمە فەرناباز رازی دەکات[1].

ئەریستاخۆس هاتبوو جێی کلیندەر لە بیزەنتە بگرێتەوە، ئیتر ئەناکسیبیۆس لە بیزەنتە بەرێ کەوت و لە کیزیکۆس یەکتریان گرتەوە. قسەش هەبوو کەوا پۆلۆس هاتبوو جێی ئەدمیراڵ ئەناکسیبیۆس بگرێتەوە وگەیشتبوە هیلەسپۆنت. ئەناکسیبیۆس بە ئەریستاخۆسی گوت سەربازەکانی کۆرووش، کە لە بیزەنتە بەجێمابوون، بۆخۆی بە یەخسیر بفرۆشێت. کلیندەر کەسی نەفرۆشتبوو بەڵکو بەزەیی پێیاندا هاتبۆوە و بە خەڵکەکەی گوتبوو لە خانووی تایبەت دایانمەزرێنن، کەچی کە ئەریستاخۆس دەگاتە بزەنتە یەکسەر ٤٠٠ لەو سەربازانە بە یەخسیر دەفرۆشێت.

ئەناکسیبیۆس تا پاریۆن بەدرێژایی لێوارەکە رۆیشت، لەوێرا نامەیەکی بۆ فەرناباز نارد. کەچی فەرناباز کەزانی ئەناکسیبیۆس بە ئەدمیراڵ نەماوە، گوێی نەدایێ و دەستی پێکرد هەمان گفتوگۆی پێشو لەگەڵ ئەدمیراڵە تازەکە بکات دەربارەی لەشکرەکەی کۆرووش.

پاش ئەمە، ئەناکسیبیۆس یەکسەر بەدوا زینۆفۆنی دا نارد کە خێرا خۆ بگەیێنێتە لەشکر و کۆیان بکاتەوە. پێی گوت بەزووترین کات بچن بۆ پەرینتۆس و بپەڕنەوە بەری ئاسیا. بە پیاوێکدا کەشتیەکی ٣٠ ریزی بۆ نارد لەگەڵ نامەیەکی پێشکەشکاری کە بەخەڵکی پەرینتۆس بڵێت خزمەتی لەشکرەکە بکەن. زینۆفۆن گەڕایەوە لای لەشکر و پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا و بەم هەواڵە گەشانەوە، لەهەمان کات کە سیووتیس بەمەی زانی، میدۆسادیسی بۆ نارد بەبەڵێنی گەورەوە لێی بپاڕێتەوە کە بێتە لای. بەڵام زینۆفن وەڵامی دایەوە کە ئیشەکەی وی رێی ناچێتێ، ئیتر سیووتیس وازی هێنا. کە یۆنانیەکان گەیشتنە پەرینتۆس، لیۆن و ٨٠٠ کەس خۆیان لە ئۆردوگایەکی دیکەدا جودا کردەوە، بەشی گەورە لەنێو دیوارەکانی پەرینتۆس مانەوە.

زینۆفۆن خۆی بە پەیداکردنی کەشتیەوە خەریك کرد، لەهەمان کاتیشدا ئەریستاخۆس، حوکمڕانە نوێکەی بیزەنتیۆم، بە دوو کەشتی گەیشتە وێ. ئێستا لایەنی فەرنابازی گرتبوو،

---

[1] مێژوو ئەوەی تۆمار کردووە کە ئەو فەرماندە سپارتیانە هەموو ئەو مڵك و شارانەیان بە فارس فرۆشتەوە (بیزەنتیۆم — واتە ئەستەنبۆڵ- و دەربەندەکانی بسفۆڕ و دەردەنیل و هتد).

ڕێگای بە ناڤخودانەکان نەدا لەشکرەکە بپەڕێننەوە و چوو بۆ لەشکر گوتی کە نەپەڕنەوە. زینۆفۆن پێی گوت ئەمە بەفەرمانی ئەناکسیبیۆس دەکرێت، بەلام ئەریستاخۆس گوتی: ئەناکسیبیۆس ئێستا بە ئەدمیراڵ نەماوە. ئێستا من حوکمڕانم و هەرکەس سواری کەشتی بێت کەشتیەکە نوقم دەکەم. ئینجا گەڕایەوە بۆ شار.

ڕۆژی دواتر بەدوا جەنەراڵ و کاپتنەکانیدا نارد، بەلام پێش ئەوی بگەنە دەروازەکە، یەکێك بە زینۆفۆنی ڕاگەیاند کە ئەگەر بچەنە ژورێ یان یەکسەر دەکوژرێن و یان ئەوەتا دەستبەسەر دەکرێن و دەدرێنە دەست فەرناباز. کە زینۆفۆن ئەم قسەی بیست خۆی دوا خست و ئەوانی دیکەی ناردە ژورێ بەبیانگەی کەوا قوربانی دەکا تا بزانێ ئایا بچێتە لای سیووتیس یا نا؟ ئەمەی کرد چونکە دیتی ڕێگای پەڕینەوە نیە، هەروەها نایەوێ بچێتە خەرسۆنیز و لەوێ گیر بخوات.

کاپتنەکان هاتنەوە و گوتیان ئەریستاخۆس داوای کردووە ئێستا بچنەوە و سبەینێ بێنەوە لای. ئەم قسە گومانی خیانەتەکەی سەلماند، نیشانە ئاسمانیەکانیش باش دەرچوون، ئیتر زینۆفۆن و کاپتن پۆلیمراتیسی ئەتینی و ئەو پیاوانەی کە جێباوەڕ بوون ئەوانەی برد تەنیا نیۆن نەبێت کە ئۆردوگاکەی لەدووری ٦ فەرسەخ دانابوو. کە لەوێ نزیك بوونەوە دیتیان کۆمەڵێك ئاگر هەڵکراون بەبێ ئەوی کەسی لێ بێت. کە نزیکتر کەوتنەوە پاسەوانەکانی سیووتیس دەنگیان دان، تێ گەیشتن کە ئەمە فێڵێکی سیووتیس بوە، ئاگری هەڵکردووە دوور لە ئۆردوگای خۆی تا ئەگەر دوژمنێك بێت ئەوسا بچێتە لای ئاگرەکان و ئاشکرا بێت.

تەرجومانەکەی بۆ لای سیووتیس نارد پێی بلێت کەوا زینۆفۆن هاتووە. تراکییەکان پرسیان ئایا ئەمە زینۆفۆنی ئەتینیە؟ تەرجومانەکە وەلامی دایەوە کە خۆیەتی. پاسەوانەکان خۆیان هەڵدا سەر پشتی ولاغەکانیان و بە غار ڕۆیشتن، پاش ماوەیەك ۲۰۰ پەلتاست پەیدا بوون و بردیانن بۆ لای سیووتیس.

سیووتیس بە کۆمەڵێك پاسەوانەوە لە قەلاتێکدا بوو، ولاغی زینکراوی لەنێو قەلاتەکە ڕاگرتبوو چونکە لەترسان فێر ببوو بە ڕۆژ ولاغەکانی دەحەساندەوە و بەشەو زینی دەکردن چونکە دەڵێن تیریس Teres، باپیرە گەورەی سیووتیس، لە جەنگی دژبە تینیەکان Thynis شکستێکی گەورەی خواردبوو. تینی لە شەڕی شەوەکیدا ترسناکترین هێزی ناوچەکەن.

کە لە قەڵاتەکە نزیك بوونەوە، سیووتیس گوتی با زینۆفۆن دوو کەس بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێت و تەنیا ئەوانە بێنە ژوور. ئەوانە چوونە ژوور و بەگوێرەی نەریتی تراکی سلاویان کرد و شەرابیان بە قۆچی گا خواردەوە. میدۆسادیس دەستەڕاستی سیووتیس بوو لە هەموو شوێنێك بەنوێنەری دەزانرا. ئینجا زینۆفۆن قسەی کرد: سیووتیس، تۆ یەکم جار میدۆسادیست نارده لای من لە خەلکیدۆنیا، داوات کرد لەشکرەکە بێنم و گوتبووت کە ئامادەی چاکەی ئەم شتەم بدەیتەوە. ئایا قسەکەی میدۆسادیس ڕاستە؟

میدۆسادیس قسەکەی تاکید کرد. زینۆفۆن بەردەوام بوو: دواتر لە پاریۆن، میدۆسادیس دیسان هاتەوە لام و گوتی ئەگەر لەشکرەکە بێنم ئەوسا بەچەشنی برا و برادەرێك وەردەگیرێین. هەروەها شارۆچکەکانی سەر لێوارەکە کە هی خۆتن، بەدیاری پێشکەشیان دەکەیت.

دیسان ڕووی لە میدۆسادیس کرد کە بزانێ قسەکە ڕاستە. میدۆسادیس گوتی ڕاستە. زینۆفۆن گوتی: کەواتە ئێستا بە سیووتیس بڵێ لە خەلکیدۆنیا چ وەڵامێکم دایەوە.

میدۆسادیس گوتی: تۆ گوتت لەشکر دەچێتە بیزەنتیۆم، ئیتر پێویست ناکا پارە بداتە کەس. هەروەها گوتت کە تۆ لەشکرەکە بەجێ دەهێلیت و ئەمانەی باست کردن هەموو ڕاست بوون.

زینۆفۆن پرسی: ئەدی کە هاتی بۆ سەلیمبریا Selymbria، لەوێ چم گوت؟ گوتی: گوتت ئەمە ناکرێ چونکە لەشکر دەچێت بۆ پەرینتۆس، لینجا بۆ ئاسیا.

زینۆفۆن گوتی: دە ئێستا ئەوەتام و ئەوەتا فرینیکۆس کە یەکێکە لە جەنەراڵەکان و ئەوەتا پۆلیکراتیس کە کاپتنە. لە دەرێشدا پیاوەکانمان هێناوە تەنیا نیۆنی سپارتی نەبێت. جا ئەگەر دەتەوێ گفتوگۆمانمان ڕێکتر بێت با ئەوانیش بانگ بکەین. پۆلیکراتیس، بڕۆ پێیان بڵێ با بەبێ چەك بێنە ژوور، تۆش شمشێرەکەت مەهێنە.

کە ئەمەی بیست، سیووتیس گوتی کە ئەو گومانی لە هیچ لەتینیەك نەکردووە و باوەڕی وابوو کە خزمایەتی لەگەڵیان هەیە و بە برادەری ڕاستەقینەیان دەزانێت. پاش ئەوی پیاوەکان هاتن، زینۆفۆن لێی پرسی، لەشکرەکەی بۆ چیە؟

سیووتیس ئەم گوتارەی دا: مێسادیس باوکم بوو حوکمی لەسەر ئینای و مێلاندیتای و ترانیپسای دەکرد. باوکم، ئۆدریسای، لە حوکمدا بەتوانا نەبوو، لە وڵاتی خۆی دەرکرا و

نەخۆش کەوت و مرد، من بە هەتیمی لە سەرای میدۆکۆس، پاشای ئێستا، پەروەردە کرام بەلام هەر کە گەورە بووم هیچی تر پێم نەکرا نانخۆری خوانەی پیاوێکی دیکە بم. لێی پارامەوە چەك و پیاوم بداتێ بۆ ئەوەی زەبر لەوانە بوەشێنم کە دەریان کردووین و تاکو لە ئایندا سەربەخۆ بژیم، نەك ـئەوها بارگرانیی لەسەردا بکەم. بەم پێیە، تا پێی کرا ولاغ و پیاو دامێ. سبەینێ ئەم پیاوانە دەبینن، ئیتر ئێستا وا لەگەڵ ئەوانە دەژیم و ملکی خۆم بە فیڕۆ دەدەم. جا ئەگەر ئێوەش رەگەل من کەوتبان ئەوسا بەهیوای ئاسمان دەمتوانی بە ئاسانی دەسەلاتی خۆم وەر بگرمەوە. ئێوەم بۆ ئەم مەبەستەیە.

زینۆفۆن گوتی: ئەگەر رەگەڵت کەوتین چ شتێك دەدەیتە لەشکر و چ دەدەیتە جەنراڵ و کاپتنەکان؟ پێمان بڵێ تا ئەم پیاوانە بە لەشکرەکەی رابگەیێنن.

سیووتیس بەڵێنی دا کە مانگانە یەك ستاتەری سیزیکۆس بداتە هەر یەك لە سەربازەکان، دوو هەندەش بۆ کاپتنەکان و چوار هەندە بۆ جەنەراڵەکان. هەروەها زەوی، چەندی دەیانەوێ وەریدەگرن، ئەمە سەرباری بەراز و گا، وێڕای قەلاتێکی کە لەسەر دەریایە.

زینۆفۆن پرسی: ئەگەر تێدا سەرکەوتوو نەبوین و کەوتینە ژێر مەترسیی سپارتیەکان، ئایا ئەوسا ئامادەیت ئاوارەکان بە پەناهەندە وەربگریت؟

گوتی: بەڵێ دەیکەم و دەتانکەمە برای و هاوخوانەی خۆم و بەشێکیش لە دەسکەوتەکانم پێشکەش دەکەم. بۆتۆش زینۆفۆن، کچەکەی خۆم دەدەم و ئەگەر تۆ کچت هەیە، بەگوێرەی نەریتی تراکی، لەتۆی دەکرم. هەروەها بیسانتی Bisanthe پێشکەش بەتۆ دەکەم وەکو جێیەك کە تێدا بژیت. ئەمە باشترین شارۆچەکەیە لە ملکی مندا لەسەر دەریا.

چاپتەر -٣-
هەڵمەتێك لەگەڵ سیووتیس

کە یۆنانیەکان ئەمانەیان بیست، تۆقەیان لەگەڵ تراکیەکان کرد وەك نیشانەیەك بۆ برادەرایەتی، ئینجا گەڕانەوە و پێش ڕۆژهەلات گەیشتنەوە و قسەکەیان بلاّو کردەوە. بەیانی دیسان ئەریستاخۆس بەدوا جەنەراڵەکانی دا نارد بەلاّم گوێیان نەدایێ و بڕیاریان دا کۆبوونەوەیەك بە لەشکر بکەن. هەموو تاقمەکان ئامادە بوون تەنیا تاقمی نیۆن نەبێت کە لە نۆردوگایەکی جودا بوون. زینۆفۆن هەستایەوە و ئەم قسانەی کرد: ئەریساخۆس و کەشتیەکانی ڕێگای پەڕینەوەیان لە ئێمە گرتووە بۆیە لە خۆمان ڕانابینین بپەڕینەوە. ئەریساخۆس هەمان کەسە کەوا ئێستا پێمان دەڵێت با ڕێگای خۆمان بە تۆبزی بەسەر چیای پیرۆزدا بکەینەوە بەرەو خەۆرسۆنیز. دەڵیێ ئەگەر وا بکەین ئەوسا هیچی تر بە یەخسیر نامانفرۆشێت و هیچی تر ئەو فێڵەمان لیێ ناکات کە لە بیزەنتیۆم کردی، بەڵکو ئەوسا مووچە وەر دەگرین و ناهێلێت ئەوها بیێ خۆراك بمێنین. ئەمە قسەی ئەریستاخۆسە، لەلایەکی دیکەوە سیووتیس دەڵیێ ئەگەر ڕەگەڵ وی بکەوین قازانج دەکەین. جا ئێستاش دەبیێ بزانن ئایا لێرە دەمێنن یان بۆ کۆکردنەوەی خۆراك دەر دەچن؟ بۆچونی خۆم ئەوەیە کەوا چونکە بەبیێ پارە شتمان نادەنیێ، و پارەشمان نیە، کەواتە دەبیێ بچینە لایەك کە خەڵکێکی بیێ توانای تێدا بێت کە بتوانین شتیان لیێ بستێنین، تەنیا ئەوسا دەتوانین گویێ لە ئەفسەرەکان بگرین و ئەوسا ڕێگایەك هەڵبژێرین کە بەباشتری دەزانین. ئەو کەسەی بەمە ڕازیە با دەست بلند بکات.

هەموو دەستیان بلند کرد و زینۆفۆن بەردەوام بوو: شمەکتان تێك بنێن، کە فەرمانی ڕۆیشتن دەرا بەدوا ئەفسەرەکانی خۆتان بکەون.

زینۆفۆن پێش کەوت و ئەوانی دیکە بەدوای دا، نیۆن و هەندێك کەس کە ئەریستاخۆس ناردبوونی ویستیان پەشیمانیان بکەنەوە بەلاّم کەس گوێی نەدایێ. پاش سیێ فەرسەخ ڕێپێوان سیووتیس هاتە لایان، کە زینۆفۆن دیتی، بانگی کرد کە بێتە نێویان تا قسەیەك بەلای چاکەی

گشتیدا بکات و خەڵکەکە گوێیان لێ بێت. کە هات، زینۆفۆن ئەم قسانەی کرد: ئێستا بەرەو جێگایەك دەڕۆین کە خۆراکی لێ دەست بکەوێت. ئەوسا دەتوانی قسەی خۆت بەکەی تا بزانین پێشنیازی تۆ باشترە یان پێشنیازی سپارتیەکان. ئێمە ئەمەش ڕەچاو دەکەین کەوا تۆ یارمەتیمان دەدەیت کە خۆراك پەیدا بکەین.

سیوورتیس گوتی: زۆر باشە، هەندێك گوند شارەزام کە جۆرەها خۆراکیان لێ دەست دەکەوێت. هەندەش نزیکە دەتوانن بە ماوەی یەك فەرسەخ بیگەنێ.

زینۆفۆن گوتی: کەواتە پێشمان بکەوە.

پاش نیوەڕۆ گەیشتنە گوندەکان، سەربازەکان کۆبوونەوە و سیوتس قسەی کرد: سەربازینە، من دەمەوێ ئیش بۆ من بکەن. ئامادەم مانگانە یەك سیزیکین Cyzicene بدەمە هەموو سەربازێك ویڕای مووچەی جەنەراڵ و کاپتنەکان. ئەوانەی کەشایستەن پاداشت دەکرێن، خوراردن و خواردنەوەتان وەکو ئێستا لەم لادێیە دەست دەکەوێت بەلام دەسکەوت و تالآنەکان بۆ من دەبن تا خەزنیان بکەم و بتوانم مووچەتان دابین بکەم. ئەگەر دوژمنتان شکاند ئەوسا دەتوانن ڕاویان بنێن، و لەگەر خۆیان ڕاگرت ئەوسا بەیارمەتی ئێوە بەسیەریاندا زاڵ بین.

زینۆفۆن گوتی: تا چ مەودایەك لە دەریا دورمان دەکەیتەوە؟

وەلامی دایەوە: هەرگیز لە هەفت رۆژەڕێ پتر نابێت، ئەگەر کەمتر نەبێت.

پاش ئەوە رێگا درا قسە بکرێت، هەندێك کەس قسەیان کرد کە هەمور بەلای ئیشەکەدا بورن و بە دەرفەتێکی زێدە باشیان زانی. ئاماژەشیان کرد کە ئێستا زستانە و تەنانەت ئەگەر بشخوازن هەر ناتاوانن بگەڕێنەوە و ناتوانن لە ولاتێکی دۆستانەدا بمێنن چونکە پارەیان نیە، جا ئەگەر هەر ناچار بن لە ولاتی دژواردا بژین، کەواتە باشتر ئەوەیە سیووتیسیان لەگەلدا بێت نەك بەتەنیا بن، سەرباری ئەمانەش مووچە وەربگرن! ئەمە بەختەوەرییەکی گەورەیە.

بەهۆی کەوا کەس لاری لێ نەکرد پێشنیازەکەی خستە دەنگدان و پەسند کرا. پاش ئەمە، کە لەشکر ئۆردوگای دانا، سیوستیس جەنراڵ و کاپتنەکانی داوەت کرد، کە خەریك بوون بچنە نێو بارەگای سیووتیس بۆ نانی ئێوارە پیاوێك لە خەلکی مارۆنیا Maronea ناوی هێراکلیدیس بور لەوێ قسەی لەگەڵ خەلکەکان دەکرد و سیووتیسی هەڵدەکێشا. کابرا چوو بۆ لای هەندێك خەلکی پاریۆن کە لەوێ وەستابوون، ئەوانە دەیانگوت با هاوپەیمانێتی لەگەڵ میدۆکۆس، پاشای ئدریسای، بکەن و دیارییان بۆ پاشا و ژنەکەی هێنابوو. هێراکلیدیس بەوانەی گوت کە پاشا ١٢ رۆژەڕێ لە دەریا دوورە، کەچی سیووتیس ئێستا لەشکرەکەی لەدەستدا گرتووە و وای لێ دێت ببێتە ئاغای هەموو ناوچەی سەردەریا. گوتی: ئەمە دەبێتە هاوسێتان و توانای چاکە و خراپەی لە هەموو کەسێك زۆرتر دەبێت. ئەگەر عەقلّتان هەبێت دیاریەکانتان بدەن بەو نەك بیدەنە میدۆکۆس، ئەوها قازانجتان زۆرتر دەبێت.

ئەوجار رووی کردە تیماسیۆنی داردانی، بیستبووی کەوا شووشەوات و رابەخی فارسی هەیە. پێی گوت: داب و نەریتی ئێرە وایە کە مێوان دیاری دەداتە خانەخوێ، جا ئەگەر سیووتیس ببێتە پیاوێکی مەزن ئەوسا دەتوانێ بتنێرێتەوە مالی خۆت، یان ئەوەتا کە تۆ بکاتە پیاوێکی دەولەمەند لێرە. هەمان شێوازی لەگەڵ هەموو مێوانەکان کرد، دەیویست شتێکی دەسکەوێت، بە زینۆفۆنیشی گوت: تۆ خەلکی مەزنترین شاری یۆنانی، ناویشت هەندی سیووتیس بەرزە، رەنگە بە شتێکی باشی بزانی کە قەلات و ملکێکت لێرە هەبێت وەکو کە هاوشاریەکانی خۆت دەیکەن، کەواتە لیشەکە هەندە دەهێنێت کە نرخی سیووتیس بزانی و

ستایشی بکەیت. من ئامۆژگاریت دەکەم چونکە برادەری تۆم، چەندە بۆ سیووتیس بکەیت دوو هەندە بۆ تۆ دەکاتەوە.

زینۆفۆن هەندێك شەرمی بەخۆ هات چونکە ئەوەی کە هەیبوو بریتی بوو لە یەك یەخسیر و هەندێك پارە بای خۆی. ئینجا چوونە سەر خوانەکە، تاقمەکە بریتی بوو لە هەندێك ئاغای تراکی، جەنراڵ و کاپتنەکان، ئینجا هەندێك باڵوێزی وڵاتەکان. بۆ نانخواردن بەشێوەی بازنەیەکی گەورە دانیشتن و تەبلەی سێ پێچکە بۆ هەر یەك لە میوانەکان دانرا. تەبلەکان پڕکرابوون لە کوتە گۆشت لەگەڵ نانی گەورە و تەنك کە لەپاڵ گۆشتەکە دانرابوون. تەبلەکان لە نزیك میوانەکان دادەنران، ئەمە بەشێك بوو لە نەریتیان. سیووتیس دەستی بە خواردن کرد، نانی بەردەستی خۆی لەت دەکرد و هەر جارە پارچەیەکی بۆ ئێرە و ئەوێ هەڵدەدا و هەمان شتی بە گۆشتەکە کرد تا وای لێ هات شتێکی کەم لەبەر دەمیدا مایەوە، هەر بای تام کردن[1]. ئەوانی دیکە کە تەبلەیان لەپێشدا بوو، لاسایان دەکردەوە. کەچی یەکی ئەرکادی، ناوی ئاریستاس بوو، زۆرخۆرێکی سەیر بوو، گوێی نەدەدایە ئەم نەریتە، گۆشتەکەی خستبوە سەر ئەژنۆی خۆی و پارچە نانەکانی وەردەگرت و هەر خەریکی خواردن بوو. لەم کاتەدا قۆچەگای پڕ لە شەرابیان گێڕا، کە شەرابگێڕەکە گەیشتە لای ئەریستاس، ئەریستا ئاماژەی بۆ زینۆفۆنی کرد و پێی گوت: بیدە بەو، ئەوە کاتی زۆرە دەنا من جارێ کاتی شەرابم نیە. سیووتیس گوێی لە قسەکە بوو، لە شەرابگێڕەکەی پرسی، دەڵێ چی؟ کە قسەکەی گێڕایەوە، بوو بە پێکەنینێکی گەورە.

کە شەراب دەگێڕدرا، یەکی تراکی هاتە ژوورێ ئەسپێکی سپی هێنابوو، قۆچەگایەکی پڕ کرد لە شەراب و گوتی: سیووتیس، بەخۆشیی تۆ دەخۆمەوە. وا ئەم دیاریەشم هێناوە. لەسەر پشتیدا دەتوانی دوژمنەکانت راو بنێیت و لەکشانەوەشدا ترسی ئەوەت نابێ کە دوژمن بەدوات بکەون. یەکی تر کوڕێکی هێنابوو، پاش ئەوەی بە خۆشیی ئەو خواردییەوە، پێشکەشی کرد. یەکی تر دیاریەکی بۆ ژنەکەی سیووتیس هێنابوو، تیماسیۆنیش کوپێکی زیوی پێشکەش کرد

---

[1] ئەم نەریتە عەشایەریانە زۆر بە نەریتی کوردەواری دەچن تەنیا ئەوەیە کە ئێمە هێشتا مێز و تەبڵەمان نیە و (کوردی هەرە رەسەن) هێشتا لەسەر زەوی نان دەخوات.

لەگەڵ یەك رایەخی فارسی کە نرخەکەی ١٠ مینا دەبوو. ئەتینییەك ناوی گنۆستیپۆس بوو هەستایەوە گوتی کەوا ئەم نەریتە کۆنە نەریتێکی جوانە کە دەبێ ئەوانەی شتێکیان هەیە وەك جۆرێك رێز لێ نان پێشکەشی پاشای بکەن و کە دەبێ ئەوانی هیچیان نیە پاشا شتێکیان بداتێ بۆ ئەوی رێزی خۆی دیار بخات و گوتی: منیش حەزم دەکرد شتێکم هەبایە تا رێزی خۆمی پێ دیار بکەم.

زینۆفۆن نەیدەزانی چ بکات، لەسەرووی دیوەخان لە تەنیشت سیووتیس لەسەر کورسی دانیشتبوو. هێراکلیدیسیش شەرابگێڕێکی بانگ کرد، بەلام کە دەستی پێکرد کەم کەمە بخواتەوە، بە باوەڕەوە هەستا سەر پێ و ئەم قسانەی کرد: سیووتیس، دیاریی من بریتیە لە خۆم و هاوڕێکانم کە ئێمە بکەیتە برادەری جێ باوەڕ، کەسیشیان لەوەدا دوودڵ نین کە برادەرایەتیی تۆ بکەن، لەوەتان لێرە بەبێ هیچ داخوازیەك تەنیا داخوازیی ئەمە نەبێت کە دەردەسەری لەتۆ دوور بخەین. پشت بە خواوەندەکان ئەستور ملك و میراتت دەست دەکەوێتەوە و هەندێکی تریشت دێتە دەست، ئەسپ و پیاو و ژنی جوانت دەست دەکەوێت بە ئاسانی.

سیووتیس هەستایەوە و پێکەوە شەرابەکەیان خواردەوە و تلْپی نێو قۆچەکانیان بەسەر جلی خۆیاندا رشت. پاش ئەمە هەندێك کەس هاتن سەمایان بە قۆچەکان کرد وەك ئەوە بوو کە لەکاتی شەڕدا ئیشارەت بۆ یەکتر دەکەن. هەندێکی دیکە زوڕنایان هێنا لە کەوڵە گای خاو دروست کرابوون، ئاوازێکیان دووبارە دەکردەوە بە ئاوازی ماگادیس Magades دەچوو. ئەوسا سیووتیس هەستایەوە و نەعرەتەی جەنگی بەرز کردەوە، هەندێك قەرەقۆزیش هاتن گاڵتە و سەمایان کرد.

لە گەڕانەوەدا سیووتیس هاتە دەرێ و جەنراڵەکانی هەر یەك بە جودا بانگ کرد گوتی: برادەران، هێشتا دوژمن بەم هاوپەیمانەتیەی نەزانیوە. ئەگەر زوو خۆ ساز بکەن لەوسا ئەسیر و تالانێکی باشمان دەبێت.

جەنەراڵەکان قسەکەیان پەسند کرد و گوتیان با پێشیان بکەوێت. گوتی: ئێوە ساز بن و چاوەڕێم بکەن، لەکاتی خۆیدا دێم. ئەوسا لەگەڵ ئێوە پەلتاستەکان پێشەواییتان دەکەم.

زینۆفۆن گوتی: ئەگەر نیازت هەیە بەشەو بەڕێ بکەوین، حەز دەکەم بەشێوازی یۆنانی بێت. بەرۆژ، ئەو بەشە لەشکرە پێش دەخەین لە سوارە و پەلتاست کە شارەزای وڵاتەکەن، بەڵام بەشەو ئێمە هۆپلیتەکان پێش دەخەین چونکە هێواشتر دەڕۆن. بەمجۆرە لەشکر لێك دانابڕێن، زۆر جار خەڵك لەبەر بێباکی زیانیان پێ گەیشتوە.

سیووتیس گوتی: باشە، شێوازەکەتان پێڕەو دەکەم. هەروەها ڕێناس لە پیاوە پیرەکان لەگەڵ ئێوە بلاو دەکەمەوە کە شارەزاییەکی زۆرباشیان هەیە. منیش لەگەڵ سوارەکان لە دواوە دەبم، لەکاتی پێویستیشدا دەتوانم بەزووترین کات بگەمەوە پێشێ.

وشەی ئەتین Athene بە ناوی نهێنی دانرا بەهۆی کۆنە پێوەندیەکی کۆنی بنەماڵکەی سیووتیس کە لەگەڵ ئەتینا هەبوە، ئینجا بلاوەیان لێ کرد تا هەندێك بحەسێنەوە.

نیوەی شەو سیووتیس و سوارەکانی پەیدا بوون، سینگیان بە زریێ داپۆشرابوو، پەلتاستەکانیش ساز ببوون. ئەمانەی کردە ڕێناس ئینجا هۆپلیتەکان پێشکەوتن، پەلتاستەکان لەدوایاندا، ئەوجار سوارەکان وەکو پاسەوانی پاشەڕ. بەری بەیانی، سیووتیس وڵاغەکەی بۆ پێشێ تاودا و ئەمەی دەربڕی کەوا ڕێپێوانی یۆنانیەکان زۆر باشترە چونکە جاران بەشەو بە ژمارە کەمێکیشەوە لێك دادەبڕان. بەڵام ئێستا وا ڕۆژ داهاتۆتەوە کەچی لەشکر هەر بە یەکپارچەیی ماوەتەوە. گوتیشی: ئێستا لێرە بوەستن، من پیاسەیەك دەکەم و دەگەڕێمەوە.

قسەکەی کرد و بەرەو چیاکان لێی خوڕی. کە گەیشتە هێڵی بەفر، بەدوا ئایا هیچ شوێنپێی گەڕا ئینجا هاتەوە و گوتی: برادەران، هەموو شتێك بەباشی ڕۆیشتوە. ئەگەر خواوەندەکان لەگەڵمان بن دەتوانین پێش ئەوی هەستمان پێ بکەن بەسەریاندا بدەین. ئێستا من و سوارەکان پێش دەکەوین تا ئەگەر تووشی کەسێك بوین، دەرفەتی لەدەین خەبەر بدات. ئێوە بەدوا شوێنی وڵاغەکانمان بکەون، کە لە چیاکە پەڕینەوە، کۆمەڵە گوندێکی تێر وتەسەل هەن.

نیوڕۆ گەیشتە سەر چیا. پاش تەماشاکردنێکی گوندەکان هاتەوە لای هۆپلیتەکان و گوتی: هێرش بە سوارەکان دەکەم، پەلتاستەکانیش دەنێرم بۆ دەشتاییەکە. ئێوەش تا پێتان دەکرێ زوو فریامان بکەون نەبادا بەرهەڵستیەکی وا هەبێت.

که ئەم رینماییانه به زینۆفۆن گەیشتن، لەسەر ئەسپەکەی دابەزی. سیووتیس لێی پرسی: بۆچی دابەزی؟ دەمانەوێ خێرا بگەینێ.

زینۆفۆن گوتی: چونکه لام مسۆگەره که منت بەتەنیا پێویست نیه. ئەگەر لەپێشیان برۆم، ئێستا دەبینی چۆن هۆپلیت خێراتر دەرۆن.

سیووتیس رۆیشت و تیماسیۆن به سوارەکانیەوه بەدوای کەوت. زینۆفۆنیش پیاوه هەره گورجەکانی تەمەن ٣٠ سالّی کۆکردەوه و لەگەلّیان بەخێرایی کەوته رێ. کلینۆر بەشەکەی دیکی لەشکرەکەی دەکێشا. که گەیشتنه گوندەکان، سیووتیس به ٣٠ سوارێکەوه بۆ لای زینۆفۆن ئەسپەکەی لێی خوری و گوتی: زینۆفۆن، چۆنت گوت ئەوها بوو. ئەم خەلّکانه گیراون بەلاّم سوارەکانم بلاّو بوونەتەوه و کۆنترۆلّ ناکرێن. دەترسم دوژم پەلاماریان بدەن. دەبێ هەندێکمان له گوندەکه بمێنین کەوا پرن لەخەلّك.

زینۆفۆن گوتی: کەواته خۆم و پیاوەکانم ئەو بەرزاییانه دەگرین. تۆ به کلینۆر بلّێ با هێلّەکانی بەسەر دەشتەکەدا درێژ بکاتەوه تاکو ئەو گوندانه داپۆشێت.

مانۆرەکەیان جێ بەجێ کرد و لەئەنجامدا ١٠٠٠ یەخسیر، ٢٠٠٠ گا و ١٠٠٠٠ ئاژەلّی جۆراوجۆر گیران.

چاپتەر -٤-
شەڕێك لەپاڵ سیووتیس

ڕۆژی دواتر سیووتیس گوندەکەی تەخت کرد و یەك خانووی بە ڤیتی نەهێشت تاکو گوندەکانی دیکە بزانن کە ئەگەر خۆ بەدەستەوە نەدەن چیان بەسەر دێت. ئینجا هێراکایدیسی لەگەڵ دەسکەوت و تالآنەکان ناردەوە بۆ پەرینتۆس بۆ ئەوەی بیانفرۆشێت و پارە بۆ لەشکر بێنێتەوە. خۆیشی لەگەڵ لەشکرەکە لەم دەشتە مایەوە، دەشتەکە ئی تیرینیەکان بوو بەلآم چۆڵیان کردبوو بەرەو گردەکان[1].

بەفرێکی زۆر کەوتبوو، هەندەش سەرمابوو کەوا ئەم شەراب و ئاوەی کە هێنابویان هەموو مەیین. هەندێك یۆنانیش لووت و گوێیان پەڕی، ئەوجار تێگەیشتن تراکییەکان بۆچی کەوڵە ڕێوی لە سەر و گوێان دەکەن و بۆچی پەستەکی درێژیان هەبوو بای هەموو بەژنیان و بۆچی لە سواربووندا باڵاپۆشی درێژیان لەبەر دەکرد هەموو قاچیانی دادەپۆشت، ئەوە باشتر بوو لەچاو ئەو پاڵتۆ کورتانەی ئێمە.

سیووتیس هەندێك ئەسیری بەرەڵلا کرد کە بە هەڵاتوەکان بڵێن ئەگەر نەگەڕێنەوە ئەوا گوندەکانی وانیش دەسوتێنێت و لەبرسان دەمرن. لەئەنجامدا ژن و منداڵ و پیرەکان گەڕانەوە، بەلآم گەنجەکان لە گوندەکەی بنار چیاکە دامەزران. سیووتیس داوای لە زینۆفۆن کرد سەربازە گەنجەکانی خۆی بێنێت و بەدوای بکەون، شەو بەڕێ کەوتن و بەیانی گەیشتنە گوندەکان، زۆربەیان هەڵاتن بەلآم ئەوانەی مانەوە سیووتیس هەمووی بە ڕمب کوشتن. زینۆفۆن پیاوێکی ئۆلینتی لەگەڵ بوو پێیان دەگوت ئەپیستینیس کە زۆر حەزی لە کوڕان دەکرد، لەم ڕووداوەدا کوڕێکی جوانکەڵەی دیت لە جوانترین تەمەندا بوو دەیانبرد بیکوژن. ئەپیستینیس لە زینۆفۆن پاڕایەوە کە شتێك بۆ ئەم کوڕە جوانە بکات، زینۆفۆن چووە لای سیووتیس و داوای لێ کرد

---

[1] شایانی گوتنە کە یەخسیرێکی ناوداری وەك سپارتاکۆز خەڵکی تراکیا بووە. نیتر بە ڕووداوی ئەوها دیار دەبێت کە چۆن خۆبەخۆیی عەشایەری وای لە خەڵکی ئەو وڵاتە کردووە یەکتر یەخسیر بکەن و بە دەوڵەتانی دیکە بفرۆشرێن.

کوڕەکە نەکوژن. باسی ئەپیستینیسی بۆ کرد چ جۆرە کەسێکە کەوا لە کاتی خۆیدا تاقمێك چەکداری بۆ خۆی پێك هێنابوو و بە مەردانە شەڕی پێ دەکردن، مەرجی سەرەکی ئەوەبوو کە لەشجوان و وەرزشکار بن، جا سیووتیس لێی پرسی: ئامادەی بۆ ئەم کوڕە خۆ بەکوشت بدەیت؟

ئەپسنیتیس ملی درێژ کرد و گوتی: لیمکوژن، ئەگەر کوڕەکە رازییە، بمکوژن. رەنگە دوایە بە چاکەی من بزانێتەوە.

سیووتیس لە کوڕەکەی پرسی کە ئایا ئەپیستینیس لەباتی خۆی بکوژێت؟ بەڵام کوڕەکە گوتی (نا) و پاڕایەوە کە کەس نەکوژن، لەوسا ئەپیستینیس باوەشی لە کوڕەکە دا و گوتی: سیووتیس، مەگەر بەشەڕ لێم بستێنی، من دەستی لێ هەڵ ناگرم.

سیووتیس پێکەنی و وازی هێنا. بڕیاری دا کامپێك لەوێ بکا بۆ ئەوەی هەڵاتوەکان نانیان دەست نەکەوێت. خۆی چووە خواری بۆ دەشتەکە، زینۆفۆنیش لەگەڵ پیاوە هەڵبژاردەکانی لەوێ مانەوە کە بەرزترین گوندی ناوچەکە بوو. یۆنانیەکانی دیکە لە گوندێك مانەوە کە پێیان دەگوت گوندی تراکیە کێویەکان.

پاش چەند رۆژێك تراکیەکان هاتنە خواری، دەپاڕانەوە بۆ داهێنانی ئاشتی و بۆ ئازادکردنی بارمتەکان. لەهەمان کات، زینۆفۆن چوە خواری بە سیووتیسی گوت کە حاڵیان لە گوندەکە ناخۆشە و دوژمن لەدەوریانن. گوتی شوێنی ئاواڵە بەباشتر دەزانێت لەچاو شوێنێکی قایم، بەڵام دابڕاو. چونکە دوور نیە چواردەوریان لێ بگرن. سیووتیس گوتی با پشوی خۆش بکات. هەندێك بارمتە و تراکیەکانی پێشان دا، ئەوانە دەستیان پێکرد لە زینۆفۆن بپاڕێنەوە. زینۆفۆن رازی بوو و داوای کرد خۆ بەدەستەوە بدەن بەمەرجی کە هیچیان لێ نەکرێت. بەڵام لەراستیدا ئەوان بۆ هەواڵگری هاتبوون.

شەو، تراکیەکان هاتنە خواری و هێرشێکیان کرد. هەر یەك لە خاوەن ماڵە داگیرکراوەکان ببوونە رێنما بۆ هەندێك چەکدار، بێگومان بەو تاریکییە رێگا بە ناشارەزایەك نادۆزرێتەوە چونکە خانوەکان پەرژینی بەرزیان لەدەوردا بوو بۆ راگرتنی مەڕ و مانگا. کە گەیشتنە بەر دەرگا، رمبیان هاویشت و کوتەکیان هەبوو بەکاریان دەهێنان، خەڵکی دیکە ئاگریان لە خانوەکان بەردا

و زینۆفۆنیان بەناوی خۆی بانگ کرد کە یان بێتە دەرێ تا بیکوژن و یان ئەوتا بە زیندویی بسووتێت. بانەکان ئاگریان گرتبوو، زینۆفۆن و وانیش بە شمشێر و خودە و قەڵغانەوە لە ژوورە بوون. سیلانۆس، کورێکی ١٨ ساڵان بوو خەڵکی ماکیستیا، لێرەدا شەیپووری ژەنی و یۆنانیەکان لە هەموو خانوەکان شمشێریان راکێشا و بەغار دەرچوون. تراکیەکان هەڵاتن و قەڵغانەکانیان لەسەر شان دانابوو بەدوا خۆیان رادەکێشان، هەندێکیان لە پەرژینەکە لەویدا گیریان خوارد و قەڵغانەکانیان لەسەر ئەو کەڵەکە بەردانە چەقین. هەندێکی دیکەش رێگایان هەڵ کرد و هەر لەوێدا کوژران. یۆنانیەکان بۆ دەرێ رایان ماڵین. بەڵام هەندێکیان گەرانەوە لە تاریکی وەستابوون شتیان لەو یۆنانیانە دەگرت کە لەبەر رۆناکایی ئاگرەکاندا وەستابوون. کاپتن هیەرۆنیمۆسی، ئایۆدی بوو، لەوێ بریندار بوو. هەروەها تیۆگرینیس، یەکی لاکرۆنی بوو، بریندار بوو بەڵام کەسیان نەکوژرا.

سیووتیس بە هەفت سوار و شەیپوورژەنێکی تراکیەوە فەریایان کەوت. کە ئەمەی دیتبوو فەرمانی دابوو بەدرێژایی رێگا شەیپوور بژەنن، ئەمەش دوژمنی ترساندبوو. کە گەیشتە جێ پیرۆزبایی لێ کردن و گوتی وای رادەدیت کە هەندێکیان لێ کوژرابێت.

ئینجا داوای لە زینۆفۆن کرد ئەسیرەکانی بداتێ و ئەگەر حەز دەکات با لەگەڵی بێت چونکە نیازی هەڵمەتێکی هەیە. سبەینێ سیووتیس ئەسیرەکانی دایێ، زۆربەیان پیرە مێرد بوون لە پیاوە هەرە گرینگەکانی ناوچەکە و لەگەڵ سیووتیس بۆ هەڵمەتەکە چوون. هێزەکەی سیووتیس سێ هەندی جاران گەورە ببوو چونکە هەندێك ئۆدریسایی رەگەڵی کەوتبوون، کاتێکیش کە تینییەکان ئەوهەموو سوارە و پەلتاست هۆپلیتانەیان لە دەشتەکە دیت، هاتنە خوارێ بۆ ئاشتی پارانەوە. بەڵێنیان دەدا کە هەموو فەرمانەکانی سیووتیس بەجێ بگەیێنن و داوایان دەکەرد گەرەنتی و بەڵێنەکان قەبوول بکات. سیووتیس زینۆفۆنی بانگ کرد، پێشنیازەکانی تێگەیاند و گوتی ئەگەر زینۆفۆن بخوازێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەوا ئاشتی رەت دەکاتەوە. زینۆفۆن گوتی: ئەگەر ئازادی خۆیان بە یەخسیری بگۆڕنەوە، ئیتر ئەمە باشترین تۆڵەکردنەوەیە. ئامۆژگاریی کرد کە لە ئایندەدا بارمەتە لە خەڵکە بەتواناکان بەرێت تەنیا پیرەکان بهێڵێتەوە.

ئەوها، ئەم بەشەی تراکیا کەوتە دەست سیووتیس.

چاپتەر -٥-
کێشە لەسەر مووچە

ئینجا بۆ ئەوەی بەشەی تراکیا رۆیشتن لە باکووری بیزەنتیۆم کە پێی دەگوترێ دەلتا. ناوچەکە لەدەست میسادیسدا نەمابوو بەڵکو لە دەست تیریس بوو کوڕی ئۆدریسیس. هێراکلیدیس هاتەوە پارەی هێنابوو کە لە فرۆشتنی تالانەکان پەیدای کردبوو، سیووتیس سێ جووت ئێستر و هەندێك بەراز و گای دانا و بێ لەهەموو جەنەراڵەکانی دیکە بەدوا زینۆفۆنی دا نارد کە ئەم دیاریە قەبووڵ بکات. زینۆفۆن وەڵامی دایەوە: لە ئایندەدا رەنگە دیاری وەربگرم بەڵام ئێستا وا باشترە کە بەسەر جەنەراڵەکانی دیکەدا بەش بکرێت.

ئیتر هەر یەك لە تیمایۆسیۆنی داردانی و کلینۆری ئۆرخۆمینۆس و فرینیکۆسی ئاخەیی جوتە ئێسترێکیان وەرگرت، بەراز و گاکانیش لەنێوان کاپتنەکاندا بەش کرا. مانگێك بەسەر چو بوو کەچی سیووتیس مووچەی ٢٠ رۆژی دابوو چونکە هیراکلیدیس گوتبووی هەموو تالانەکان تەنیا ئەوەندە پارەیان کرد. زینۆفۆن بەمە تورە ببوو و بە جیددی قسەی لەگەڵ هێراکلیدیس کرد، گوتی: بەرای من ئێوە وەکو پێویست ئاگاتان لە سیووتیس نەماوە. دەبوو ئێستا مووچەیەکی تەواوت هێنابایەوە تەنانەت ئەگەر پارەت قەرز کردبایە. ئەگەر ئەمەشت پێ نەکرابایە، دەبوو کراسی خۆتی بۆ بفرۆشی.

هێراکلیدیس بەم قسانە تورە بوو، دەشترسا کە سیووتیس گومانی لێ بکات، ئیتر لەو رۆژەوە دەستی پێکرد دڵی سیووتیس لە زینۆفۆن رەش بکات. سەربازەکان گلەییان لە زینۆفۆن دەکرد کەوا مووچەکە بەساغی وەرنەگیراوە، لەلایەکی دیکەوە هێراکلیدیس رەفتاری دۆستانەی لەگەڵ زینۆفۆن نەدەکرد چونکە هەمیشە مووچەکەی بەبیر دەهێنایەوە. تا ئێستاش سیووتیس هەر دەیگوت ئەگەر بگەنەوە لای دەریا قەڵاتەکانی بیسانس و گانۆس دەداتە ئەو، کەچی ئێستا باسی نەدەکردەوە، ئەمەش بە فیتی هێراکلیدیس بوو کە ناوی زینۆفۆنی زڕاندبوو و گوتبوی باش نیە قەڵاتێك بداتە کەسێکی ئەوها کە لەشکرێکی هەیە.

زینۆفۆن دەستی پێکرد بیر لە چارەیەك بکاتەوە دەربارەی ئەو هەڵمەتە بۆ قولایی تراکیا هێراکلیدیس جەنەراڵەکانی دەبردە لای سیووتیس و پێی دەگوت کە ئەوانە دەتوانن بەبێ زینۆفۆن لەشکرەکە بگێڕن. بەڵێنیشی دانێ کە لەماوەی چەند رۆژێکدا مووچەی دوو مانگ دابین بکات. تیماسیۆن گوتی: کاری سەربازی بەبێ زینۆفۆن ناکەم تەنانەت ئەگەر مووچەی پێنج مانگیشم بدەنێ.

کلینۆر و فرینیکۆسیش لەگەڵ ئەم هەڵوێستە بوون.

سیووتیس داوای لە هێراکلیدیس کردبوو بە جودا بانگیان بکات و دواتر زینۆفۆنی بانگ کرد. زینۆفۆن لە نیازی هێراکلیدیس گەیشتبوو و دەیزانی کە دەیەوێ ئاشنایی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کەم بێتەوە، هەستا هەموو جەنەراڵ و کاپتنەکانی دیکەی لەگەڵ خۆی برد، زۆربەیان بە قسەی سیووتیس رازی بوون و رەگەڵی کەوتن بۆ سالمیدەسوس. بەنێو وڵاتێکدا رۆیشتن کە پێی دەگوترا مەلینۆفاگی. لێوارێکی زۆر درێژ بوو لە زیخ، لەو ناوەدا مەرێکی یەکجار زۆر رادەگیران تا بە کەشتی بار بکرێن، تراکیەکان ئەستوونیان لەسەر لێوارەکە دەچەقاند بۆ جوداکردنەوەی ناوچەی هەر تاقمێك. ئیتر کە یەکێك لە کەشتیەکان دەشکا یان لای دەدا سەر زەوی ئەوان تالانیان دەکرد. دەڵێن کە پێشتر ئەو ئەستونانە نەچەقێندرابوون هەمیشە لەسەر تالانی کەشتیە شکاوەکان بەشەڕ دەهاتن و زۆریان لە یەکتر دەکوشت. لەم ناوەشدا جۆرەها قەنەفە و سندووق و دەفتەری نووسین، ئەوانەی کە ناڤخودان بەکاریان دێنن، لێرە فڕێ درابوون.

هێزەکە خەڵکی ئەم ناوەی ژێردەستە کرد و گەڕانەوە. تا ئەو کاتەش سیووتیس لەشکرێکی سەربەخۆی پەیدا کردبوو چونکە ئۆدیسایی رەگەڵی دەکەوتن و هۆزەکانی دیکەش دەهاتن خۆیان دەخستە ژێر دەسەلاتی. ئۆردوگایان سێ رۆژ دوور لە دەریا دانا لە دەشتێك لە سەرووی سەلیمبریا. هێشتا هیچ نیشانەیەك دەر نەکەوت کە خەریکن مووچە بدەن و سەربازەکان زۆر لە زینۆفۆن تورە ببوون، سیووتیسیش وەکو جاران برادەر نامابوو، وای لێ هاتبوو هەموو جارێك کە داوای دیداری دەکرد، بیانگەیەکی دەدۆزیەوە گوایە کاتی نیە.

چاپتەر -٦-
زینۆفۆن پەلامار دەدرێت و لەسەر خۆی دەکاتەوە

دوو مانگ بەسەر چوو. کارمینۆس و پۆلۆنیکۆس، سپارتی بوون، لە لای تیبۆرنەوە هاتن، خەبەریان پێبوو کەوا سپارتیەکان بڕیاری جەنگیان داوە دژی تیزافەڕنە، و بەم نیازەوە تیبۆرن بەدەریادا بەڕێ کەوتووە. ئێستا داوای خزمەتەکانی لەشکرەکە دەکات و بەڵێنی داوە هەر پیاوێك مانگانە یەك داریك مووچەی هەبێت، کاپتن دوو هەندە، جەنراڵیش چوار هەندە.

سپارتیەکان گەیشتنە جێ و کە هێراکلسیدیس بە مەسەلەکەی زانی، بە سیووتیسی گوت ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ خۆی و گوتی: سپارتیەکان پێویستیان بە لەشکرەکە هەیە کەچی تۆ ئیشت پێ نەماون. ئەگەر بیدەیتە سپارتیەکان ئەوە بەچاکە بۆتۆ دەژمێردرێت و لەهەمان کاتیشدا سەربازەکان هیچی تر داوای مووچە لەتۆ ناکەن چونکە دەبێ بڕۆن و لاتەکە بەجێ بهێڵن.

کە ئەمەی بیست، سیووتیس داوای لێ کرد سپارتیەکان بانگ بکات. کە هاتن و باسیان کرد، وەڵامی دایەوە کە لەکشرەکە دەخاتە بەر دەستیان و دەیەوێ ببێتە برادەر و هاوپەیمانی سپارتا. بانگی کردن بۆ سەر خوانەیەك و مێوانداریەکی باشی نواند بەڵام زینۆفۆن و جەنەراڵە یۆنانیەکانی دیکەی بانگ کرد. کە سپارتیەکانی پرسیان زینۆفۆن پیاوێکی چۆنە سیووتیس گوتی پیاوێکی خراپ نیە تەنیا ئەوەیە کە لەگەڵ سەربازە ئاساییەکاندا برادەرایەتی دەکات بۆیەش وەکو پێویست هەڵناسوڕێت. پسریان: ئایا حەزی لێیە لەنێو پیاوەکاندا ناوبانگ دەرکات؟

هێراکلیدیس وەڵامی دایەوە: بەڵێ، راستە.

گوتیان: کەواتە ئایا لە بردنی لەشکردا دژایەتیمان ناکات؟

هێراکلیدیس گوتی: گومان نیە، بولاّم ئەگەر لەشکر کۆبکەنەوە و پێیان بڵێن کە مووچەیان دەدەنێ، ئەوسا بایەخ بە زینۆفۆن نادەن و خەنیش دەبن لەگەڵتان بڕۆن

پرسیان: کەواتە چۆن بتوانین کۆبوونەوەیان پێ بکەین؟

هێراکلیدیس گوتی: بەیانی زو ئێوە بۆ نێو لەشکرەکە دەبەین. مسۆگەرەم کە ئەگەر بتانبینن ئەوسا لەخۆڕا بۆتان دین و کۆدەبەنەوە.

ڕۆژەکە ئەوها بەسەرچوو. ڕۆژ داویە، هێراکلیدیس و سیووتیس سپارتیەکانیان بردە نێو لەشکر و ئەوانیش لێیان خڕبوونەوە و دوو سپارتیەکە ئەم قسانەیان کرد: حوکمەتەکمان بڕیاری داوە جەنگ دژی تیزافەرنە جاڕ بدات. ئەگەر رەگەڵ ئێمە بکەون دەتوانن تۆڵەی خۆتان لەو پیاوە بکەنەوە کە هەندە خراپەی ئێوەی کردووە. هەر یەك مانگانە یەك داریك وەردەگرێت، دوو هەندەش بۆ کاپتنەکان و چوار هەندەش بۆ جەنەراڵەکان.

سەربازەکان بەم قسانە گەشانەوە و یەکی ئەرکادی هەستایەو و ویستی پەلاماری[1] زینۆفۆن بدات. سیووتیسیش لەوێ بوو، ویستی بزانێ مەسەلەکە بەچی دەگات، لە شوێنێك وەستا کە گوێی لە قسەکان بێت، ئەگەرچی یۆنانیی دەزانی بەلام تەرجومانی لەگەڵدا بوو.

ئەرکادیەکە دەستی بە قسە کرد: ئەی پارتیەکان، ئەگەر زینۆفۆن ئێمەی تەفرە نەدابایە بۆ لێرە لەمێژ بوو دەبایە ئێمە لەگەڵ ئێوە بین کەوا بەدرێژایی ئەم زستانە سەختە لێرە جەنگاوین و شەو رۆژ جولاوینەوە. کەچی زینۆفۆن قازانجی خۆی لە رەنجی ئێمە وەرگرتووە. سیووتیس تەنیا ئەوی دەوڵەمەند کردبوو، ئەویش مووچەکەی گل دەدایەوە. یەك لەبارە خۆم دەڵێم با بەردباران بکرێت تا مردن لەسزای ئەوەدا کە تا ئێستا ئێمەی بەم وڵاتەدا بردووە، ئەوسا هەست دەکەم مافی خۆم وەرگێتۆتەوە و سەرباری ئەو هەموو ماندویەتیەش هیچ گلەیی دەربارەی مووچە ناکەم.

پاش ئەو کۆمەڵێك سەرباز هەمان رایان دووپات کردەوە. ئینجا زینۆفۆن بەم جۆرە قسەی کرد: پیاو نابێ سەیری بە هیچ شتێك بێت. ئێستا وا من بەرەورووی تۆمەتەکانی ئێوە دەبمەوە، کەچی لەناخی دەروونمدا دەزانم کە من بەهەموو توانایەکەوە یارمەتم داون. کە ئیشتان باش ببوو، من دەچومەوە بۆماڵێ خۆم بەلام کە بیستم تووشی سەختی بوونە، گەڕامەوە تا یارمەتیان بدەم.

---

[1] وەرگێر وشەی attack بەکار دەهێنێت، مەبەستیشی لە رەخنەی توندوتیژە.

سیوورتیس وا لێرەیە، کۆمەڵێك نامەی بۆ من نارد و جۆرەها بەڵێنی دا تا لەگەڵی رێك بکەون. وەکو دەیزانن، من لەم نیازەم نەبوو بەڵکو ئێوەم بەرەو ئاسیا دەبرد، ئینجا ئەریستاخۆس هات رێگای گرت. ئەریستاخۆس دەیگوت دەبێ بە خەرسۆنیزدا برۆن و سیوورتیس هانی دەدان کە لەگەڵی رێك بکەون، هەموو گوێتان لەگەڵ سیوورتیس دەرۆین. ئایا تۆبزیم لەکەس کردووە؟ ئەوجار سیوورتیس دەستی پێکرد لە مووچەدا فێڵ بکات. مافی ئەوەتان هەیە تارانبارم بکەن بەمەرجێك ئەگەر رەفتاری ویش پەسند بکەن، من کەباشترین برادەری بووم، ئێستا لەهەموویان خراپترم. لای ئێوەم هەڵبژارد نەك لایەنی وی، کەواتە چۆن دەبێ گلەیی لەمن بکەن. من برادەرایەتی ئەوم لەدەست خۆم دا؟ رەنگە بڵێن پارەکەم وەرگرتووە و ئێستا دەمەوێ بیشارمەوە! باشە، ئەگەر سیوورتیس شتێکی دابێتە من، ئایا بۆ ئەوەی بووە کە مووچەکەتان بەتەوای بدات؟ نەخێر، دیارە بۆ ئەوەی بووە کە شتێکی گەورەتری لەکۆڵ بێتەوە. جا ئەگەر ئەوهایە، ئێستا بە ئاسانی دەتاونن داوای مووچەکەتان بکەن ئیتر هەموو پلانەکەی هەڵدەوەشێننەوە. ئەگەر من پارەی سیوورتیسم وەرگرتبێت، ئەوسا داوای دەکاتەوە، چونکە لەبەرانبەر ئەو بەرتیلەدا من ئیشەکەم بەباشی جێبەجێ نەکردووە!

لە راستیدا، من پارەم بۆ کەس وەرنەگرتووە، سوێند بە هەموو خواوەندەکان دەخۆم کە تەنانەت بۆ خۆمیش هیچم وەرنەگرتووە. وا لێرە وەستاوە و گوێی لێیە و دەزانێ ئایا خۆم کردۆتە سوێندشکێن؟

بۆ ئەوەی زیاتر سەرتان بسوڕێنم، دەبزانن کەوامن هەندی جەنەراڵەکان دیکە شتم وەرنەگرتووە، سوێندی لەسەر دەخۆم. ئەگەر دەپرسن بۆچی؟ چونکە بیرم کردەوە ئەگەر لە کاتی هەژاریدا بەشدار خەمی بم ئەوسا لەکاتی پایەداریدا دەبێتە برادەرێکی باشتریش. ئێستاش وەك دەبینن ئیشی باش بووە و تێگەیشتم کەسایەتیی راستەقینەی چیە. رەنگە بەمن بڵێن چۆن ئەوها تێکەوتی؟ بەڵێ، ئەگەر لەگەڵ دوژمن تێکەوم ئەوە گێلییە، بەڵام لەگەڵ برادەر یکەوم، باوەڕم وایە هەڵخەڵەتاندن سەرشۆڕییە نەك تێکەوتن. بەهەر حاڵ لام مسۆگەرە کەوا هەموو مشورێکمان خواردووە بای ئەوەی هیچ بیانگەیەك بۆ سیوورتیس نەهێڵینەوە. خراپەمان

نەکردووە، بەرژەوەندییەکانی ئەومان پشتگوێ نەخستون و بەشەرمەوە ئەرکەکان سەر شانمکان جێبەجێ نەکردووە.

رەنگە بڵێن "دەبایە لەسەرتاوە گەرنتی لێ وەربگرین تاکو دواتر نەتوانێ فیل بکات" بەلام دەمەوێ بە بیرتان بهێنمەوە ئێوە لە چ حالێك بوون و کە هاتنە لای سیووتیس چۆن رزگارم کردن. لەبیرتانە کە بەرەو پەرینتۆس دەچوون و ئەریستاخۆسی سپارتی دەروازەی لە رووتان داخست و نەیهێشت بچنە ژوور و بە چلەی زستان لەو دەشتە مانەوە؟ لەبیرتانە کە ناچار بوون خۆراکی خۆتان بکڕن و هیچتان نەبوو بیفرۆشن و پارەتان نەبوو؟ ئێوە ناچار کران لە تراکیا بمێنن چونکە کەشتیەکان لەوێ ئەنکەر کران[1] و ڕێگایان بە ئێوە نەدا بپەڕنەوە بۆ ئاسیا. مانەوەتان لە تراکیا ئەوەی دەگەیان کەوا لە ولاتی دوژمندان بەرەورووی سوارە و پەلتاستەکانیان دەبوونەوە. ئێمە هۆپلیتمان هەیە. رەنگ بوو هەندێك گوندمان دۆزیبایەوە بەلام ئەو هێزەمان نەبوو لە سوارە و پەلتاست ئەسیر و گارانەکان بگرێت. ئایا لە حالەتێکی ئەوها بێ ئومیددا خەنی نەبوون کە سیووتیس بوو بە برادەرتان؟ هەرنەبێ سوارە و پەلتاستی هەبوو، بە هاوکاری وانیش دەسکەوتی باشترتان بوو لە یەخسیر و مالات. باشە، گریمان لەکاتی خۆیدا سیووتیس سوارە و پەلتاستی بۆ ئێمە دابین کردبایە بەبێ مووچە، ئایا شتێکی خراپ بوو؟ ئایا ئەمە هۆیە بۆ ئەوی بمکوژن؟

حالی ئێستاتان رەچاو بکەن کەوا زستانێکتان بەتێری بەسەر بردووە، وێرای مووچەیەکی کە هەندێك لەچاو بەڵێنەکان کەمتر بوو. بەلام هەرچی خوراوە و خەرج کراوە هەموو لەمالی دوژمن بوو، لەهەمان کاتیشدا یەك کوژراوتان نەداوە، ناوبانگی خۆتان لەشری ئاسیا بەباشی پاراستوە، سەرباری ئەمەش لە بەری ئەورووپا دژبە تراکیەکان سەربەرزیتان بۆخۆتان تۆمار کردووە. مەبەست ئەوەیە کە لەباتی ئەوەی رقتان بەمن هەڵرێژن، دەبێ سپاسی خواوەندەکان بکەن بۆ ئەو هەموو پیرۆزیەی کە پێیان بەخشیون.

---

[1] ئەنکەر . پارچە ئاسنێکی قورسە وەکو چەنگاڵێك لەسەر کەشتی دەیخەن بنی ئاوەکە تا لە زەوی بچەقێت و کەشتیەکە ئاو نەیبات.

ئێوە ئەو هەموو بەختەتان هەبوو، بەلاّم تو ئاسمان فەرموون بزانن بەختی من چۆن بوو. کە بەرەو مالّیّ دەرچووم ڕێزێکی گەورەم لاتان هەبوو و جیاوەری سپارتیەکانیش بووم دەنا بۆچی منیان دەنارده لاتان؟ کەچی ئێستا لەلای وانیش سەرزەنشت کراوم و برادەرایەتیم لەگەلّ ئێوەش تێکچووە. من هەمیشە خەریکی چاکەتان بوومە و بەرگەی ئەوهەموو ڕەخنەم گرت، ئێستاش هەلّوێستتان ئەوهای لیّ هاتووە؟ جا چ بکەم، خۆ لەبەرتان هەلّنەهاتووم، چم لیّ دەکەن؟ لەبیرتان بێت کە ئەوکەسەی دەتانەویّ بیکوژن شەوخوونی بۆ ئاسوودەیی ئێوە کردووە. لەگەلّتاندا ڕەنج و مەترسیی دیتوە، ڕۆلّی خۆی بەزیادەوەش گێڕاوە، یەکێکە کە پشتەستور بە خواوەندەکان دژی بێگانە لەگەتاندا سەرکەوتنی دیتوە و بەرانبەر بە شارە یۆنانیەکانیش نەیهێشتوە توشی هیچ دوژمنایەتیەك بن و ئێستا دەتوانن بۆ هەر لایەکی یۆنان بچن.

ئێستا ئیشتان باش بووە و دەچنەوە مالّیّ کەوا چەند لەمێژە مەراقتانە بچنەوە و ئێستا کەوا بەهێزترین دەولّەتی یۆنانی داوای خزمەتەکانتان دەکات و مووچەشتان دەداتیّ. ئێستا سپارتیەکان کە گوایە باشترین فەرماندەن، هاتوون رابەرایەتیتان بکەن، ئایا ئەمە گونجاوترین کاتە کە سزای مەرگ بەمن بگەیێنن؟ بەڕاستی بیرێکی باشتان هەیە، لەکاتی تەنگانەدا بیرتان ئەوها نەبوو چونکە ئەوسا منتان بەباوك دەزانی و بەلّێنتان دەدا چاکەکانم لەیاد نەکەن. بەلاّم هەرلەبیّ وا سپارتی لێرەن و رای تایبەتی خۆیان دەدەن، وابزانم فیکرەیەك دەربارەی ئێوە وەردەگرن.

ئەوها کۆتایی بە گوتارەکە هێنا و خارمینۆسی سپارتی هەستایەوە ئەم قسانەی کرد: سوێند دەخۆم بە جمکەبراکان کە وا پیّ ناچێت مافی ئەوەتان هەبێت لەم پیاوە تورە بن. خۆم هەندێك بەلّگەم هەیە لە چاکەی ئەو دان. کە من و پۆلینیکۆس پرسیارمان لە سیووتیس کرد، تاکە ڕەخنەی ئەمە بوو کە زینۆفۆن زۆر لایەنی سارباز ئاساییەکان دەگرێت، بۆیەش بەگوێرەی پێویست بەرز نابێتەوە و بۆیە پێوەندیی لەگەلّ سپارتییەکان و لەگەلّ سیووتیس باش نیە.

ئینجا یوریلۆخۆس، لەرکادی بوو خەلّکی لوسیا، هەستایەوە و گوتی: ئەی سپارتیەکان، باوەڕم وایە دەبیّ پێش هەموو شتێك ئێوە فەرماندەیی بگرنە دەست و ئەگەر بخوازێت یان نەخوازێت، مووچەکان لە سیووتیس وەرگرن و ئێمەش لەگەلّ خۆ بەرن.

ئینجا پۆلیکراتیسی ئەتینی، بە ڕێنمایی زینۆفۆنەوە، هەستا و گوتی: براد‌ەران، وا هێراکلیدیسیش لێرەیە، ئەو بوو کە تالآنەکانی فرۆشت و ئەیتوانی ئەو پارە بۆ سیووتیس و بۆ ئێمەش بهێنێتەوە. لەباتی ئەوە، پارەکەی بۆ خۆی برد و هێشتا هەر لەلایتی. ئەو تراکی نیە، بەڵکو یۆنانیە و ناتوانێ فێڵ لە هاولآتیی خۆی بکات. ئەگەر کەمێك هۆشیار بین دەبێ بیگرین.

لەگەڵ سیووتیس سواری ئەسپەکانیان بوون و بەرەو ئۆردوگا لێیان خوڕی. ئینجا تەرجومانەکەی ناردە لای زینۆفۆن، داوای دەکرد بەخۆ و بە ١٠٠٠ هۆپلیتەوە لەخزمەتیدا بمێنن بەو بەڵێنەی کە ئەو شوێنانەی سەردەریای بداتی وێڕای هەموو پاداشتەکانی کە پێشتر بە بەڵێنی دابوونی. زۆر بە باوەڕیشەوە گوتی کە لە پۆلینکۆسم بیستووە ئەگەر بکەوێتە دەست تیبۆرن ئەوسا یەکسەر دەیکوژێت. کۆمەڵێك نامەی تر بۆ زینۆفۆن هاتن هەموو دەیانگوت دەبێ وریا بێت چونکە کەوتۆتە ژێر گومان، لە ئەنجامدا زینۆفۆن دوو ئاژەڵی کردە قوربانی بۆ زیۆسی پاشا، دەیپرسی ئایا لەگەڵ سیووتیس بمێنێت یاخۆ لەگەڵ لەشکرەکە بڕوات؟ وەڵامی سیووتیس ئەوە بوو کە دەبێ لەگەڵ لەشکر بڕوات.

چاپتەر -٧-
زینۆفۆن قسە لەگەڵ سیووتیس دەکات

سیووتیس ئۆردوگاکەی هەندێك دوور خستەوە، یۆنانیەکانیش چوونە گوندەکان تا پێش ئەوەی بگەڕێنەوە لای دەریا هەرچی دەستیان بگاتێ تالانی بکەن. سیووتیس گوندەکانی پێشکەش بە میدۆسادیس کردبوون و زۆر قەڵس بوو کە دیتی وا تالان دەکرێن. ٣٠ سوار و پیاوێکی خەڵکی باکووری لەگەڵ خۆ هێنا و زینۆفۆنی بانگ کرد. زینۆفۆن هەندێك کاپتن و چەکداری لەگەڵ خۆ برد و، میدۆسادیس قسەی: زینۆفۆن ئەم تالانکاریە کە دەیکەن شتێکی باش نیە. من لەلایەن سیووتیسەوە هاتووم و ئەم پیاوە لەلایەن میدۆکۆس، پاشای دەشتاییەکان باکوور، هاتووە دەڵێین ئەم ناوە چۆڵ بکەن. ئەگەر چۆڵی نەکەن لەوسا بە دوژمن دەزانرێن و ناهێڵین لێرە بڕۆن و بەرگری دەکەین دژ بەوانەی زیان بە وڵاتمان دەگەیێنن.

زینۆفۆن وەڵامی دایەوە: بەراستیە، تۆ کە لەوها قسە دەکەیت پیاو نازانێ وەڵامێکت بداتەوە. قسەم لە چاکەی ئەم گەنجەدا یە کەوا لێرە وەستاوە تا بزانێت ئێمە کێین و ئێوە کێن. ئێمە پێشتر بە ئارەزووی خۆمان بێرەدا دەهاتین و تالانمان دەنایەوە و ئێوە نەدەوێران بگەنە ئەم ناوانە، کە دەشهاتن لەترسان وڵاغەکانتان بە زینکراوی دەهێشتەوە کە ئەمەش نیشانەیەکە کەوا وڵاتی دوژمنتان بووە. دواتر کە ئێوە بوونە هاوپەیمان، بە یارمەتی خوەوەنداکان و یارمەتی ئێمە، ئێستا بوونەتە خاوەنی وڵاتەکە. جا ئێستا دەتانەوێ لێرە دەرمان بکەن؟ لەباتی چاکە دەتانەوێ ئۆردوگا بارکەین؟ ئەم داواکاریەی تۆ ریزی تێدا نیە، تەنانەت بۆ خواوەندەکانیش. ئەم گەنجەی ئێرە باشتان دەناسێت کەوا ئێستا گەشانەوەتان بەخۆ دیتوە کەچی جاران هەر بە تالان و گەڕان دەژیان.

هەندێك راوەستا و دەستی پێ کردەوە: بۆچی بەمن دەڵێی، خۆ من سەرلەشکر نیم. لەشکر ئێستا لەدەست سپارتیەکانە کە بە خۆتان پێشکەشتان کردن، و بای هەندەش خالەدان نەبوون داوەتمان بکەن بۆ گفتوگۆکان. دەتانویست ئاشنایان نەبین، بەلام چۆن لەشکرەکەم بۆ ئێوە هێنا، ئێستا بۆ وانی دەبەم.

کە ئاغا ئۆدیسیەکە ئەم قسانەی بیست گوتی: میدۆکۆس، لەشەرمان خەریکە بە خاکدا بچمە خوارێ. ئەگەر دەمزانی لەگەڵت نەدەهاتم. میدۆکۆس، پاشای من لەگەڵ ئەوەدا نیە خراپەی کەسانێك بکەین کە چاکەیان بۆ ئێمە هەبوبێت.

پاش ئەمە، سوار بوو بۆ دوور لێی خوڕی. سوارەکانی دیکەش هەمان شتیان کرد تەنیا چوار- پێنجێکیان نەبێت. بەلام میدۆکۆس لەبەر وێرانکردنی لادێکە رقی هەستابوو، داوای لە زینۆفۆن کرد جەنەراڵە سپارتیەکان ببینێت.

ئەوجار زینۆفۆن هەندێك کەسی جیاوەری لەگەڵ خۆ بردە لای خارمینۆس و پۆلینکۆس و پێیانی گوت کەوا میدۆکۆس داوا دەکا یۆنانییەکان برۆن و گوتی: وابزانم دەبێ مەسەلەی مووچەکەیان چارە بکەن، ئەوسا لەخۆڕا بەدواتان دەکەون.

سپارتیەکان قسەکەیان وەرگرت و گوتیان کە ئەم داخوازیە و هەر داخوازیەکی تر هەبێت، وەری دەگرن. یەکسەر لەگەڵ گەورە ئەفسەران بەرێ کەوتن بۆ لای میدۆکۆس و گوتیان: میدۆکۆس، ئەگەر قسەت هەیە بیکە دەنا ئێمە قسەمان پێیە.

میدۆکۆس بە ملهوڕییەوە گوتی: تەنیا ئەوە دەلێم، کە ئەمە قسەی سیووتیسیشە، با ئەم خەڵکە ئازار نەدەن چونکە خەڵکی خۆمانن.

ئەوجار سپارتیەکان گوتیان: ئەمانەن ئەو کەسانەی کە وایان کردووە خەڵکەکە بین بە هی خۆتان. هەر کاتێك مووچەیان وەرگرت ئەوسا دەرۆین، دەنا لێرە دەمێنین و پشتی سەربازەکانمان دەگرین دژ بەو کەسانەی فێلیان لێ کردوون، و ئەگەر تۆ لەم کەسانەیت ئەوسا دەبێ مافیان لەتۆش وەربگرنەوە.

لینجا زینۆفۆن قسەی کرد: ئەو خەڵکانەی کە تۆ بەلی خۆتیان دەزانیت ئایا دەفەتیان دەدەن کە دەنگ لەسەر ئەمە بدەن کە کێهەمان لێرە بڕوات، ئێمە یان ئێوە؟

میتۆکۆس پێشنیازەکەی پەسند نەکرد، بەلام گوتی با مەسەلەی مووچەکە لەگەل سیووتیس ساغ بکرێتەوە. ئەگەر دوو سپارتیەکە بچن، ساغ دەکرێتەوە. ئەگەر ناچن، با زینۆفۆن بچێت، بەڵێنی دا کە پشتی بگرێت. پاڕایەوەش کە لەم ماوەدا سووتاندنی گوندەکان بوەستێنن.

پاش ئەمە زینۆفۆن و پیاوەکانیان ناردە لای سیووتیس و ئەم قسانەی کرد: من نەهاتووم داوای هیچ شتێك بکەم، هاتووم پێت بڵێم کە تۆ مافت نەبوو لەمن تووڕە بی. مووچەی سەربازەکان چەندە لە چاکەی سەربازەکاندا بووە هەندەش لە چاکەی تۆدا بوە، لەسەرەتادا ئەمانە پاش خواوەندەکان هۆی ئەوە بوون کە تۆ ببیتە پاشا و ئەو هەموو پایەداری و ملکەت پێ ببڕێت تا وات لێ هات خەڵك باسی هەموو کردارەکانت بگێڕنەوە ئەگەر کاری سەربەرزکەر بووبن یان کاری سەرشۆڕکەر. ئەمڕۆ بەم پایە گەیشتی جا حەز ناکەم خەڵك بڵێن بەچاکەی ئەو کەسانەت نەزانیوە کە چاکەیان کردووی. هەروەها، بۆ ئەوەی کە لەنێو ئەم ٦٠٠٠ چەکدارەی خۆمان ناوبانگێکی باشت هەبێت، لەهەمووی گرینگتر ئەوەیە کە وات لێ نەیەت خەڵك باوەڕ بە قسەکانت نەکەن. خۆم دیتوومە چۆن کەسانێکی کە باوەڕیان پێ ناکرێت دەسەلاتیان نامێنێت. کەچی خەڵکی باوەڕپێکراو قسەیان لە ئاسوودەکردنی ناوچەیەکدا، کە هەڕەشە دەکەن، قسەکەیان بای هێزێکی چەکدار کار دەکات و کە بەڵێنێك دەدەن، بەڵێنەکەیان لەباتی پارە تێنی دەبێت. بیر لە حاڵەتی خۆت بکەوە، تۆ چەند پارەت دا بۆ ئەوەی کە ببین بە هاوپەیمانی تۆ؟ تۆ هیچ پارەت نەدا، تەنیا ئەوەبوو کە باوەڕمان بە بەڵێنت کرد، بەمەش لەشکرێکت پێك هێنا کە دەوڵەتێکی بۆتۆ دابین کرد ئەمەش نرخەکەی زۆر لەو ٣٠ تالەنتە گەورەترە کە پیاوەکانمان بە مافی خۆیانی دەزانن. بەڵێ نرخەکەی جارەهای جار لەمە گەورەترە. کەواتە باوەڕ و ناوبانگ ئەم ئیمپراتۆریەتی بە تۆ دا، وا ئیستاش بەهۆی ئەوەندە پارە ناوبانگت شکا.

پێم خۆشە بەبیری خۆتی بێنیەوە کە لەکاتی خۆیدا دەسکەوتێکی ئەوهات بە چەند دەنرخاند؟ ئامادەبووی چەندین هەندی ئەم بڕە پارە بدەیتن واش بزانم هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر و سەرشۆڕانەتر نیە کە تۆ نەتوانی ئەم دەسکەوتان بپارێزیت. هەژارێکی ئاسایی زۆر باشترە لە دەوڵەمەندێك کە دواتر پارەی نەماوە، جا باشتر ئەوەیە کە لەسەرەتاوە مرۆڤێکی ئاسایی بی نەك ببیە پاشا و دواتر ببیەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی. هەروەها ئەم خەڵکە بەتۆبزی بوونەتە ژێردەستەی تۆ نەك لە خۆشەویستی تۆ، و ئێستاش حەز دەکن ئازاد ببنەوە. دەبێ تێبگەن کە پێوەندیت لەگەڵمان باشە و ئەگەر بتەوێ داوامان دەکەیتەوە، بەلام گریمان هەستیان کرد کە یۆنانی باوەڕیان بە تۆ نەماوە و تەنانەت ئەم سەربازانەی ئێرەش برادەرت نین؟ لەم دوو ئەگەرە کامەیان

بۆ بەرژەوەندیی خۆت بەباشتر دەزانیت و کامەیان دەبێتە مایەی سەپاندنی دەسەڵاتت لەسەر ئەم خاکەدا؟ گومان نیە کە ئەو خەڵکانە ژمارەیان کەم نەبوو، بەڵام هۆی ژێردەستەبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی رابەرایەتی. ئێستا مەترسی هەیە کە رابەرایەتیەك بۆخۆیان دامەزرێنن، هەر لە سەربازانی ئێمە تا دوژمنەکانی خۆت، تا سپارتیەکان، کە بەتواناتریشن. ئەم ئەگەرە نزیکتریشە چونکە ئەگەر سەربازەکانی ئێمەیان دیت وا خزمەتی سپارتیەکان دەکەن و سپارتیەکان مووچەکە لە تۆ دەستێنن، مسۆگەرە ئەوسا تراکیەکان بەگژتدا دێنەوە. مانەوەی دەسەڵاتی تۆ، واتە بەخسیری بۆ ئەوان، نەمانیشت واتە ئازادی.

با وابزانین تۆ سەرپەرشتیی ئەم وڵاتە دەکەیت وەکو ملکی خۆت بێت. کام ریگا بەباشتر دەزانی؟ ئایا سەربازەکانمان پارەی خۆیان وەربگرن و لاتەکە بە ئاسوودەیی بەجێ بهێڵن، یان بەجۆرێکی دوژمنانە لێرە بژیین؟ هەروەها ئەگەر لەشکری خۆت پێك هێنا بۆ ئەوەی کە لەبەرانبەریاندا بوەستی، ئایا ئەوانە پێویست بە تفاق ناکەن و ئایا دوو هەندە پارەیان ناوێت لەچاو پارەکەی ئێمە؟

بەرای هێراکلیدیس، وەکو کە بۆمنی باس کرد، دەڵێ پارەکە زۆرە. منیش دەڵێم ئێستا ١٠ هەند توانای پارەدانت زیادترە لەچاو ئەو کاتەی کە بەڵێنەکەت دا. زۆریەکەی بەگوێرەی ژمارەکەی نیە بەڵکو کە کەسێك دەڵێ (ئەمە زۆرە) یان (کەمە) ئەم زۆر و کەمیە بەگوێرەی دەرامەتی ئەو کەسەیە کە پارەکە دەدات.

لەم قسانەمدا بەرژەوەندی تۆم وەکو بەرژەوەندی برادەرێك تەماشا کردووە، دەمەوێ هەست بکەم کە شایستەی ئەم پایەیت کە خواوەندەکان بەتۆیان بەخشیوە و دەمەوێ ناوبانگی منیش نەزرێت. ئێستا کە لەشکر لەم حاڵەدایە، نە دەتوانم خراپەی تۆی بکەم و نە دەتوانم، ئەگەر داواشی بکەیت، چاکەت بۆ بکەم. هەستی لەشکر لەبەرانبەر مندا ئێستا ئەوهایە واش هەر، خواوەندەکان ئاگادارن، کە من هیچ شتێکم لە تۆ وەرنەگرتووە بۆ وان و گلەم دابێتەوە بۆ خۆم و خۆت لەسەر ئەم قسە شایەدیت. من تەنانەت داوای بەڵێنەکانی تۆشم نەکردووە و سوێند دەخۆم کە ئەگەر تۆش کردبات، من وەرم نەدەگرتن، مەگەر مافی سەربازەکانت

بەتەواوی دابایە، ئینجا مەگەرا مایەی شەرمەزاری بوو ئەگەر ئیشی خۆم باش کردبایە و ئەوانم بەم حاڵە هێشتبایە لەکاتێکدا کە ڕێزیان لەمن دەگرت.

گومان نیە کە هێراکلیدیس وا دەزانێ دەبێ پارە بەهەر شێوەیەك پەیدا بکەین. لە بەرانبەردا من باوەڕم وایە کە هیچ دەسکەوتێك بۆ پیاوان، بەتایبەتیش پیاوی دەسەڵاتدار، ئەو نرخەی نیە وەکو ڕێز و بەدەری و دەستپاکی. پیاوی ئەوها دەوڵەمەندیەکەی لەوەدایە کە برادەری زۆرن و ژمارەیەکی زۆریش حەز دەکەن برادەرایەتیی بکەن. لەخۆشیدا هاونشینی زۆرن و لەناخۆشیدا خەمخۆری زۆر دەبن.

ئەگەر منت لە ڕەفتارمەوە نەناسیبێت کە چ برادەرێکی دڵسۆزم و، ئەگەر بەم هەموو قسانەم لە زەمینەی ڕاستی نەگەیشتبی، دەکەواتە ڕاستی لە قسەی سەربازەکان وەربگرە. خۆت لەوێ بویت و دیتت چۆن ڕەخنەیان لەمن گرت، تۆمەتیان دایە پاڵ من کەوا بەرژەوەندیی تۆم بە پێش بەرژەوەندیی سپارتیەکان خستوە، پەلاماری منیان دا کەوا بەرژەوەندیی تۆم پێش ئەوانیش خستوە گوایە بەرتیلم لەتۆ وەرگرتووە. ئایا ئەگەر هەستیان کردبایە کەوا دژایەتیت دەکەم ئەم تۆمەتە بەخەیاڵیاندا دەهات؟ تۆ لەسەرەتادا پێش ئەوەی خزمەتت بکەم پێشوازییەکی باشت لەمن کرد، قسە و ڕوخسارت خۆش بوون، میوانداریی منت دەکرد و هەمیشە بەڵێنی جۆرەها شتت بۆ من دووبارە دەکردەوە. ئێستاش ئامانجەکانت بەدی هێناوە و بوی بەو پیاوە مەزنەی کە من ویستم، چۆن دەهێڵی لەنێو سەربازەکاندا سووك بکرێم؟ لەلام مسۆگەرە کە تۆ دەگەیتە ئەم بڕیارەی کە پارەکە بدەیت، زەمان فێرت دەکات و وای لێ دێ بەرگەی دیتنی ئەو کەسانە نەگری کە لەخۆڕا خزمەتیان کردی. کەدەڵێم پارەکە بدە، بۆ ئەوەمە کە هەمان ناوبانگی پێشوت پەیدا بێتەوە.

کە سیوتیس ئەم قسانەی بیست، لەعنەتی نارد بۆئەو کەسەی کە وای کرد پارەکە نەنێرێت، هەمووش تێگەیشتن کە مەبەستی هێراکلیدیسە، گوتی: یەك لەبارە خۆمەوە هەرگیز حەزم نەکرد پیاوەکانت لە مووچە بێبەش بکەم و هەر ئێستا دەیدەم.

ئینجا زینۆفۆن دیسان قسەی کردەوە: ئێستا کە نیازت هێنا، حەز دەکەم پارەکە لە ڕێگای منەوە بدرێت و نەهێڵی پاش ئەوهەموو خزمەتانە ناوبانگم بزڕێت.

سیووتیس وەڵامی دایەوە: دڵنیا بە کە ناوبانگت نازرێت و لەگەر خۆت و ١٠٠٠ هۆپلیت لەژێر فەرماندەیی خۆتدا لێرە بمێنن، ئەوسا قەڵاتەکانی سەر دەریا بە تۆ دەبەخشم وێرای هەموو بەڵێنەکانی پێشو.

زینۆفۆن گوتی: سەبارەت بەم شتە، ئەمە رێی ناچێتێ. جارێ با بڕۆین.

سیووتیس گوتی: بە ئارەزوی خۆت بکە. بەڵام دەشزانم لێرە بۆ تۆ ئاسوودە ترە.

زینۆفۆن گوتی: سپاسی ئەم پەرۆشەت دەکەم، ناتوانم لێرە بمێنم، بەڵام ئەگەر بە هەر پایەیەکی بەرز گەیشتم، دەبێ بزانی کە لە قازانجی خۆتدا یە.

سیووتیس گوتی: ئێستا زۆر پارەم پێ نیە. بەڵام ئەوەی کە هەمە، یەك تاڵەنتە. هەر وەها ٦٠٠ گا و نزیکەی ٤٠٠٠ مەڕ و ١٢٠ یەخسیر. لەگەڵ خۆتیان بەرە، و هەروەها بارمتە لەو یەخسیرانە بەرە کە لەگەڵ تۆدا بەدرەفتار بوون.

زینۆفۆن پێکەنی و گوتی: گریمان ئەم هەموو شتە بەشی مووچەکانی نەکرد، ئەوسا تاڵەنتەکە بۆ کێ بێت؟ لەم حاڵە ترسناکەی مندا، لەباتی ئەوەی کە بەردباران بکرێم، ئایا باشتر ئەوە نیە کە بگەڕێمەوە ماڵی خۆم؟ خۆ هەڕەشەکانت بیست؟

ئەو رۆژە لەوێ مانەوە، رۆژی دوەم سیووتیس لەو ماڵاتەی بە هەندێك پیاوی خۆیدا نارد. تا ئەم کاتەش سەربازەوکان هەر دەیانگوت زینۆفۆن رەگەڵ سیووتیس کەوتووە. کەچی کە دیتیان، گەشانەوە و بەرەو پیری چوون. هەر کە چاوی بە خارمینۆس و پۆلۆنیکۆس کەوت، زینۆفۆن گوتی: لەسایەی سەری ئێوەدا، ئەم دەسکەتانەمان بۆ لەشکر دابین کرد. من دەیخەمە بەر دەستی ئێوە و داواتان لێ دەکەم کە بەسەر سەربازەکاندا بیبەشنەوە.

بەم پێیە دەستیان بەسەر ماڵاتەکە داگرت و خەڵکیان لەسەر دانان بۆ ئەوەی بیانفرۆشن و وەك هەمیشە لیشەکەیان بە نارێکی ئەنجام دەدا. زینۆفۆن خۆی لە مەسەلەکە نەگەیاند و دیاری خست کەوا خۆی بۆگەڕانەوە ساز دەکات. (هێشتا دەنگدان لەسەر مەسەلەی شاربەدەرکردنی زینۆفۆن لە ئەتینا ئەنجام نەدرابوو). بەڵام برادەرەکانی لە ئۆردەگادا هاتنە لای و لێی پاڕانەوە کە لەشکر بەجێ نەهێڵێت تا پێشڕەوییان پێ دەکات بۆ دەرەوەی تراکیا و دەیانگەیێنێ بۆ لای تیبۆرن.

چاپتەر٨-
زینۆفۆن لەشکر بەجێ دەهێڵێت

لێرەوە بە دەریادا ڕۆیشتن تا لامپساکۆس، لەوێ فالگر یوکلیدیسی فیلیۆم کوڕی کلیۆگۆراس، ئەوەی کە نیگاری فرێسکۆییسی لە لیکیۆم کێشابوو، هات بۆ دیەنی زینۆفۆن. بەخێرهاتنەوەی کرد و لێی پرسی ئایا هیچ زێڕی پێیە؟ زینۆفۆن سویندی بۆ خوارد کە تەنانەت پارەی گەڕانەوەشی نیە، مەگەر ئەسپ و شمەکی خۆی بفرۆشێت. یوکلیدیس باوەڕی نەکرد بەڵام کە خەڵکی لامپساکۆس دیارییان بۆ نارد و ویستی قوربانییەك بۆ ئەپۆڵۆ بکات (یوکلیدیس لە پاڵی وەستابوو کە ئاژەڵەکەی سەربڕی) کوشتەکەی پشکنیەوە گوتی ئێستا باوەڕ دەکەم کە پارەت نیە و دەزانم ئەگەر پارەش بۆ بێت تەگەرە پەیدا دەبن، تەنانەت خۆت تەگەرە بۆ خۆت دروست دەکەی. زینۆفۆن دانی پێ نا و یوکلیدیس بەردەوام بوو: بەڵێ، ئایا قوربانیت بۆ زیۆس کردووە بەو شێوەی کە لە ماڵێ بۆ تۆم دەکرد؟

زینۆفۆن وەڵامی دایەوە کە لەوەتی ماڵی بەجێ هێشتوە قوربانیی بۆ زیۆسی نەکردووە. یوکلیدیس ئامۆژگاری کرد کە بیکات چونکە بە قازانجی خۆی دەگەڕێتەوە. ڕۆژی دووەم زینۆفۆن چوو بۆ ئۆفرینیۆن و قوربانیەکەی کرد. بەگوێرەی نەریتی وڵاتەکە بەرازێکی سەرلەبەری سووتاند و نیشانەکان باش بوون. لە هەمان ڕۆژدا بایۆن و نۆسکلیدیس گەیشتنە وێ پارەی لەشکریان دا. لەگەڵ زینۆفۆن بوونە برادەر و ئەو ئەسپەیان بۆ وەرگرتەوە کە لە لامپساکۆس بە ٥٠ داریك فرۆشتبووی. ئەمە چونکە بیستبویان ئەسپەکەی خۆش دەویست و ئەگەر ناچار نەبایە نەیدەفرۆشت. پاش ئەمە، ڕێپێوانیان بەنێو ترواد دا کرد و لە چیای ئیدا ئاوا بوون و گەیشتنە ئەنتاندرۆس. ئینجا بەدرێژایی لێوارەکە ڕۆیشتن تا گەیشتنە تیبە. لەوێش گەشتێکیان کرد بەرێگای ئەدرامیتیۆن و سێرتۆنۆن بۆ دەشتی کایکۆس تا گەیشتنە پێرگامۆن لە میسیا.

لێرەدا هێلاس ژنیێ گۆنگیلۆسی ئارتیریا[1] لەگەڵ دایکی گۆنگیلۆس پێشوازیەکی گەرمیان لە زینۆفۆن کرد. گوتیان ئەسیداد، پیاوێکی فارسە، لەو دەشتە دەژیێت، لەگەڵ بە ٣٠٠ پیاوێکەوە بە شەو بۆی بچن، دەتوانن فارسەکە بە ژن و منداڵەوە بگرن، وێڕای شمەك و ماڵێ کە شتێکی کەم نەبوو. ئامۆزای خۆی لەگەڵ نارد وێڕای پیاوێك بەناوی دافناگۆراس کە زۆر خۆشی دەویست. زینۆفۆن قوربانییەکی کرد. باسیاس، فاڵگرێکی ئەلیس بوو، گوتی نیشانەکان بێئەندازە باشن و گومان نیە کە ئەو پیاوانە ژێردەستە دەکرێن ئیتر پاش نانی ئێوارە بەئومێدی سەرکەوتن کاپتنە هەرە دڵسۆز و باشەکانی برد، هەروەها ٦٠٠ کەسێك خۆیان رەگەڵ دا بەڵام کاپتنەکان گەڕاندیانەوە بۆ ئەوەی ناچار نەبن بەشیان بدەن، چونکە هەر لەئێستاوە تاڵانەکانیان بە مسۆگەر دەزانی.

دەوری نیوە شەو گەیشتنە جێ و یەکسەر یەخسیر و ماڵاتەکەی کە لە دەرێ بوون لەبەر دەستیان هەڵاتن. ئەوان مەبەستیان نێو قەڵاتەکە بوو، وازیان لە هەموویان هێنا چونکە مەراقیان ئەسیداد و ماڵەکەی بوو. هەوڵیان بۆ راماڵینی قەڵاتەکە سەری نەگرت، بورجێکی بەرز و قایم بوو، سەنگەری لەسەردا هەبوو بە چەکدارێکی زۆرەوە. ئیتر خەریك بە کەلێنێکدا خۆی تێکەن.

دیوارەکە هەشت خشتەقوڕ بەرین بوو بەڵام کە رۆژ هەڵات کونێکیان تێ کرد، یەکێك لە ژورێ شیشێکی گەورەی بەدەستەوە بوو کە بۆ برژاندنی کەلەشە گا بەکار دەهات، ئەو شیشەی لە رانی یەکەم کەس راکرد ئەوەی لە کونەکە چووە ژوور. ئینجا رێژنەیەك تیریان هاوشت وای لێ هات کەس نەدەوێرا لە زارکی کونەکەش نزیك بێتەوە. بەرگریکارەکان هاواریان دەکرد و بە مەشقەڵە ئاگر ئیشارەتیان بۆ دوور دەانرد، بەوەش ئیتامینیس بە هێزەکەیەوە بە فریایان هات، هەروەها لە کۆمانیاوە هۆپلیتی ئاشووری[2] هاتن سەرباری ٨٠ سواری هیرکانی کە ئەوانەش

---

[1] بۆ زانیاری، (ئاری تەریا) واتە (ئاڵ دەریا) یاخود (دەریای سوور). هەمان وشەی یۆنانی بە وڵاتی ئەریتیریا نراوە لە خۆرهەڵاتی ئەفریقیا (باشووری دەریای سوور). بەڵام لێرەدا زینۆفۆن باسی گۆمە ئاوێك دەکات لە ناوچەی خۆی کە هەمان ناوی هەبووە.

[2] ئەم قسە بۆ برا ئاشووریەکان گرینگە کە لێی بکۆڵنەوە.

مووچەخۆری شا بوون. ئینجا نزیکەی ٨٠٠ پەلتاست و سوارە پەیدابوون، هەندێك لە پارتنیۆن و هەندێکیش لە ئەپۆلۆنیا و لادێی دەورروبەر.

بێگومان کاتێ لەوە هاتبوو یۆنانییەکان بیر لە هەلاتن بکەنەوە. مەڕ و مالاتیان کۆکردەوە لەگەڵ یەخسیرەکان بە شێوەی چوارگۆشە لێیان خورین، چوارگۆشەکەش هەندە ڕێك نەبوو چونکە لە یەك کاتدا خەریکی کشانەوە و تالانەکەش بوون.

کە گۆرگیلۆس دیتی وا یۆنانیەکان دەگشێنەوە و ئەوانەی پەلاماریان دەدان هێزێکی گەورەیان هەیە، بەقسەی دایکی نەکرد و بە فریای یۆنانیەکانەوە چوو تا جێ دەستی لەم کارەدا هەبێت. هەروەها پرۆکلیس و تیۆسرایناس، نەوەی دامارتۆس، لە هالیسارنەوە بۆ یارمەتی دەرچوون. لەم کاتەشدا پیاوانی زینۆفۆن لەژێر تەوژمی تیر و بەردباراندا بوون و بەشێوەی چوارگۆشە دەکشانەوە، قەڵغانەکانیان دەدایە بەر لەو دەسترێژانە و زۆر بە سەختی توالیان رووباری کارکاسۆس ببڕن. نیوەیان بریندار ببوون، لەم روداوەدا ئاگسیاسی ستیمفالی کە بەدرێژایی ماوەکە قونەشەڕی دەکرد، بریندار بوو. لەکۆتاییدا خۆیان دەرباز کرد بە ٢٠٠ یەخسیر و مالاتێکی زۆر بای قوربانی.

رۆژی دوەم زینۆفۆن قوربانیی کرد و بەشەو لەشکرەکەی بەرێگادا برد بەئومێدی ئەوەی کە تا بکرێ بەرەو لیدیا دوور بکەوێتەوە، کەچی لەسیداد وای دەزانی قوربانییەکەی زینۆفۆن بەو نیازەوە بووە تا هێرشی بکاتە سەر، بۆیەش لە جێگای خۆی دەرچوو و ئۆردوگای لە گوندەکانی دەورروبەری شارۆچکەی پارسینیۆس دانا. پیاوەکانی زینۆفۆن لەوێد تووشی بوون و بە هەموو ژن و منداڵ و ماڵەوە گرتیان. بەم پێیەش، نیشانە ئاسمانییەکانی یەکەم فاڵ ڕاست دەرچوون.

ئەوجار گەڕانەوە بۆ پیرگامۆن، ئیتر زینۆفۆن کۆمەڵێك دەسکەوتی هەبوو وای لێ بکات کە ستایشی خواوەند بکات. سپارتییەکان و جەنەراڵ و کاپتنەکان وێڕای هەموو سەربازەکان لەسەر ئەوە یێك هاتن کە بەشی گەورەی تالانەکان بدرێنە زینۆفۆن، ولاغ و رەشەولاغ و هەموو شتێك. جا ئێستا زینۆفۆن دەیتوانی کە هەرنەبێ چاکەی خەڵکی دیکە بداتەوە. لەوجار تیبۆرن هات و رابەرایەتی لەشکرەکەی بەدەستەوە گرت و کردی بە بەشێك لە لەشکرێکی یۆنانیی گەورەتر و جەنگی جارِ دا دژبە تیزافەرنە و فەرناباز.

ملکی زینۆفۆن لە رۆژانی دەرەنگدا

دواتر زینۆفۆن خەلاتێکی دەست کەوت کە بۆ ئەپۆلێۆ تەرخان کرابوو، بەناوی خۆی و پرۆکسینۆسی برادەری کە لەگەڵ کلیرخۆس کوژرا، پێشکەشی کرد بە دارایی ئەتینا لە دەلفی. سەبارەت بە بەشی ئەرتەمیسی لەمنۆس، کە زینۆفۆن لە ئاسیا دەگەڕایەوە بەرەو بۆیۆتیا لەگەڵ ئاگەسیلاوس، بەشەکەی لەگەڵ میگابازۆس، کاهینی پەرستگای ئەرتەمیس، بەجێ هێشت چونکە باوەڕی وابوو گەشتەکە خەتەرە. داوای لە میگابازۆس کرد کە ئەگەر بە سەلامەتی گەیشتەوە مالێ پارەکەی بداتەوە بەلام ئەگەر هەر شتێکی بەسەر هات دەبایە کارێك بکات کە دلی خواوەندە مێیەکە[1] خۆش بکات و پارەکە بۆ وی تەرخان بکرێت. زینۆفۆن لیدی شاربەدەر کرابوو و سکیلوس لەنزیك ئۆلۆمپیا نیشتەجێ ببوو کەوا سپارتیەکان پێیان بەخشیبوو، میگبازۆس هاتە ئۆلۆمپیا سەیری گەمەکان بکات، پارەکەشی هێنا.

کە پارەکە گەیشت، زینۆفۆن بەخێری خواوەندەکان ملکێکی کڕی لەجێگەکەیدا کە پێشبینیە ئاسمانیەکان بۆیان دیار خستبوو. رووبارێکی لێ بوو بەناوی سەلینوس بەنێو ملکەکەیدا دەرۆیشت. لەلایەکی دیکەوە، رووبارێکی دیکە هەبوو بەناوی سەلینۆس بەبەر پەرستگای ئەرتەمیسدا دەرۆیشت. هەردووك رووبار پڕبوون لە ماسی و قەوغە Shellfhish. لە ملکەکەی سکینوسدا راویش دەکرا وێڕای جۆرەها گەمە. پارەی لە دروستکردنی نوێژگایەك خەرج کرد، تەنانەت ١٠٪ ی دەرامەتی ملکەکەی کردە خێر. خەلکی ناوچەکە، ژن و پیاوی شاری، وا راهاتبوون کە لە زەماوەندەکەدا بەشدار بن و خواوەندە مێیەکە نانی جۆ و شەرابی داهێن دەکرد بۆ ئەوانەی کە رەشمالیان هەڵ دەدا. هەروەها ئاژەلەکانی قوربانی، تەنانەت ئاژەلە راوکراوەکانیش، بەش دەکران. راوێکی زۆر دەست دەکەتن و کوڕەکەی زینۆفۆن و کوڕانی ناوچەکە بەزۆری راویان دەکرد بەتایبەتیش بۆ میهرجانەکە. بەراز و ئاژەلی دیکە زۆر دەگیران و هەندێك لە ناوچە پیرۆزەکاندا هەندێکیش لە چیای فۆلۆی. ملکەکە لەسەر رێگای نێوان سپارتا

---

[1] goddess

و ئۆلۆمپیایە، دوو فەرسەخ لە پەرستگای زیۆس لە ئۆلۆمپیا دوورە، ناوچە پیرۆزەکەی کە بۆ ئەرتەمیس تەرخان کراوە مێرگ و دارستانێکە کە باشترین ژینگەیە بۆ بەراز و بزن ولاغ. هەروەها ئالیکی باشی لێیە بۆ بەشداربوانی میهرەجان، لەدەوری پەرستگاکەدا بێستانی میوە و داری لێیە بای هەموو وەرزەکان. پەرستگاکە نوسخەیەکی بچووکە لە پەرستگا مەزنەکەی ئەفسۆس، نیگارەکەش هەمان نیگاری ئەفسۆسە کەوا پەیکەرێکی زێرینی قوبرسییە.

ئەستونێك لە تەنیشت پەرستگاکە چەقێندراوە ئەمەی لەسەر نوسراوە

ئەم زەویە بۆ خێری ئەرتەمیس تەرخان کراوە. ئەوی دەیبات دەبێ ساڵانە سەدا دەی پێشکەش بە ئەرتەمیس بکات و دەبێ پەرستگاکە بەباشی رابگرێت

هەرکەس کەمتەرخەمی بکات، خواەندەکان دەیبینن

کەسایەتیی کۆرووش[1]

مەرگی کۆرووش کۆتایی بە شەڕەکەی کوناکسا هێنا. لەپاش کۆرووشی مەزن، لەم کۆرووشە لە هەموو فارسەکان لێوەشاوەتر و شاستەتر بوو بۆ شاهایەتی، ئەمەش بەشایەدی تێکڕای ئەوانەی کە لەنزیکەوە ناسیبویان.

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا کە لەگەڵ برا و منداڵەکانی دیکە پەروەردە دەکرا، لە هەموویان باشتر بووە. منداڵی بنەماڵە فارسەکان هەموو لە سەرای شادا پەروەردە دەکرێن، ناهێڵن گوێ لە قسەی بەد رابگرن. ئەو منداڵانە کە دەیانبیست وا شا یەکێکی پاداشت کردووە یاخود یەکی بەدەر ناوە، لەوەڕا فێر دەبوون چۆن رابەرایەتی بکەن و چۆن پابەندی رابەرایەتیش بن. کۆرووش لەسەرادا بەوە ناسرا کەوا باشترین رەفتاری هەبووە. لەچاو وەلاشەکانی خۆی ئەو پتر گوێڕایەڵی گەورەکان دەبوو. هەروەها بەشێوەکی سەرنجراکیش حەزی لە سوارچاکی بووە و لەم بوارەدا توانایەکی گەورەی دیار خستووە. هەروەها لە هونەرە جەنگییەکاندا، رمبازی و تیرەندازی، لەهەمووان پتر حەزی لە فێربوون و بەکارهێنای چەك دەکرد. ئینجا کە گەیشتۆتە تەمەنی راوکردن، لە بەرەنگاریی درندەکاندا لەهەمووان خوێنگەرمتر و بوێرتر بووە. جارێك مێیە ورچێك پەلاماری داوە و ئەویش لە ئەسپەکەی کەوتۆتە خوارێ، لەوساوە شوێنی زامەکان لەسەر لەشی مانەوە بەلام لەکۆتاییدا ورچەکەی کوشتبوو، و لەو کەسەی کە گەیشتە سەر کۆرووش بۆ ئەوەی رزگاری بکات گوتبووی بەڕاستی بەختی هەبووە.

کە باوکی ناردوویەتی بۆ هەرێمی لێوارە دەریاییەکان و بۆتە شارەوانی لیدیا و فریجیای مەزن و کەپەدۆکیا، و کاتێك ناوی جارِ دراوە بە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی دەشتی کاستۆلۆس، زۆر پەرۆشی هەبوو کەوا لە هەر رێککەوتنێك و لەهەر کارێکی بەرێوەبەرایەتیدا گوفتەکانی خۆی بەجێ بگەیێنێت. دەست و پیاوەندەکان و شارەکانی ژێر دەستی هەموو باوەڕیان پێ

[1] ئەم چاپتەرە لە ئەسڵدا لە دوای شەڕەکەی کوناکسا تۆمار کرابوو، بەلام بۆ ئەوەی زینجیرەی بەسەرهاتەکان لە خوێنەر تێك نەچێت من خستمە دواوەی نووسینەکان. شایانی گوتنە کە لێرەدا رای زینۆفۆن بەرانبەر بە کەسایەتی کۆرووش دیار دەبێت.

دەکرد، دوژمنەکانیش کاتێك کە نامەیەکەیان لەگەڵدا مۆر دەکرد ئیتر لایان مسۆگەر دەبوو کەوا مەرجەکان جێبەجێ دەکرێن و زیان بە ناوچەکانیان ناگات. دەرەنجام، کە لەگەڵ تیزافەرنە تووشی شەڕ هات هەموو شارەکان پشتی کۆرووشیان گرت تەنیا میلەتۆس نەبێت. میلەتۆس دەترسان کە رەنگە کۆرووش پشتی ئاوارەکانی نێو میلەتۆس بەر نەدات چونکە بیستبوویان کۆرووش ئەو بەڵێنەی بەوان دابوو.

چاکە و خراپەی لەگەڵدا کرابایە ئەو بەلای چاکەدا دەیشکاندەوە، خەڵك قسەکەیان دووبارە دەکردەوە کە هەمیشە دوعای خواستووە بای ئەوە تەمەنی درێژ بێت بتوانێ چاکەی پیاوچاکان و خراپەی بەدەکاران بداتەوە. شتێکی ئاسایی بوو کە لەم زەمانەی خۆماندا[1] تاکە کەسێك بێت کەوا خەڵك و شارەکان حەز بکەن خۆیان و ماڵ و شارەکانیان بخەنە بەر دەستی. واش کەس ناتوانێ بڵێت ئەو هێشتویەتی پیارکوژ و بەدرەفتارەکان سووکایەتی بەدەسەڵاتی بکەن. بەپێچەوانەوە، سزاکانی یەکجار توند بوون، پیاو بەرێگادا دەرۆیشت کەسانێکی دەدیت وا دەستیان براوەتەوە یان کوێر کراون، ئەوە چونکە لەسایەی دەسەڵاتی کۆرووشدا یۆنانی و خەڵکی ناوچەیی وەکو یەك بوون، ئەگەر خراپەت نەکردبایە بۆت هەبوو بە ئازادی گەشتەکانی خۆت بۆ هەموو لایەك بەبێ ترس بکەیت.

بێگومان پێویست ناکا بگوترێت چ رێزێکی بۆ جەنگاوەرەکان دادەنا. لە یەکەم جەنگیدا دژبە پیسیدی و میسیەکاندا بەخۆی هەڵمەتی بردۆتە نێو ناوچەکانیان و ئەوانە شەڕی باشیان بۆ کردووە هەمووی کردن بە فەرمانڕەوای ئەو ناوچە داگیرکراوانە، دواتر پاداشتی تری پێ بەخشیون تا بزانرێت کەوا ئازاکان هەمیشە لە ژیانێکی گەشدا دەبن و نامەردەکان مەگەر ببنە پەخسیر.

لەمەیدانی دادپەروەریدا مەبەستی سەرەکی ئەوە بووە وا بکات ئەوانەی پابەندی سیستەمەکە دەبن دەوڵەمەندتر بن لەوانەی کە دەیانەوێ بە شێوازێکی ناپەسندانە قازانج بکەن. بەم پێیە،

---

[1] تووممز ئێستا و پێش هەزاران ساڵ خەڵك هەر ئەم قسەیان دووبارە کردۆتەوە کە دەڵێ (ئەم زەمانەی خۆمان وەکو جاران نەماوە). لە راستیدا ئەمە جۆرێکە لە نۆستالجیا و رابردوو پەرستی و مردوو پەرستی کە دەبینن خەڵکی بێزار و بێئومێد هەمیشە ئەو قسانە دووبارە دەکەنەوە گوایە (جاران) زۆر باش بووە.

کۆرووش نەك هەر راستەو بووە بەڵکو بۆی رەخساوە کەوا لەشکرێك خزمەتی بکات کە بەراستی لەشکر بوو. کاپتن و جەنەراڵەکانی کە لە دەریا دەپەڕینەوە بۆ ئەوەی ببنە بەکرێگراوی کۆرووش، دەیانزانی کەوا نەك هەر مووچەیەکی مانگانەیان دەست دەکەوێت و بەس، بەڵکو چەندە خزمەتیان کردبایە هەندە پاداشتیان دەبوو. هەرکەس لە هەر جارێکدا ئەرکێکی لەنجام دابێت، ئیشەکە بەبێ پاداشت بەسەر نەدەچوو. ئیتر هەمیشە باشترین ئەفسەری بۆ رەخساوە کە باشترین کاریان بۆ ئەنجام داوە.

کە دەیدیت یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیدا توانای هەیە و تەنیا لەسەر یاسا ناڕوات بەڵکو رێبازی نەوژەن پێرەو دەکات بۆ ئەوەی بەرهەم و قازانج لە ناوچەکەیدا زیادتر بن، کەسانی ئەوها هەرگیز نەیدەگواستنەوە بۆ جێگەیەکی دیکە، بەڵکو ئەرك و تواناکانی ئەو جۆرە کوسانەی زیاد دەکرد. بەمپێیەش بەڕێوەبەرەکان بە دڵێکی خۆش و پڕ بە باوەڕەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکرد و دەرامەکەیان زۆرتر دەکرد. هیچیشیان لە کۆرووش نەدەشاردەوە تەنانەت لەوانەی بە ئاشکرایی دەوڵەمەند ببوون، سامانەکانیان لە کۆرووش نەدەشاردەوە و نهێنییەکانی دیکەی دەوڵەتیان بۆ کۆرووش ئاشکرا دەکرد دەربارەی ئەوانەی کە سامانەکانیان دەشاردەوە[1].

هەموو لەو باوەڕەدا بوون کەوا بەهانای برادەر و راستگۆیەکان دەهات. کۆرووش هەستی دەکرد کە پێویستی بە برادەری باش هەیە و لەبەرانبەردا هەمان شتی دەنواند، چاکە بە چاکە. باوەڕم وایە کەس هەندی کۆرووش دیاریی بۆ نەهاتووە و لەبەرانبەردا کەس هەندی لەو دەسکەوت و دیارییەکانی نەبەشیوەتەوە و، کەسیش ئەوها نرخی خەڵکی هەڵ نەسەنگاندووە. کە جل و زرێی جوانی بۆ دەهات بە دیاری، دەیگوت ئەوهەموو جلانە بەوی لەبەر ناکرێن، ئیتر پێشکەش بە برادەرەکانی دەکردن. چاکە و پیاوەتییەکی زۆری کردووە و برادەرەکانی سەریان

---

[1] بە رای من جیاوازی سەرەکی لەنێوان فارس (فارسی ئەوسا) لەگەڵ تێکڕای نەتەوە و دەوڵەتەکانی دیکەدا ئەوەبوو کە فەرقیان بە خەڵکی ئەم ناوچە و ئەو ناوچە نەدەکرد. تەنیا ئەوەیان رەچاو دەکرد کە بە زمانی دەوڵەت قسە بکەیت و پابەندی یاساکان بیت. ئەم رەوشتە لە هیچ نەتەوەیەکی جیهانی کۆندا بەدی نەکراوە تەنیا لە فارس و دواتر لە رۆم. رۆم لە فارسیش توندتر بوون بۆ لەتوپەتکردنی گرێیە عەشایەرییەکان و پێوەندییە ناوچەییە تەسکەکان.

بەوە سور دەما. ئەم خاڵەی کەمن لە هەموو شتێك بە گرینگتری دەزانم ئەوەیە کە کۆرووش دەیویست دڵی خەڵك شاد بکات. زۆربەی جار کە شەرابێکی باشی بۆ دەهات، گۆزەیەکی نیوە پری دەنارد بە نامەیەکەوە (لەمێژە کۆرووش توشی شەرابێکی ئەوها خۆش نەبوە، وا هەندێکی بۆ خۆت و خۆشەویستەکانتی نارد کە لەمرۆ بیخۆنەوە) زۆر جاریش قاز و مراوی و نانی چاك بەدیاری دەینارد و بە نۆکەرەکانیشی دەگوت پێیان بڵێن: کۆرووش چێژی لەمانە وەرگرتووە، حەز دەکا کە ئێوەش بیچێژن. هەمان شت سەبارەت بە ئالیکی ولاغان دەکرا. هەندێك جار ئالیك کەم دەبوو، کۆرووش ئالیکی بۆ ولاغی برادەرەکانی دەنارد تاکو لە گەڕاندا برسی نەبن.

کە بەئیشی رەسمی بۆ لایەك دەچوو ، زۆر مەبەستی بوو برادەرەکانی لەگەڵی بچن تاکو بە ئاشکرایی تێکەڵ بە گفتوگۆ و پرس و راکانی ببن و خەڵکە بزانن رێز لە چ جۆرە پیاوێك دەگرێت. بەرای خۆم و بەگوێرەی ئەم قسانەی کە بیستومن، کەس وەکو کۆرووش لە یۆنانی و بێگانەشدا هەندە خۆشەویست نەبوە، بەڵگە بەو بەڵگەی کە کەس پشتی بەر نەدا ئۆرۆنتا نەبێت. ئەمەش بەهۆی ئەوە بوو کە ئۆرۆنتا برادەری شا بوو دەنا ژمارەیەکی زۆرتر رێزەکانی شایان بەجێ هێشتوە و رەگەڵ کۆرووش کەوتون. روداوەکەی مەرگیشی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا نەك هەر ئازا بووە بەڵکو پیاوی دڵسۆز و برادەری جێ باوەڕی هەبوە کە خۆیان بۆ وی تەرخان کردووە چونکە تێکرای برادەر و هاتوونشینەکانی لەگەڵی کوژران تەنیا ئاریا نەبێت کەوا لەسەر باڵی چەپی هێزە سوارەکان بوو، کە بەمەرگی کۆرووشی زانیوە یەکسەر هەڵاتوە.

بەشی کۆتایی

تێبینیەکانی وەرگێڕ:

ئەمەی پێشوو دەقی نووسینەکانی زینۆفۆن بوون. تا ئێستا واماندەزانی سوپاسالارێکی مەزن بووە و تەنانەت گۆرانیەکی هونەرمەند زەکەریا هەیە دەڵێ: چ ئەسکەندەر چ زەینەفوون،، هتد. ئەمە دیاری دەخات کە زۆر کورد وا دەزانن زینۆفۆن هاوتای ئەسکەندەر بووە، کەچی لە راستیدا گەنجێکی شارستانی بووە پڕ لە ویست و ئارەزوو. لە لایەکەوە دەیویست لەپڕ ببێتە کوڕ و، لە لایەکی دیکەوە دەیویست گرفتە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی چارە بکات.

ئەم تۆمارە دەستنووسی مرۆڤێکە کەوا پێش ٢٤٠٠ ساڵ هەمان کێشە و مەراقەکانی کوردی ئەمڕۆی هەبووە. تەنانەت هەوڵم داوە بکرێت بە شانۆگەریەکی کوردی (فرە لەهجە). کەسایەتیەکانی سپارتی بە بادینی قسە بکەن، بۆیۆتی بە هەولێری، ئەرکادی بە موکریانی، ئاخەیی بە گەرمیانی و لوڕی، ئینجا خودی زینۆفۆن بە لەهجەی سلێمانی. گەر دەپرسن بۆچی سلێمانی؟ لە وەڵامدا دەڵێم ئەگەر تا ئێستا خوێنەر هەستی بەم پێکچوونە نەکردبێت، ئەدی کەی هەستی پێ دەکات؟

ئەگەر ئەم شانۆگەریە بێتە دی، باوەڕم وایە دەروازەیەکی نوێ بۆ شانۆگەریی کوردی دەکرێتەوە و، قوتابخانەیەك بۆ تێگەیشتنی مێژوو والا دەبێت کە رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی خودی ئەورووپایەکان تەفسیری مێژووی خۆیان لە ئێمەوە فێر بن. بیرم لەوە کردەوە کە زینۆفۆن بە دوو جۆر دیار بخرێت، زینۆفۆنێکی پیر کە یادگاریەکانی نووسیوەتەوە و زینۆفۆنێکی گەنج کە تووشی ئەم گەشتە بووە. هەروەها بیرم لە هونەرمەندی مەزن مامۆستا احمد سالار کردەوە (تەنانەت بە خزمەتی گەیشتم و بیرۆکەکەم ئاراستەی جەنابی کرد) بۆ کەسایەتی زینۆفۆن بە پیری. وەك لەوەی زینۆفۆن لە ماڵی خۆی دانیشبێت و بەسەرهاتەکان بگێڕێتەوە. ئیتر با مامۆستا احمد سالار بهێنینە بەر چاومان ئەگەر بە هەمان شێوازی شانۆگەریەکەی (خولە چەخماخە) دابنیشێت و قسەی (قەبە) بکات گوایە لە گەنجیدا ئەوها و ئەوهای کردووە، کەچی لە دیمەنەکانی دیکەدا زینۆفۆنێکی گەنج بێت و رووداوە راستیەکان پیشان بدات! باوەڕم وایە

شانۆگەریەکی زێدە باش دەردەچێت کە نەك هەر دەنگ دەداتەوە، بەڵکو شیرینی و تاڵیەکانی ئەم شانۆگەریە نەقشێك لە یادی هەموو بینەران دەکێشن، بە تایبەتی بینەری کورد.

من و زینۆفۆن

دەربارەی وەرگێرانی ئەم تۆمارەی زینۆفۆن، دەمەوێ بڵێم وەی چەندە قسەکانی درێژ کردۆتەوە! لەکاتی وەرگێراندا هەر کە دەیگوت "زینۆفۆن ئەم قسانەی کرد" یەکسەر هەناسەم سوار دەبوو چونکە دەمزانی ئێستا دەست بە گوتارێك دەکات دە هەندی پێویست و گومان نەبوو کە زۆری پێوە دەنێت. بۆیەش وا دەڵێم چونکە زینۆفۆن لە شوێنی ئەوهادا گوتاری داوە عەقڵ نایبڕێت. بۆنموونە قسەی دوور و درێژی بۆ کۆمەڵە جەنەراڵێك کردووە یان بۆ ئاغایەکی وەکو سیووتیس، ئەوانە کوا خولقیان هەیە گوێ لەو هەموو قسانە بگرن لە سەربازێکی گەنج کە میوانی پرۆکسینۆس بوو، پرۆکسینۆسیش مردبوو! بۆیە باوەڕم وایە دواتر کە زینۆفۆن لە ماڵی خۆی دانیشتووە بۆ تۆمارکردنی بەسەرهاتەکان، جڵەوی بۆ قەڵەمەکەی شل کردووە. زۆر جار وا لە بەرانبەر دوژمن وەستاون و ئێستا نا ئێستا شەڕ دەست پێدەکات، کەچی ئەو وای تۆمار کردووە گوایە گوتارێکی دووردرێژی بۆ سەرباز و جەنەراڵەکان خوێندۆتەوە. یان کە دەیگوت (پێویستە هەر ئێستا ئەوها و ئەوها بکەین و با جەنەراڵەکان ئەوها و ئەوها بکەن و ئەوەی بەم قسە رازیە با دەستی بڵند بکات) جا گوایە هەموویان دەستیان بڵند دەکرد، لەمەش بەمەرجێك کەوا زینۆفۆن ئەتینی بوو و زۆربەی سەربازەکان پیلۆپۆنیزی و بۆیۆتی بوون. ئەوانە لە کاتی خۆیدا زۆر هەستیار بوون بەرانبەر بە قسە و پەلالار و زێدەڕۆیی گەنجی ئەتینی. کەواتە ئایا ئەمە راستە؟

رەنگە لێرەدا خوێنەر بڵێت: کەواتە تۆمارەکەی زینۆفۆن بێ کەڵکە چونکە پڕە لە درۆ. من دەڵێم نەخێر، یەك لەبارەی خۆمەوە کەڵك و سوودێکی گەورەم لێ وەرگرت، هەم بۆ تێگەیشتنی مێژوو، هەم بۆ شیتەڵکردنی کێشەکانی ناوەخۆی کورد. تۆمارەکە وەکو بوخچەیەکی نەکراوە بوو وەردە وردە شتی سەیرم دەدۆزیەوە و قۆناغ بە قۆناغ لەدەروونی

زینۆفۆن و هاورێکانی دەگەیشتم وەك بلێی لەگەڵیان دەژیام. بۆ نموونە کە دەیگوت: فلان عاشقی ئافرەتێك بوو، ئەوەی دیکە عاشقی کوڕێك بوو. هۆیێکم دەگرت و دەمگوت: هەی! خۆ ئەوانە مێبازی و نێربازییان بە یەك شت زانیوە. یان کە زینۆفۆن دەڵێت: مەڕ و مانگا و یەخسیرەکانمان ئەوها لێ کرد. دەمگوت دیارە ئەوانە یەخسیر و مانگایەکیان وەکو یەك سەیر کردووە؟! بەڵام لە هەمووی گرینگتر مەسەلەی شار و ناوچەکانیان بوو. ئەی هاوار ئەوانە چ شارپەرستێك بوونە و چ تێکە و لێکەیەکیان لەدڵدا حەشار دابوو! ئەم قسە تەنیا هی من نین بەڵکو رێکس وانەریش، ئەوەی کە تۆمارەکەی وەرگێڕاوە بۆ ئینگلیزی، ئەویش هەستێکی تەواوی بەم راستیانە کردبوو. خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ پێشەکیەکەی وەرگێڕ لە سەرەتای کتێبەکەدا.

شیتەڵکردنی قسەکانی زینۆفۆن وەك ئەوەیە گریمان تۆ بە گەشتیاری بچی بۆ شارێکی بێگانە و تووشی منداڵێکی زۆرگۆ بی، منداڵەکەش بە ساکاری دەست بە قسە بکات وبلێت: دوێنێ چووین بۆ سەیران. دایکم ئایسکرمی بۆ من نەکڕی، گوتی ئایسکریم گرانە. دواتر پیاوێك لە ئاوەکەدا خنکا و بوو بە هەرا و پۆلیس هاتن. دایکم لە باوکم تووڕە بوو گوتی نەدەبوو لە نزیك ئاوەکە دابنیشن.

لە قسەی منداڵێکی ئەوهاوە دەتوانین کۆمەڵێك راستی هەڵێنجین، وەکو:

- بەگوێرەی قسەکان دیار دەبێت کە لەو شارەدا ژن باڵادەستن چونکە دایکەکە لە باوکەکە تووڕە بووە و هەر خۆی بڕیاری کڕین و نەکڕینی ئایسکرم دەدات.
- دیارە رووبارێك یان گۆمە ئاوێك لەو شارە هەیە کە بەکەڵکی سەیران دێت،،، هتد.

قسەکانی زینۆفۆنیش بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو خەریکە بلێم هەمان شتن چونکە زینۆفۆن، ماشەڵڵا، هەتا پێی کراوە قسە و هەست و وەسفی تۆمار کردووە. پاشان زینۆفۆن منداڵێکی ساکار نەبووە، بەڵکو یەکێك بووە لە خوێندکارەکانی سۆکراتی فەیلەسووف. پیاوێکی خاوەن باوەڕی ئەخلاقی و فەلسەفی بووە و دیاریشە کە لەگەڵ مەراق و حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا کەوتۆتە گرفت بەهۆی ئەوەی کە رەنگە هەندێك نموونەپەرست (مثالي- Perfectionist) بووبێت. وە ئەگەر بەهۆی ساکارییەوە بووبێت یان بەهۆی راستگۆیی، زینۆفۆن نەیشاردۆتەوە کە

حەزی لە پایە و دەسەلات بووە و ئینجا هەر وەکو ڕێکس وارنەر گوتی (لە ناخدا ئەتینیەکی تۆخ بووە) چونکە داخی ئەوە بوو بیسەلمێنێت (ئەتینا) ڕابەرایەتیان لێ دەوەشێتەوە نەك سپارتا.

زینۆفۆن و کاردۆخیەکان:

زینۆفۆن هەندێك تیشکی خستۆتە سەر ڕابردووی نەزانراوی ولاتەکەمان. بەلام بەداخەوە ڕاستیەکە بەو جۆرە نەبوون کە بیستبوومان. وەك چۆن بە درۆ دەگوترا (هەولێری هۆلاکۆی بەزێن)، ناوی کاردۆخیەکانیش بەهەمان شێوەی (فوو دراو) باس دەکران.

سەبارەت بە ڕەچەلەکمان، گەنجەکان وادەزانن کورد (نەوەی میدیا و کاردۆخیەکانە) و باپیرەکانمان (زەردەشتی و ئێزدی بوون) وەك بلێی زەردەشتیاتی و ئێزدیاتی یەك شت بوونە. بەلام لێرە دیار دەبێت کە میدی و کاردۆخی دوو نەتەوەی جودا (تەنانەت دوژمنیش بوون) هەم وەکو دین هەم وەکو ڕەگەز. میدیەکان بەهەمووی ٢٠٠ سالێك بوو هاتبوونە کوردستان و هاوپەیمانی فارس بوون و لەسەر دینێکی تەوحیدی بوون (زەردەشتی). هەروەها لە دەشتاییەکان دەژیان و تێکەل بە سوپا و یاسا و دەولەت و شارستانەتی ببوون. کەچی کاردۆخییەکان خۆیان لە چیاکان حەشار دابوو دوور لە چەرخی مێژوو و پێشکەوتن. هەروەها دیارە دژایەتی هەموو بێگانەیەکیان کردووە (دۆست و دوژمن، وێرای دوژمنی دوژمن). و لە مەیدانی سیاسیدا هیچ جۆرێك زانایی و شارەزاییان دەر نەخستووە. من بە دووری نازانم کاردۆخی تەوتەمی بووبن یان تیرەپەرست (واتە هەر عەشیرەت و بنەمالەیەك باپیرەگەورەی خۆیان کردووە بە ئایکۆنێك و پەرستوویانە). ڕاستە کە ئەوان دڕندە نەبوون چونکە زینۆفۆن باسی کووپە شەراب و قەنەفە و شەکی نیومالیان دەکات دەلێ شتێکی پێشکەوتوو بوون، بەلام هەلسوکەوتیان بێئەندازە داخراو و کەمتێکەل بوو.

ئینجا مەسەلەی ئەو ئەسیرە دێت کە تا مردن یەك قسەی نەکرد. حەز دەکەم خۆمان تووشی مازۆکیزم Masochism و خەمپەرستی نەکەین و سنوورێك بۆ ڕەوشتی گرینۆکی و لوورەلوور دابنێین چونکە من باوەڕێکی تەواوم بەم شیعرەی بێکەس هەیە کە دەلێت:

کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا – تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

هەر خودا دەیزانێت کادۆخی بەرانبەر یەکتر چۆن بوونە. ئێمە یۆنانیەکانمان دیت چۆن کە بێگانە نەدەمان یەکسەر خۆبەخۆیی پەیدا دەبۆوە، چ جا کاردۆخیەکان؟. ئەم بێدەنگیەی ئەو ئەسیرەی کە تا مردن یەك نوقفەی نەهات، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەوا کاردۆخیەکان کێشەیەکی دەروونی و کۆمەلایەتیی قوولیان هەبووە. ئەمە گومانێك لای من دروست دەکات کە ویڕای نەبوونی توانا بۆ دانوستان و تێکەلاوی، رەنگە کاردۆخی یەکجار خۆبەخۆ بووبن و لە زمانی یەکتر ترسابن. واتە کولتوورێکی داخراویان هەبووە و هەرکامیان هەر پێوەندیەکی هەبایە لەگەلْ هەر بێگانەیەك یەکسەر بە (خائن) لەقەلەم دەدرا. بەلگە بە بەلگەی کەوا ئێستاش تەخوینی بە هەق و ناهەق لەنێو کورددا باوە و باوەڕ ناکەم یەك ناوداری کورد (ئەدیب، سیاسی، شاعیر، سەرکردە، هونەرمەند،،، هتد) تووشی نەبووبێت.

ئەگەر مەسەلە توانای دەستوەشاندنە، خۆ لەم تۆمارەدا خەلکی شەرکەر و دەستوەشێنتر هەبوون. بۆنموونە، سوارچاکە خالیبیەکانی کە سەری یۆنانیەکانیان دەپەڕاند و سەرەکالیان لەسەر رمیەکان هەلدەواسی و بەپێش یۆنانیەکاندا دەهاتن سروودی جەنگیان دەخوێند. مەبەستم لەم قسانە ئەوەیە کە (نیسك نەکرێت بە گیسك) و دەبێ دان بەمە راستیە بنێین کە کاردۆخیەکان هەلوێستێکی زۆر دواکەوتوویان نواند. لەوان ئەگەرچی دوژمنی فارس بوون و یۆنانیەکان پێیان گوتن کە ئەوانیش دوژمنی فارسن، واش بەهیچ شێوە گفتوگۆیان نەکرد و هەر لێدە و لێدە.

ئەم رەوشتە بە رای من دەدرێتەوە پالْ نەخۆشیەکی کۆمەلایەتی پێی دەگوترێت (زینۆفۆبیا) واتە (ترسی بێگانە– نەفرەتکردن لە هەموو بێگانەیەك) تا ئێستاش بەزەقی لە رەوشتماندا ماوە. باشترین بەلگە ئەوەیە ئەگەر سەیری خۆمان بکەین لە سەدەی بیست و یەکدا، ئەمڕۆ شارێکی وەك هەولێر هەندە گەورە بووە و گەشاوەتەوە و بەرەو ئەوە دەڕوات کە ببێتە میترۆپۆلیسێکی گرینگ بۆ عیراق و تێکرای خاوەرمیانە. میترۆپۆلیسیش واتە شاری فرە رەگەز و ئاوالە کە بۆ بازرگانی و بۆ ژیان ژنهێنان و بۆ تێکەلاوی هەموو کەسێك دەست بدات، واش هەر جۆرێك دوورەپەرێزی و کەمتێکەلی و شەرمێکمان تێدایە وەك بلێی هێشتا لە ئەشکەوت و دۆلە دابڕاوەکانی کاردۆخیەکان پەروەردە کراوین!

من ئێستا لە گەڕەکێکی نوێی هەولێردا دەژیم و هەندێك مەرحەبام لەگەڵ هاوسێکانم هەیە (تەنیا پیاوەکان). بەڵام خاڵی سەرەکی ئافرەتە، ئەوانە خەریکە بڵێم کەس هاموشۆی کەس ناکات، تەنانەت بەحاڵ مەرحەبای یەکتر دەکەن، تەنیا خزمی خۆیان و بەس. وانەبێ بڵێی ژنە دارتاشێك لەگەڵ ژنەدارتاشێکی دیکە هاونشین بن. نەخێر، ئەمڕۆ سەکۆی تێکەڵاوییان بە رادەی سەرەکی لەگەڵ خزمی نزیکە، ئینجا خزمی دوور و ناسیار. ئەم راستیە بای هەلدەیە بیسەلمێنێت کە ئێمەی کورد هێشتا نەگەیشتووینە ئاستێکی شارستانی، چ جا ئاستێکی پێشمالی یاخود (ئومەمی وەکو مارکسیەکان دەیرازێننەوە)؟

باشە ئایا ئەم جۆرە ئافرەتە کە دەبێتە فەرمانبەر یان پەرلەمانتار و وەزیر، ئایا چ جۆرێك واستەکاری و خزمخزمێنە دەنوێنێت؟ مەگەر بڵێم (یا سەتتار). یان ئەگەر مێردەکەی بوو بە بەڕێوەبەر، ئەوسا چۆن جەرگی دەکۆڵێت بۆ پارە و زێڕ و بۆ دامەزراندنی هەموو خزمەکانی خۆی، و یا رەبی هەموو کوردستان کاول دەبوو. سەیرم پێ دێت کە لایەنگرانی مافی ئافرەت باسی هەموو شتێك دەکەن تەنیا باسی ئەوە ناکەن کە ژن و بەتایبەتی (ژنە مەنسوول؟!) چ رۆڵێکیان هەیە لە گەندەڵیدا؟ ئێستا لە وڵاتە عەرەبیەکاندا هەرایە لەسەر سەرۆك و بەرپرسە کۆنەکان، بەڵام کەم کەس باسی ژنەکانیان دەکات کە چ گەندەڵیەکیان ناوەتەوە. جا سەبارەت بە کورد و کوردستان، ئەگەر لە بنج و بناوانی گەندەڵی بکۆڵینەوە دەبینین (زینۆفۆبیا) و (خزمپەرستی) لە بنەوپاڵ زۆربەی دەردەکانی کوردی ئەمڕۆ و کاردۆخیەکانی ئەوسا بوون، لەم دوو دەردەش بە رادەی سەرەکی لەنێو ئافرەتاندا تەشەنە دەکات.

لە کۆمەڵناسیدا یاسایەکی زۆر ئاشکرا هەیە دەڵێ نەتەوەکانی دارستانە چڕەکان (وەکو ناوچەکانی ئەمەزۆن و غینیا و دارستانەکانی ئەفریقیا) ئەوانە لە هەموو کەسێك دابڕاوتر و کەمتێکەڵتر، ئینجا خەڵکی شاخ دێن کە لەچاو دارستانە چڕەکان باشترن، ئەوجار خەڵکی دەشت لە خەڵکی شاخ باشترن، لە کۆتاییدا خەڵکی بەندەر و سەردەریاکان دێن کە بە رواڵەت لە هەموان کراوەترن. جا ئێمەی کورد وەکو نەتەوەیەکی کە بە رەچەڵەك شاخاوین، تەنیا یەك هەنگاو لەپێش کۆمەڵگا داخراوەکانی دارستانە چڕەکان داێین. ئاگامان لەخۆ نیە کە ترس و نەفرەت و بێگانەبەدەری تێکەڵ بە خوێنمان بووە، کەچی وادەزانین (جیهان خۆی وایە). نەخێر

برام، خوشکم، جیهان وا نیە و لەباتی ئەوەی رۆڵەکانمان لەم خاڵانە وریا بکەنەوە دەچین پتر (شەحنیان دەکەین) بە بیردۆزی موئامرات و (ئای هەیش، بەس ئێمە بەختمان نیە) و (کاردۆخیەکان هەموو پاڵەوان بوون بەڵام بەختمان نیە). برام، بەختی چی و پاڵەوانی چی و ئەو کاردۆخیانە بۆچی یەك قسەیان لەگەڵ یۆنانیەکان نەکرد؟ بۆچی دوژمنایەتیان لەگەڵ هەموو دەوروبەر هەبوو؟ لەگەڵ میدیەکانی ئەو دەشتە و لەگەڵ شای فارس و لەگەڵ ئەرمەنەکانی باکوور و لەگەڵ کەون کائینات.

هەندێك نەتەوە هەبوون سەدا سەد بە پێچەوانەی کاردۆخیەکان رەفتاریان لەگەڵ یۆنانیەکان کرد. بۆغوونە لە میدیا (باکووری ناوچەی بەغدا) خەڵك بەغار بۆیان هاتن، پەنیر و گەغیان بە یۆنانیەکان فرۆشت و کەسیش بەشەڕ نەهات. یاخود گوندەکەی ئەرمەنستانی خۆرئاوا. ئافرەتەکان لەوێدا بەبێ هات و هاوار قسەیان لەگەڵ خیریسۆفۆس کرد. هەروەها لە هەندێك ناوچەی دیکەدا خەڵکەکە شارەزای سیاسەت بوون و یۆنانییەکانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێنا، خۆراکیان پێشکەش کردن و لەبەرانبەردا شەڕیان پێ کردن و دوژمنی خۆیان پێ بەزاندن. کەواتە بۆچی کاردۆخی ئەوهایان نەکرد؟

مەبەستم لەم قسانە ئەوەیە کە گەنج کورد ئەمڕۆ دادەنیشن ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشن گوایە (ئاخ ئەگەر شیخ محمود تۆقەی لەگەڵ کابرای ئینگلیز کردبایە) و (ئاخ ئەگەر پەیمانی سیڤەر بەردوام بایە) و (ئاخ ئەگەر کوردیش کتێبێکی هەبایە وەکو قورئان) وهتد. برام، ئەم قسانە هەموو درۆن و ئیتر بەسە و دەبێ دان بنێین کە تاوانەکە هی خۆمانە. ئێمە دەردە شاخمان هەیە، زینۆفۆبیا و خزمپەرستی، ئینجا کە تۆزێك پێشدەکوین و دەبین بە شارستانی ئەوسا پیسترین دەرد لەنێومان هەڵدەداتەوە، دەردی شارپەرستی، ئەو دەردەی کە زینۆفۆن و هەموو هاورێکانی تووشی بوون.

شارپەرستی

لەم تۆمارەدا دیتمان چۆن هەزاران گەنجی یۆنانیی هەر جارە تاقمێك دژی تاقمێك دەوەستان. لە قسە و بیانگەیان کەم نەبوو، بەلام لەناخدا بەردی مەحەك بریتی بوو لە (شارەکەم). واتە شار گرینگتر بوو لە ولات. بۆ نموونە سپارتیەکان، کە ئەوسا بالادەست بوون، دەبینین لە دەسەلاتی سپارتا بەولاوە بەحاڵ بیریان لە یۆنانیەکانی دیکە دەکردەوە. بەوەش نیە کەوا لە نووسینەکانی زینۆفۆندا ئەتینی بە دلسۆزتر دیار خراون بۆ یۆنان چونکە پێش ئەم قۆناغە مێژوویە بە چەند سالێك ئەتینییەکان بالادەست بوون. جا ئەو نەفرەت و سووکایەتی و لووتبەرزیەی کە ئەتینی نواندیان بەرانبەر شارەکانی دیکە شتێك بێوێنە بوو، هەر ئەمەش بوو پشتی شکاندن و وای کرد زۆربەی شارەکانی یۆنان (کۆرەنت و تیبە و سیراکۆزا وهتد) بەگژ ئەتینادا بچنەوە. واتە کەس لەکەس باشتر نەبووە.

بەرای من کوردی ئەمرۆ و یۆنانیانیەکانی سەردەمی زینۆفۆن لە ناوەرۆکدا یەك حالەتی سۆسیۆپۆلیتیکیان هەیە، تەنانەت ئەو جەنگەی نێوان ئەتینا و سپارتا و دووبەرەکیەکە بەگشتی نوسخەیەك بووە لەم دووبەرەکیەی کوردستانی عیراق. کۆمێنتەرەکانی کورد کێشەی ناوەخۆمان دەدەنەوە پاڵ (چینایەتی) و (رابەرەکان) و ئەو قسانە. باشە برام، ئەوەتا سەرکردەکان وەك شەمێ و روون لەگەڵ یەك تەبان کەچی هەر رۆژە کۆمەڵە گەنجێك (لە شارێك) قیت دەبنەوە دژ بە مەرکەزییەت و دژبە یەکریزی.

گرینگیی یەکریزی لەم تۆمارەدا زۆر بە زەقی پێشان درا. وەك دیتمان ئەو خەلکەی کە پابەندی یەك رابەرایەتی دەبوون ئەوانە سەردەکەوتن (فارس پێش هەموو کەسێك). بەداخەوە ئەمرۆ تێگەشتنمان لەم بوارەدا شتێکی زۆر زۆر نەگونجاو و نا بەجێ یە. زار بەشدەکەینەوە دەلێن (حوکمەتەکانی ئەورووپا ئەوها دەکەن) بەلام کەس نالێت (هاوولاتیەکانی ئەورووپا چ دەکەن و بۆ ولاتی خۆیان). وادەزانین رابەرەکان دەبێ وەك خودایەکی بێ هەلە و بێ هەست و نەست بن، جا بەبۆنەی ئەوەی کەوا ئەم شتە تەنیا لە مەلایکەتاندا دێتە دی، ئیتر بەکەس رازی نین و بووینەتە نەتەوەیەکی مردوو پەرست. سەرگوزەشتی ئەم بەکرێگیراوە یۆنانیانە دیاری

خست کە رابەرایەتی شتێکە من و تۆ دروستی دەکەین و نەتەوەی سەرکەوتوو ئەو نەتەوە نیە کە هەموو پاشا و فەیلەسووف بن (وەکو یۆنانیەکان) بەڵکو ئەو نەتەوانەن کە خۆ بە سەرباز دەزانن (وەکو فارسەکان).

شەڕ و مەیدان

زینۆفۆن توانایەکی سەیری هەبووە لە وەسفی رووداوەکان و لە شیتەڵکردنی کەسایەتی خەڵك و تۆمارکردنی شەڕەکاندا. جا بە وەسفی شەڕەکەی کوناکسا دەتوانین تێبگەین چۆن ئەسکەندەری گەورە (پاش هەفتا ساڵێك لەم بەسەرهاتە) فارسی بەزاند و جیهانی داگیر کرد؟

وادیارە هێزەکانی هۆپلیت کاتێك کە ریز دەبوون و سروودی پایانیان دەخوێند و نەعرەت و هاواری شەڕیان بەرز دەکردەوە و، کاتێك بە یەك هەنگاو پێشڕەوییان دەکرد، ئەوانە بەچەشنی بولدۆزەر بوون کە هیچ هێزێك لە روویاندا خۆی رانەدەگرت. بە هەسپایی دەڕۆیشتن بەڵام بەبێ راوەستان. ئەو سیستەمە جەنگیە لە سپارتا گەلاڵە کرابوو بەڵام دواتر فیلیپی مەکەدۆنی، باوکی ئەسکەندەر، پەرەی بەو سیستەمە دا و تیپی پیادەی مەکەدۆنی پێك هێنا. ئەمانەش لە مێژوودا بەوە ناسران کە هەمان سیستەمی سپارتایان پێڕەو دەکرد بەڵام بە رمبی درێژتر و ریزی چڕتر. ئیتر ئەو سیستەمە هەرگیز شکستی نەدیت تا ٢٧٧پ.ز کە سیستەمی تازە پێگەیشتووی رۆمانی بەسەریدا زاڵ بوو. رۆم پشتیان بە رمبی درێژ نەبەست بەڵکو پشتیان بە رادەدەی پابەندی سەربازەکانیان دەبەست (دواتر باسیان دەکەین).

خاڵی دووەم دەرباری سیستەمی مەیدان، وادیارە شەڕی ئەوسا وەکو فیلمەکان نەبوون گوایە لەشکرەکان پێك وەردەبوون بە قەسابخانە یەکتریان لەت و پەت دەکرد. نەخێر، بردنەوەی شەڕ بەگوێرەی تێکگەیشتن و هەماهەنگی سەربازەکان بوو. ئیتر کام لا زووتر ورەی بەردابایە یان ریزەکانی بەجێ هێشتبایە بەدوا دەستکەوتێکدا، ئەم لایەنە زووتر تووشی پەرتبوون دەبوون و دەشکان. ئەوسا لایەنی (رێکتر) راویان دەنان و یەك بەیەك قەلاچۆیان دەکردن. جا ئازانم ئایا ئێمەی کورد لە بەرەنگارییەکی ئەوها لە دەشتێکی ئاواڵەدا تا چەند خولەك خۆمان رادەگرین؟

ئێمە ئەگەر شەڕمان پێ کرابێت، بە چەشنی کاردۆخییەکان، تەنیا بە (لێدە و هەڵێ) کردوومانە و زوو گوتوومانە (هەڵێ هات). ئەم قسە دەکەم تا بزانن کە (سوپاپەروەری) شتێکە هێشتا ئەو ڕەگەی نیە لە کوردەواریدا. پاشان خاڵی هەرەگرینگ لە هەر سیستەمی سەربازیدا ئەوەیە کە سەرباز (سەر بە سوپا بێت) نەك سەر بە (خزم و ئامۆزا، یان هاوشار، یان هاو ئایدیۆلۆجیا) بێت. هەر ئەمشە هێڵی جوداکار دروست دەکات لەنێوان (سوپا) و (میلیشیا) دا. ئیتر ئەو کەسەی کە لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا کورد چەکداری نیزامیی هەیە یان میلیشیا؟ پێی دەڵێم (ئەمە عەرز و ئەمە گەز).

شار و هۆز

زینۆفۆن زۆر باسی سیوروتیسی کرد. جا خوێنەرێکی وردبین دەتوانێ هەست جیاوازی لەنێوان دوو مرۆڤدا بکات. یەکەم، دەماری هۆز و خزمپەرستی کە لە سیوروتیسدا بەرجەستە ببوو لەچاو زینۆفۆنێکی کە دانی بە خزمایەتی نەدەنا بەڵکو (شارەکەی) پێش هەموو شتێك دەهات. شایانی گوتنە کە کەسایەتی فیلیپی مەکەدۆنی (باوکی ئەسکەندەر) بە سیوروتیس دەچوو چونکە هەردووکیان ئاغا بوون و هەردووکیان لەو عەشایەرانە بوون کە یۆنانی بە چاوێکی نزم سەیریان دەکردن، بەڵام هەردووکیان تێکەڵاویەکی توندیان لەگەڵ یۆنانیەکان هەبوو و هەردووکیان داخدار بوون. سیوروتیس داخداری عەشایەرەکانی دیکەی نەتەوەکەی خۆی بوو کەوا لەکاتی خۆیدا باوکیان کوشتبوو، کەچی فیلیپی مەکەدۆنی، وێڕای تۆڵەی عەشایەری، داخداری خودی یۆنانیەکان بوو کەوا لە سەردەمی منداڵیدا ١٠ ساڵی ڕەبەق ئەسیری یۆنانیەکان ببوو. جا دیارە فیلیپ لە تاکتیك و فێڵەکانی یۆنانیەکان گەیشتبوو، هەروەها شارەزای دەمارەکانیان ببوو کە چەند رقیان لە یەکتر دەبێوە و هەرکەس بە شارەکەی خۆی دەنازی. لە سەرەتادا توانی عەشایەر مەکەدۆنیەکان یەك بخات (وەك ئەوەی کە سیوروتیس کردی) ئینجا دەستی بە داگیرکردنی شارە یۆنانیەکان کرد.

شایانی گوتنە کە چەند ساڵێك پاش ئەم رووداوەی زینۆفۆن سپارتا بەدەست تیبە (پایتەختی بۆیۆتیا) بەزی. ئیتر کە سەردەمی فیلیپ داهات سپارتا ئەو سامە گەورەی نەمابوو بەڵکو تیبە باڵادەست ببوو، تیبەش لە ئەتینا و سپارتا باشتر نەبوو. ئیتر یۆنان بوو بە پارووێکی ئاسان بۆ عەشایەرە مەکەدۆنیەکان. گەنجی یۆنانیش یان ئەوەتا دەبوون بە چەکداری بەکرێگراوی (وەکو هاورێکانی زینۆفۆن) و یان ئەوەتا خەریکی دەمەقاڵێ و تەفسیری فەلسەفی دەبوون (بە چەشنی زینۆفۆن). گەنجانی گریك بەشێوەیەکی گشتی هەست وبیریان خستبووە سەر یەك لایەنی فیکری:

- ئایا حاکم دەبێ چۆن بێت؟
- ئایا ئەتینای (دیمۆکرات) باشترە یان سپارتای (ئۆلیگارکی)؟
- بۆچی حاکمێکی باشمان نەبوو رزگارمان بکات؟
- بۆچی فارس سەرکردەکانیان باشن کەچی سەرکردەکانی ئێمە هەموو خۆفرۆشن؟

جۆرەها تەفسیر و پینەیان دەدۆزیەوە بەڵام کەسیان باسی ئەوەی نەدەکرد کەوا دەردی راستەقینەیان نەبوونی هەستی نەتەوایەتی بوو. بەڵێ لە بەرانبەر بێگانەدا (بۆنموونە فارس) نەتەوایەتیان بەبیر دەهاتەوە و تا ماوەیەك یەکگرتوو دەبوون، بەڵام هەر هەندە بێگانە نەدەما یەکسەر شارچەتی و ناوچەگەری و لەهجەبازی هەڵیان دەدایەوە تا لە ٣٦٩پ.ز (واتە ٤٠ ساڵێك پاش رووداوەکەی زینۆفۆن) کەوتنە دەست مەکەدۆنیەکان. ئیتر لەوساوە تا ساڵی ١٨٢٠ی (ساڵی راگەیادنی سەربەخۆیی یۆنان کە بە یارمەتی بەریتانیا و فەرەنسا هاتە دی) زاینی گریك هەر بە داگیرکراوی ژیاون، واتە بۆ ماوەی ٢٢ سەدە ملکەچ کران!

شایانی گوتنە کە رەوشتی مەکەدۆنیەکان زۆر لە یۆنانیەکان باشتر نەبوون و هەر کە ئەسکەندەر مرد، یەکسەر کورەکەیان کوشت و تێك بەربوون و میراتە گەورەکەیان کرد بە سێ پارچە. پاش ماوەیەك هێزێکی نوێ لە خۆرئاوا پەیدابوو (رۆم). ئەوسا زۆربەی شارە یۆنانیەکان لە رۆم پاڕانەوە بۆ وەدەرنانی مەکەدۆنیەکان. باشە، ئەمەش رووی دا و مەکەدۆنی بەرپەرچ درانەوە کەچی هەندەی نەبرد کەوتنە نێو یەك و لە یۆناندا دوو بەرە پەیدابوو (بەرەی ئیتۆلی و بەرەی ئاخایی) کەوا هەرکس بەلایەك رایدەکێشا. تەنانەت زۆر جار رۆم دەهاتن ناوبژی

لەنێوان خودی یۆنانیەکاندا بکەن. ئیدی ڕۆم بوونە زلهێز کەچی یۆنانی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لەنێوبوون مالوێرانی ڕۆیشتن.

فارس و ڕۆم

ئەم سەرگوزەشتەی پێشوو دیاری دەخات کە جیاوازیەکی بنەڕەتی هەبووە لەنێوان یۆنانی و فارس، هەروەها لەنێوان یۆنانی و ڕۆم. وەك دیتمان، یۆنانی هەمیشە خەریکی خۆبەخۆیی فیتنەبازی دەبوون، کەچی فارس (و دواتر ڕۆم) هەمیشە یەکگرتوو بوون. بۆیە دواتر ڕۆم بوون بە گەورەترین زلهێزی جیهان و هەر ئەوان بەرانبەر فارس وەستان تا جیهانی کۆنیان دابەش کرد. ئێمەی کوردیش هەمیشە لەنێوان زلهێزەکانی فارس و ڕۆم ژیاوین و ئەم ڕاستیەمان کردۆتە بیانگەیەك بۆ چاوپۆشی کردن لە کەموکوڕیەکانی ناوەخۆ. بەلام دەبێ بزانین کە زلهێز لە هیچەوە پەیدا نابن. خۆ یۆنانی سەدان ساڵ پێش فارس و ڕۆم شار و شارستانەتیان هەبوو واش هەر نەبوون بە زلهێز. بۆیە دەبێ بپرسین ئایا بۆچی تەنیا فارس و ڕۆم بوون بە زلهێز؟

وەلامەکە بە ڕای من ئەوەیە کە فارس و ڕۆم خەلکێکی نەتەوەیی بوون، خەلکێك بوون ڕقیان لە ناوچەگەری دەبۆوە. بەداخەوە کورد ئەم بیرۆکەیە بە ئاسانی هەزم ناکات هەروەکو کە یۆنانیەکانیش ئەم بیرۆکەیان هەزم نەکرد. خۆ ئەگەر لە کاتی خۆیدا، بۆنموونە کە زینۆفۆن و هاوڕێکانی لە بیزەنتیۆم دەرکران، ئەگەر بە زینۆفۆن و بە ئەفسەرە سپارتیەکانت گوتبایە: برام، واز لە شار و لەهجە و ئەم قسانە بێنن و دەست پێبکەن ئەم شارۆچکەی بیزەنتیۆم (ئەستەنبوڵ) بکەن بە پایتەختی هەمووتان و هەوڵ بدەن زمانێکی گشتی تێدا پێڕەو بکەن دەنا تا ۲۰۰۰ ساڵ داگیر دەکرێن. ئەگەر ئەوهات گوتبایە گومانم نیە کە ئەو شارپەرستانە یان ئەوەتا دەیانکوشتی، یان هیچ نەبێ تەهمیش دەکرایت، تەهمیشێکی هەرێمانەی کوردانە.

محمد مسعود محمد
هەولێر
بەهاری ۲۰۱۲

پێڕست

	پێشەکیەکەی رێکس وارنەر	٥
بابەتی یەکەم		١٣
چاپتەر ١	هەوڵەکەی کۆرووش	١٥
چاپتەر ٢	لە ساردیس بۆ تەرسووس	١٩
چاپتەر ٣	کلێرخۆس هەڵگەڕانەوەیەك دادەمرکێنێتەوە	٢٤
چاپتەر ٤	لە دەروازەی سووریا بە درێژایی فورات	٢٨
چاپتەر ٥	بیابانی عەرەبی، شەڕێك لەنێوان مێنۆن و کلیرخۆس	٣٢
چاپتەر ٦	کۆرووش خائینێك دەگرێت	٣٦
چاپتەر ٧	کۆرووش بۆ شەڕ ساز دەبێ بەلاّم شا دەکشێتەوە	٣٨
چاپتەر ٨	شەڕەکەی کوناکسا و مەرگی کۆرووش	٤١
چاپتەر ٩	پاش شەڕەکە	٤٦
بابەتی دوەم	یۆنانییەکان دادەبڕێن	٤٩
چاپتەر ١	نامەبەری شا	٥١
چاپتەر ٢	یۆنانی بە ئاریا رادەگەنەوە.	٥٥
چاپتەر ٣	یۆنانی رێککەوتننامە لەگەڵ تیزافەڕنە مۆر دەکەن	٥٨
چاپتەر ٤	رێپێوانێکی گوماناوی	٦٢
چاپتەر ٥	خیانەتی ت [illegible]	٦٦
چاپتەر ٦	کەسایەتیی پێنج بەنەراڵەکە	٧١
بابەتی سێیەم	رێپێوان بەرەو کوردستان	٧٧
چاپتەر ١	زینۆفۆن دەستپێشخەری دەکات	٧٩
چاپتەر ٢	ئەنجومەنی جەنگ	٨٧
چاپتەر ٣	لە ژێر تیربارانندا	٩٤
چاپتەر ٤	تیزافەڕنە راویان دەنێت	٩٧
چاپتەر ٤	لەنێوان دیجلە و چیاکاندا	١٠٣
بابەتی چوارەم	رێپێوان بەرەو دەریا	١٠٧

چاپتەر ١	بەرەو کوردستان	١٠٩
چاپتەر ٢	شەڕ لە چیادا	١١٢
چاپتەر ٣	پەڕینەوە بۆ ئەرمینیا	١١٧
چاپتەر ٤	ئۆردوگای تیریباز گەمارۆ دەدەن	١٢١
چاپتەر ٥	گەشتی نێو بەفر	١٢٤
چاپتەر ٦	بە مانۆڕێک ڕێگایەک دەگرن	١٢٨
چاپتەر ٧	چاویان بە دەریا کەت	١٣٢
بابەتی پێنجەم	بەرەو پافلاگۆنیا	١٣٨
چاپتەر ١	خیریسۆفۆس کەشتیی پەیدا دەکات	١٤١
چاپتەر ٢	هەڵمەتێک بۆ راوەڕوت	١٤٣
چاپتەر ٣	یۆنانییەکان گەیشتنە ترابەزۆس	١٤٦
چاپتەر ٤	مۆسینۆیکییە دڕندەکان	١٥٠
چاپتەر ٥	زینۆفۆن لەبری لەشکرەکە دەدوێت	١٥١
چاپتەر ٦	زینۆفۆن شارێک دەدۆزێتەوە	١٥٥
چاپتەر ٧	زینۆفۆن بەرگری لەخۆی دەکات	١٥٨
چاپتەر ٨	لە تەنگانەدا دەبێ هەموو پابەند بین	١٦٤
بابەتی شەشەم	ڕێپێوان بەرەو بۆسفۆر	١٦٩
چاپتەر ١	زینۆفۆن پایەی سەرلەشکر ڕەت دەکاتەوە	١٧٣
چاپتەر ٢	لەشکر دەبێتە سێ بەش	١٧٥
چاپتەر ٣	زینۆفۆن ئەرکادیەکان رزگار دەکات لەشکر دەبێتەوە یەک	١٨٠
چاپتەر ٤	ئالۆزی لە پەیداکردنی خۆراکدا	١٨٣
چاپتەر ٥	سەرکەوتنێک بۆ یۆنانیەکان	١٨٦
چاپتەر ٦	هەندێک ئالۆزی لەگەڵ سپارتیەکان	١٩٠
بابەتی هەفتەم	بیزەنتیۆم تراکیا ئاسیای بچووک	١٩٤
چاپتەر ١	ئالۆزی لە بیزەنتیۆم	١٩٩
چاپتەر ٢	گفتوگۆ لەگەڵ سیووتیس	٢٠١
چاپتەر ٣	هەڵمەتێک لەگەڵ سیووتیس	٢٠٦
چاپتەر ٤	هەڵمەتێک لەگەڵ سیووتیس	٢١١

چاپتەر ٥	کێشە لەسەر مووچە	٢١٨
چاپتەر ٦	زینۆفۆن پەلامار دەدرێت و لەسەر خۆی دەکاتەوە	٢٢١
چاپتەر ٧	زینۆفۆن قسە لەگەڵ سیووتیس دەکات	٢٢٣
چاپتەر ٨	زینۆفۆن لەشکر بەجێ دەهێڵێت	٢٢٩
	ملکی زینۆفۆن لە رۆژانی درەنگدا	٢٣٥
	کەسایەتیی کۆرووش	٢٣٨
بەشی کۆتایی		٢٤٠
	تێبینیەکانی وەرگێڕ	٢٤٥
	من و زینۆفۆن	٢٤٧
	زینۆفۆن و کاردۆخیەکان	٢٤٧
	شارپەرستی	٢٤٩
	شەڕ و مەیدان	٢٥٣
	شار و هۆز	٢٥٤
	فارس و رۆم	٢٥٧

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٦٦٨	گەڵای پاییز	عەبدولقادر عەلی مەردان	بیرەوەری	٥٠٠٠	٤٠٠
٦٦٩	گەنج گۆمی سیاسەت دەشڵەقێنێ	ئومێد خۆشناو	گشتی	٣٠٠٠	١٤٤
٦٧٠	دوران های زبان کردی و مجموعە زبان های ایرانی	و. مستەفا ئێلخانی زادە	زمان	٣٠٠٠	١٤٤
٦٧١	خلاصە تاریخ کردستان	احمد قاضي	مێژوو	٥٠٠٠	٤٤٨
٦٧٢	بزەی شۆڕش (دیوانی شیعری مامۆستا ڕاوچی)	کۆکردنەوەی کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچی	شیعر	٣٠٠٠	٢٨٠
٦٧٣	کاتێك ئەزموونەکان دەدوێن	و.کەریم سۆفی	ئەدەب	١٥٠٠	١٢٨
٦٧٤	سیڤییەکان٢	شێرزاد هەینی	گشتی	٢٠٠٠	٢٥٦
٦٧٥	مەرگی وەنەوشە	یاسین قادر بەرزنجی	چیرۆکە هەراڵ	٤٠٠٠	٤٣٢
٦٧٦	گەمەی مێشك	ئا: رەمزی مەلا مارف	زانیاری	٧٠٠٠	٣٤٤
٦٧٧	پیاوی ئەشکەوت دڵێکی هەبوو	شێرکۆ هەورامی	شیعر	٣٠٠٠	٣٣٢
٦٧٨	گەردوون ناسی لەبەر سێبەری قورئان و زانست	غەریب عەلی عەزیز	زانستی	٣٠٠٠	١٧٦
٦٧٩	گەشتەکەی زینۆفۆن	محمد مسعود محمد	مێژوو	٣٠٠٠	٢٦٤

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

Rex Warner

XENOPHON

The Persian Expidition



Translated To Kurdish By:

Mohamed M. Jalizada

۳۰۰۰ دینار

چاپخانەی رۆشنبیری